

عەبدولڕەحمان ناصڕ سەعدی

# تەفسیری
## سوڕەتی ئالی عیمران

بەکوردی کردن و ئامادەکردنی: زێبار عزیزخان مهاجر

# تەفسیری سورەتی ئالی عیمران

# پێناسی کتێب:


| | |
|---|---|
| نــاوی کتێـــب: | تەفسیری سورەتی ئالی عیمران |
| ناوی نووســـــەر: | عەبدولڕەحمان ناسر سەعدی |
| بە کوردی کردن و ئامادەکردنی: | زێبار عەزیزخان مهاجر |
| نەخشەسازی نـاوەوە: | بەرەکات قورتاس |
| نەخشـەسازی بەرگ: | بەرەکات قورتاس |
| بڵاوکــــــار: | نووسینگەی کاروان |
| نۆرە و ساڵی چـاپ: | یەکەم، ١٤٤٢ك – ٢٠٢٢ز |
| تـیــــــراژ: | ١٠٠٠ دانە |

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٨٦٨ )ـــی بۆ ساڵی (٢٠١٩)ـــی پێدراوە.

کاروان
ARWAN
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە



ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥

Karwancenter18@gmail.com

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ و ئامادەکار

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ شورا: ٥٢. واتە: ئا بەم شێوەیە (ئەی پێغەمبەر – درود و سڵاوی خوای لێبێت –) قورئانێکمان لەلایەن خۆمانەوە بۆ تۆ بە سروش ناردووە (کە وەك ڕۆحە دڵ و دەروونەکان زیندوو دەکاتەوە)، بەر لەوە تۆ نەتدەزانی کتێب و ئیمان چییە، بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کردە نوور و ڕووناکی، کە ڕێنوێنی هەر کەسێکی پێدەکەین لە بەندەکانمان کە بمانەوێت، و بێ گومان تۆ ڕێنوێنی (خەڵك) دەکەیت بۆ سەر ڕێگەی ڕاست.

قورئانی پیرۆز پەیامی ڕەحمەت و میهرەبانیە، خوای گەورە دایبەزاندووە تا ببێتە ڕێنوێنی بۆ خەڵك، و بەرنامەی ژیان، قورئانی پیرۆز لە یەك کاتدا هەوڵی داوە موسڵمان تێبگەیەنێت و پێبگەیەنێت، بەجۆرێك لە دونیادا ژیانێکی دروست و سەربەرزانە بباتەسەر، ژیانی دونیا بە فرسەت بزانێت بۆ ئەوەی کێڵگەی دواڕۆژی پێ دەوڵەمەند بکات، بەهەمان شێوە دواڕۆژی ڕووناك بکاتەوە بە خواناسی و دووربوون لە خوارناسی و دوناپەرستی.

جا لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز، بەرنامەی هەمیشەیی دونیا و چرای گەشاوەیە، بەپێویستم زانی تەفسیری ئەم سوڕەتە وەربگێڕم بۆ سەر زمانی شیرینی کورد، کە لە بنەڕەتدا ئەم

تەفسیرە بەشێکە لە تەفسیری شێخ عەبدولڕەحمان ناصڕ سەعدی (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان). بە ئومێدی ئەوەی ببێتە مایەی سوود بۆ خوێنەران و زیاتر تێگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم، کە بەندە لە زۆر شوێن کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بووبێت، ئەوا ڕوونکردنەوەی پێویستم داوە، لە گەڵێك جێگاش ئەو ئایەتەی کە تەفسیر نەکراوە ئێمە تەفسیرمان کردووەتەوە، بۆ ئەوەی نەبێتە ئاستەنگ بۆ خوێنەر، ڕوونکردنەوەکان و تەفسیرکردنەوەکانی ئەو بەشانەی کە تەفسیر نەکراون ئەوەندە زۆربوون، دەبووە شتێکی بێزارکەر ئەگەر لە هەموو شوێنێك ئاماژەم بە ناوی وەرگێڕ بکردبا، بۆیە بەپێویستم زانی بنووسم بەکوردی کردن و ئامادەکردنی، چونکە نزیکە لەوەی بڵێم تەفسیرە ڕەسەنەکەی عەبدولڕەحمان ناسڕ سەعدی بووەتە هەوێنی ئەم کتێبە و ئێمەش بە سوود بینین لە سەرچاوە متمانەپێکراوەکان ئەم کتێبەمان ئامادە کردووە.

لەکۆتاییدا، دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا خۆشەویستانەم بکەم، کە ئەرکیان کێشاوە بە هەڵەچنینی ئەم کتێبە، بەتایبەت بەڕێز (م. سەرهەنگ عەبدولواحید). لە خوای گەورە داواکارم لە هەڵە و کەموکورتییەکانم خۆشببێت و ئەم کارە بخاتە سەر تای تەرازووی چاکەکانم. بەدڵنیایەوە ڕێنوێنی و سەرکەوتن تەنها لە خوای گەورەوەیە.

زێبار عەزیزخان مهاجیر

سۆران

# ﴿سورەتی ئالی عیمران﴾

## مەدینەییە

سەرەتای ئەم سورەتە تا نزیکەی ئایەتی هەشتا و شتێك، لەبارەی ناکۆکی و کێشمەکێشی گاورەکان، و پوچەڵکردنەوەی ڕێباز و بیروباوەڕەکەیان دابەزیوە، بانگیان دەکات بۆ هاتنە نێو دینی ڕاست و دروست، کە دینی ئیسلامە، هەروەك چۆن سەرەتای سورەتی بەقەرە لەبارەی کێشمەکێش و مشتومڕی جولەکەکان دابەزی.

"بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان"

(١ – ٦) ﴿الم ﴿١﴾ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ﴿٢﴾ نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنْزَلَ التَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ ﴿٣﴾ مِنْ قَبْلُ هُدًى لِلنَّاسِ وَأَنْزَلَ الْفُرْقَانَ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ ﴿٤﴾ إِنَّ اللَّهَ لَا يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ ﴿٥﴾ هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الْأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿٦﴾

"﴿الم﴾ لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا، قسە لەسەر ئەم پیتە پچڕاوانە کرا"، ﴿اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ﴾ "خوای گەورە ئەو خوایەیە، کە هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لەو نەبێ"، خوای پاك و بەرز ئەم سورەتەی دەستپێکردووە، بە هەواڵدان لەبارەی پەرستراویێتی خۆی، ڕایگەیاندووە کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لەو نەبێ،

پەرستن و بەندایەتی دەبێ تەنها بۆ خوای مەزن بێ، جا هەرچی پەرستراو هەیە جگە لەو ئەوا پوچەڵە، خوای گەورە پەرستراوی حەق و ڕاستە، هەرچی سیفەتەکانی پەرستراوێتییە لەودا هەیە، کە سەرچاوەی ژیان و زیندوو ڕاگرییە، ﴿الْحَيُّ﴾ ئەوەیە کە ژیانی مەزن و کامڵی هەیە، ئەمەش هەموو ئەو سیفەتانە دەخوازێ، کە ژیانی بەبێ ئەو کامڵ نابێ، وەك سیفەتەکانی بیستن و بینین و توانا و هێز و گەورەیی و بەردەوامی و باڵادەستبوونی کە دەستەوەسان ناکرێت ﴿الْقَيُّومُ﴾ ئەوەیە کە بەخۆوەڕاوەستاوە و پێویستی بە هیچ یەکێك لە بەدیهێنراوانی نییە، هەرچی بەدیهێنراوە پێویستیان بەوە لە بەدیهێنان و ئامادەکاری و پاڵپشتی و زیندوو ڕاگرتنیان، جا هەر خوای گەورەیە هەڵدەستێ بە بەڕێوەبردنی هەموو بەدیهێنراوان و مشورلێخواردنیان، ڕاییکردنی کاروبارەکانی پەیوەست بە جەستە و دڵ و گیانەکان، هەروەها لە میانەی ڕاییکردنی ئەوەی کە خوای پایەبەرز کاروباری بەندەکان ڕایی دەکات و وەك میهرەبانیەکیش بەرامبەریان، ﴿نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ﴾ ئەوا قورئانی پیرۆزی دابەزاندۆتە سەر پەیامبەری خوا **محەممەد** (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، بێگومان قورئان پیرۆزترین و مەزنترین کتێبە، کە حەق و ڕاستی لەخۆگرتووە لەو هەواڵ و فەرمان و ڕێگریانەی تێیدان، هەواڵی لەبارەی هەرچییەکەوە دابێ ڕاستە، هەر حوکم و بڕیارێکی دەرکردبێ ئەوا دادگەرانەیە، خوای پایەدار بە حەق و ڕاستی دایبەزاندووە، تا بەدیهێنراوان بەندایەتی پەروەدگاریان بکەن و فێری کتێبی خوابن ﴿مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ بەڕاستدانەری سەرجەم کتێبە ئاسمانیەکانی پێشووە، پاکانەیان بۆ دەکات، جا هەر چییەك قورئان لەو کتێبانە گەواهی بۆ بدات، ئەوا پەسەندکراوە، هەر چییەکیش ڕەتی بکاتەوە، ئەوا ڕەتکراوەیە، قورئانی پیرۆز کۆك و تەبایە لەگەڵ هەموو ئەو داواکارییانەی پێغەمبەران و پەیامبەرانی پێشوو داوایان کردووە، ئەم داواکاریانەش گەواهی ڕاستی قورئان دەدەن، جا خاوەن کتێبەکان ناتوانن کتێبەکانیان بەڕاست دابنێن، ئەگەر باوەڕی تەواو بە قورئان

نەهێنن، بێ باوەڕبوونیان بە قورئان، باوەڕبوونی ئەوان بە کتێبەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَأَنْزَلَ التَّوْرَاةَ﴾ واتە: "تەوراتی دابەزاندووە بۆ سەر" موسا (سڵاوی خوای لێبێ) ﴿وَالْإِنْجِيلَ﴾ واتە: "ئینجیلیشی دابەزاندووە بۆ سەر" عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) ﴿مِنْ قَبْلُ﴾ بەر لە دابەزاندنی قورئان، ﴿هُدًى لِلنَّاسِ﴾ وادیارە ئەمە بۆ هەموو ئەو کتێبانەی کە باسکران دەگەڕێتەوە، واتە: خوای گەورە قورئان و تەورات و ئینجیلی دابەزاند، تا ببنە ڕێنوێنی بۆ خەڵك لە نێو گومڕاییدا، جا هەر یەکێك ڕێنوێنی خوای مەزن قبوڵ بکات، ئەوا ڕێگەی ڕاستی گرتۆتەبەر، ئەوەش کە ڕەتی بکاتەوە، ئەوا لە گومڕاییدا ماوەتەوە، ﴿وَأَنْزَلَ الْفُرْقَانَ﴾ "جیاکەرەوەی حەق و ناحەقی دابەزاندووە" واتە: بەڵگە و ڕوونکردنەوە و نیشانەی بڕاوە و سەلمێنراوی دابەزاندووە، کە ئاماژە و بەڵگەن لەسەر هەرچی مەبەست و داواکارییە، بەهەمان شێوە ڕاڤەی هەرچی بەدیهێنراوان پێویستیان پێیەتی خستوویەتیەڕوو، تا وایلێهاتووە حوکمەکان ڕۆشن و دیارن، بەمەش هیچ پاساو و بەڵگەیەك بۆ ئەو کەسە نەماوەتەوە، کە بێ باوەڕە بە خوا و بەڵگە و نیشانەکانی، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ واتە: "بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕبوون بە بەڵگە و نیشانەکانی خوا" دوای ئەوەی بەڵگەکانی ڕوونکردۆتەوە و ناڕوونییەکانی لاداوە ﴿لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾ "ئا ئەوانە سزایەکی توندیان بۆ هەیە"، کە ناتوانێ ئەندازەگیری بۆ بکرێ، بەهەمان شێوە ناشتوانرێ وەسفی بکرێت ﴿وَاللَّهُ عَزِيزٌ﴾ "و خوای گەورە" بەهێز و توانایە و هیچ شتێك دەستەوەستانی ناکات ﴿ذُو انْتِقَامٍ﴾ "تۆڵە وەرگرێکی بەهێزە" لە سەرپێچیکارانی ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَخْفَى عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ ﴿٥﴾﴾ واتە: "بەڕاستی خوای گەورە هیچ شتێکی لە زەوی و ئاسمانەکاندا لێ ون نابێ و لای شاراوە نییە"، ئەمە دانپێدانانی تێدایە بەوەی زانستی خوای گەورە دەوری هەموو زانیارییەکی داوە، بە ورد و درشت، دیار و شاراوەکانەوە، یەکێك

لەوانە کۆرپەلە کە لە منداڵدانی دایکیدایە، کە بەدیهێنراوان بە چاو نایبینن، زانیاری ئەوان درکی پێناکەن، خوای پایەبەرز مشوری لێدەخوات بەوپەڕی وردەکاریی لە بەڕێوەبردندا، ئەوپەڕی ئەندازەگیری تێدا پەیڕەو دەکات، بۆیە فەرموویەتی: ﴿هُوَ الَّذِي يُصَوِّرُكُمْ فِي الْأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ﴾ "هەر خوا گەورەیە وێنەی ئێوە بەدیدەهێنێ لە منداڵدانی دایکتاندا، هەر چۆنێك کە خۆی دەیەوێ"، لە کاملبوون یان بوونی کەموکورتی لە پێکهاتەتاندا، لە جوانی و ناشرینی، نێر یان مێبوون، ﴿لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ "هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق، جگە لە خوای مەزن نەبێ، کە باڵادەست و دانا و کارزانە"، ئەم ئایەتانە دانپێدانان و سەلماندن و دیاریکردنی خوایەتی خوای گەورە، پوچەڵکدنەوەی خوایەتی هەرچی شتی ترە لەخۆگرتووە، لەم چوارچێوەیەدا بەرپەرچدانەوەی گاورەکانی تێدایە، کە باوەڕیان وایە عیسای کوڕی مەریەم (سڵاوی خوای لێبێ) خوایە، هەروەها ئەم ئایەتانە سەلماندنی هەر دوو سیفەتی ژیانی کامڵ و زیندوو ڕاگیرایەتی تەواوی خوای گەورەی تێدایە، هەروەك پێشتر باسکرا ئەم دوو سیفەتە هەموو سیفەتە پیرۆزەکان لەخۆدەگرن، ئەم ئایەتانە سەلماندنی شەرعەتە مەزنەکانی تێدایە، کە ڕەحمەت و ڕێنوێنیە بۆ خەڵك، خەڵکیشان دابەشکردووە بۆ ڕێنوێنیکراو و سەرلێشێواوان، ئاماژەیان بە سزای ئەو کەسانەش کردووە کە ڕێبازی پەیامی خوا نەگرنەبەر، سەلماندنی فراوانی و بێ سنووری زانستی و خوای مەزن و هێزی ویست و داناییەکەی تێدایە.

(٧ – ٩) ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ ﴿٨﴾ رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لَا رَيْبَ فِيهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ ﴿٩﴾

﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – هەر خوای گەورەیە قوئانی دابەزاندۆتە سەر تۆ"، قورئانی مەزن هەمووی ڕوون و ڕۆشن و یەك واتایە، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾ هود: ١. واتە: " – قورئانی پیرۆز – کتێبێکە ئایەتەکانی ڕوون و ڕۆشنکراون، دواتر وردەکاریيان پێدراوە لەلایەن خوای دانا و شارەزایەوە"، ئەوپەڕی وردەکاری و تۆکمەیی و دادگەری و چاکەی تێدایە، ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ مائیدە: ٥٠. واتە: "کێ هەیە لە خوا حوکم و یاساکانی چاکتر و جوانتر بێ، بۆ کەسانێك کە وردەکار و سەرنجدەرن". هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش وێکچوون، لە جوانی و ڕەوانبێژی و بەڕاستدانانی یەکتری و تەبابوونی بێژە و ماناکانی، سەبارەت بەو یەك واتایی و وێکچوونەی لەم ئایەتەدا باسکراوە، ئەوا قورئانی پیرۆز هەروەك خوای مەزن باسیکردووە: ﴿مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ﴾ واتە: "بەشێك لە ئایەتەکانی ئاماژە و مانایان ڕوونە، لێڵی و کێشەی تێدا نییە، ﴿هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ﴾ واتە: ئا ئەوانە بناغەی قورئانن کە هەرچی ئایەتی وێکچووە بۆی دەگەڕێتەوە، ئایەتە یەك مانا و تۆکمەکانیش زۆربەی قورئانی پیرۆز پێکدەهێنن ﴿وَ﴾ واتە: "بەشێکی دیکە لە ئایەتەکانی

قورئان" ﴿أُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ﴾ ماناکانیان لای زۆر کەس ناڕوون و ئالۆزە، چونکە ئاماژە و ماناکانیان کورتبڕە، یان پێچەوانەی مەبەستەکەی لێ تێدەگەن، لە دەرئەنجامدا دەگەین بەوەی، کە بەشێك لە ئایەتەکانی قورئان ماناکانیان لای هەموو کەسێك ڕوونە، ئەوانە ڕێژەی زۆرینەن کە ئایەتەکانی دیکەیان بۆ دەگەڕێنرێتەوە، بەشێکی تری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لای هەندێك خەڵك ناڕۆشنن، جا پێویستە لێرەدا ئایەتە ناڕوونەکان بۆ ڕۆشنەکان و فرەواتا بۆ یەك واتاکان بگەڕێنرێنەوە، ئا بەم شێوەیە هەر بەشێکی قورئان بەشەکەی دیکە بەڕاست دادەنێ، بەمەش هیچ تێکگیران و دژیەکبوونێك ڕوونادات، بەڵام خەڵك بۆ دوو کۆمەڵ دابەش بوون ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ﴾ واتە: ئەوانەی لە دڵیاندا لادان لە ڕێگەی ڕاست هەیە، بەوەی مەبەست و ئامانجیان خراپە، نیازیان گومڕایی و سەرگەردانییە، دڵیان لە ڕێگەی ڕاست و ڕۆشن خلیسکاوە و دەرچووە ﴿فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ﴾ واتە: واز لە ئایەتە یەك مانا و ڕۆشنەکان دەهێنن و شوێن فرەواتاکان دەکەون، شتەکە پێچەوانە دەکەنەوە و ئایەتە یەك مانا و ڕۆشنەکان لەبەر سایەی ئایەتە وێکچوو و فرەماناکان لێکدەدەنەوە، ﴿ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ﴾ "لە پێناو ئاشوب نانەوە" بۆ ئەو کەسانەی کە بانگیان دەکەن بۆ هاتنە سەر بۆچوونەکەیان، جا لێکدانەوەی ئایەتە فرەواتاکان "بە هەڕەمەکی" دەبێتە هۆی ئاشوب، بەهۆی ئەو ناڕوونیەی تێیاندایە، ئەگەرنا ئایەتە فرەواتاکان نابنە هۆی ئاشوب، چونکە ڕاستیان تێدا ڕوونە بۆ ئەو کەسەی مەبەستی شوێنکەوتنیەتی، سەبارەت بەم فەرمایشتە: ﴿وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ﴾ "و لە پێناوی ئەوەی لێکدانەوەی دیکەی بۆ بکەن، لەکاتێکدا لێکدانەوەی ئەم ئایەتانە هەر خوای گەورە دەزانێ"، ڕاڤەکارانی قورئان دوو بۆچوونیان هەیە لەبارەی وەستان لەسەر وشەی ﴿اللَّهُ﴾ لەم ئایەتەدا: زۆربەی ڕاڤەکاران لەسەری دەوەستن، هەندێکی دیکەیان ئەم بەشە ئایەتەی دواتریشی دەخەنەسەری، کە ئەمەیە: ﴿وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ﴾ "بەپێی

بۆچوونی یەکەم بێ: زانایانی لە زانست ڕووچووشدا تەنها دەڵێن باوەڕمان بەو ئایەتانە هەیە، بەڵام بەپێی بۆچوونی ڕاڤەکارانی دیکە، ئەوا زانایش لێکدانەوە ئەم ئایەتانە دەزانن"، هەر دوو بۆچوونەکە دەکرێت ڕاست بن، ئەگەر مەبەست لە (التأويل) زانینی ڕاست و ناوەڕۆکی شتەکان بێ، ئەوا وا ڕاست و دروستە لەسەر ﴿إِلَّا اللَّهُ﴾ بوەستین، چونکە لێرەدا مەبەست لە (المتشابه) دەبێتە ئەو شتانەی، کە خوای گەورە زانینی ناوەڕۆك و حەقیقەتەکەی تەنها لای خۆیەتی، بۆ نموونە: ناوەڕۆك و چۆنیەتی سیفەتەکانی خوا، ڕاستی و ناوەڕۆکی وەسفی ئەو شتانەی لە دواڕۆژدا دەبن و هاوشێوەکانی، کە تەنها خوای مەزن پێیان زانایە، نابێت بێین بەسەریاندا، بۆ ئەوەی ماناکەی بزانین، چونکە خۆ هەڵقورتاندنە لە شتێکدا کە ناکرێت بزانرێ، هەروەك پرسیار لە پێشەوا مالیك (ڕەحمەتی خوای لێبێ) کرا لەبارەی ئەم فەرمایشتە: ﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ تاها: ٥. پرسیارکارەکە وتی: خوای گەورە چۆن وەستاوە؟ مالیك وتی: وەستانەکە زانراوە، بەڵام چۆنیەتەکەی نەزانراوە، باوەڕبوون پێی ئەرکە، پرسیارکردن لە بارەیەوە بیدعەیە. ئا بەم شێوەیە وەڵام لەبارەی هەموو سیفەتەکانی دیکەی خوای گەورە دەدرێتەوە، کاتێك پرسیار لەبارەی چۆنیەتیەکەیان دەکرێت، پێویستە هاوشێوەی وتەی پێشەوا مالیك دووبارە بکرێتەوە، بەوەی ئەم سیفەتەی خوا زانراوە، بەڵام چۆنیەتەکەی نەزانراوە، باوەڕبوون پێی ئەرکە، پرسیارکردن لە بارەیەوە بیدعەیە. جا خوای گەورە ئەم سیفەتانەی بە ئێمە ڕاگەیاندووە، بەڵام چۆنیەتیەکەی پێمان ڕانەگەیاندووە، بۆیە پێویستە لەسەرمان بوەستین لەو سنوورەی خوا بۆی دیاریکردووین، جا ئەوانەی لادان لە ڕێگەی ڕاست لە دڵیاندایە، شوێن ئەم وێکچوو و فرەواتایانە دەکەون، خۆیان لە شتێکی بێ مانا هەڵدەقورتێنن، ئەرکێکی بەزۆر دەگرنەبەر کە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ زانینی، چونکە هیچ کەسێك پێی نازانێ جگە لە خوای گەورە نەبێ، بەڵام ئەوانەی لە زانستدا ڕۆچوون، ئەوا باوەڕی دامەزراویان پێی هەیە و

ماناكەی بە خوا دەسپێرن، ملكەچ دەبن و بەمەش سەلامەت دەبن، خۆ ئەگەر مەبەست لە (التأويل) لێرەدا ڕاڤە و تەفسیر و دەرخستن و ڕوونكردنەوە بێ، ئەوا ڕاستترە ﴿وَالرَّاسِخُونَ﴾ بخرێتەپاڵ ﴿اللَّهُ﴾، بەمەش ماناكەی وا لێدێ، كە خوای گەورە ڕایگەیاندووە، بەوەی ڕاڤەی ئەو ئایەتە وێكچوو و فرەواتایانەی و گێڕانەوەیان بۆ ئایەتە یەك ماناكان، لادانی ئەو ناڕوونیەی تێیاندایە تەنها خوای پایەبەرز دەیزانێ، هەروەها ئەوانەش كە لە زانستدا ڕووچوون ئەوانیش بەهەمان شێوە دەیزانن، جا باوەڕی دامەزراویان بەم ئایەتانە هەیە و بۆ ئایەتە یەك واتاكان دەیگێڕنەوە و ﴿يَقُولُونَ﴾ دەڵێن: ﴿آمَنَّا بِهِ﴾ "باوەڕمان بە هەر هەموو هەیە" هەرچی ئایەتی یەك مانا و فرەمانا هەیە ﴿كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا﴾ "هەر لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە"، جا شتێك لەلایەن خواوە بێ، ئەوا تێكگیران و دژیەكی تێدا نابێ، بەڵكو كۆك و تەبایی لە نێوان بەشەكانیدایە، هەر بەشێكی گەواهی بۆ بەشەكەی تر دەدات، ئەمەش سەرنجێكی تێدایە بۆ بنەما مەزنەكە، ئەویش ئەوەیە كاتێك دەزانن هەموو ئەم ئایەتانە لەلایەن خواوەیە، كورتبڕی ئایەتە وێكچوو و فرەماناكان كێشە و لێڵی بۆیان دروست كرد، ئەو كاتە بە دڵنیایەوە دەزانن ئەم ئایەتانە دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئایەتە یەك مانا و واتا ڕوونەكان، ئەگەرچی بە تەواوی لە مەبەستی ئایەتە فرەماناكەش تێنەگەن. كاتێك خوای پایەبەرز هانیدا لەسەر ملكەچبوون و باوەڕبوون بە حوكمەكانی، ڕێگریشی كرد لە شوێنكەوتنی ئایەتە مانا لێڵ و ناڕوونەكان، ئەوا فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ﴾ واتە: بێ گومان هیچ كەسێك یادەوەری و وانە و پەند لە ئامۆژگارییەكانی خوا وەرناگرێت، ئامۆژگاری و ڕێنماییەكانی قبوڵ ناكات، ﴿إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ واتە: تەنها ئەوانە نەبن كە خاوەن عەقڵی دامەزراون و كاكڵەی جیهان و دەستەبژێری مرۆڤەكانن و زانا و تێگەیشتوون، بەمەش ئەوەیان دیتەیاد كە سوودی بۆیان هەیە و ئەنجامی دەدەن، دەشزانن چ شتێك زیانی بۆیان هەیە و وازی لێدەهێنن، بەڵام

ئەوانی دیکە کە "تویکڵن و" هیچ بەرهەم و ئەنجامێکیان نییە و، هیچ ترساندن و ڕێگری کردن و یادخستنەوەیەك سوودی بۆیان نابێ، چونکە عەقڵ و ژیرییەکی وایان نییە سوودی بۆیان هەبێ.

دواتر خوای پایەبەرز هەواڵی داوە لەبارەی ئەوانەی لە زانستدا ڕووچوون، بەوەی نزا دەکەن و دەڵێن: ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا﴾ واتە: "پەروەردگارمان دڵەکانمان لە حەق و ڕاستی لانەدەی، بەهۆی نەزانی و نکۆڵی کردنمانەوە، "دوای ئەوەی ڕێنوێنی ئیمەت کردووە بۆ ڕێگەی ڕاست"، دامەزراومان بکە لەسەر ڕێگەی ڕاست، بمانکە بە ڕێنوێنیکراو و ڕێنوێنیکەر، جێگیرمان بکە لەسەر ڕێنوێنی خۆت، پاریزراو و دوورمان بگرە لەوەی لادەرانت پێ تاقیکردۆتەوە ﴿وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً﴾ "لە میهرەبانی خۆتمان پێ ببەخشە"، میهرەبانیەکی وا مەزن کە بۆ هەموو چاکەیەك بمانبات، بەهۆیەوە لە هەموو خراپەیەك بمانپارێزی ﴿إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ﴾ واتە: بەڕاستی تۆ زۆر فراوانبەخش و بەخشندەی، چاکە و بەهرە و بەخششەکانت ئەوەندە زۆرن، کە هەموو بوونەوەری گرتۆتەوە.

﴿رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لَا رَيْبَ فِيهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ ﴿٩﴾﴾ واتە: "پەروەردگارمان، تۆ کۆکەرەوەی خەڵکیت لە ڕۆژێکدا کە گومانی تێدا نییە، بە دڵنیایەوە خوای گەورە پەیمان و بەڵێنی خۆی دەباتەسەر"، ئەوسا خوا بەپێی کار و کردەوەیان پاداشت و سزایان دەداتەوە، خوای پایەبەرز ستایشی ئەوانەی کردووە، کە لە زانستدا ڕۆچوون بە حەوت خەسڵەت، کە بریتین لە ناونیشانی بەختەوەری بەندە: یەکەمیان: زانست و زانین، کە ڕێگەی بەرەو خواچوونە، ڕوونکەرەوەی حوکم و یاساکانی خوایە، دووەم: ڕووچوون لە زانستدا، ئەمەش ئەندازەیەکی زیاترە لە زانین، چونکە ئەوەی لە زانستدا ڕووچووە وادەخوازێ زانایەکی لێکۆڵەر و خواناس و وردەکار بێ، خوای گەورە

ئاشنای کردبێ بە ڕووی دیار و شاراوەی زانست، جا قاچەکانی لە هێنییەکانی شەریعەتدا ڕووچووبن بە زانست و دۆخ و کرداریەوە، سێیەم: خوای مەزن وەسفی ئەوانی کردووە بەوەی باوەڕیان هەیە بە هەموو بەشەکانی کتێبی خوا، فەرواتاکان بۆ بەر ڕۆشنایی یەك ماناکان دەگێڕنەوە، بەم فەرمایشتە: ﴿يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا﴿٧﴾، چوارەم: داوای ئەوەیان لە خوای پایەبڵند کردووە، کە سەلامەتی و پارێزراویان بکات، لەوەی لادەر و گومڕاکانی پێ تاقیکردۆتەوە، پێنجەم: داننانیان بە ناز و نعمەتی خوا بەسەر خۆیاندا، بەوەی ئەوانی ڕێنوێنی کردووە، ئەمەش بەم فەرمایشتە: ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا﴾، شەشەم: لەگەڵ ئەمەشدا داوای میهرەبانی خوایان کردووە، کە هێنانی هەموو چاکەیەك و لادانی هەموو خراپەیەك لەخۆ دەگرێ، بە ناوی بەخشەری خوا کە (الوهاب)ــە تکایان لێکردووە، حەوتەم: خوای پایەدار هەواڵی داوە لەبارەی باوەڕ و ئیمانی دامەزراویان بە دوارۆژ و ترسان لێی، ئەمەش لەسەریان پێویست دەکات کاری چاك بکەن و لە خلیسکان دووربن، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(١٠ – ١٣) ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَنْ تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَأُولَئِكَ هُمْ وَقُودُ النَّارِ ﴿١٠﴾ كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿١١﴾ قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَى جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿١٢﴾ قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأُخْرَى كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُمْ مِثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ وَاللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَنْ يَشَاءُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِأُولِي الْأَبْصَارِ ﴿١٣﴾

خوای مەزن هەواڵ دەدات سەبارەت بەوانەی ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ بەڕاستی بێ باوەڕ بوون بە خوا و پێغەمبەرانی، نکۆڵیان لە ئایین و کتێبی ئەو کردووە، ئا ئەوانە شایستەی سزایەکی بە ئێش و ئازارن، بەهۆی بێ باوەڕی و گوناهەکانیانەوە، ﴿لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا﴾ بێ گومان ماڵ و سامان و منداڵەکانیان هیچ سوودێکیان بۆیان نابێ "لەلای خوا"، ئەگەرچی لە دونیادا پێیان وابێ ئەمە ئاشوبیان لەسەر لادەبات، و دەڵێن: ﴿نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ سەبەء: ٣٥. واتە: "ئێمە ماڵ و سامان و نەوەی زۆرترمان هەیە، هەرگیز ئێمە – لە دواڕۆژدا – لە سزادراوان نین". جا لە دواڕۆژدا شتی وایان بۆ پێشدێت و تووشدێت، کە هەرگیز پێشبینیان نەکردووە، ﴿وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُوا وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ جاسییە: ٣٣. واتە: "– لە دواڕۆژدا – ئەو کار و کردەوە خراپانەی کردبوویان دەردەکەوێ، ئەوەش کە گاڵتەیان پێدەکرد بەرۆکیان دەگرێ و گەمارۆیان دەدات"، منداڵ و سامان هیچ بەهایەکی نییە لای خوا، بەڵکو ئەوەی سوودی بۆ بەندە دەبێ، باوەڕبوونیەتی بە خوا و کارە چاکەکانیەتی، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰ إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ لَهُمْ جَزَاءُ الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا وَهُمْ فِي الْغُرُفَاتِ آمِنُونَ﴾ سەبەء: ٣٧. واتە: "نە ماڵ و سامان و نە نەوە منداڵتان، نابنە هۆی ئەوەی کە بە تەواوی نزیکتان بخەنەوە لە ئێمە، مەگەر کەسێك باوەڕی دامەزراوی هێنابێ و کار و کۆردەوەی چاك ئەنجام بدات، ئا ئەوانە پاداشتی چەند بەرامبەریان بۆ هەیە، بەو کار و کردەوانەی کردوویانە، هەر ئەوانیش لە ژوور و تەلارە بەرزەکانی بەهەشتدا بە ئاسودەیی ژیان بەسەر دەبەن". ﴿وَأُولَٰئِكَ هُمْ وَقُودُ النَّارِ﴾ واتە: ئا ئەوانە سووتەمەنی ئاگری دۆزەخن، بۆ هەمیشە تیایدا دەمیننەوە، ئەو دۆخە کە خوای پایەبەرز باسی کردووە، ئەوەیە کە ماڵ و سامان و منداڵ و نەوە هیچ سوودێکی

بۆ بێ باوەڕان نابێ، ئەمە ڕێسای جێبەجێبووی خوایە لەسەر گەلانی پێشوو، ﴿كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿١١﴾ هەروەك ئەمە جێبەجێ بوو بەسەر فیرعەون و ئەوانەی پێش خۆی لە فیرعەونە لادەر و ستەمکارە ساماندار و خاوەن سەربازەکان، کاتێك بێ باوەڕبوون بە بەڵگە و نیشانەکانی خوا و نکۆڵیان کرد لە پەیامی پەیامبەران، ئەوا خوای گەورە ئەوانی بەهۆی گوناهەکانیانەوە سزادا، ئەمەش بە دادگەری خوا نەوەك بە ستەمکاری، بێ گومان خوا سزایەکی سەختی ئەو کەسانە دەدات، کە ئەو هۆکار و کردەوانە دەگرنەبەر کە دەبنە هۆی تووشبوون بە سزای خوا، کە بێ باوەڕی و گوناهــ و تاوانەکان دەگرێتەوە، بە هەموو جیاوازی جۆر و پلەکانیانەوە، ئینجا خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿قُلْ﴾ ئەی محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) "بڵێ" ﴿لِلَّذِينَ كَفَرُوا سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَى جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ واتە: "بەوانەی کە بێ باوەڕن، لە سەرئەنجامدا تێکدەشکێن و بۆ نێو دۆزەخ کۆدەکرێنەوە، کە ناخۆشترین جێگایە"، لەمەدا ئاماژەیەك بۆ باوەڕداران هەیە بە سەرکەوتن و زاڵبون، هۆشداریشی تێدایە بۆ بێ باوەڕان، ئەمە بەوشێوەیە هاتەدی کە خوای پایەبەرز ڕایگەیاندووە، خوای مەزن باوەڕدارانی سەرخست بەسەر دوژمنانیان لە بێ باوەڕان و هاوبەشداران و جولەکەکان و گاورەکان، خوای پایەبەرز ئەمە لەگەڵ بەندە و جەنگاوەرە باوەڕدارەکانی دەکات تا دوارۆژ، لەم ئایەتەدا پەند و بەڵگەیەك هەیە لە بەڵگەکانی خوا، کە بە چاوی سەر دەبینرێ، پەروەردگاری باڵا هەواڵیشی داوە، کە بێ باوەڕان لەگەڵ ئەوەی شکستخواردوون لەم دونیایەدا، ئەوا لە دوارۆژیشدا کۆدەکرێنەوە و ڕاپێچ دەکرێن بۆ ناخۆشترین جێگا، ئەمە ئەوەیە کە ئەوان بۆ خۆیان ئامادەیان کردووە، بێ گومان خراپترین شوێن و دزێوترین سزای هی ئەوانە ﴿قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ﴾ واتە: "بێ گومان" نیشانە و پەندێکی مەزن "هەبوو بۆتان" ﴿فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا﴾ "لەو دوو کۆمەڵەیەی

بەرەنگاری یەکتربوونەوە" لە جەنگی بەدردا ﴿فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ "کۆمەڵێکیان لە پێناوی خوادا دەجەنگان" ئەوانیش پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و هاوەڵان بوون ﴿وَأُخْرَى كَافِرَةٌ﴾ واتە: "کۆمەڵەکەی تر" بێ باوەڕ بوونی قورەیش بوون، ئەوانەی بەهۆی لەخۆباییبوون و ڕووپامایی بۆ خەڵك لە شوێنەواریان دەرچوون، ڕێگریان لە پەیامی خوا دەکرد، جا خوای مەزن ئەو دوو کۆمەڵەیەی لە جەنگی بەدردا بەیەکەوە کۆکردەوە، هاوبەشدارانە ژمارەیان چەند بەرامبەری باوەڕداران بوو، بۆیە فەرموویەتی: ﴿يَرَوْنَهُمْ مِثْلَيْهِمْ﴾ واتە: "لە بەرچاوی باوەڕداراندا ژمارەی بێ باوەڕان دوو بەرامبەری ئەوانە" باوەڕداران دەبینن کە بێ باوەڕان لە ڕووی ژمارەوە زۆر لەوان زیاترن، کە چەند بەرامبەری باوەڕدارانن، جا بەم فەرمایشتە جەختی لەسەر کردۆتەوە: ﴿رَأْيَ الْعَيْنِ﴾ "لەبەرچاویان"، جا خوای گەورە باوەڕدارانی سەرخست و پاڵپشتیانی کرد بە پشتیوانی خۆی، بەمەش بێ باوەڕانیان تێکشکاند، گەورە و بڕیاربەدەستەکانی ئەوانیان کوشت، زۆرێکیان لێ بەدیل گرتن، بێگومان ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە بووە کە ﴿وَاللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَنْ يَشَاءُ﴾ "خوای پایەدار سەرکەوتن دەبەخشێ بە هەر یەکێك کە بیەوێ"، خوای گەورە ئەوانە سەردەخات، کە ئاینی خوا سەردەخەن، ئەوانەش سەرشۆڕ دەکات کە بێ باوەڕن بە خوا. ﴿إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِأُولِي الْأَبْصَارِ﴾ بەڕاستی ئا لەمەدا پەند و وانە هەیە بۆ ڕۆشن بینن و ڕادەمێنن، واتە: خاوەنی بینینی تیژ و عەقڵی کاملن، جا ڕاستی لەگەڵ کۆمەڵەی سەرکەوتوودایە، کۆمەڵەی بەرامبەر پوچەڵە، ئەگەرنا هەر یەکێك تەنها بڕوانێتە هۆکار و ئامرازە دیارەکان، ژمارە و زەخیرەکەیان، ئەوا بڕیاری دەدا لەوەی سەرکەوتنی ئەم کۆمەڵە کەمە بەسەر ئەو کۆمەڵە زۆرەدا یەکێکە لە شتە ئەستەمەکان، بەڵام لە پاڵ ئەم هۆکارە بە چاو بینراوانە، هۆکارێکی مەزنتر هەیە، کە هیچ یەکێك درکی پێ ناکات، تەنها ئەوانە نەبن کە خاوەنی بینینی تیژ و باوەڕی دامەزراو نەبن بە خوا، و پشتیان بەخوای گەورە نەبەستبێ

و متمانەیان بەوە نەبێ کە تەنها ئەوەی خوا بەسە، کە ئەویش سەرخستن و پشتیوانی و سەرزکردنیەتی بۆ بەندە باوەڕدارەکانی بەسەر دوژمنە بێ باوەڕەکانیدا.

(١٤ - ١٧) ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ ﴿١٤﴾ قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ ﴿١٥﴾ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٦﴾ الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنْفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ ﴿١٧﴾

﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ﴾ واتە: "ئارەزووی ئافرەت و منداڵی نێرینە و هەبوونی زێڕ و زیوی زۆر و ئەسپی چاك و مەڕ و ماڵات و كشتوكاڵ بۆ خەڵكی ڕازێنراونەتەوە"، خوای پایەبەرز ڕایدەگەیەنێ كە ئارەزووە دونیاییەكان بۆ خەڵكی ڕازێنراونەتەوە، بەتایبەت باسی ئەو شتانەی كردووە، چونكە گەورەترین ئارەزووەكانی دونیان، هەرچی ئارەزووی دیكە هەیە پاشكۆی ئەوانەیە، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الْأَرْضِ زِينَةً لَهَا﴾ كەهف: ٧. واتە: "بەڕاستی ئێمە هەرچییەك لە زەویدایە كردوومانەتە مایەی ڕازاندنەوە بۆی"، جا كاتێك ئەم ناوبراوانەیان بۆ ڕازێنرایوەتەوە، بە پاڵنەرە سەرنجڕاكێشانیەوە، دەروونەكانیان پێیەوە پەیوەست بوو و دڵیان بۆی چوو، بەمە بۆ دوو بەش دابەشبوون، بەشێكیان: ئەم ئارەزووانەیان كردە مەبەست و

ئامانج، بەمەش هەرچی بیر و خەیاڵ و ڕزا و کردەوە دیار و شاراوەکانیانە بۆ ئەم مەبەستە بەگەڕیانخست، بەمەش بێ ئاگابوون لەو ئەرکەی کە لە پێناویدا بەدیهێنراون، یاوەڕی ئەم ئارەزووانە دەکەن وەك ئاژەڵێکی بەڕەڵا، خۆشی دەبنین لە تام و چێژەکەی و حەزەکانیان تێر دەکەن، گوێ نادەن بەوەی بە چ شێوەیەك ئەم شتانە دەستدەخەن، و لە چیدا خەرجی دەکەن، ئا ئەم ئارەزووانە بۆ ئەوانە دەبێتە تێشوێك بۆیان بۆ دواڕۆژ و ماڵی بەدبەختی و ناخۆشی و سزا، بەشی دووەمیان: زانیویانە مەبەست لەم ئارەزووانە چییە، دەزانن خوای گەورە کردوویەتیە تاقیکردنەوە و ئەزموونێك بۆ بەندەکانی، تا خوای گەورە لەسەر زەمینەی واقیع دەریبخات کێ گوێڕایەڵی و ڕەزامەندی خوا پەسەند دەکات، بەسەر حەز و ئارەزووەکانیدا، جا ئەمەیان کردۆتە ئامراز و ڕێگەیەك تا زەخیرە بۆ دواڕۆژیان ئامادە بکەن، بەجۆرێك چێژ دەبینن لەو شتانە کە یارمەتیدەریان بێ بۆ ڕەزامەندنی خوا، جا بە جەستەیان یاوەڕی ئەم حەز و ئارەزووانە دەکەن، بەڵام بە دڵیان خۆیان لێدابڕیوە، چاکیش دەزانن کە ئەمانە بەو جۆرەن هەروەك خوا لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ واتە: "ئەوانە خۆشی و ناز و نیعمەتی ژیانی دونیان" بۆیە ئەمانەیان کردۆتە ڕێڕەو و بازرگانیەك، ئامانجیان لەمە سوود و وەدەستهاتووی بەرز و بڵندە، ئا ئەوانە خاوەنی زەحیرە و تێشوون لە ڕێگەی ڕۆیشتن بەرەو پەروەردگار. ﴿وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ﴾ واتە: "و خوای گەورە شوێنی هەرە چاکی بۆ چاکەکاران ئامادەکردووە، کە بۆی دەگەڕێنەوە". لەم ئایەتەدا دڵدانەوەی تێدایە بۆ هەژاران، ئەوانەی کە ناتوانن ئەو حەز و ئارەزووانەیان بەدەستبخەن، کە دەوڵەمەندەکان هەیانە، هۆشداریشی تێدایە بۆ ئەوانەی پێی هەڵدەخەڵەتێن، وا لە ڕۆشن عەقڵەکان دەکات بەکەم سەیری ئەم ئارەزووانە بکەن، تەواوکەری ئەمەش ئەوەیە خوای پایەبڵند هەواڵی داوە لەبارەی ماڵی هەمیشەیی و چارەنووسی لەخواترسە چاکەکارەکان، ڕاشیگەیاندووە کە ئەمە چاکترە لەو ئارەزووە

ناوبراوان، ﴿قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ﴾ واتە: "ئەی محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بڵێ: ئایا پێتان ڕابگەیەنم چاکتر لەوە چییە، بۆ ئەوانەی لە پەروەردگاریان دەترسن" چەندین باخ و بەهەشتی بەرز هەن، کە خاوەنی خانووی سەرنجڕاکێش و ژوور و تەلاری بەرزن، لەگەڵ درەختی فرەجۆری فرەبەرهەم، کە چەند چەم و ڕووبار بە ژێریاندا دەڕۆن بەپێی ویستی بەهەشتییەکان، لەگەڵ هاوژینی پاك لە هەرچی پیسی و پەستی و کەموکورتی دیار و نادیار، هاوڕێ لەگەڵ مانەوەی هەمیشەیی، کە خۆشی و شادی تەواو لەوەدایە، لەگەڵ ڕەزامەندی خوا کە گەورەترین نیعمەتە، جا دەی ئەو ماڵ و دونیایە شکۆدارە بەم دونیا بێ نرخە بەراورد بکە، ئینجا کامەیان چاکترە ئەوەیان بۆ خۆت هەڵبژێرە، بە دڵی خۆت بەراوردیان بکە و بزانە کامەیان پایەدارترە، ﴿وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ واتە: "بەڕاستی خوای گەورە" زانایە بە خەسڵەتی چاك و خراپەکان، کە لە بەندەکاندا هەیە، و ئەوەش کە شایستەی بارووۆدخیانە، جا خوای گەورە هەر یەکێکی بوی لە بەندەکان سەردەخات، هەر یەکێکیشی بویێت سەرشۆڕی دەکات. جا ئەو بەهەشتەی کە خوای گەورە بە تەواوترین خەسڵەت و وەسف باسی کردووە، بەهەمان شێوە وەسفی ئەو کەسانەشی کردووە، کە شایستەی ئەو بەهەشتەن، ئەوانیش پارێزکاران و لەخواترساوانن، کە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن، خۆیان لە قەدەغەکراوەکانی بەدوور دەگرن و، هەردەم یەکێك لە نزاکانیشیان ئەوە بووە کە ﴿الَّذِينَ يَقُولُونَ﴾ دەیانوت:

﴿رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ واتە: "پەروەردگارمان، بەڕاستی باوەڕمان هێناوە، دەسا لە گوناهەکانمان خۆشببە و، لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە"، تکایان کردووە بەو ناز و بەخششەی خوا کە بەوانی بەخشیووە، بەوەی سەریخستوون بۆ باوەڕ هێنان، بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان خۆشبێ، بیانپارێزێ لە خراپەی شوێنەواری ئەو

گوناهانە، ئەویش ئاگری دۆزەخە، دواتر بە وردی باسی وەسفەکانی لەخواترسانی کردووە: جا فەرموویەتی: ﴿الصَّابِرِينَ﴾ "ئەوانەی ئارامگرن" و دەروونیان ڕاهێناوە لەسەر ئەوەی خوای مەزن خۆشیدەوێ، لە گوێڕایەڵی کردنی و دووربوون لە سەرپێچیکردنی و ئارامگرتن لەسەر قەدەرە بە ئازارەکانی، ﴿وَالصَّادِقِينَ﴾ واتە: "ڕاستگۆن" لە باوەڕ و گوفتار و بارودۆخیاندا، "﴿وَالْقَانِتِينَ﴾ واتە: خواپەرستن"، ﴿وَالْمُنفِقِينَ﴾ واتە: "ئەوانەی دەبەخشن" لەو ڕزق و ڕۆزیەی خوای گەورە پێیانی بەخشیوە، دەبەخشن بە هەژاران و نەداران، لە خزمە نزیکەکان و خەڵکانی دیکە، ﴿وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ﴾ "لە بەرەبەیاندا داوای لێخۆشبوون دەکەن"، کاتێك خوای مەزن سیفەتە چاکەکانی ئەوانی ڕوونکردەوە، ئەوا باسی ئەوەی کردووە کە ئەم بەندانە چەندە خۆیان بە کەم دەزانن، هیچ پێگە و پلەیەك بۆ خۆیان نابینن، بەڵکو وا خۆیان دەبینن وەك کەسانێکی گوناهبار و کەمتەرخەم، بۆیە داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگاریان دەکەن، لەو کاتەشدا نزاکەیان دەکەن کە کاتی گیرابوونی نزاکەیانە، کە ئەویش بەرەبەیانە، حەسەن وتویەتی: نوێژیان تا بەرەبەیان درێژ دەکردەوە، دواتر دادەنیشتن و داوای لێخۆشبوونیان لە پەروەردگاریان دەکرد. ئەم ئایەتانە بارووۆدخی خەڵکی لە دونیادا لەخۆگرتووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە خۆشییەکی کاتییە، دواتر وەسفی بەهەشت و ئەو خۆشیانەی ناوی دەکات، ئینجا بەراوردی نێوانیان دەکات، پاشان دوارۆژ بەسەر دونیادا پەسەند دەکات، وەك ئاگادارکردنەوەیەك بۆ ئەوەی کە پێویستە دوارۆژ پەسەند بکرێت بەسەر دونیادا و کاری بۆ بکرێت، وەسفی بەهەشتییەکانی کردووە کە لەخواترسەکانن، ئینجا بە تێروتەسەلی باسی خەسڵەتەکانی لەخواترسانی کردووە، جا بەم خەسڵەتانە بەندە خۆی دەپێوێ، ئایا لە بەهەشتییەکانە یان نا؟

(١٨ – ٢٠) ﴿شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَنْ يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿١٩﴾ فَإِنْ حَاجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُلْ لِلَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُوا فَقَدِ اهْتَدَوْا وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ ﴿٢٠﴾

﴿شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ﴾ واته: "خوای گەورە گەواهی داوە و سەلماندوویەتی، کە هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە نەبێ، و فریشتەکان و زانایانیش ئەم گەواهییە دەدەن و دەیسەلمێنن"، لێرەدا خوای پایەبەرز یەکخواناسی دەسەلمێنێ، بە گەورەترین ئەو ڕێگەیانەی کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، ئەویش بریتییە لە گەواهیدانی خواپ پایەبلند و گەواهیدانی ئەوانەی تایبەتن لە بەدیهێنراوان، کە فریشتە و زانایانن، سەبارەت بە گەواهیدانی خوای پایەدار، لەو نیشانە و بەڵگانە سەلمێنراوانەدایە کە بەرپای کردووە لەسەر یەکخواناسییەکەی، سەلماندنی ئەوەی هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن نەبێ، چەندین نیشانە و بەڵگەی جۆراوجۆری لە ئاسۆکان و دەروونندا پیشانداوە لەسەر ئەم بنچینەیە، خۆ ئەگەر تەنها ئەو بەڵگەیە هەبێ، کە هەر یەکێك یەکتاپەرست و یەکخواناس بێ، ئەوا خوا سەریخستووە بەسەر هاوبەشدانەری نکۆڵیکار لە یەکتاپەرستی، بەهەمان شێوە ئەو بەخششانەی بەندەکان، هەرچی هەن هەمووی هەر لە خواوەیە، هەرچی لادانی ناخۆشی و ئاشوبە تەنها لە خواوەیە، هەموو بەدیهێنراوان دەستەوەسانن لە سوود و زیانگەیاندن بە خۆیان و

کەسانی دیکە، ئا لەمەدا بەڵگەیەکی سەلمێنەر هەیە لەسەر پێویستی خوابەیەکگرتن و یەکخواناسی، و پوچەڵی هاوبەشدانان، سەبارەت بە گەواهیدانی فریشتەکان لەوبارەوە، ئەوا ئێمە ئەوە دەزانین بەوەی خوای گەورە و پێغەمبەرانی پێمانیان ڕاگەیاندووە، دەربارەی گەواهیدانی زانایان، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەوان سەرچاوەن لە هەموو کاروبارە ئاینیەکاندا، بەتایبەت لە گەورەترین و شکۆدارترین و پیرۆزترین پرسدا، ئەویش یەکخواناسی و یەکتاپەرستییە، هەر هەموویان لە یەکەمیان تا دواهەمینیان لەسەر ئەم ڕاستییە کۆکن، بانگەوازیان بۆ کردووە و ڕێگەی بەرەو یەکخواناسیان ڕوونکردۆتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر بەدیهێنراوان پابەندبن بەم پرسە گەواهی لەسەردراوە، کاریشی پێ بکەن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پیرۆزترین زانست، بریتییە لە زانستی یەکخواناسی و یەکتاپەرستی، چونکە خوای گەورە بەخۆی گەواهی لەسەر داوە، ئەوانەشی کردۆتە گەواهیدەر لە بەدیهێنراوانی کە تایبەتن، گەواهیش تەنها بە زانست و دڵنیایی دەبێ، وەك ئەوەی بە چاوی سەر بینیبێتی، ئەو بەڵگەیەشی تێدایە کە هەر کەسێکی لە زانستی یەکخواناسی و یەکتاپەرستیدا نەگەیشتبێتە ئەم دۆخە، ئەوا لە زانایان نییە. لەم ئایەتەدا لە چەندین ڕووەوە بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر پلەوپایەی زانست، لەوانە: خوای گەورە ئەوانەی زانستیان هەیە، کردوونیەتی بە گەواهیدەر بەدەر لەخەڵکی لەسەر گەورەترین گەواهی لەسەردراو، یەکێکی دیکە ئەوەیە خوای گەورە شاهێدی ئەوانی هێناوە لە پاڵ شاهێی خۆی و شاهێدی فریشتەکان، ئەمەش بەسە وەك پلەوپایە، یەکێکی تر ئەوەیە: خوای گەورە ئەوانی کردۆتە خاوەن زانست، ئەوانی داوەتە پاڵ زانست، ئەوان زانستیان هەیە و ئەم سیفەتەیان تێدایە، بەڵگەیەکی تر: ئەوەیە کە خوای گەورە ئەوانی کردۆتە گەواهیدەر و بەڵگە لەسەر خەڵکی، خەڵکیشی پابەندکردووە بە کارکردن بەو پرسەی گەواهی لەسەردراوە، بەمەش ئەوان دەبنە هۆکار بۆ ئەمە، کەواتە زانایان هۆکارن لەمەدا، بەمەش هەر یەکێك کار بەم گەواهییە

بكات، ئەوا بەشێك لە چاكە و پاداشتەكەیان بۆ دەچێ، ئا ئەمە پلەوپایە و بەخششێكە خوای گەورە بە هەر كەسێك بیەوێ دەیبەخشێ، بەڵگەیەكی تر ئەوەیە: خوای گەورە كە زانایانی كردۆتە گەواهیدەر، ئەمە پاكانە و متمانەداركردنی ئەوان دەگرێتەوە، ئەوان ئەمیندارن بەسەر ئەو شتەی بەسەریەوە كراونەتە ئەمیندار، جا كاتێك خوای گەورە یەكتایی و تەنهایی خۆی سەلماند، ئینجا دادگەری خۆی سەلماندووە و، فەرموویەتی: ﴿قَائِمًا بِالْقِسْطِ﴾ واتە: "هەمیشە خوای گەورە دادپەروەرە"، هەردەم دادگەرە لە كار و كردەوە و بەڕێوەبردنی بەندەكانیدا، خوای مەزن لەسەر ڕێگەی ڕاستە لەوەی فەرمان بە هەرچییەك بكات و ڕێگری لە هەرچییەك بكات، لەوەی بەدیهدەهێنێ و لەوەش ئەندازەگیری بۆ دەكات، "واتە: هەر چییەك خوا دەكات و دەفەرمووێ هەر ئەوە ڕێگەی ڕاستە"، دووبارە سەلماندنی یەكتایی و تاك و تەنهایی خۆی دووپاتكردۆتەوە، جا فەرموویەتی: ﴿لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ واتە: "هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خوای مەزن نەبێ، هەر ئەو خوایە باڵادەست و دانایە". چاك بزانە ئەم بنچینەیە، كە بریتییە لە یەكتاپەرستی و تەنها بەندایەتی كردن بۆ خوا، چەندین بەڵگەی نەقڵی و عەقڵی لەسەر هاتووە، تا وای لێهاتووە بۆ ژیر و عاقڵەكان لە ڕۆژی ڕووناك ڕۆشنترە، سەبارەت بە بەڵگە نەقڵییەكان، ئەوا هەر چییەك لە كتێبی خوا و سوننەتی پەیامبەرەكەیدا هاتووە، لەوەی فەرمانیان پێكردووە و سەلماندوویانە، خۆشویستنی یەكخواناسان و ڕق لێبوونەوە لەوەی یەكخواناس نییە و سزادرانیان، سەرزەنشتكردنی هاوبەشدانان و هاوبەشدانەران، ئەمانە لە بەڵگە نەقڵییەكانن، تا وایلێهات نزیكبوو قورئان هەمووی ببێتە بەڵگە لەسەر ئەمە، دەربارەی بەڵگە عەقڵییەكان كە تەنها بە بیركردنەوەی عەقڵی و وێناكردنی بۆ پرس و شتەكان دركی پێدەكرێت، ئەوا قورئانی پیرۆز ڕێنوێنی بۆ ئەمە كردووە و ئاگاداری لەبارەی زۆربەیانی داوە، گەورەترینیان: داننانە بە پەروەردگاریێتی خوا، ئەوەی بزانی خوای گەورە

بەدیهێنەر و ڕۆزیدەر و بەڕێوەبەری هەموو کاروبارەکانە، ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هەر خوا پەرستراوی بە حەقە کە نابێ بەندایەتی بۆ جگە لەو بکرێت، جا لەبەر ئەوەی ئەمە یەکێك بووە لە ڕۆشنترین و مەزنترین شتەکان، ئەوا خوای پایەبەرز لە کتێبەکەیدا زۆر بە بەڵگەی هێناوەتەوە. یەکێك لە بەڵگە عەقڵییەکان لەسەر ئەوەی تەنها خوای مەزن پەرستراوە نەوەك هیچ شتێکی دیکە، ئەوەیە کە تەنها خوای گەورە بەخشش و نیعمەتەکانی بەدەستە، لادانی ناخۆشی و ئاشوبەکانیش هەر بەدەست ئەوە، جا هەر یەکێك بزانێ بەخششە دیار و شاراوەکان و کەم یان زۆر بن هەموویان لەلایەن خواوەن، هەرچی ئاشوب و ناخۆشی و دژواری هەیە، تەنها خوای گەورە لایدەدات، هیچ یەکێك لە بەدیهێنراوان هیچ سودێکی بەدەست نییە بۆ خۆی – چ جای بۆ ئەوانی دیکە – و توانای لادانی هیچ ناخۆشیەکیشی نییە لەسەر خۆی، ئەوسا دڵنیادەبێ کە بەندایەتی کردن بۆ جگە لە خوای گەورە پوچەڵترین شتە، پەرستن و بەندایەتی دەبێ تەنها بۆ ئەو بێ، کە هێنانی بەرژەوەندی و لادانی زیانەکانی بەدەستە، هەر بۆیە خوای گەورە لە کتێبەکەیدا زۆر ئاگادار و سەرنجی خستۆتەسەر ئەم بەڵگەیە، یەکێکی دیکە لە بەڵگە عەقڵییەکان لەسەر ئەمە ئەوەیە: کە خوای پایەبەرز ڕایگەیاندووە لەبارەی پەرستراوەکانی دیکە، کە جگە لەو دەپەرسترێن، بەوەی هیچ سوود و زیانێکیان بەدەست نییە، ناتوانن نە خۆیان و نە کەسانی دیکە سەربخەن، نەدەبیستن و نەدەبینن، خۆ گریمان ئەگەر ببیستن، ئەوا هیچ سوودێکی نابێ، سیفەتەکانی دیکەش کە هەیانە بەڵگەن لەسەر ئەوپەڕی کەموکورتی، ئەوەش کە خوای گەورە ڕایگەیاندووە لەبارەی گەورەیی خۆی، لە سیفەتە پیرۆز و شکۆدار و کردەوە چاکەکان، هەبوونی توانای بێ سنوور و زاڵبوون، جگە لەمانەش لەو سیفەتانەی کە بە بەڵگەی نەقڵی و عەقڵی دەناسرێن، جا هەر کەسێك بە چاکی ئاشنایان بێ، ئەوسا دەزانێ کە بەندایەتی تەنها شایستە و شیاوە بۆ پەروەردگاری مەزن بکرێت، کە خاوەنی

هەرچی کامڵی و شکۆ و ستایش و توانا و گەورایەتییە، هەرگیز بەندایەتی کردن شایستە نییە بکرێت بۆ بەدیهێنراوێك کە بەڕێوەدەبرێت و کەموکورت و کەڕ و لاڵە، کە هیچ شتێك نازانن و تێناگەن، یەکێك لە بەڵگە عەقڵییەکان لەسەر ئەمە، ئەوەیە کە بەندەکان لە سەردەمی کۆن و نوێدا بە چاوی خۆیان بینیویانە، کە چ ڕێز و بەخششێك لەگەڵ یەکخواناس و یەکتاپەرستان کراوە، چ ڕیسوایی و سزایەکی هاوبەشدانەرانیش دراوە، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە بووە کە خوای گەورە یەکخواناسی و یەکتاپەرستی کردۆتە هۆکاری گەیشتن بەهەموو چاکەیەك، لادەری هەرچی خراپەیەکی دینی و دونیاییە، هاوبەش بۆدانان و باوەڕ نەبوون بە خوای گەورەی کردۆتە، هۆکارێك بۆ سزایە دینی و دونیاییەکان، هەر بۆیە کاتێك خوای پایەبەرز باسی چیرۆکی پێغەمبەرانی کردووە لەگەڵ گەلە گوێڕایەڵ و سەرپێچیکارەکانیان، باسی لە سزای سەرپێچیکاران و ڕزگاربوونی پێغەمبەران و شوێنکەوتووانی کردووە، لە دوای هەر بەسەرهاتێکدا ئەمەی فەرمووە: ﴿إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً﴾ واتە: "بەڕاستی ئا لەم بەسەرهاتەدا پەند و وانە هەیە"، بۆ کەسانێك کە پەند وەرگرن و، دەزانن یەکتاپەرستی خوا هۆکاری ڕزگاربوونە، وازهێنان لە یەکتاپەرستی مایەی تیاچوونە، ئەمانە بەشێك بوون لە گەورە بەڵگە عەقڵی و نەقڵییەکان لەسەر ئەم بنەما و بنچینە گەورەیە، خوای پایەدار لە قورئانی پیرۆزدا زۆر لەم بەڵگانەی هێناوەتەوە، بە چەندین جۆر و شێواز، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو کەسە بژیەت کە لەسەر بەڵگە ژیاوە، ئەوەش کە لەناودەچێ بە بەرپابوونی بەڵگە لەسەری تیابچێ، کەواتە سوپاس و ستایش و پێداهەڵدان هەر بۆ خوای گەورەیە و شایستەی ئەوە.

دوای ئەوەی خوای گەورە سەلماندی، کە هەر ئەو خوای بە حەق پەرستراوە، ئەوسا ئەو پەرستش و دینەی ڕوونکردەوە، کە پێویستە پێی بپەرسترێ و بەندایەتی بۆ خوا پێبکرێت، ئەویش ﴿إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ﴾ واتە: "بەڕاستی ئاینی ڕاست و دروست

هەر" ئیسلامە، کە بریتییە لە ملکەچبوون بۆ خوای گەورە بە یەکتاپەرستن و یەکتاناسی، و گوێڕایەڵبوون بۆ ئەو بانگەوازەی پێغەمبەران بانگەوازیان بۆ کردووە، کتێبەکانی خوا هانیان داوە لەسەری، ئیسلام ئەو دینەیە کە جگە لەو هیچ دینێکی تر لە هیچ کەسێك قبوڵ ناکرێ، ئەمەش ئەوە لەخۆدەگرێت کە دڵسۆزی بۆ خوار دەبڕدرێت لە خۆشویستن و ترس و ئومێدپێ بوون و گەڕانەوە بۆ لای و نزاکردن و شوێنکەوتنی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەمەدا، ئەمە ئاینی هەموو پێغەمبەران بووە، هەر کەسێك شوێنیان بکەوێ، ئەوا لەسەر ڕێبازی ئەوانە، کەچی خاوەن کتێبەکان ناکۆکی و ڕاجیاییان تێکەوت، دوای ئەوەی کتێبیان بۆ هات و هانیدان کۆببنەوە لەسەر دینی خوا، ئەم ناکۆکی و ڕاجیاییەیان بەهۆی دەستدرێژی وستەم کردنیان بووە لە خۆیان، ئەگەرنا هۆکاری هەرە مەزنیان بۆ هاتووە، کە واپێویست دەکات شوێن ڕاستی بکەون و واز لە ڕاجیایی بهێنن، ئەم سەرسەختییەیان بەهۆی بێ باوەڕیانەوە بوو، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ واتە: "بێ گومان خاوەن کتێبەکان ڕاجیاییان تێنەکەوت، تەنها دوای ئەوە نەبێ کە زانست و کتێبیان بۆ هات، ئەمەش بەهۆی ستەمکاریانەوە بوو لە خۆیان، جا ئەوەی بێ باوەڕبێ بە ئایەتەکانی خوا، ئەوا بەڕاستی خوای مەزن لێپرسینەوەی خێرایە"، پاداشتی هەر یەکێك بەپێی کار و کردەوەکانی دەداتەوە، بەتایبەت ئەوەی واز لە حەق بهێنێ، دوای ئەوەی پێی ئاشنابووە، ئا ئەوە شایستەی هەڕەشەی توند و سزایەکی بە ئێشە، دواتر خوای پایەبەرز فەرمان بە پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەکات، لەکاتی مشتومڕکردن لەگەڵ گاورەکان و جگە لەوانیش، لەوانەی ئاینی دیکە بەسەر ئیسلامدا پەسەند دەکەن، ﴿فَإِنْ حَاجُّوكَ﴾ واتە: "ئەگەر مشتومڕیان لەگەڵ کردی"، کە پێیان بفەرمووێ: ﴿فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ﴾ واتە: من و ئەوەی

شوێنم کەوتووە، دانماناوە بەم ئاینە و شایەتیمان داوە ڕووی خۆمان ڕادەستی پەروەردگارمان کردووە، وازمان هێناوە لە هەرچی دینە جگە لە ئیسلام نەبێ، دڵنیاین جگە لە دینی ئیسلام هەموو دینەکانی تر پوچەڵن، لەمەدا بێ ئومێدکردنی ئەو کەسانە هەیە کە چاویان بڕیوەتە ئێوە، نوێکردنەوەی ئاینەکەتانە لەکاتی هاتنی گومانەکان، بەڵگەشە لەسەر ئەو کەسەی پرسەکەی لێتێکچووە، چونکە پێشتر ئەوە خرایەڕوو کە خوای مەزن بە بەندە زاناکانی گەواهی لەسەر تاك و تەنهایی خۆی هێناوەتەوە، تا ببنە بەڵگە بەسەر ئەوانی دیکە، سەروەری زانایان و چاکترین و زاناترینیان پێغەمبەرمان محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، دواتر شوێنکەوتووانی دێن بە جیاوازی پلە پێگەکانیان، ئەوان زانستی دروست و عەقڵی پەسەندیان هەیە، کە هیچ یەکێك لە بەدیهێنراوان وەك ئەوان یان نزیك لەوان نییەتی، جا کاتێك تاك و تەنهایی خوا و دینەکەی بە بەڵگە ئاشکراکان چەسپان، کامڵترین و زاناترین کەس لە بەدیهێنراوان پێی هەڵسا، ئەوسا دڵنیایی پێ دروست دەبێ، هەرچی گومان و دوودڵی و تانەیە نامێنێ، بەندە دەزانێ هەرچی ئاینی ترە جگە لە ئیسلا پوچەڵە، هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَقُلْ لِلَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾ واتە: "بەوانە بڵێ کە کتێبیان پێدراوە" لە گاور و جولەکەکان، ﴿وَالْأُمِّيِّينَ﴾ "ئەوانەش کە نەخوێندەوارن" لە هاوبەشدانەرە عەرەبەکان و جگە لەوانیش، ﴿أَأَسْلَمْتُمْ﴾ واتە: "ئایا ئێوە ملکەچ بوون" بە ئەندازەی ئەوەی باوەڕتان پێ هێناوە، ﴿فَإِنْ أَسْلَمُواْ﴾ "ئەگەر موسڵمان و ملکەچ بوون" ﴿فَقَدِ اهْتَدَواْ﴾ "ئەوە بێ گومان ڕێگەی ڕاستیان گرتووە" وەك چۆن ئێوە ڕێگەی ڕاستتان گرتووە، بەمەش ئەوان دەبنە براتان، هەمان ئەرك و مافی ئێوەیان دەبێ، ﴿وَإِنْ تَوَلَّوْا﴾ واتە: ئەگەر پشتیش لە ئیسلام بکەن، ڕازیبن بەو ئاینانەی دژی ئیسلامن، ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ﴾ واتە: "تەنها ڕاگەیاندنی پەیام و دینی خوا لەسەر تۆیە"، ئەوسا پاداشتی تۆ لەسەر پەروەردگارتە، بەڵگەش لەسەر ئەوان بەرپابووە، دوای ئەمە تەنها سزادانیان

ماوەتەوە لەسەر تاوانەکانیان، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ واتە: "بەڕاستی خوا بینەر و ئاگاداری بەندەکانیەتی".

(٢١ – ٢٢) ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَيَقْتُلُونَ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢١﴾ أُولَئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ ﴿٢٢﴾

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَيَقْتُلُونَ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢١﴾ أُولَئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ ﴿٢٢﴾ واتە: "بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕن بە بەڵگە و نیشانەکانی خوا، پێغەمبەرانی خوا بە ناڕەوا دەکوژن، ئەو کەسانەش کە فەرمان بەدادپەروەری دەکەن لە خەڵکی دەکوژن، مژدەی سزایەکی بەئێشیانە پێبدە. ئا ئەوانە کار و کردەوەکانیان پوچەڵ بووەتەوە لە دونیا و دوارۆژدا، هەرگیز هیچ پشتیوانێکیان بۆ نییە".

ئەوانەی خوای مەزن لەم ئایەتەدا باسی کردوون، لە هەموو خەڵك تاوانبارترن، جا چ تاوانێك گەورەترە لە بێ باوەڕبوون بە بەڵگە و نیشانەکانی خوا، کە ئاماژە و بەڵگەیەکی بڕاوەیە لەسەر حەق و ڕاستی، جا ئەوەی بێ باوەڕ بێ پێی، ئەوا لەوپەڕی کوفر و نکۆڵکاریدایە، پێغەمبەرانی خوا دەکوژن، لەکاتێکدا خاوەنی لەپێشترین مافن بەسەر بەندەکاندا لە دوای مافی خوا، چونکە خوای گەورە پێویستی کردووە گوێڕایەڵیان بین و باوەڕمان پێیان هەبێ، پشتیان بگرین و ڕێزیان بۆ دابنێین و سەریان بخەین، کەچی ئەوانە بە پێچەوانەی ئەمە بەرەنگاریان بوونەوە، بەهەمان شێوە ئەو کەسانەش دەکوژن کە فەرمان بەخەڵکی دەکەن بە دادگەر کە دادپەروەرییە، ئەویش بریتییە لە فەرمانکردن بە چاکە و

ڕێگری کردن لە خراپە، کە ناوەڕۆکەکەی چاکە و دڵسۆزیە بۆ فەرمان پێکراو، کەچی ئەوان بە خراپترین شێوە ڕووبەڕوویان بوونەوە، جا بەم تاوانە خراپانە شایستەی خراپترین سزابوون، ئەویش سزایەکی پڕ ئێش و ئازارە کە وەسف ناکرێ، ئەندازەکەی ناتوانی دیاری بکرێ، ئازار بەخشە بە جەستە و دڵ و ڕۆحەکانیان، ئەوانە کار و کردەوەکانیان بەهۆی ئەوەی کردوویانە پوچەڵ بووەتەوە، بێ گومان هیچ یەکێك نییە کە ڕزگاریان بکات لە سزای خوا، یان بە ئەندازەی گەردیلەیەك ئەم سزا و دژوارییەیان لەسەر لابدات، بەڵکو لە هەموو چاکەیەك بێ ئومێدبوونە، هەرچی خراپە و دزێوە تووشی بوونە، ئەم بارووۆدخەی باسکرا سیفەتی جولەکە و هاوشێوەکانیەتی، ئای کە چەندە بوێر و سنووربەزێنن بەرامبەر خوا و پێغەمبەران و بەندە چاکەکانی خوا.

(٢٣ – ٢٥) ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ وَهُمْ مُعْرِضُونَ﴿٢٣﴾ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِمْ مَا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَاهُمْ لِيَوْمٍ لَا رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٥﴾

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ وَهُمْ مُعْرِضُونَ﴾ واتە: "ئایا – ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – نەتڕوانیوە، ئەوانەی بەشێك لە کتێبیان پێدراوە، کاتێك بانگ دەکرێن بۆ لای کتێبی خوا تا دادوەریان لە نێوانیاندا بکات، پاشان کۆمەڵێکیان پشت هەڵدەکەن و لەکاتێکدا سەرپێچیکارن"، خوای گەورە هەواڵ لەبارەی ڕەوشی خاوەن کتێبەکان دەدات، ئەوانەی کە خوای گەورە بەپێدانی کتێبی خۆی بەخششی لەگەڵ کردوون،

لەکاتێکدا پێویست بوو ئەوان لە هەموو خەڵك زیاتر جێبەجێکار و خێراتر ملکەچی حوکمەکانی خوا بووبان، خوای مەزن لەبارەی ئەوانەوە ڕایگەیاندووە کە کاتێك بانگ دەکرێن بۆ لای حوکمەکانی کتێبی خوا، ئەوا کۆمەڵێکیان پشت هەڵدەکەن و ڕەتی دەکەنەوە، بە جەستەیان پشتی تێدەکەن، ڕووی دڵیان لێوەردەگێڕن، ئەمەش ئەوپەڕی سەرزەنشت کردنە، لە ناوەڕۆکیدا هۆشداری بۆ ئێمە تێدایە لەوەی کاری وەك هی ئەوان نەکەین، ئەگەرنا تووشی هەمان سەرزەنشت و سزا دەبینەوە کە ئەوان تووشی بوون، بەڵکو پێویستە لەسەر هەر یەکێك کاتێك بانگ دەکرێت بۆ لای کتێبی خوا، گوێڕاڵ و ملکەچ و پابەند بێ، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا﴾ نوور: ٥١. واتە: " بێگومان گوفتاری باوەڕداران کاتێك کە بانگ دەکرێن بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی، تا فەرمانڕەوایی بکات لە نێوانیاندا، تەنها ئەوەیە کە دەڵێن: بیستمان و گوێڕایەڵین بۆ هەموو فەرمانێکی خوا و پێغەمبەر". ئەو هۆکارەی خاوەن کتێبەکانی لەخۆبایی کرد، بەوەی بوێری بنوێنن بە سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی خوا، ئەم وتەیان بووە: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِمْ مَا كَانُوا يَفْتَرُونَ﴾ واتە: "ئەمەش لەبەر ئەوەی وتیان، ئێمە بە ئاگری دۆزەخ سزا نادرێین، تەنها چەند ڕۆژێکی کەم نەبێ، ئەوەی لە ئاینەکەیان بۆ هەڵیانبەستبوو، ئەوانی هەڵخەڵەتاند". ئەم قسەیەیان هەڵبەست و گومانیشیان وابوو، ئەمە ڕاستی و حەقیقەتە، بۆیە بەم پێیە کاریان کرد و لە قەدەغەکراوەکان خۆیان بەدوور نەگرت، چونکە دەروونیان ئەوانی هەڵخەڵەتاند بەوەی سەرئەنجامیان چوونە بەهەشتە، لەمەشدا درۆیان کرد، ئەمە تەنها درۆ و شتێکی هەڵبەستراو بوو، بەڵکو خراپترین ئاکامیان هەیە، سەرئەنجامێکی نالەبار و دژواریان هەیە، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَاهُمْ لِيَوْمٍ لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ واتە: جا دەبێ بارودۆخ و

ڕەوشیان چۆن بێ، ئەو پێشهاتەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە چەندە دژوار بێ، کە دۆخێکە ئەوەندە دزێوە وێنا ناکرێ، ئەمە ئەو ڕۆژەیە "کە هیچ گومانی تێدا نییە لەوەی پێش دێت"، ئەوسا ﴿وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ هەر یەکێك بەپێی کار و کردەوەکانی پاداشت و سزا وەردەگرێتەوە، بەم پاداشت و سزادانەوەش بە دادگەرانەیە نەوەك بە ستەمکردن، زانراویشە ئەمە بەپێی کردەوەکان دەبێ، پێشتر ئەو کردەوانەمان کرد، کە ئەوە دەردەخەن کە ئەوان سزایان لە هەموو کەسێك سەختترە.

(٢٦، ٢٧) ﴿قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٢٧﴾﴾

خوای پایەبڵند بە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەفەرمووێ: ﴿قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ﴾ واتە: "بڵێ خوایەگیان" هەر تۆ خاوەنی هەموو موڵك و دەسەڵاتێکی، سیفەتی بوونی دەسەڵات و موڵکی ڕەها تەنها هی تۆیە، هەرچی موڵکە بەوەی لەسەرەوەیە و بەوەش کە لەژێریدایە هەر هی تۆیە، هەرچی بەڕێوەبردن و ڕاییکردنە هی تۆیە، دواتری بە وردی باسی هەندێك لە کار بەڕێوەبردنەکانی کردووە کە تەنها تایبەتن بە خوای مەزن، جا فەرموویەتی: ﴿تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ﴾ واتە: "موڵك و دەسەڵات دەبەخشیت بە هەر کەسێك کە بتەوێت، موڵك و دەسەڵات لە هەر کەسێکەوە وەردەگریتەوە کە بتەوێت"، ئەمە ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئەوەی خوای پایەدار، لە ئایندەدا موڵك و دەسەڵات دەسەنێتەوە لە کیسرا و قەیسەر و شوێنکەوتووانیان، دەیبەخشێ بە ئوممەتی محەمەد، سوپاس بۆ خوای مەزن کە ئەمەی کرد، جا بەدەستهێنانی موڵك و

دەسەڵات و لێسەندنەوە پەیوەستە بە ویستی خوای پایەدار، ئەمەش پێچەوانەی ئەوە نییە کە خوای گەورە ڕێسا و یاساکانی لەسەر داناوە لە هۆکار و ئامرازە گەردوونی و دونیاییەکان، کە هۆکارن بۆ مانەوەی موڵك و دەسڵات و هۆکاریشن بۆ نەمانی، چونکە ئەمە هەمووی بە ویستی خوایە، هیچ هۆکارێك سەربەخۆ نییە لە کارتێکردندا، بەڵکو هەموو هۆکارەکان شوێن قەزا و قەدەری خوا دەکەون، جا یەکێك لەو هۆکارانەی خوای پایەبڵند کردوویەتییە هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی موڵك و دەسەڵات، بریتییە لە ئیمان و کردەوەی چاك، یەکێکی تر کۆبوونەوە و یەکگرتنی موسڵمانانە، لەگەڵ ئامادەکردنی ئەو ئامێر و ئامرازانەی توانایان بەسەردا دەشکێ و ئارامگرتن و کێشمەکێش نەکردن لەگەڵ یەکتردا، خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ﴾ نوور: ٥٥، تا کۆتایی ئایەتەکە. واتە: "خوای گەورە بەڵێنی داوە، بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوە، بەوەی دەیانکاتە جێنشین لە زەویدا، هەروەك چۆن باوەڕدارانی پێش ئەوانیشی کردۆتە جێنشین و پایەداری کردوون"، ڕایگەیاندووە کە ئیمان و کردەوەی چاك، هۆکارێکن بۆ ئەو بەجێنشینکردنە باسکراوە، خوای پایەبڵند فەرموویەتی: ﴿هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ﴾ ئەنفال:٦٢– ٦٣، تا کۆتایی ئایەتەکە. واتە: "هەر خوای گەورە خۆی پشتیوانی لێکردیت، سەریخستیت و باوەڕدارانیشی کردە هۆکارێك بۆ دەستخستنی سەرکەوتن و، دڵەکانیشیان بەیەکەوە بەست". خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ، وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ ئەنفال: ٤٥، ٤٦. واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕەتان هێناوە، کاتێك بەرەنگاری دەستەیەك دەبنەوە،

ئەوا پشتیان تیمەکەن و خۆڕاگربن، زۆر یادی خوا بکەن، بۆ ئەوەی ئێوە سەرفراز و سەرکەوتوو بن، گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بن و ناکۆك نەبن، خۆ ئەگەر ناکۆك بن لەگەڵ یەکتردا، ئەوا شکۆ و دەسەڵاتتان تیادەچێ، ئارامبگرن بەڕاستی خوا لەگەڵ ئارامگرانە". خوای مەزن ڕایگەیاندووە کە یەکگرتنی باوەڕداران، خۆڕاگری و ناکۆك نەبوونیان، هۆکاری سەرکەوتنیانە بەسەر دوژمناندا، تۆ کاتێك سەرنجی دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەدەیت، دەبینی هۆکاری هەرە مەزنی لەناوچوونی دەسەڵاتیان، بریتی بووە لە وازهێنان لە ئایین و پەرتەوازەیی، ئەمەش وایکردووە دوژمنان چاویان تیبڕن و کێشمەکێش لە نێو ڕیزەکانیاندابێ، دواتر خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ﴾ "هەر یەکێکت بوێ ئەوە سەربەرزی دەکەی" بە گوێڕایەڵی و ملکەچبوونی بۆ خۆت، ﴿وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ﴾ "هەر یەکێکیشت بوێت ئەوە ڕیسوای دەکەی" بە سەرپێچیکردنت " ﴿بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ واتە: هەرچی خێر و چاکە و دەستکەوتە هەر بەدەستی تۆیە خوایەگیان"، ﴿إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ "بێ گومان دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە" هیچ شتێك دەستەوەسانت ناکات، بەڵکو هەموو شتێك ملکەچی ویست و توانستی تۆیە ﴿تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ﴾ واتە: شەو دەهێنێ بە نێو ڕۆژدا، ڕۆژیش دەهێنێ بە نێو شەودا، لەمەشەوە وەرزەکان و ڕووناکی و ڕۆشنایی و هەتاو و سێبەر و وەستان و بڵاوبوونەوە دروست دەبن، بەدڵنیاییەوە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین بەڵگەکان لەسەر دەسەڵات و گەورەیی و دانایی و ڕەحمەتی خوا ﴿وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ﴾ "زیندوو لە مردوو دەردەهێنێ" وەك: دەرهێنانی بێچوو لە هێلکە، درەخت لە دەنکە تۆ، کشتوکاڵ لە دانوێڵە، باوەڕدار لە بێ باوەڕ، ﴿وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ﴾ وەك چۆن هێلکە لە باڵندە و دانەوێڵە لە درەخت و دەنکەتۆ لە کشتوکاڵ، بێ باوەڕ لە باوەڕدار دەردەهێنێ، ئەمەش مەزنترین

بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی خوا، نیشانەی ئەوەیە کە هەموو شتێك ڕامو و دەستەمۆ و بەڕێوەبراوە، هیچ خۆبەڕێوەبردنێکی بەدەستەوە نییە، خوای مەزن شتە دژ یەکەکانی بەدیهێناوە، بوونی هەر دژێك بۆ هەر شتێك، مانای وایە دەستەوەسان و ژێردەستەیە ﴿وَتَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ واتە: ڕزق و ڕۆزی فراوان دەبەخشی بە هەر یەکێك کە بتەوێت، بە جۆرێك کە لێکدانەوە (حیساب)ـی بۆ نەکردبێ و لە توانای خۆی بەدەر بێ، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(٢٨ – ٣٠) ﴿لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ ﴿٢٨﴾ قُلْ إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾ يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِنْ سُوءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ ﴿٣٠﴾

﴿لَا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: "هەرگیز نابێ باوەڕداران بێ باوەڕان لە جیاتی باوەڕداران بکەنە دۆست و پشتیوانیان"، خوای پایەدار ڕێگری لە باوەڕداران دەکات لە دۆستایەتی کردن و پشتیوانی بێ باوەڕان، بە خۆشویستن و سەرخستن و پشت پێبەستنیان لە هەر کاروبارێکی موسڵماناندا، هەڕەشەشی لەسەر ئەمە کردووە و فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ﴾ واتە: "هەر کەسێك ئەمە بکات، ئەوا هیچ پەیوەندییەکی بە خواوە نەماوە" پەیوەندی لەگەڵ خوادا پچڕاوە، هیچ بەشێکی لە ئاینی خوادا نییە، چونکە دۆستایەتی و پشتیوانی کافران لەگەڵ باوەڕدا کۆنابێتەوە، چونکە ئیمان فەرمان دەکات بە دۆستایەتی خوا و خۆشەویستانی لە

باوەڕداران، ئەوانەی هاریکارن لەسەر بەرپاکردنی ئاینی خوا و تێکۆشان دژی دوژمنانی، خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ﴾ تەوبە: ٧١. واتە: "باوەڕداران لە پیاوان و ئافرەتان، هەندێکیان خۆشەویست و پشتیوان و هاریکاری هەندێکی تریانن"، جا هەر یەکێك دۆستایەتی و هاریکاری بێ باوەڕان بکات جگە لە باوەڕداران، ئەوانەی کە دەیانەوێ ڕووناکی و نووری خوای مەزن بکوژێننەوە و ئاشوب بۆ شوێنکەوتووانی بەرنامەی خوای بنێنەوە، لە کۆمەڵەی باوەڕداران دەردەچن و دەبنە یەکێك لە بێ باوەڕان، خوای پایەبڵند فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾ مائیدە: ٥١. واتە: "ئەوەی لە ئێوە پشت بەوان ببەستێ، ئەوا هەر لەوانە"، لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر خۆدوورگرتن لە بێ باوەڕان و تێکەڵبوون و دۆستایەتی کردنیان، حەز بۆچوون و لایەنگیری کردنیان، و نابێ کەسی بێ باوەڕ هیچ بەرپرسیارێتییەکی موسڵمانان بەدەستەوە بگرێ، نابێ پشتی پێببەسترێ لەو کاروبارانەی کە بە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان دادەنرێن. خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً﴾[1] واتە:

---

[1] لە پەراوێزی دانەیەکی لەبەرگیراوی ئەم تەفسیرەدا هاتووە: شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە لە کتێبی (المنهاج)ـدا وتویەتی: ﴿إِلَّا أَنْ تَتَّقُوا مِنْهُمْ تُقَاةً﴾ موجاهید وتویەتی: هەڵخەڵەتاندن و خۆ وەك بەرامبەر پیشاند دروست نییە، "التقاة: ڕازیکردنیان بە ڕووکەش" بەوە نابێ کە درۆ بکەن، بە زمان شتێك بکەن کە دڵتان پەسەندی ناکات، چونکە دەبێتە دووڕوویی، بەڵکو موسڵمان دەبێ ئەو کارە بکات کە لە توانایدایە، هەروەك لە فەرموودەی سەحیحدا، لە پێغەمبەرەوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) هاتووە: ((من رأى منكم منكرا))..إلخ، واتە: هەر یەکێکتان خراپەیەکی بینی... تاد. جا ئەگەر باوەڕدار لە نێو کافر و خراپەرکاراندا بوو، ئەگەر بێ توانا بوو، ئەوا لەسەری پێویست نییە لەگەڵیان تێبکۆشێ، ئەگەر بە زمان توانی تێبکۆشێ ئەوا چاکە، ئەگەرنا با بەدڵ پێی ناخۆش بێ، لەگەڵ ئەمەشدا نابێ بە زمان درۆ بکات و پێچەوانەی ئەوەی کە لە دڵیدایە بڵێت، یان ئاینی خۆی دەردەخات، یان دەیشارێتەوە، بەڵام ئەمە مانای وانییە ڕازیبێ لەگەڵیان لەسەر هەموو ئاینەکەیان، بەڵکو ئامانجی باوەڕدار لەو دۆخەدا دەبێ وەك باوەڕدارەکەی نێو دەستوپێوەندی فیرعەون و هاوژینەکەی فیرعەون بێ، نە ئاینی فیرعەونیان پەسەند کرد و نە درۆشیان دەکرد، شتێکیان بە زمان نەدەوت کە پێچەوانەی دڵیان بێ، بەڵکو

"مەگەر خۆتان لێیان بپارێزن" بەوەی بە مەترسیان بزانن لەسەر خۆتان، ئەوسا بۆتان دروستە شتێك بکەن کە خوێنی خۆتان پێ بپارێزن، لەوەی بە زمان ڕازیان بکەن و شتێکی وا دەربخەن کە پێی پارێزراوبن "نەك بە دڵ و کردار". دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ واتە: "خوای گەورە بێدارتان دەکاتەوە لە توڕەیی خۆی"، نەکەن خۆتان دووچاری توڕەیی و خەشمی ئەو بکەن، بە ئەنجامدانی گوناهـــ و سەرپێچییەکانی، چونکە سزاتان دەدات لەسەر ئەمە، ﴿وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ﴾ سەرئەنجام گەڕانەوە هەر بۆ لای خوایە، لە ڕۆژی هاوار و ئاهو ناڵەدا، ئەوسا خوای مەزن یەکە یەکەی کردەوەکانیان دەژمێرێ و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات لەوبارەوە، سزا و پاداشتیان دەداتەوە لەسەر ئەوەی کردوویانە، جا نەکەن کار و کردەوەی وا خراپ و نەشرین بکەن، کە بەهۆیەوە شایستەی سزا ببن، ئەو کارانە بکەن کە پاداشت و چاکەی پێدەستدەخەن، دواتر خوای گەورە باسی فراوانی و بێ سنووری زانستی خۆی کردووە، لە دەوروەدانی ئەو زانیاری و شتانەی کە لەناخەکاندان بەتایبەتی، ئەوەش کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە بە گشتی، ﴿قُلْ إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – پێیان بڵێ: ئەگەر ئەوەی لە ناختاندایە بیشارنەوە یان ئاشکرای بکەن، ئەوا خوای گەورە پێی زانایە، زاناشە بەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بێ گومان خوای مەزن توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە"، ئاماژە بە دەسەڵاتە کامڵەکەی خۆی دەکات، ئەمەش ڕێنوێنی تێدایە بۆ پاککردنەوەی دڵەکان و لەبەرچاوگرتنی زانستی خوا لە گشت کاتێکدا، ئەمەش بۆ ئەوەی بەندە شەرم لە پەروەردگاری بکات، لەوەی دڵی خۆی بە شیاو نەزانێ بۆ

---

ئیمان و باوەڕەکەیان دەشاردەوە، جا شاردنەوەی دین شتێکە و دەرخستنی دینی بەتاڵ و ناڕەوا شتێکی دیکەیە، کە خوای گەورە ڕێگەی پێنەداوە مەگەر بۆ کەسێك کە زۆرلێکراوبێ.. تاد.

هەڵگرتنی هەرچی بیری خراپە، بەڵکو هرز و بیرۆکەکانی بەگەڕ بخات لەوەی نزیکی دەکاتەوە لە خوای مەزن، لە ڕامان لە ئایەتێك لە ئایەتەکانی کتێبی خوا، یان سەرنجدانە سوننەتێك لە سوننەتەکانی پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، یان وێناکردن و گەڕان بەدوای زانستێك کە سوودی بۆی هەبێ، یان بیرکردنەوە لە بەدیهێنراو و بەخششەکانی خوا، یان ئامۆژگاری دڵسۆزانە بۆ بەندەکانی خوا، لە چوارچێوەی باسکردنی خوای مەزن لە زانست و دەسەڵاتی خۆی، ئەوا باسی ئەوەشی کردووە کە لەوەوە بەرهەم دێ، لە سزا و پاداشت دانەوە لەسەر کار و کردەوەکان، شوێنی ئەمەش ڕۆژی دواییە، هەر خوای پەروەردگار پاداشت و سزای بەندەکانی دەداتەوە، لەسەر ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامیان داوە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَرًا﴾ واتە: "ئەو ڕۆژەی – کە دواڕۆژە –" هەر یەکێك پاداشتی کار و کردەوە چاکەکانی بە تەواوی وەردەگرێتەوە، بێ ئەوەی بە ئەندازەی یەك گەردیلە لێی کەم بووبێ، هەروەك خاوی پایەدار فەرموویەتی: ﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ﴾ زەلزەلە: ٧. واتە: "هەر کەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەك چاکەیەکی کردبێ، ئەوا دەیبینێتەوە". (الخير: چاکە): ناوێکە هەموو ئەو کردەوە چاکانە دەگرێتەوە، چ بچوك بن یان گەورە، کە بەندە لە خوای گەورە نزیك بکاتەوە، هەروەك (السوء: خراپە): ناوێکە هەموو ئەو کردەوە خراپانە دەگرێتەوە، چ بچوك بن یان گەور، کە ببنە مایەی توڕەیی خوای گەورە، ﴿وَمَا عَمِلَتْ مِنْ سُوءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا﴾ واتە: "گوناهکار خۆزگە دەخوازێ کە" ماوەیەکی دوور هەبێ " لە نێوان خۆی و ئەو گوناهـــ و تاوانەی" کە کردوویەتی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆر خەمبار و پەشیمانە، دەبا بەندە خۆی بەدووربگرێ و وریا بێ لە کار و کردەوەی خراپ، کە بێگومان زۆر خەمی لەسەر دەخوات، دەبا ئەو کاتە واز لە گوناهـــ و تاوان بێنێ کە تواناداره، بەر لەوەی بڵێت: ﴿يَا حَسْرَتَا عَلَى مَا فَرَّطْتُ فِي

جَنْبِ اللَّهِ﴾ زومەڕ: ٥٦، واتە: "ئاخ و ناڵە و پەشیمانی بۆ ئەو هەموو کەمتەرخەمی و سەرپێچیەی بەرامبەر بە پایەی خوا کردم". ﴿يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَعَصَوُا الرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّى بِهِمُ الْأَرْضُ﴾ زومەڕ: ٥٦، واتە: "ئەو ڕۆژە – کە ڕۆژی دوایە – ئەوانەی بێ باوەڕبوون و سەرپێچی پێغەمبەریان کردووە، خۆزگە دەخوازن زەویان پێ تەخت بکرابا". ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا، يَا وَيْلَتَا لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا﴾ فورقان: ٢٧ – ٢٨. واتە: "ئەو ڕۆژەی ستەمکار دەستەکانی دەگەزێ – لە پەشیمانیدا – و دەڵێ: خۆزگە لەگەڵ پەیامبەردا ڕێبازی ڕاستم بگرتایە، قوڕبەسەرم خۆزگە فلان کەسم نەکردبایە دۆست و هاوڕێم". ﴿حَتَّى إِذَا جَاءَنَا قَالَ يَا لَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ الْقَرِينُ﴾ زوخروف: ٣٨. واتە: "تا ئەو کاتەی دێنە لامان – لە دوارۆژدا – ئەوسا – فریودراوەکە بە شەیتانەکەی – دەڵێت: خۆزگە نێوانی من و تۆ بە ئەندازەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە یەکترەوە دوور دەبوو، بەڕاستی هاوڕێیەك زۆر خراپ بوویت". سوێند بە خوا وازهێنان لە هەرچی ئارەزوو و چێژ و ڕابواردن هەیە لەم دونیایەدا، ئەگەرچی سەخت و گرانیش بێ لەسەر ناخ و دەروون، ئەوا ئاسانترە لە ناخۆشی و چەرمەسەری و ناڵاندن بەهۆی ئەم سزا سەختانە و پێشهاتنی ئەم ئابڕووبەرانە، بەڵام بەندە بەهۆی ستەم و نەزانی خۆیەوە تەنها سەیری ئێستاکەی دەکات، خاوەنی عەقڵێکی کامڵ نییە کە پێی سەرنجی ئاکامی شتەکان بدات، بەمەش ئەو کار و کردەوانە ئەنجام بدات، کە لە بەرژەوەندی ئەودان لە ئێستا یان لە ئایندەدا، خۆیشی بگرێتەوە لە کردنی ئەو کار و کردەوانەی، کە لە بەرژەوەندی ئەودا نین، چ لە ئێستا یان لە ئایندەدا، دووبارە خوای پایەبڵند هۆشداری داوەتەوە ئێمە لەوەی خۆمان تووشی خەشمی ئەو بکەین، ئەمەش بەهۆی ڕەحمەت و میهرەبانی خۆی بەرامبەرمان، تا ماوەیەکی زۆرمان بەسەردا نەچێ و دڵەکانمان ڕەق نەبن، و تا بەیەکەوە هاندان، کە مایەی ئومێد بەخوابوون

و ئەنجامدانی کردەوەی چاکە، لە ئێمەدا کۆ بکاتەوە، لەگەڵ ترساندن کە مایەی ترس و وازهێنانە لە گوناهکردن، جا فەرموویەتی: ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ﴾ واتە: "خوای گەورە بێدارتان دەکاتەوە لە تووڕەیی خۆی، و خوای گەورە لەگەڵ بەندەکانی میهرەبانە"، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە بەخششمان لەگەڵ بکات، بەوەی هەردەم بێدار و خۆدوورگرین لە تووڕەیی خوا، تا شتێك نەکەین کە ببێتە هۆی تووڕەیی و خەشمی ئەو.

(٣١) ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٣١﴾﴾

ئەم ئایەتە پێویستبوونی خۆشویستنی خوای گەورە، نیشانە و دەرئەنجام و بەرهەمەکانی تێدایە، جا فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – پێیان بڵێ: ئەگەر بەڕاستی خواتان خۆشدەوێ"، هەروەك بانگەشەی ئەم پلە بەرزەتان کردووە، ئەمە پلەیەکە کە لە سەرووی ئەوەوە پلەیەکی تر نییە، ئەمە تەنها بە بانگەشە نابێ، بەڵکو پێویستە ڕاستگۆیی تێدابێ، "﴿فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ "ئەوا شوێن ڕێبازی من بکەون، بەمەش خوای گەورە ئێوەی خۆش دەوێ، لە گوناهەکانتان خۆشدەبێ، بەڕاستی خوای گەورە گوناهپۆش و میهرەبانە" نیشانەی ڕاستگۆیی لەم بانگەشەیەدا بریتییە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، لە گشت بارودۆخ و گوفتار و کردارێکیدا، لە بنەما و لقەکانی ئاییندا، لە دەر و دەروونندا، ئینجا ئەو کەسەی شوێن پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بکەوێت، ئەوا دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بانگەشەکەی ڕاست بووە، کە گوتبووی خوام خۆشدەوێت، خوای گەورە خۆشیدەوێت و لە گوناهەکانی دەبورێت، میهرەبانی و ڕەحمەتی لەگەڵدا دەکات و ڕاستەڕێی دەکات، لە گشت جوڵە و

وەستانێکیدا، جا ئەو کەسەش کە شوێن پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نەکەوێ، ئەوا خوای پایەبەرزی خۆشناوێ، چونکە خۆشەویستیەکەی بۆ خوای پایەبەرز ئەوەی لەسەر پێویست دەکات، کە شوێن پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بکەوێ، جا مادەم شوێنکەوتن نەبێ، ئەوا ئەمە بەڵگە دەبێ لەسەر ئەوەی ئەم بانگەشەیەی درۆیە هەرچەندە پڕوپاگەندەی ئەوەش بکات، لەگەڵ ئەوەش گریمان ئەم خۆشەویستییە هەیە، ئەوا بێ گومان بەبێ مەرجەکانی هیچ سودێکی نابێ، جا هەموو بەدیهێنراوان بەم ئایەتە دەپێورێن، جا بەپێی ئەندازەی شوێنکەوتنیان بۆ پەیامبەری خوا (ردود و سڵاوی خوای لێبێ)، بەو ئەندازەیە باوەڕ و خۆشەویستیان بۆ خوا دەبێ، هەرچەندە شوێنکەوتنەکە کەم بێ، ئەوا باوەڕ و خۆشەویستیەکەش کەم دەبێ.

(٣٢) ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ ﴿٣٢﴾

﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ﴾ واتە: " – ئەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بڵێ: – گوێڕایەڵ و ملکەچی خوا و پێغەمبەر بن"، لێرەدا خوای پایەدار فەرمانێکی هەرە گشتگیر دەکت بە بەندەکانی، ئەویش گوێڕایەڵ بوونە بۆ خوای گەورە و پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، کە ئیمان و یەکخواناسی و یەکتاپەرستی دەگرێتەوە، لەگەڵ هەموو لقەکانیان، لە کار و گوفتارە دیار و شاراوەکان، بەڵکو خۆدوورگرتن لەو شتانەی قەدەغەکراون بەهەمان شێوە دەچێتە نێو بازنەی گوێڕایەڵبوون بۆ خوا و پەیامبەرەکەی، چونکە خۆدوورگرتن لە قەدەغەکراوان، بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا، بریتییە لە گوێڕایەڵبوون بۆ خوا، هەر کەسێکیش گوێڕایەڵی خوا و پەیامبەرەکەی بێ، ئەوا ئەو کەسانە لە سەرکەوتووانن ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا﴾ واتە: ئەگەر پشتیان لە گوێڕیەڵبوون و ملکەچبوون کرد بۆ خوا و پەیامبەرەکەی، ئەوسا جگە لە کوفر و گوێڕایەڵی شەیتانی یاخی

هیچ شتێکی دیکە نییە تا بۆی بگەڕێنەوە، ﴿كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُ مَنْ تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُ يُضِلُّهُ وَيَهْدِيهِ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ﴾ حەج: ٤. واتە: "لەسەر شەیتان بڕیار دراوە، بێگومان هەر کەسێك گوێڕایەڵی بێ، ئەوا گومڕای دەکات، ڕاپێچی دەکات بەرەو ئاگری بڵێسەداری دۆزەخ"، هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ﴾ واتە: "ئەگەر پشتیان لە بەرنامەی خوا کرد، ئەوا بەڕاستی خوای مەزن بێباوەڕانی خۆشناوێ"، بەڵکو خەشم و ڕقی لێیانە و سەختترین سزایان دەدات، وەك ئەوەی لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕوونکردنەوەیەك هەیە بۆ شوێنکەوتنی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، کە شوێنکەوتنی پەیامی خوا، بە گوێڕایەڵی کردنی خوا و پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەبێت و، ئەمە شوێنکەوتنی ڕاستەقینەیە، پاشان خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(٣٣ – ٣٧) ﴿إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ ﴿٣٣﴾ ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٣٥﴾ فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنْثَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴿٣٦﴾ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنْبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِنْدَهَا رِزْقًا قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٧﴾

﴿إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ واتە: "بە دڵنیاییەوە خوای گەورە، ئادەم و نووح و نەوەکانی ئیبراهیم و نەوەکانی عیمرانی

هەڵبژاردووە و ڕێزداری کردوون بەسەر جیهانیاندا"، خوای پایەبەرز باسی ئەوانە دەکات، کە هەڵیبژاردوون و ڕێزی پێداون، لە هاوڕێ و پاڵێوراو و خۆشەویستانی خوا، ڕایگەیاندووە کە ئادەمی هەڵبژاردووە، واتە: بەسەر هەموو بەدیهێنراواندا ڕێزی داوە، جا بەدەستی خۆی دروستی کردووە و، گیانی خۆی بە بەریدا کردووە[1]، فەرمانیشی بە فریشتەکان کرد کە کڕنووشی بۆ ببەن، دواتر نیشتەجێی کرد لە بەهەشتی خۆیدا، ئەوەندە زانست و هێمنی و ژیری و ڕێزەی پێدا، کە هەڵیبژارد بەسەر هەموو بەدیهێنراواندا، هەر بۆیە ڕێزی داوە بە نەوەکانی ئادەم بەسەر هەموو بەدیهێنراواندا، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ ئیسراء: ٧٠. اتە: "سوێند بە خوا، بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە ئادەمیزاد گرتووە، بەسەر وشکانی و دەریادا هەڵمان گرتوون، لە جۆرەها ڕزق و ڕۆزی چا و پاك پێمان بەخشیون، بە دڵنیاییەوە ئێمە زیادە ڕێزمان پێداون بەسەر هەموو بەدیهێنراوانی تردا کە بەدیمانهێناون".

نووحی (سڵاوی خوای لێبێ) هەڵبژاردووە، کردی بە یەکەم پەیامبەر بۆ خەڵکی سەر زەوی، کاتێك بت و پەیکەرەکان پەرستران، خوای گەورە ئارامگرتن و بەرگەگرتن و سوپاسگوزاری و بانگەوازی کردنی بۆ لای خوا لە گشت کاتێکدا پێبەخشی، ئەمەش وایکرد کە هەڵبژێردرێ و بپاڵێورێ، خوای گەورە خەڵکی سەر زەوی بە بانگەوازی ئەو ژێر ئاو خست، خوای پایەدار نووح (سڵاوی خوای لێبێ) و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە

---

(١) مەبەست لە گیانی خۆی، گیان و ڕۆحێکی تایبەتە لای خوا، چونکە ناکرێ خوای گەورە بەشێك لە خودی خۆی بە بەر بەدیهێنراوێکدا بکات، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا خوای گەورە ماددە نییە تا بەش بەش بکرێ، بۆیە دەبێ لە لێکدنەوەی ئەمەدا ڕەچاوی پاکی و بەرزی بۆ خوای گەورە بکرێت (وەرگێڕ).

کەشتییە بارهەڵگرەکەیدا ڕزگاری کردن، تەنها نەوەکانی ئەوی هێشتەوە، ناوبانگیکی وای بۆ جێهێشت، کە لە گشت کات و سەردەمێکدا سوپاسی بکرێت و جێگای پێهەڵدان بێ.

نەوەکانی ئیبڕاهیمی هەڵبژارد، ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێ) ئەو کەسەیە کە خۆشەویستی خوای میهرەبانە، خوای گەورە ئەوی بەتایبەت وەك هاوڕێی تایبەتی خۆی هەڵبژاردووە، ناوبراو خۆی بۆ نێو ئاگر و ڕۆڵەکەشی بۆ قوربانی وماڵەکەشی بۆ میوانان تەرخانکردن، بە شەو و بەڕۆژ و بە نهێنی و ئاشکرا لە پەروەردگار دەپاڕایەوە، خوای گەورە ئیبڕاهیمی (سڵاوی خوای لێبێ) کردە پێشەنگێك تا ئەوانەی دوای ئەو شوێن پێی هەڵبگرن، پێغەمبەرایەتی و کتێبی ئاسمانی لە نەوەکانیدا دابەزاند، هەموو ئەو پێغەمبەرانەی لە دوای ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێ) ڕەوانەکراون، دەکەونە نێو بازنەی نەوەکانی ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێ)، چونکە نەوەی ئەون، خوای گەورە چەندین سیفەت و پلەوپایەی پێیان داوە، کە بەهۆیانەوە بەسەر هەموو جیهانیان هەڵبژێردران، لەوانە سەروەری نەوەکانی ئادەم پێغەمبەرمان محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، خوای گەورە ئەوی وەك مرۆڤێکی کامڵ دروستکرد، لەکاتێکدا جگەلەو هەر کەسێکی تەواو کامڵ نەبووە وەك مرۆڤ، بەڵکو پلە و بەشێکی لێ هەبووە، بەمە پێغەمبەرمان (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەرز و بڵند بوو بەسەر پێشینان و پاشینان، بۆیە سەروەی پێغەمبەران کە پێغەمبەری پاڵێوراوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لە نەوەی ئیبڕاهیمە (سڵاوی خوای لێبێ).

بەهەمان شێوە نەوەکانی عیمڕانیشی هەڵبژارد و زیادە ڕێزی پێدان، کە باوکی مەریەمی کچی عیمڕانە، یان باوکی موسای کوڕی عیمڕانە (سڵاوی خوای لێبێ)، ئەم ماڵ و خانەوادانە کە خوای مەزن باسیکردن، بریتییە لە خانەوادە هەڵبژێردراوەکانی خوا لە نێو جیهانیان، چاکی و ڕێنوێنی بە زنجیرەیی لە نەوەکانیاندا هاتووە، بۆیە خوای پایەبەرز

فەرموویەتی: ﴿ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِن بَعْضٍ﴾ واتە: "ئەوانە یەك ڕەچەڵەكن" گونجان و ویكچوونیان لە نێودایە لە پیكهاتە و ڕەوشتە جوانەكەیان، هەرووەك خوای پایەدار كاتێك باسی كۆمەڵێك لەو پێغەمبەرانە كردووە كە دەكەونە نێو ئەم خانەوادە مەزنانە فەرموویەتی: ﴿وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ ئەنعام: ٨٧. واتە: "هەرووەها هەندێك لە باوان و نەوە و براكانیانمان هەڵبژاردوون، ڕێنوێنیمان كردوون بۆ ڕێگەی ڕاست و دروست"، ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ واتە: "و خوای گەورە بیسەر و زانایە"، دەزانێ كێ شایستەی ئەوەیە تا هەڵیبژێرێ، كامەش شایستە نییە و ڕیسوا و سەرشۆڕ دەكات، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە ئەوانەی هەڵبژاردووە، چونكە زانایە بە بارودۆخیان كە شایستەیان دەكات بۆ ئەم هەڵبژاردنە، جا ئەمەش هەمووی لە زیادە بەخشش و ڕێزی خوای مەزنەوەیە.

یەكێك لە سوود و وەدەستهاتوو و حیكمەتەكانی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە بۆ ئێمە، ئەوەیە ئەوانمان خۆشبوێ و شوێن پێیان هەڵبگرین، داواش لە خوای گەورە بكەین سەرمان بخات بۆ ئەو كارانەی كە ئەوانی بۆ سەرخستووە، هەردەم خۆمان بەكەمتەرخەم بزانین بەهۆی دواكەوتنمان لە كاروانیان و خۆڕازاندنەوەمان بە خەسڵەتە جوانەكانیان، ئەمەش لە لوتفی خوای گەورەوەیە كە لەگەڵ ئەوانی كردووە، و ستایشی ئەوانی كردووە بەسەر پێشینان و پاشیناندا، ئاماژەدانە بە ڕێز و پایەیان، ئای چەندە مەزنە بەخشندەیی و بەهرەكانی خوا، مامەڵەكردن لەگەڵی چەندە بەسوودە، خۆ ئەگەر ئەم خانەوادە ناوبراوانە هیچ پلەوپایەیەكیان نەبووبایە جگە لەوە نەبێ كە یادگاریەكانیان زیندوو هێڵراونەتەوە و باس و خواسی چاك و جوانیان بە هەمیشەیی كراون، ئەوا تەنها ئەمە بەس دەبوو. كاتێك باسی پلەوپایەی ئەم خانەوادە مەزن و پیرۆزانەی كرد، ئەوا دواتر باسی ئەوەی كردووە كە بەسەر مەریەمی دایكی عیسادا هاتووە، كە چۆن خوای گەورە بەخششی لەگەڵ

کردووە لە پەروەردەکردنیان، جا فەرموویەتی: ﴿إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ﴾ واتە: "یادی ئەوە بکەوە کاتێك هاوژینی عیمران" کە دەکاتە دایکی مەریەم، کاتێك سکپڕ بوو "وتی:" ﴿رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا﴾ واتە: "پەروەردگارم" ئەو منداڵەی لە ناو سکمدایە تەرخانمکردووە بۆ خزمەتی تۆ، ئازادکراوبێ لە هەموو کارێك و تەنها بۆ خزمەتی تۆ و ماڵەکەت تەرخان بێ ﴿فَتَقَبَّلْ مِنِّي﴾ ئەم کارە پیرۆزەم "لێوەربگرە" ﴿إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ بەڕاستی تۆ بیسەری نزاکانمی و دەزانی نیاز و مەبەستی من چییە، ئەمە ئەو کاتەبوو کە مەریەم هێشتا لە سکی دایکیدابوو و بەر لەوە بوو کە ببێ، ﴿فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنْثَى﴾ واتە: "کاتێك منداڵەکەی بوو، وتی: پەروەردگارم؛ خۆ من کچم بوو"، وەك ئەوەی پێی خۆشبووبێ منداڵەکەی کوڕ بێ بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێ خزمەت بکات و، پێگەیەکی مەزنتریشی دەبێ، لەم وتەیەیدا جۆرە بیانوێکی تێدایە بەرامبەر خوا دەیهێنێتەوە، بۆیە خوا فەرمووی: ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ﴾ واتە: "خوا زاناترە و چاکتر دەزانێ کە چی بووە" پێویست بەوە ناکات ئاگادار بکرێتەوە، بەڵکو زانستی خوای گەورە دەوری هەموو شتێکی داوە، ﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى﴾ واتە: "کوڕیش وەك کچ نییە" ئەمە ئاماژەی تێدایە بۆ پایەدارتربوونی کوڕ لە کچ(١)، و ئاماژەی

---

(١) بەپێچەوانەی بۆچوونی نووسەر ، پێم وایە لێرەدا هیچ پایەداربوونێکی بۆ کوڕ بەسەر کچدا نییە، چونکە ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە دایکی مەریەم، وایدانابوو کە ئەگەر کوڕی بێ، ئەوا تەرخانی بکات بۆ خزمەتی بەیتولمەقدیس، بەڵام کاتێك منداڵەکەی بوو و دەرکەوت کچە، ئەوا بە وتنی ئەوەی: کوڕ وەك کچ نییە، جەختی کردووە لە جیاوازی کوڕ لەگەڵ کچ، جیاوازی ئەرکی کوڕ لەگەڵ کچ لە خزمەتکردنی بەیتولمەقدیسدا، چونکە ئەو کات تەنها کوڕ و نێرینە خزمەتی بەیتولمەقدیسیان دەکرد، بۆیە لێرەدا جەخت دەکاتەوە لە نەبوونی ڕووی لێکچوون لە ئەرکەکانی کوڕ و کچدا، نەوەك پایەداربوونی یەکێکیان بەسەر ئەویتردا. جا گریمان ئەگەر پایەداربوونیش بەپێی ئەم ئایەتە لێکبدرێتەوە، ئەوە پێگەی

تیٚدایە بۆ ناودانان بۆ منداڵەکە لەو کاتەی دەبیٚ، دایك بۆی هەیە ناو لە منداڵ بنیٚ، ئەگەر باوکەکە پیٚی ناخۆش نەبیٚ، ﴿وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ﴾ "من ئەو منداڵە و نەوەکانی بە تۆ دەپاریٚزرم لە شەیتانی نەفرین لیٚکراو"، هاوژینی عیمران نزای بۆ کرد تا خوای گەورە منداڵەکە و وەچەکانی لە شەیتانی نەفیرنلیٚکراو بپاریٚزیٚ، ﴿فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ﴾ واتە: "پەروەردگار" نەزرەکەی دایکی مەریەمی قبولٚ کرد "بەشیٚوەیەکی چاك و جوان"، مەریەم و نەوەچەکانی لە شەیتان پاراست ﴿وَأَنْبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا﴾ واتە: بە چاکی پییٚگەیاند لە جەستە و پیٚکهاتە و ڕەوشتەکەیدا، چونکە خوای گەورە زەکەریای (سلاوی خوای لیٚبیٚ) بۆ تەرخانکرد ﴿وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا﴾ "زەکەریا سەرپەرشتیکردنی مەریەمی لە ئەستۆگرت، ئەمەش لە میهرەبانی خواوە بوو بۆ مەریەم، تا بە چاکترین شیٚوە پەروەردەی بکات، بەمەش مەریەم لەسەر خواپەرستی پیٚگەیشت و پلەی لە هەموو ئافرەتانی جیهان بەرزتر بووەوە، خۆی یەکلاکردەوە بۆ بەندایەتی کردن بۆ پەروەردگار، پابەندی خەلوەتگەکەی بوو، واتە: نویٚژگەکەی، ﴿كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِنْدَهَا رِزْقًا﴾ واتە: "هەر کاتیٚك زەکەریا (سلاوی خوای لیٚبیٚ) دەچووە لای مەریەم، جۆرەها ڕزق و ڕۆزی لای دەبینی"، بەبیٚ ئەوەی بەدەستی هیٚنابیٚ و پیٚیەوە ماندوو بووبیٚ، بەڵکو ڕۆزیەك بوو کە خوای گەورە بۆی هیٚنابوو، ریٚز و پایەیەك پەروەردگار پیٚی دابوو، جا ﴿قَالَ﴾ زەکەریا پیٚی وت: ﴿يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا﴾ واتە: "ئەی مەریەم؛ ئەم هەموو ڕۆزیەت لە کویٚ بوو؟ ﴿قَالَتْ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ﴾ لە وەڵامدا وتی: ئەوە لەلایەن خواوەیە" بەخشش و بەهرەی خوایە، ﴿إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ واتە: "بەڕاستی خوای گەورە ڕزق و ڕۆزی فراوان و بیٚ ژمار دەبەخشیٚ بە هەر یەکیٚك کە

---

کچ لە کوڕ بەهیٚزتر دەبیٚ، بەوەی وتویەتی کوڕ وەکو کچ نییە، نەك ئەوەی وتبیٚتی کچ وەکو کوڕ نییە. خوای گەورە زاناترە (وەرگیٚر).

بیەوێ" بێ ئەوەی بەندە هزری بۆ بڕوات و هەوڵی بۆ دابێت، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا، وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾ تەڵاق: ٢، ٣. واتە: "هەر یەکێك پارێزکار و لەخواترس بێ، ئەوا خوای گەورە دەرچەیەکی بۆ فەراهەم دەکات، و لە شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزی پێدەبەخشێ، کە بەندە پێی نازانێ و لێکدانەوەی بۆ نەکردبێ". لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر سەلماندنی کەرامەت بۆ خۆشەویستانی خوا (وەلییەکان)، کە کاری دەرئاسان، هەروەك هەواڵەکان لەم بارەوە، بەشێوەیەکی گومان هەڵنەگر و ڕێژنەیی (تەواتر) هاتوون، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوانەی کەرامەتیان ڕەتکردۆتەوە، جا کاتێك زەکەرا (سڵاوی خوای لێبێ) ئەم بەهرە و بەخششەی خوا گەورە بینی کە لەگەڵ مەریەمی کرد، ئەو ڕزق و ڕۆزیە چاکەی کە بۆ مەریەم فەراهەم کرابوو بەبێ هەوڵ و ماندووبوون، دڵی چووە منداڵێك، بۆیە خوای پایەبەرز فەرمووی:

(٣٨ – ٤١) ﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ ﴿٣٨﴾ فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿٣٩﴾ قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ قَالَ كَذَلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ ﴿٤٠﴾ قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ ﴿٤١﴾

﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾

واتە: "هەر لەو شوێنەدا" زەکەریا (سڵاوی خوای لێبێ) "وتی: پەروەردگارم؛ لەلایەن خۆتەوە منداڵ و نەوەیەکی پاکم پێ ببەخشە، بەڕاستی هەر تۆ بیسەری نزاکانی"، زەکەریا

(سڵاوی خوای لێبێ) لە پەروەردگار پاڕایەوە تا منداڵ و نەوەیەکی پاك و ڕەوشتبەرز و بە خووڕەوشتی پێببەخشێ، تا بەخشش و نیعمەتی دینی و دونیاییەکانی تەواویان پێبدات، خوای گەورە نزاکەی گیرا کرد، جا ﴿فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ﴾ کاتێك لە دوانگە و شوێنی خواپەرستیەکەیدا وەستا بوو، سەرقاڵی خواپەرستی و پاڕانەوە و تکاکردن بوو، فریشتەکان بانگیان کرد ﴿أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِنَ اللَّهِ﴾ واتە: "خوای گەورە مژدەت پێدەدات بە بەخشینی کوڕێك بە ناوی یەحیا، بەڕاستدانەری فەرمانی خوایە" کە ئەویش عیسایە (سڵاوی خوای لێبێ)، چونکە ناوبراو بە فەرمانێکی خوا هاتەبوون ﴿وَسَيِّدًا﴾ واتە: "دەبێتە سەروەر" ئەوەندە خەسڵەتی جوان و چاکی دەبێ، کە لە کاروبارەکان خەڵك بۆ لای دەگەڕێتەوە ﴿وَحَصُورًا﴾ واتە: خۆپارێزە لە چوونە لای ئافرەتان، هیچ جۆرە ئارەزوویێکی سەبارەت بە ژنان لە دڵدا نییە، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵبوونی بە بەخزمەتکردن و ملکەچبوونی بۆ خوا ﴿وَنَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ واتە: "پێغەمبەرێکە لە پیاوچاکان"، جا چ مزگێنیەك لەم منداڵە گەورەترە، کە مژدەی بوون و کامڵی سیفەتەکانی، بوونی بە یەکێك لە پێغەمبەرە پیاوچاکەکان دراوە، جا زەکەریا (سڵاوی خوای لێبێ) لە تاوی خۆشحاڵیەکەیدا وتی: ﴿قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ﴾ "زەکەریا وتی: پەروەردگارم؛ ئایا چۆن منداڵم پێدەبەخشیت، لەکاتێکدا پیری تەنگی پێهەڵچنیوم، ژنەکەشم نەزۆکە"، هەر یەك لەم دوو هۆکارە ڕێگرن لە بوونی منداڵ، جا چی ئەگەر هەر دووکیان بەیەکەوە کۆببنەوە، خوای پایەبەرز ڕایگەیاندووە، سەبارەت بەوەی کە ڕوودەدات ئەوا دەرئاسایە، جا فەرموویەتی: ﴿قَالَ كَذَلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ﴾ "خوای باڵادەست فەرمووی: کاری خوا هەر بەم شێوەیە هەرچییەکی بوێ دەیکات"، هەروەك چۆن خوای گەورە ئەندازەگیری کردووە بەوەی منداڵ بە زاوزێ دروست بن، ئەوا هەر کاتێك بیەوێ بەبێ ئەم هۆکارەش پەیدابێ ئەوا

دەیکات، چونکە هیچ شتێك بۆ خوا ئەستەم نییە، زەکەریا بەهۆی پەلە پەلەیەوە بۆ ئەم کارە و تا دڵنیایی تەواوی بۆ دروست بێ، ﴿قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً﴾ فەرمووی: نیشانەیەکم بۆ دابنێ و پێ بڵێ لەسەر پەیدابوونی منداڵەکە "سکپڕبوونی ئافرەتەکەم"، ﴿قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا﴾ واتە: "نیشانەی تۆ ئەوەیە کە ناتوانی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت، مەگەر بە ئاماژە نەبێ"، زمانت لەگۆ دەکەوی، بەبێ ئەوەی نەخۆشی و زیانێکی بەرکەوتبێ، تەنها توانای ئاماژە و نیشانە بۆ کردندت دەبێ، ئەمە بەڵگە و نیشانەیەکی گەورەیە، کە ناتوانی قسەی بکەیت، هەروەها خاڵێکی سەرنجڕاکێشیشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت هۆکارەکان لە کاریگەری پەکبخرێن، هەرچەندە هۆکارەکان هەشبن، ئەوا دەشکرێت شتەکان بەبێ بوونی هۆکار بهێنرێنە بوون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرچی هۆکارە لە چوارچێوەی قەزا و قەدەری خوادایە، جا زەکەریا (سڵاوی خوای لێبێ) سێ ڕۆژ نەیتوانی بدوێ، خوای گەورە فەرمانی پێکرد تا سوپاسگوزاری بێ و زۆر یادی بکاتەوە لە بەرەبەیانیان و سەر لە ئێوارانداا، ﴿وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ﴾ واتە: "زۆر یادی پەروەردگارت بکە و لە بەرەبەیانیان و سەر لە ئێوارانددا سوپاس و ستایشی بکە". تا ئەو ساتەی کە لە دوانگە و شوێنی خواپەرستیەکەی هاتە دەرەوە بۆ لای گەلەکەی ﴿فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ أَنْ سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا﴾ مەریەم: ١١. واتە: "ئاماژە و نیگای بۆ کردن تا سوپاس و ستایشی خوا بکەن لە بەیانیان و ئێواراندا".

(٤٢ – ٤٤) ﴿وَإِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاءِ الْعَالَمِينَ ﴿٤٢﴾ يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ذَلِكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٤﴾

خوای پایەدار ئاماژە دەدات بە پلەوپایە و بەرزی پیگەی مەریەم، باس لەوە دەکات کە فریشتەکان لەم بارەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا کردووە، "﴿وَإِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ﴾ – ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – یادی ئەوە بکەوە کاتێك فریشتەکان وتیان" ﴿يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاكِ﴾ "ئەی مەریەم بەڕاستی خوای گەورە" تۆی هەڵبژاردووە ﴿وَطَهَّرَكِ﴾ تۆی پاکگرتووە لە هەرچی دەردە کە مایەی کەموکورتی بێ ﴿وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاءِ الْعَالَمِينَ﴾ واتە: "تۆی هەڵبژاردووە و پایەداری کردووی بەسەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا"، هەڵبژاردن و پایەدارکردنی یەکەمی مەریەم، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیفەتە چاك و کردەوە ڕاستییەکانی، هەڵبژاردن و پایەدارکردنی دووەمی، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێز پێدانی بەسە هەموو ئافرەتانی جیهان، جا یان ئافرەتانی جیهانی سەردەمی خۆی، یان بە ڕەهایی بەسەر ئافرەتانی تێکڕای سەردەمەکان، جا ئەگەر چەند ئافرەتێکی دیکە لەم ڕیزەدا هاوبەشی بن، وەك: خەدیجە و عایشە و فاتیمە، ئەوا ئەمە دژ نابێ لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنە ناوبراوە، کاتێك فریشتەکان بە مەریەمیان ڕاگەیاند، کە خوای گەورە ئەوی پایەدار کردووە و هەڵیبژاردووە و پاکیزەی کردووە، ئا لەمەدا نیعمەتی مەزن و بەخششی گەورەی وا هەبوو، کە لەسەر مەریەمی پێویست دەکرد لە بەرامبەردا سوپاسگوزار بێ، بۆیە فریشتەکان پێیان وت: ﴿يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ﴾ واتە: "ئەی مەریەم" هەردەم ملکەچ و گوێڕایەڵی "پەروەردگارت بە" و لەخواترس بە "﴿وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ﴾

واتە: "کڕنووش و ڕکوع ببە لەگەڵ ڕکوعبەراندا"، بەتایبەت باسی کڕنووش و ڕکوعی کردووە، بەهۆی گەورەیی و ئاماژەیان بۆ ئەوپەڕی ملکەچبوون بۆ خوا، جا مریەم ئەم فەرمانەی جێبەجێکرد، وەك سوپاسگوزاربوون و گوێڕایەڵبوون بۆ خوای پایەدار، کاتێك خوای پایەبڵند بەسەرهاتی مەریەمی بۆ پێغەمبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) گێڕایەوە، باسی ئەوەی بۆ کرد کە چۆن بارودۆخەکان تێپەڕین کە خوای گەورە بۆ هەڵخست، هەموو ئەمانەش بەشێك بوون لە جیهانی نەبینراو (غەیب)، کە بە سروش (وەحی) نەبێ نازانری، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ذَلِكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – هەموو ئەوانەی باسکران، بەشێك لە جیهانی نەبینراو (غەیب)، کە ئێمە بە سروش بۆ تۆ ڕەوانەی دەکەین" بێ گومان تۆ لەلای ئەوان نەبووی ﴿وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنْتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ﴾ واتە: "کاتێك پێنووسەکانیان هەڵدەدایە – نێو ئاوی ڕووبارەکەوە – تا ئەو کەسە دیاری بکرێت کە دەبێتە سەرپەرشتیاری مەریەم، بێ گومان تۆ لە لایان نەبووی کاتێك بەکێشەچوون"، کاتێك دایکی مەریەم ئەوی برد بۆ لای سەرپەرشتیارانی بەیتولمەقدیس، لەو کاتەدا بووە ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوانیان، سەبارەت بەوەی کێ مەریەم لەخۆدەگرێ و سەرەپەرشتی دەکات، جا هەر یەکێکیان پێنووسی خۆی فڕێدایە نێو ئاوی ڕووبارەکەوە، جا هەر یەکێکیان پێنووسەکەی ئاو نەیبات، ئەوا مافی سەرپەرشتی کردنی مەریەمی هەبوو، ئەمە بۆ زەکەریا دەرچوو، کە پێغەمبەر و چاکترینیان بوو، ئەی محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کاتێك ئەم هەواڵەیان پێ ڕادەگەیەنی، لەکاتێکدا خۆت و گەلەکەت هیچ زانیاریەکتان لەوبارەوە نییە، ئەوا ئەمە بەڵگە لەسەر ڕاستۆگۆیی تۆ و ڕاستی ئەوەی کە تۆ پەیامبەری خوای، بۆیە لەسەریان پێویستە ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانەکانت بن، هەروەك خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَمَا كُنْتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ إِذْ

قَضَيْنَا إِلَى مُوسَى الْأَمْرَ﴾ قەصەص: ٤٤، تا کۆتایی ئایەتەکانی دواتری. واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – خۆ تۆ لای بەشی خۆرئاوای کێوی تور نەبووی، کاتێك فەرمان و پەیامی خۆمان بە موسا (سڵاوی خوای لێبێ) ڕاگەیاند".

(٤٥ – ٥٨) ﴿إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِنْهُ اسْمُهُ
الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾
وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ الصَّالِحِينَ ﴿٤٦﴾ قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ
لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ قَالَ كَذَلِكِ اللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ إِذَا قَضَى أَمْرًا
فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾ وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ
وَالْإِنْجِيلَ ﴿٤٨﴾ وَرَسُولًا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ
أَنِّي أَخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ
وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا
تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴿٤٩﴾ وَمُصَدِّقًا
لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُمْ بِآيَةٍ
مِنْ رَبِّكُمْ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾ إِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا
صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾ فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَى مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنْصَارِي إِلَى
اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنْصَارُ اللَّهِ آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾
رَبَّنَا آمَنَّا بِمَا أَنْزَلْتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴿٥٣﴾ وَمَكَرُوا
وَمَكَرَ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ ﴿٥٤﴾ إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ
وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ
كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنْتُمْ فِيهِ
تَخْتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾ فَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي الدُّنْيَا
وَالْآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ ﴿٥٦﴾ وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ

فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿٥٧﴾ ذَلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ الْآَيَاتِ وَالذِّكْرِ الْحَكِيمِ ﴿٥٨﴾

﴿إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ﴾ واتە: " – ئەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – یادی ئەوە بکەوە، کاتێك فریشتەکان بە مەریەمیان وت: بەڕاستی خوای گەورە مژدەت پێدەدات بە وشە و فەرمانێکی خۆی، کە – کن فیکون: ببە دەستبەجێ دەبێ –، ناوی مەسیحی عیسای کوڕی مەریەمە"، خوای مەزن باسی ئەوە دەکات کە فریشتەکان گەورەترین مژدەیان بە مەریەم (سڵاوی خوای لێبێ) داوە، ئەویش بوونی عیسایەی کوڕی مەریەمە کە بە وشە "و فەرمانی خوایە" و بەندە و پەیامبەری خوایە، بۆیە ناونراوە (کلمة الله: وشەی خوا)، چونکە بوونی ئەو بە یەك وشە هاتۆتە بوون لەلایەن خواوە، چونکە دۆخی پەیدابوونی عیسا ئەو لە دەرەوەی هۆکارەکان بوو، خوای گەورە کردییە یەکێك لە بەڵگە و بوونەوەرە سەرسوڕهێنەکان، خوای پایەدار جبریلی (سڵاوی خوای لێبێ) ناردە لای مەریەم، فووی کردە گیرفانی زرییەکەی، ئەم فووە پاکە لەلایەن ئەم فریشتە بێگەردەوە چووە ناو منداڵدانی، خوای مەزن لەم فووەی ئەم گیانە پاکەی بەدیهێنا، بەمەش عیسا بە ڕۆحانی و لە کەرستەیەکی ڕۆحانیەوە بەدیهێنرا، بۆیە ناونراوە (روح الله: گیانی تایبەت لای خوا)، ﴿وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالْآَخِرَةِ﴾ واتە: جوامێر و خاوەن پلەوپایەی مەزنە لە دونیایادا، خوای مەزن ئەوی بە یەکێك لە پەیامبەرە ورە بەرزەکان (أولى العزم) دانا، کە خاوەنی بەرنامە و شەریعەتی مەزن و شوێنکەوتووی زۆر بوون، خوای گەورە ئەوەندە ناوبانگی بڵاوکردەوە، کە خۆرهەڵات و خۆرئاوای گرتەوە، لە دواڕۆژیشدا پایەدار و ڕێزدار دەبێ

لای خوا، جا شانبەشانی برا پێشەنگەکانی لە پێغەمبەران و پەیامبەران تکا دەکەن "لە دوارۆژدا" و، پلەوپایەی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) بەسەر زۆربەی جیهانیاندا دەردەکەوێ، بۆیە ﴿وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ﴾ یەکێك بووە لە خوا نزیکیان، یەکێك بوو کە لە نێو بەدیهێنراواندا زۆر لە پەروەردگار نزیکە، بەڵکو یەکێکە لە سەرووەرانی ئەو کەسانەی لە خوا نزیکن ﴿وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ﴾ واتە: "لە بێشکە و لە تەمەنی پیریدا دەدوێ"، ئەمە قسەکردنێکی ئاسایی نییە، مەبەست لێی گفتوگۆکردنە لەگەڵ خەڵك لەو شتانەدا کە مایەی چاکسازی و سەرکەوتنیانە، ئەمە دواندنی پەیامبەرانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو پێغەمبەرە و خەڵك بانگ دەکات بۆ لای خوا، جا قسەکردن لە بێشکەدا نیشانە و موعجیزەیەکی مەزنە لە نیشانە و بەڵگەکانی خوا، کە مایەی سوودە بۆ باوەڕداران، بەڵگەشە لەسەر نکۆڵیکاران، هەروەها بەڵگەشە لەسەر ئەوەی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) پەیامبەری پەروەردگاری جیهانیانە، و بەندەی خوایە، هەروەها بەهرە و پاکانەیەکە بۆ دایکی لەو تۆمەتانەی ئاراستەی کران ﴿وَمِنَ الصَّالِحِينَ﴾ واتە: "لە پیاوچاکانیشە"، نیعمەتی چاکی و باشی لەگەڵ دەکات، دەیخاتە ڕیزی پیاوچاکانەوە، ئەوانەی کە خوای مەزن بەخششی لەگەڵ کردوون، ئا لەمەدا چەندین مژدە هەن بۆ مەریەم، لەگەڵ ئەو سەرنجدانەی لەخۆدەگری سەبارەت بە باسی عیسای مەسیح (سڵاوی خوای لێبێ)، ﴿قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ﴾ واتە: "مەریەم وتی: پەروەردگارم؛ من چۆن منداڵم دەبێ، لەکاتێکدا هیچ کەسێك تۆخنم نەکەوتووە و لەگەڵم جووت نەبووە"، نەریت وایە کە منداڵ تەنها بە جووتبوون دەبێ، ئەمە مایەی سەرسوڕمانی بۆ مەریەم، نەك گومانی هەبێ لە توانای خوای پایەدار ﴿قَالَ كَذَلِكِ اللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ "جبریل پێی وت: ویستی خوای گەورە هەر وایە، هەرچییەکی بوێ بەدیدەهێنێ، کاتێك فەرمانی بوونی شتێك دەدات، ئەوا تەنها دەفەرمووێ:

ببە، ئەوا دەستبەجێ ئەو شتە دەبێ"، بە مەریەمی ڕاگەیاند کە ئەم کارە دەرئاسایە، یەکێك ئەم مندالەی کە عیسایە بەدیهێناوە، کە هەر چییەکی بوێ، ئەوا تەنها دەفەرمووێ: ببە، ئەوا ئەو شتە دەستبەجێ دەبێ، جا هەر یەکێك لەمە دڵنیابێ، ئەوا سەرسوڕمان و واق وڕمانی نابێ، یەکێك لە حیکمەتەکانی خوای بەدهێنەری باڵادەست، ئەوەیە کە بە پلەبەندی بەندەکان ئاشنا دەکات بە شتی نامۆ بۆ نامۆتر، جا باسی بوونی یەحیای کوڕی زەکەریای (سڵاوی خوایان لێبێ) کرد، لەکاتێکدا زەکەریا (سڵاوی خوای لێبێ) بەساڵاچوو و هاوژینیشی نەزۆك بوو، دواتر باسی شتی لەوەش سەیرتری کردووە، ئەویش بوونی عیسایە (سڵاوی خوای لێبێ) تەنها لە دایك بەبێ باوك، ئەمەش بۆ ئەوەی بە بەندەکانی ڕابگەیەنێ کە خوا گەورە هەرچییەکی بوێ دەیکات، ئەوەی خوا ویستی لەسەر بێ دەبێ، ئەوەش کە نەیەوێ نابێ. دواتر خوای مەزن باسی بەخشش و بەهرەی گەورەی خۆی کردووە، کە لەگەڵ عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) کردوویەتی، جا فەرموویەتی: ﴿وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ﴾ "فێری کتێبی دەکات"، دەکرێت مەبەستی ڕەگەزی کتێب بێ، ﴿وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ﴾ واتە: "فێر دانایی و تەوڕات و ئینجیلی دەکات"، جا دواتر کە باسی تەوڕات و ئینجیلی کردووە بۆ تایبەتکردنی ڕەگەزی کتێب بووە، کە پێشتر ئاماژەی پێداوە، ئەمەش بەهۆی گەورەیی و ڕێزی ئەم دوو کتێبە ئاسمانیانە، و لەبەر ئەوەی ئەو حوکم و ڕێسایانەیان لەخۆگرتووە کە پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل فەرمانڕەواییان پێدەکرد و خەڵکیان پێ فێر دەکرد، بۆیە فێرکردنەکە وشە و مانای ئەم کتێبانە دەگرێتەوە، دەکرێت مەبەست بەم فەرمایشتە: ﴿وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ﴾ ئەوەبێ کە: "فێری" نووسینی دەکات، چونکە نووسین یەکێکە لە گەورەترین نیعمەتەکانی خوا لەسەر بەندە، هەر بۆیە خوای پایەبەرز ناز و منەتی کردووە بەسەر بەندەکانیدا بەوەی فێری کردوون لە ڕێگەی خامە و پێنووسەوە، ئەمەش لە سەرتای یەکەم سوڕەت کە خوای مەزن دایبەزاند، جا فەرموویەتی: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ

الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ، اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ، الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ﴾ عەلەق: ١ – ٤. واتە: "– ئەی محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – بخوێنەوە بە ناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی بەدیهێناوە، مرۆڤی لە چەند خانەیەکی هەڵواسراو – ـــی ناو منداڵداندا – بەدیهێناوە، بخوێنەوە لەکاتێکدا هەر پەروەردگاری تۆ بەخشندەیە، ئەوەی کە بە پێنووسەوە زانست و زانیاری فێرکردوون". مەبەست لە دانایی و حیکمەت زانینی ڕازەکانی شەرعە، دانانی شتی شیاوە لە شوێنی شیاو، ئەمەش ناز و منەتکردنە بەسەر عیسادا (سڵاوی خوای لێبێ)، بەوەی فێری نووسین و زانست و دانایی کردووە، ئەمەش کامڵی مرۆڤە لە خودی خۆیدا، دواتر باسی خاڵێکی دیکە دەکات لە کامڵبوونی، ئەویش لەو زیادە بەهرانەی کە پێشتر خوای پایەدار پێی بەخشیوە، جا فەرموویەتی: ﴿وَرَسُولًا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ واتە: "خوای گەورە دەیکاتە پەیامبەر بۆ لای نەوەی ئیسرائیل"، خوای پایەدار ڕەوانەیکرد بۆ لای ئەم گەلە ڕێزدارە، کە پایەدارترین گەل بوون لە جیهانی سەردەمی خۆیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) بانگیان بکات بۆ لای خوا، ئەوەندە بەڵگە و موعجیزەی خستەڕوو بۆیان، کە بەڕاستی سەلماندی پێغەمبەری خوایە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿قَدْ جِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ﴾ واتە: "من بەڵگە و موعجیزەیەکیشم پێیە لەلایەن پەروەردگارتانەوە، ئەویش ئەوەیە لە قوڕ" شێوەی باڵندەتان بۆ دروست دەکەم ﴿فَأَنْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ واتە: "دواتر فووی پێدا دەکەم، بەویستی خوا دەستبەجێ" دەبێتە باڵندەیەکی زیندوو و گیاندار و بە ویستی خوا دەفڕێ ﴿وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ﴾ واتە: کوێری زگماك "چاك دەکەمەوە" ﴿وَالْأَبْرَصَ﴾ واتە: "نەخۆشی بەڵەکی چاك دەکەمەوە" بەویستی خوا ﴿وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ واتە: "مردووان زیندوو دەکەمەوە بەویستی خوا، هەواڵیشتان پێدەدەم سەبارەت

بەوەی دەیخۆن و ئەوەش کە لە ماڵەکانتاندا زەخیرەی دەکەن، بێگومان ئا لەمەدا بەڵگە و نیشانەتان بۆ هەیە، ئەگەر بەڕاستی ئێوە باوەڕدارن". چ بەڵگەیەك لەوە مەزنترە لەوەی بێ گیانێك بکەیتە گیاندار، ئەو نەخۆشیانە چاك بکەیتەوە کە پزیشکان توانای چارەسەرکردنیان نییە، مردووان زیندوو بکەیتەوە، هەواڵ لەبارەی هەندێك شت لە جیهانی نەبینراو (غەیب) بدەیت، هەر یەکێك لەم شتانە لە خودی خۆیدا نیشانە و بەڵگەیەکی زەبەلاحە، ئەی چی دەبێ ئەگەر ئەم بەڵگە و موعجیزانە بەیەکەوە کۆببنەوە و پشتڕاستی یەکتر بکەنەوە؟ ئەوا ئەو کاتە دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵنیایی و باوەڕی دامەزراو ﴿وَمُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ﴾ واتە: "بەڕاستدانەری ئەو تەوڕاتەم کە لە بەردەستمدایە"، هەمان ڕەگەزی ئەو شتانەم هێناوە کە لە تەوڕاتدا هەن، و موسا (سڵاوی خوای لێبێ) هێناویەتی، نیشانەی کەسی ڕاستگۆ ئەوەیە، هەواڵەکەی لە ڕەگەزی هەمان هەواڵی کەسە ڕاستگۆکان بێ، تەنها ڕاستی دەڵێ و ڕادەگەیەنێ، فەرمان بە دادگەری دەکات بەبێ تێکگیران و دژیەکی، بەپێچەوانەی ئەوەی بانگەشەیەکی درۆ دەکات، بەتایبەت گەورەترین بانگەشە کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتییە، ئەوەی لەم بانگەشەیەدا درۆ بکات، ئەوا دەبێ درۆزنیەکەی و تێکگیرانی لەگەڵ هەواڵی ڕاستگۆکان و تەبابوونی لەگەڵ هەواڵی درۆزنان دەربکەوێ، ئەمە دەرئەنجامی ڕێساکانی ڕابردوو و حیکمەتە خوایی و میهرەبانی پەروەردگارە بە بەندەکانی، چونکە هەرگیز کەسی ڕاستگۆ لەگەڵ درۆزن تێکەڵ نابێ لە بانگەشەکردنی پێغەمبەرایەتیدا، جگە لە چەند شتێکی لاوەکی نەبێ، کە لەوانەیە کەسی ڕاستگۆ و درۆزن تێکەڵ بن، سەبارەت پێغەمبەرایەتی ئەوا ڕێنوێنی خەڵکی یان گومڕایی، بەختەوەری یان بەدبەختیان لێدەکەوێتەوە، شتێکی زانراوە کە ئەوەی لە بانگەشەی پێغەمبەرایەتیدا ڕاستگۆ بێ، ئەوا کار و کردەوەی هەرە کامڵ و چاکی کردووە، ئەوەش کە لە بانگەشەی پێغەمبەرایەتیدا درۆ بکات، ئەوا لە درۆزنترین و ستەمکارترینی خەڵکییە،

جا دانایی خوا و میهرەبانیەکەی بەرامبەر بەندەکانی وادەخوازێ، کە چەندین جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێ، تا ڕاستی بۆ هەموو ژیر و عاقڵێك ڕوون بێ، دواتر عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) ڕایگەیاندووە، کە شەریعەتی ئینجیل ئاسانکاری و سادەکاری تێدایە، جا فەرموویەتی: ﴿وَلِأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ﴾ واتە: "و تا هەندێك لەو شتانەتان بۆ حەڵاڵ بکەم، کە لەسەرتان حەڕام کراوبوون"، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئینجیل زۆربەی حوکمەکانی تەوڕاتی هەڵنەوەشاندۆتەوە، بەڵکو تەواوکەر و دانپێدانەری تەوڕات بووە.

﴿وَجِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ﴾ واتە: "بەڵگەشم هێناوە، لەلایەن پەروەردگارتانەوە" کە سەلمێنەری ڕاستگۆیی منە، بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە پێویستە شوێنم بکەون، ئەویش ئەو بەڵگانەن کە لە ئایەتەکانی پێشتر خرانەڕوو، مەبەست لە هەموو ئەمانە ئەم فەرمایشتەیە:

﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾ واتە: "لە خوا بترسن" بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی، "گوێڕایەڵیشم بن" چونکە گوێڕایەڵبوون بۆ پەیامبەر گوێڕایەڵبوونە بۆ خوا ﴿إِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ﴾ واتە: "بەڕاستی خوای گەورە پەروەردگاری من و ئێوەیە، کەواتە هەر ئەو بپەرستن"، بە یەکخواناسی لە پەروەردگاریێتیدا بەڵگەی هێناوەتەوە، لەسەر یەکخواناسی لە پەرستراوێتیدا کە هاوبەشدانەران نکۆڵی لێدەکەن، جا هەروەك خوای پایەدار ئێمەی بەدیهێناوە و ڕۆزی پێمان داوە، بەخشش و نیعمەتی دیار و شاراوەی لەگەڵ کردووین، ئەوا با هەر ئەویش پەرستراومان بێ، کە بیپەرستین بە خۆشویستن و لێترسان و ئومێد پێ هەبوون و لێپاڕانەوە و پشت پێبەستن، و هەموو جۆرە پەرستشێك هەر بۆ ئەو بێ، لەمەدا بەرپەرچدانەوەی گاورەکانی تێدایە، ئەوانەی دەڵێن عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) خوایە یان کوڕی خوایە، ئەوەتا ئەمە دانپێدانی خودی عیسایە (سڵاوی خوای لێبێ) بەوەی کە بەندەیەکی بەڕێوەبراوی بەدیهێنراوە، هەروەك وتویەتی:

﴿إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا﴾ مەرەیەم: ٣٠. واتە: "بەڕاستی من بەندەی خوام، کتێبی – ئینجیلی – پێبەخشیوم، کردوومی بە پێغەمبەر". خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ﴾ مائیدە: ١١٦. واتە: "کاتێك خوای گەورە – لە دوارۆژدا – دەفەرمووێ: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا تۆ بە خەڵکیت وتووە: من و دایکم بە دوو خوا دابنێن جگە لە خوای گەورە؟ عیسا لەوەڵامدا دەڵێت: پاك و بێگەردی شایستەی تۆیە، بۆم نییە شتێك سەبارەت بەخۆم بڵێم کە مافی من نەبێ، خۆ ئەگەر بەڕاستی من شتی وام وتبێ ئەوا تۆ دەیزانی". تا دەگاتە ئەم فەرمایشتە: ﴿مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ﴾ مائیدە: ١١٧. واتە: "من هیچ شتێکم پێنەوتوون جگە لەو فەرمانە نەبێ، کە تۆ پێتداوم، ئەویش ئەوەیە کە تەنها خوای گەورە بپەرستن، کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە". و ئەم فەرمایشتە: ﴿هَذَا﴾ واتە: خواپەرستی و لەخواترسان و گوێڕایەڵی پەیامبەری خوا (سڵاوی خوای لێبێ) ﴿صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ﴾ "ڕێگەی ڕاست و ڕەوانە" کە بەندە دەگەیەنێتە لای خوا و بەهەشتەکەی، جگە لەم ڕێگەیە هەر ڕێگەیەکی دیکە کە هەیە، ئەوا بەرەو دۆزەخ دەڕوات ﴿فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَى مِنْهُمُ الْكُفْرَ﴾ واتە: "کاتێك عیسا هەستی بەبێ باوەڕبوونی ئەوان کرد" بینی ئەوان ملکەچی نابن، وتیان: ئەم کارانەی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) جادوویەکی ئاشکرایە، هەوڵی کوشتنیاندا ﴿قَالَ مَنْ أَنْصَارِي إِلَى اللَّهِ﴾ "عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) وتی: کێ پشتیوانم دەبێ" و یارمەتیم دەدات بۆ سەرخستنی ئاینی خوا ﴿قَالَ الْحَوَارِيُّونَ﴾ "حەوارییەکانی" واتە: پتشیوانەکانی "وتیان" ﴿نَحْنُ أَنْصَارُ اللَّهِ﴾ "ئێمە پشتیوانی ئاینی خوا دەکەین" ئەم کارەیان کرد، وتیان: ﴿آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ واتە: "باوەڕی دامەزراومان بە خوا هەیە، تۆش گەواهی و شاهیدی بدە کە

بەڕاستی ئێمە گوێڕایەڵ و ملکەچین" ﴿ربَّنا آمَنَّا بِمَا أَنْزَلْتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ﴾ واتە: "ئینجا حەوارییەکان وتیان: پەروەردگارمان؛ باوەڕی تەواومان هەیە بەوەی داتبەزاندووە، شوێن پەیامبەرەکەت کەوتووین"، ﴿فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ﴾ واتە: "لە ڕیزی گەواهیدەرەکان تۆمارمان بکە"، واتە: گەواهیدانی بە کەڵك و سوود، ئەویش گەواهی و شایەتیدانە لەسەر یەکخواناسی و یەکتاپەرستی خوا و بەڕاستدانانی پەیامبەرەکەی، لەگەڵ ئەوەش کە هەڵسان بە جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە، کاتێك حەوارییەکان لەگەڵ عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) هەڵسان بە سەرخستنی دینی خوا، بەرپاکردنی شەیعەتەکەی، ئەوسا کۆمەڵێك لە نەوەی ئیسڕائیل باوەڕی هێنا، کۆمەڵەکەی تریش بێ باوەڕ بوو، جا هەر دوو کۆمەڵەکە بەشەڕ هاتن، خوای گەورەش باوەڕدارانی بەسەر دوژمنەکانیاندا سەرخست، بەمەش باوەڕداران باڵادەست بوون، بۆیە خوای پایەبەرز لێرەدا فەرمووی: ﴿وَمَكَرُوا﴾ واتە: بێ باوەڕان "پیلانیانگێڕا" بەوەی ویستیان پێغەمبەری خوا بکوژن، نوور و ڕۆشنایی خوا بکوژێننەوە، ﴿وَمَكَرَ اللَّهُ﴾ واتە: "خوای گەورە پیلانەکانی ئەوانی پوچەڵ کردەوە" ئەمەش وەك سزایەك بەرامبەر فێڵ و پیلانگێڕییەکەیان ﴿وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾ "و خوای گەورە چاکترین پیلان هەڵوەشێنەرەوەیە" بەوەی فێڵی ئەوانی خستە گەردنیانەوە، بەمەش بە زیانمەند دەرچوون ﴿إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – یادیان بهێنەرەوە، کاتێك خوای گەورە بە عیسای (سڵاوی خوای لێبێ) فەرموو: من لە زەوی بەرزت دەکەمەوە بێ زیان و بۆ لای خۆم بەرزت دەکەمەوە، لەوانەی کە بێ باوەڕن پاکت دەگرم"، خوای گەورە بەندە و پەیامبەری خۆی، کە عیسایە (سڵاوی خوای لێبێ) بەرز کردەوە بۆ لای خۆی، شێوەی ئەوی خستە سەر کەسێکی تر، جا دوژمنانی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ)، هاوشێوەکەیان گرت و کوشتیان و لە خاچیاندا، بەمەش گوناهێکی مەزنیان تووش بوو،

بەهۆی ئەوەی نیازیان بوو عیسا (سلاوی خوای لێبێ) بکوژن، هەرچەندە نەیانکوشت، بەڵکو هاوشێوەی ئەویان کوشت، کە پێیان وابوو عیسایە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ﴾ نیساء: ١٥٧. واتە: "نە عیسایان کوشتووە و نە لە خاچیان داوە، بەڵکو کەسێکی لەوچوو و هاوشێوەیان لە خاچداوە". لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر بەرز و بڵندی خوای مەزن بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بەسەر عەرشی خۆیەوە(١)، هەروەك دەقەکانی قورئان و سوننەتی پەیامبەر ئاماژەی پێدەکەن، و ئەهلی سوننەش ئەم دەقانەیان وەرگرتووە و باوەڕیان پێ هێناوە و ملکەچی بوونە، خوای گەورە هەردەم باڵادەست و بەهێز و زاڵە، جا لە باڵادەستی خواوە بوو کە شەڕی نەوەی ئیسڕائیلی لە عیسا (سلاوی خوای لێبێ) لادا، ئەمەش دوای سووربوونی تەواویان و نەبوونی ڕێگر لەبەردەمیان بۆ کوشتنی عیسا (سلاوی خوای لێبێ)، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنْكَ إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ﴾ مائیدە: ١١٠. واتە: "یادی ئەوە بکەرەوە کە شەڕی نەوەی ئیسڕائیلم لێ لادایت، کاتێك بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە بۆ لایان هاتیت، ئەوسا ئەوانەیان کە بێ باوەڕبوون وتیان: بێ گومان ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە". خوای گەورە دانایە و شتەکان دادەنێتە شوێنی شیاوی خۆیان، بە دڵنیایەوە گەورەترین حیکمەتیشی لەوەدابوو کە شێوەی عیسای

---

(١) سەبارەت بە (إستواء)ـــی خوای گەورە، ئەوە ڕای جیاواز هەیە، هەندێك پێیان وایە کە دەبێ ئەم وشەیە وەك خۆی مانا بکرێت، واتە جێگیربوون و بەرز وەستان، بەبێ لێکدانەوەی دیکە، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە پێویستە لێکدانەوەیەکی وای بۆ بکرێت، کە بگونجێت لەگەڵ پاکی و بەرزی و بێگەردی خوای گەورە، چونکە خوای گەورە ماددە نییە و لە چوارچێوەی کاتتدا نییە، بەندە پێی وایە ڕا و بۆچوونی دووەم بەهێزترە، چونکە ناکرێ خوای گەورە بە بەدیهێنراوانی بچوێنرێت، لە هەموو بارودۆخێکدا لە کاتی لێکدانەوەی دەقەکاندا، دەبێ ڕەچاوی پاکی و پیرۆزی خوای گەورە بکرێ، نەوەك خوای گەورە بخرێتە نێو قاڵبی ماددە و کاتەوە (وەرگێڕ).

(سڵاوی خوای لێبێ) خستە سەر یەکێك لە پیاوانی نەوەی ئیسرائیل، بەمەش هاوشێوەکەی عیسایان دەستگیرکرد، هەروەك خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا﴾ نیساء: ١٥٧. واتە: "بەڕاستی ئەوانەی ڕاجیان لەو پرسەدا، خۆشیان لە گوماندان، ئەوانە هیچ زانست و زانیارییەکی دروستیان لەوبارەوە نییە، جگە لە شوێنکەوتنی گومان نەبێ، بە دڵنیایشەوە نەیانکوشتووە". دواتر خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ واتە: "ئەوانەی شوێن تۆ کەوتوون باڵادەست و زاڵیان دەکەم بەسەر بێ باوەڕاندا تا ڕۆژی دوایی". پێشتر ئەوە باسکرا، کە خوای مەزن باوەڕدارانی بەسەر بێ باوەڕاندا سەرخست، دواتر گاورەکان کە شوێنکەوتەی عیسان (سڵاوی خوای لێبێ) هەر سەرکەوتوون بوون بەسەر جولەکەکاندا، چونکە گاورەکان نزیکتربوون لە شوێنکەوتنی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) لە جولەکەکان، تا ئەو کاتەی خوای گەورە پێغەمبەرمان محەمەدی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نارد، ئەوسا تەنها موسڵمانان شوێنکەوتوو ڕاستەقینەی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) بوون، جا خوای گەورە موسڵمانانی سەرخست بەسەر جولەکە و گاور و تێکڕای بێ باوەڕاندا، لە هەندێك کات و سەردەمدا کە بێ باوەڕان لە گاورەکان و جگە لەوانیش بەسەر موسڵماناندا زاڵ دەبن، ئەمەش حیکمەت و سزایەکی خوایی تێدایە بۆ موسڵمانان، لەسەر ئەوەی وازیان هێناوە لە شوێنکەوتنی ڕێبازی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، ﴿ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ﴾ "دواتر سەرئەنجام گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە" چارەنووسی هەموو بوونەوەر گەڕانەوەیە بۆ لا خوا ﴿فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ واتە: "ئەوسا دادوەری لە نێوانتاندا دەکەم، لەو شتانەدا کە ڕاجیا و کێشەتان لەسەر هەیە"، چونکە هەر یەکێکیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕاستی لای ئەوە، گوایە خۆی ڕاستە و جگە لەویش هەڵەیە، ئەمەش تەنها

بانگەشەیەکە پێویستی بە بەڵگەیە، دواتر خوای گەورە باس لە دادوەرییەکەی دەکات کە بە دادوەرانە و فەرمانڕەوایانەیە، جا فەرموویەتی: ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ واتە: ئەوانەی بێ باوەڕ بوون بە خوا و بەڵگە و ئایەت و پەیامبەرەکانی ﴿فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ واتە: "سزایەکی بە ئێش و ئازاریان دەدەم لە دونیا و دوارِۆژدا"، سەبارەت بە سزای دونیا: ئەو تەنگەژە و سزای بینراو و کوشتن و ڕیسوایی بوو، جگە لەمانەش کە تەنها نموونە و وێنەیەکن لە سزای دواڕۆژ، هەرچی سزای دواڕۆژە ئەوا بەڵایەکی گەورە و کارەساتی هەرە مەزنە، ئەویش سزای ئاگری دۆزەخ و تووڕەیی خوای باڵادەست و بێ بەشبوونیانە بە پاداشتی چاکەکاران ﴿وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ﴾ واتە: "هیچ پشتیوان و ڕزگارکەرێکیان نییە" کە لە سزای خوا دەربازیان بکات، چ ئەوانەی پێیان وابوو کە تکاکاریانن لای خوا، چ ئەوانەش کە کردوویانن بە دۆست و پشتیوان جگە لە خوا، و خزم و هاوڕێکانیشیان، تەنانەت بەخۆشیان ناتوانن خۆیان دەرباز بکەن، ﴿وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ "ئەوانەش باوەڕیان بە" خوا و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و پەیامبەرانی خوا و زیندووبوونەوەی دوای مردن هێناوە، باوەڕیان بە شتانی دیکەش هەیە کە خوا فەرمانی کردووە بە بڕوا پێهێنانی ﴿وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ واتە: "هەرچی کار و کردەوەی چاکە دەیکەن" چ کرداری دڵ یان زمان یان جەستەیی بێ، کە پەیامبەران هێناویانە، مەبەستیشیان لەمەدا تەنها ڕەزامەندی پەروەردگاری جیهانیان بێ ﴿فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ﴾ واتە: "پاداشتی تەواویان دەداتەوە"، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، لە دونیادا بەشێکی پاداشتی چاکەکانیان وەردەگرنەوە، لەوەی ڕێز و سەربەرز و سەرکەوتن و ژیانێکی چاکیان دەبێ، پاداشتی تەواویش لە دواڕۆژدا وەردەگرنەوە، پاداشتی هەرچی چاکەیە کە کردوویانە بە تەواوی و ئامادەیی دەستیان دەکەوێ، جا هەر یەکێك پاداشتی کار و کردەوەکانی وەردەگرێتەوە، خوای گەورە زیادە بەخشش و بەهرەی خۆی پێیان دەبەخشێ ﴿وَاللَّهُ لَا

﴿یُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ واتە: "و خوای گەورە ستەمکارانی خۆشناوی"، بەڵکو بەر خەشم و توڕەیی و سزای خۆی دەیانخات ﴿ذَلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ الْآيَاتِ وَالذِّكْرِ الْحَكِيمِ﴾ واتە: "- ئەی پامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) - ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر تۆدا دەیخوێنینەوە، لە ئایەتەکانی خوا و یادی پڕ حیکمەت و داناییەکانە". ئەمە ناز و منەتێکی گەورەیە، کە خوای گەورە بەسەر پێغەمبەر محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و ئومەتەکەیدا دەکات، بەوەی ئەم یاد و باسە پڕ لە داناییەی بۆ سەر دابەزاندووە، کە تۆکمە و وردەکاری تێدایە، بە تێروتەسەلی حوکمەکان و حەڵاڵ و حەرام و هەواڵی پێشینان دەخاتەڕوو، ئاماژە بەو بەڵگە و موعجیزە سەرسوڕهێنانەش دەکات، کە خوای گەورە لەسەر دەستی پەیامبەرانی (درود و سڵاوی خوایان لێبێ) ئەنجامی داوە، ئەوەتا ئەمە قورئانە هەموو ئەو هەواڵ و حوکمانەمان بۆ باس دەکات، کە سوود و کەڵکی بۆمان هەیە، بەمەش زانست و پەند و ئاسوودەیی بۆ دڵی تێدایە، ئەمەش گەورەترین میهرەبانی خوایە بۆ بەندەکانی، ئینجا خوای پایەدار فەرموویەتی:

(٥٩، ٦٠) ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَلَا تَكُنْ مِنَ الْمُمْتَرِينَ ﴿٦٠﴾

خوای پایەبڵند ڕەخنە لە گاورەکان دەگرێ، بەوەی شتێکیان داوەتە پاڵ عیسا (سڵاوی خوای لێبێ)، کە هەرگیز بۆی ڕەوا نییە، بێ ئەوەی هیچ بەڵگە و نیمچە بەڵگەیەکیان لەسەر ئەم بۆچوونەیان هەبێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پێیان وایە عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) باوکی نییە، بەمەش شایستەیە ببێتە کوڕی خوا یان هاوبەشی خوا بێ لە پەروەردگاریێتیدا، ئەمەش نیمچە بەڵگە و گومانێکی "نیمچە دروست"یش نییە، چ جای ئەوەی بەڵگە بێ، چونکە بەدیهێنانی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) یەکێك بوو لە موعجیزەکانی خوا، ئەمەش

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر خوای گەورە بەدیهێنەر و مشورگێڕە، هەموو هۆکارەکان ملکەچی ویست و شوێنکەوتووی خواستی خوان، ئەمەش بەڵگەیە لە دژی گاورەکان، تەنانەت بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی هیچ کەسێك شایستەی ئەوەی نییە هاوبەشی خوا بێ و ئەم ڕاستییە لە پێش هەموو شتێکەوەیە، لەگەڵ ئەوەی خوای پایەدار ئادەمی (سڵاوی خوای لێبێ) لە گڵ و بەبێ باوك و دایك بەدیهێنا، جا ئەگەر ئەو بۆچوونەی گاورەکان لەبارەی عیسای مەسیحەوە هەیانە بۆ ئادەم شیاو نەبێ، ئەوا لەپێشترە کە بۆ عیسا شیاو نەبێ، چونکە ئەو لە دایك بەبێ باوك بەدیهێنراوە، جا ئەگەر بانگەشەی کوڕی خوابوون و خوایەتی بۆ عیسا دروست بێ، ئەوا لەپێشترە کە بۆ ئادەم دروست بێ، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ، الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ﴾ واتە: "بەڕاستی نموونەی بەدیهێنانی عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) لای خوا، وەك بەدیهێنانی ئادەمە (سڵاوی خوای لێبێ)، کە لە گڵ و خاك بەدیهێنا، بە فەرمان پێی وت: ببە – بە مرۆڤ – ئەویش بوو، بێ گومان حەق و ڕەوا و ڕاستی هەر لای پەروەردگاری تۆیە – ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) –"، واتە: ئەوەی پێمان ڕاگەیاندی لەبارەی عیسای مەسیحەوە (سڵاوی خوای لێبێ) تەنها ئەوە ڕاست و ڕەوایە، کە لە بەرزترین پلەی ڕاستیدایە، چونکە لەلایەن پەروەردگارتەوە، کە لەو نێوەندەدا پەروەردەی تایبەتی تێدایە بۆ تۆ و ئوممەتەکەت، بەوەی ئەم هەواڵانەی لە بەسەرهاتی پەیامبەران (سڵاوی خوایان لێبێ) بۆ ئێوەی گێڕاوەتەوە، ﴿فَلَا تَكُنْ مِنَ الْمُمْتَرِينَ﴾ واتە: نەکەی لەو کەسانە بی کە گومانیان لەوە هەیە، کە پەروەردگارت پێی ڕاگەیاندووی، لەم ئایەتە و ئەوەی دیکەشدا بەڵگە هەیە، لەسەر بنچینەیەکی پیرۆز، ئەویش ئەوەیە بەڵگە لەسەر هەر پرسێکی بیروباوەڕ، یان هەر بابەتێکی دیکە بەرپا بێ، بەوەی کە ئەو پرسە ڕاستە، و بەندەش تەواو لێی دڵنیابێ، ئەوا دەبێ بەندە بڕیاری

یەکلاکەرەوە بدات کە پێچەوانەکەی پوچەڵە، هەر گومانێکیش کە لەبارەیەوە دەوروژێنرێ ئەوا بێ بنەمایە، جا بەندە توانای هەڵوەشاندنەوەی ئەم گومانەی هەبێ یان نا، دەستەوەسانبوونی بەندە لە هەڵوەشاندنەوەی گومانێك، ئەوەی لەسەر پێویست ناکات کە تانە لە شتێك بدات کە پێشتر زانیویەتی، چونکە هەر شتێك پێچەوانەی حەق و ڕەوا بێ، ئەوا پوچ و ناڕەوایە، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ﴾ یونس: ٣٢. واتە: "دوای حەق و ڕاستی چیتر هەیە، جگە لە گومڕایی و سەلێشێوان نەبێ"، جا بەم بنچینەیە زۆر کێشە لە کۆڵ مرۆڤ دەبنەوە، کە زانایانی زانستی کەلام و زانایانی زانستی ژیربێژی (لۆژیك) ڕێکیانخستووە، جا ئەگە مرۆڤ ئەم کێشە و پرسانەی چارەکرد، ئەوا ئەمە خۆبەخشییەکە ئەنجامی داوە، ئەگەرنا ئەرکی ئەو بریتییە لە ڕوونکردنەوەی حەق و ڕاستی و بانگەوازکردن بۆی.

(٦١ - ٦٣) ﴿فَمَنْ حَاجَّكَ فِيهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْا نَدْعُ أَبْنَاءَنَا وَأَبْنَاءَكُمْ وَنِسَاءَنَا وَنِسَاءَكُمْ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَتَ اللَّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ ﴿٦١﴾ إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا اللَّهُ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿٦٢﴾ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِالْمُفْسِدِينَ ﴿٦٣﴾

﴿فَمَنْ﴾ هەر یەکێك ﴿حَاجَّكَ فِيهِ﴾ مشتومڕ و دەمەتەقێی لەگەڵ کردی، لەبارەی عیساوە (سڵاوی خوای لێبێ)، گومانی وابێ ناوبراو لە سەرووی پێگەی بەندایەتیەوەیە، تەنانەت بە بڵندتری دانێ لە پایەی خۆی، ﴿مِن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ﴾ واتە: "دوای ئەوەی زانست و زانیارت بۆ هات لەبارەی ئەوەی" کە عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) بەندی و پەیامبەری خوایە، بەو بەڵگانەی کە لای تۆن، بۆ ئەو کەسەی مشتومڕت لەگەڵ دەکات ڕوونکردەوە، کە عیسا (سڵاوی خوای لێبێ) بەندەیەکە خوای مەزن بەهرەی لەگەڵ

کردووە، جا ئەوەی شوێنت نەکەوێ لەم زانستە سەلمێنراوەدا، ئەوا کەسێکی سەرسەخت و نکۆڵیکارە، هیچ سوودێك لە مشتومڕەکەیدا نییە و هیچ کەڵکێکی لێوەرناگیرێت، چونکە ڕاستی ڕوون بووەتەوە، جا مشتومڕکردن تێیدا تەنها کاری کەسێکە کە دژایەتی خوا و پەیامبەرەکەی بکات، مەبەستی شوێنکەوتنی ئارەزوو بێ، نەوەك شوێنکەوتنی ئەو پەیامەی خوا دایبەزاندووە، ئەمە هیچ چارەیەکی بۆ نییە، بۆیە خوای گەورە فەرمانە بە پێغەمبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کردووە داوایان لێبکات نزا و نەفرین بکەن لە کەسی درۆزن (مباهلة و ملاعنة) ﴿فَقُلْ تَعَالَوْا نَدْعُ أَبْنَاءنَا وَأَبْنَاءكُمْ وَنِسَاءنَا وَنِسَاءكُمْ وَأَنْفُسَنَا وَأَنْفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَلْ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – پێیان بڵێ: وەرن با کوڕانی ئێمە و کوڕانی ئێوە، ژنانی ئێمە و ژنانی ئێوە، خۆمان و خۆتان بانگ و بکەین و ئامادە بین"، دواتر نزا بکەین، تا خوای گەورە نەفرین لەو کۆمەڵەیە بکات کە درۆزنە. جا لەمەشدا خۆشەویستترین کەس بەشدار بن، لە منداڵ و کوڕ و ژنان، جا پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئەوانی بۆ ئەمە بانگ کرد، بەڵام ڕەتیانکردەوە و پشتیان هەڵکرد، چاك دەیانزانی ئەگەر نزا بۆ نەفرینکردن بکەن، ئەوا بۆ خانەوادە و ڕۆڵەکانیان دەگەڕێتەوە، بەمەش هیچ خێزان و سامانێکیان دەست ناکەوێ و سزا زوو بەرۆکیان دەگرێ، بۆیە بە دین و ئاینەکەیان ڕازیبوون، هەرچەندە دڵنیاشبوون کە پوچەڵە، ئەمەش ئەوپەڕی خراپەکاری و سەرسەختییە، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِالْمُفْسِدِينَ﴾ واتە: "ئەگەر هەر پشتیان هەڵکرد و سەرسەختیان نواند، ئەوا بەڕاستی خوای گەورە زانایە بە خراپەکاران"، توندترین سزایان دەدات لەسەر خراپەکانیان، خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿إِنَّ هَذَا﴾ واتە: "بێگومان ئا ئەو بەسەرهاتە" کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی گێڕاویەتەوە بریتییە لە ﴿لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ﴾ "بەسەرهاتی ڕاست و دروست"، هەر چیرۆك و بەسەرهاتێکی

دیكە كە پێچەوانە و دژی ئەمەبێ، ئەوا بێ بنەما و پوچەڵە، ﴿وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا اللَّهُ﴾ واتە: "هیچ خوا و پەرستراوێك بە حەق نییە، جگە لە خوای گەورە نەبێ"، هەر خوای مەزن بە حەق پەرستراوە، كە بەندایەتی بۆ جگە لەو دروست نییە، جگە لەو هیچ شتێك بە ئەندازەی گەردیلەیەكیش شایستەی پەرستن نییە، ﴿وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ واتە: "و بەڕاستی هەر خوای گەورە" زاڵە بەسەر هەموو شتێكدا، هەرچی هەیە ملكەچی دەسەڵاتی ئەوە، ﴿الْحَكِيمُ﴾ "دانایە" شتەكان دەخاتە شوێنی شایستەی خۆیان، داناییەكی تەواویشی هەیە لە تاقیكردنەوەی باوەڕداران بەهۆی بێ باوەڕانەوە، بەوەی مشتومڕیان لەگەڵ دەكەن و تێدەكۆشن لە ژدیان، بە كردار و گوفتار.

(٦٤) ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾﴾

﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ﴾ واتە: "- ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) - بە خاوەن كتێبەكان" لە جولەكە و گاورەكان بڵێ: ﴿تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ﴾ واتە: وەرن با كۆببینەوە لەسەر وشەیەك كە "هاوسەنگە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا" و پێغەمبەران و پەیامبەران لەسەری كۆك و یەكدەنگ بوونە، تەنها كەسانی نكۆڵیكار و گومڕا دژی وەستاون، ئەمەش تایبەت نییە بە یەكێكمان و ئەوەی تر پەیوەندی پێوە نەبێ، بەڵكو هاوبەشە لە نێوان ئێمە وئێوەدا، ئەمەش دادگەریە لە گوتار و بەویژدانبوونە لە مشتومڕدا، دواتر بەم فەرمایشتە شرۆڤەی ئەم وشەیەی كردووە: ﴿أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا﴾ "جگە لە خوای گەورە هیچ شتێك نەپەرستین و هیچ هاوەڵ و هاوبەشێكی بۆ دانەنێین"، بەندایەتی هەر بۆ ئەو بكەین، خۆشویستن و ترس و ئومێدمان هەر بۆ ئەو بێ،

هیچ پیغەمبەر و فریشتە و وەلی و بت و پەیکەر و ئاژەلٚ و گیاندار و بیگیانیك نەكەین بە هاوبەش و هاوەلٚی، ﴿وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ﴾ "هەندیکمان هەندیکی دیکەمان بە پەروەردگار دانەنیین لە جیاتی خوا"، بەلٚکو تەنها گویڕایەلٚی خوا و پەیامبەرەکەی بین، گویڕایەلٚی هیچ کەسو بەدیهینراویك نەكەین لە سەرپیچی خوای بەدیهینەردا، چونکە ئەوسا بەدیهینراوان دەخرینە پیگەی پەروەردگاریتیەوە، جا ئەگەر خاوەن کتیبەکان بۆ ئەمە و جگە لەمەش بانگ کران، ئەوا وەلاٚمیان دایەوە و بەدەمیەوە هاتن، ئەوا ئەوسا ئەوانیش وەك ئیوەن، هەمان ئەرك و مافی ئیوەیان هەیە، ﴿فَإِن تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ واتە: "ئەگەر پشتیان هەلٚکرد، ئەوا پیان بلٚین: شاهیدی و گەواهی بدەن کە بەڕاستی ئیمە موسلٚمان و ملکەچین"، لەوانەیە سوودی ئەمە ئەوە بی، کە ئەگەر ئەمەیان پی بلٚین و ئیوەش لە ڕاستیدا زانا و خاوەن زانستن، ئەوا ئەمە بەرپابوونی بەلٚگە لەسەریان دووپات دەکاتەوە، هەروەك خوای پایەبەرز بە زانایانی بەلٚگەی لەسەر بی باوەڕان بەرپاکردووە، بەهەمان شیوە ئیوە ئەگەر موسلٚمان بن و باوەڕ بهینن، ئەوا خوای گەورە بایەخ بە موسلٚمان نەبوونی جگە لە ئیوە نادات، بەهۆی ناپاکی و دزیوی ناخیان، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لَا تُؤْمِنُوا إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِن قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا﴾ ئیسراء: ١٠٧. واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سلاٚوی خوای لیبی) – بلٚی: باوەڕ بەم قورئانە بهینن یان باوەڕی پینەهینن، ئەوانەی پیشتر زانست و زانیاریان پیدراوە، کاتیك ئایەتەکانی قورئانیان بەسەردا دەخوینریتەوە، ئەوا خیرا کڕنووش دەبەن"، بەهەمان جۆر خستنەڕووی گومان لەبارەی پرسەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕ و ئیمانەوە، وا پیویست دەکات باوەڕدار ئیمانی نوی بکاتەوە و موسلٚمانبوونی ڕابگەیەنیتەوە، بۆ دەبڕینی باوەڕ و دلٚنیایی و سوپاسگوزاربوونی بەرامبەر بە بەخششەکانی پەروەردگاری.

(٦٥ – ٦٨) ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تُحَاجُّونَ فِي إِبْرَاهِيمَ وَمَا أُنْزِلَتِ التَّوْرَاةُ وَالْإِنْجِيلُ إِلَّا مِنْ بَعْدِهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٥﴾ هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَاجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾ مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَكِنْ كَانَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾

کاتێك جولەکەکان بانگەشەی ئەوەیان کرد ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) جولەکەیە، گاورەکانیش بانگەشەی ئەوەیان کرد کە گاورە، مشتومڕیان لەوبارەوە کرد، ئەوا خوای گەورە فەرمووی: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تُحَاجُّونَ فِي إِبْرَاهِيمَ وَمَا أُنْزِلَتِ التَّوْرَاةُ وَالْإِنْجِيلُ إِلَّا مِنْ بَعْدِهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ "ئەی خاوەن کتێبەکان، بۆچی مشتومڕ دەکەن لەبارەی ئیبراهیم، لە کاتێکدا تەورات و ئینجیل دانەبەزیون تەنها دوای ئەو نەبی، ئەوە بۆچی هۆشتان بەکار ناخەن"، خوای پایەدار لە سێ ڕووەوە قسەکانی ئەوانی ڕەتکردەوە: یەکەمیان: مشتومڕیان لەبارەی ئیبراهیمەوە (سڵاوی خوای لێبێ)، قسەکردنە لەبارەی شتێکەوە کە زانیاریان لەبارەوە نییە، ﴿هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَاجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ واتە: "ئەوە ئێوەن مشتومڕ لەبارەی شتێکەوە دەکەن، کە زانیاریتان لەبارەوە هەبوو، ئەی بۆچی مشتومڕ لەبارەی شتێکەوە دەکەن، کە هیچ زانست و زانیاریەکتان لەبارەوە نییە، بێگومان خوای گەورە دەزانێ و ئێوە نایزانن"، ڕێگەیان پێنادرێ قسە لەبارەی شتێکەوە بکەن کە ئەوان لێی بێگانەبن، ئەوان دەکرێت دەمەتەقێ لەبارەی حوکمەکانی تەورات و ئینجیل بکەن، جا

ڕاست یان هەڵە بکەن، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان لەبارەی ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) پێ نییە، ڕووی دووەم: جولەکەکان لایەنگیری حوکمەکانی تەوراتن، گاورەکان لایەنگیر حوکمەکانی ئینجیلن، لەکاتێکدا تەورات و ئینجیل لە دوای ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) دابەزیون، جا چۆن ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) دەدەنە پاڵ خۆیان، لە کاتێکدا ئەو پێش ئەوان هاتووە، ئایا ئەمە دەچێتە عەقڵەوە؟! بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ واتە: "بۆچی ژیر نابن و بیر ناکەنەوە"، خۆ ئەگەر بیرتان لەوە کردبایەوە کە دەیڵێن، ئەوا هەرگیز قسەی لەو جۆرەتان نەدەکرد، ڕووی سێیەم: خوای پایەبڵند ئیبراهیمی (سڵاوی خوای لێبێ) ئەستۆپاك و بەری کردووە، لە جولەکە و گاور و هاوبەشدانەران، ئەوی کرد بە یەکخواناس و یەکتاپەرستو موسڵمان، ﴿مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَكِنْ كَانَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ واتە: "هەرگیز ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) نە جولەکە و نە گاور نەبووە، بەڵکو یەکخواناس و یەکتاپەرست و ملکەچ بووە بۆ خوا، هەرگیز لە هاوبەشدانەران نەبووە"، ﴿إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِإِبْرَاهِيمَ لَلَّذِينَ اتَّبَعُوهُ وَهَذَا النَّبِيُّ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاللَّهُ وَلِيُّ الْمُؤْمِنِينَ﴾ بەدڵنیاییەوە ئەو کەسانە نزیکترین خەڵکن لە ئیبراهیمەوە (سڵاوی خوای لێبێ) ، کە باوەڕیان پێ هێناوە و شوێنی کەوتوون، و ئەم پێغەمبەرە کە محەممەدە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و ئەوانەی کە باوەڕیان پێهێناوە، ئەوا ئەوان شوێن ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) کەوتوون، لە هەموو خەڵك لەپێشترن بۆ ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ)، خوای پایەبەرز پشتیوان و هاریکار و یارمەتیدەریانە، بەڵام ئەوەی ڕێباز و دینەکەی پشتگوێ بخات، وەك: جولەکە و گاور و هاوبەشدانەران، ئەوا هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیبراهیمەوە (سڵاوی خوای لێبێ) نییە و ئەویش لەوان نییە، تەنها لایەنگیری و دانەپاڵی بەتاڵ و دژە شەرع هیچ سوودی نییە. ئەم چەند ئایەتە ڕێگری دەکات لە مشتومڕ و دەمەقاڵێکردن بەبێ بوونی زانست و زانیاری، جا هەر کەسێك بەبێ

زانست و زانیاری قسە لەبارەی شتێکەوە بکات، ئەوا بەڕاستی لەبارەی شتێکەوە دوواوە، کە ڕێگە پێنەدراوە. بەهەمان شێوە هاندانی تێدایە بۆ ئاشنابوونی بە زانستی مێژوو، بەوەی ڕێگەیەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی زۆرێك لە ڕا و بۆچوونە پوچ و بێ بنەماکان، کە پێچەوانەی زانستی مێژوون، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(٦٩ – ٧٤) ﴿وَدَّتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٩﴾ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَأَنْتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٧٠﴾ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٧١﴾ وَقَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا بِالَّذِي أُنْزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾ وَلَا تُؤْمِنُوا إِلَّا لِمَنْ تَبِعَ دِينَكُمْ قُلْ إِنَّ الْهُدَى هُدَى اللَّهِ أَنْ يُؤْتَى أَحَدٌ مِثْلَ مَا أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَاجُّوكُمْ عِنْدَ رَبِّكُمْ قُلْ إِنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ ﴿٧٤﴾

﴿وَدَّتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ﴾ واتە: "دەستە و کۆمەڵێك لە خاوەن کتێبەکان هیواخوازن گومڕاتان بکەن"، خوای گەورە هۆشداری دەداتە بەندە باوەڕدارەکانی، لە فێڵ و تەڵەکەی ئەم پێڕە پیسە لە خاوەن کتێبەکان، بەوەی ئاواتەخوازن گومڕاتان بکەن، هەروەك خوای پایەبەرز فەرمویەتی: ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا﴾ بەقەرە: ١٠٩. واتە: "زۆرێك لە خاوەن کتێبەکان، ئاواتەخوازن هەڵتانگێڕنەوە لە ئاینەکەتان بۆ ڕیزی بێ باوەڕان"، شتێکی زانراوە کە ئاواتخوازی بۆ کارێك، هەوڵدان دەگرێتەوە بۆ دەستخستنی، ئەم کۆمەڵە هەوڵ دەدات

باوەڕداران پاشگەز بکاتەوە و گومانیان بۆ دروست بکات، جا بە هەر ڕێگەیەك کە توانایان بەسەردا هەبێ، بەڵام لە لوتف و بەخشندەیی خواوەیە، کە فێڵ و پیلانگێڕی تەنها بەسەر خاوەنەکەیدا دەشکێنێتەوە، بۆیە خوای پایەبڵند فەرموویەتی: ﴿وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ﴾ "بێ گومان تەنها خۆیان گومڕا دەکەن" جا هەوڵدانیان بۆ گومڕاکردنی باوەڕداران، تەنها مایەی زیاتر گومڕابوونی خودی بێ باوەڕانە، و هۆکاری زۆرتربوونی سزاکەشیانە، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يُفْسِدُونَ﴾ نەحل: ٨٨. واتە: "ئەوانەی بێ باوەڕبوون، ڕێگریان کرد لە ڕێباز و پەیامی خوا، بێ گومان سزای زیادەمان لەسەر یەك بۆ کۆکردوونەتەوە، بەهۆی گەندەڵکاری و خراپەکاریان لە نێو خەڵکدا"، ﴿وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ "هەست ناکەن" بەوەی بەم کارەیان زیان بەخۆیان دەگەیەنن، هیچ زیانێك بە ئێوە ناگەیەنن ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَأَنْتُمْ تَشْهَدُونَ﴾ واتە: "ئەی خاوەن کتێبەکان" چی وای لێکردوون بێ باوەڕبن بە ئایەت و بەڵگەکانی خوا، لەکاتێکدا ئێوە دەزانن ئەوەی ئێوە لەسەرینە پوچەڵە، ئەو پەیامەی محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) هێناویەتی حەق و ڕەوایە و گومانتان لێی نییە، بەڵکو ئێوە گەواهیتان پێدەدا، هەندێك کات بەهێنی لای باسی دەکەن، ئەمە ڕێگری کردنە لە گومڕایی ئەوان، دواتر خوای سەرزەنشتی ئەوانی کردووە لەسەر گومڕاکردنی خەڵك و بەدیهێنراوان، جا فەرموویەتی: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ واتە: "ئەی خاوەن کتێبەکان، بۆچی حەق و ڕەوا بە ناحق و پوچەڵ دادەپۆشن و تێکەڵ دەکەن، و حەق و ڕاستی دەشارنەوە، لەکاتێکدا ئێوە دەزانن"، سەرزەنشتی ئەوانی کردووە لەسەر تێکەڵکردنی حەق و نا حەق، شاردنەوەی ڕاستی، چونکە بەم دوو کارە لایەنگرانیان گومڕا دەکەن، جا ئەگەر زانایان حەق و نا حەقیان تێکەڵ بەیەکتر کرد و جیاکاریان لە نێواندا نەکرد، بەڵکو

شتەکەیان بە ناڕوونی هێشتەوە، ئەو ڕاستیەیان شاردەوە کە پێویستە لەسەریان ئاشکرای بکەن، ئەوا چەندین دەرئەنجام لە شاردرانەوەی حەق و دەرکەوتنی پوچەڵی لێدەکەوێتەوە، کەسە سادەکانیش بە حەق ئاشنا نابن، تا شوێنی بکەون، پێویستە لەسەر زانایان حەق و ڕاستی ئاشکرا بکەن بۆ خەڵك و ڕاییگەیەنن، ڕەوا و ناڕەوا لە یەکتر جیا بکەنەوە، چاك و خراپ، و پاك و پیس، حەڵاڵ و حەڕام ڕوون بکەنەوە و دەربخەن، بیروباوەڕە دروستەکان لە بیروباوەڕە پوچەکان جیا بکەنەوە، تا ڕێنوێنیخوازان ڕێگەی ڕاستیان بۆ ڕوون ببێتەوە، گومڕایان پاشگەز ببنەوە، بەڵگەش لەسەر سەرسەختەکان بەرپا بێ، خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ﴾ ئالی عیمران: ١٨٧. واتە: "- ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) - یادی ئەوە بکەوە کاتێك خوا پەیمانی وەرگرت لەوانەی کتێبیان پێبەخشراوە، کە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە و نەیشارنەوە، کەچی ئەوان ئەمەیان پشتگوێخست"، دواتر خوای بەرز و بلند نیازی ئەم پیرە پیسەی ئاشکرا کرد، کە دەیانەوێ پیلانگێری دژ بە باوەڕداران بکەن، جا فەرموویەتی: ﴿وَقَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا بِالَّذِي أُنْزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ﴾ واتە: "دەستە و کۆمەڵێك لە خاوەن کتێبەکان وتیان": لە سەرەتای ڕۆژدا باوەڕ بهێنن، بەوەی بۆ سەر باوەڕداران دابەزیوە، بڕۆنە نێو ئاینەکەیانەوە، لە ئێوارەشدا بێ باوەڕ بن پێی و لێی دەرچن ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ "بەڵکو باوەڕداران پاشگەز دەبنەوە لە" ئاینەکەیان و، بڵێن: ئەگەر ئەم ئاینە ڕاست و دروست بوایە، ئەوا خاوەن زانست و کتێبەکان لێی دەرنەدەچوون، ئەم پیرە ئەمەیان دەوێ، ئەمەش بەهۆی سەرسامبوونیان بەخۆیانەوە، و بۆچوونی ئەوەیان هەبوو کە خەڵك گومانی چاکیان پێدەبات، شوێن گوفتار و کردارەکانیان دەکەوێت، بەڵام خوای گەورە ئەم پیلانگێڕیانە ڕەت دەکاتەوە و نوور و ڕووناکی پەیامی خۆی کامڵ دەکات، هەر چەندە بێ

باوەڕان پێیان ناخۆشبێ ﴿وَلَا تُؤْمِنُوا إِلَّا لِمَنْ تَبِعَ دِينَكُمْ﴾ واتە: هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیان دەڵێن: متمانە و باوەڕ بە هیچ یەکێك مەکەن، جگە لەوە نەبێ کە شوێن ئاینەکەتان دەکەوێ، کاروبارەکانتان بشارنەوە لەوانەی لەسەر ئاینەکەتان نین، چونکە ئەگەر ئێوە زانیاریەکانتان بەوانی تر کە لەسەر ئاینی دیکەن ڕابگەیەنن، ئەوا شارەزایی بەدەست دەهێنن و وەك ئێوەیان لێدێت، یان مشتومڕتان لەگەڵ دەکەن لای پەروەردگارتان و گەواهیتان لەسەر دەدەن، ئەوسا بەڵگەتان لەسەر بەرپا دەبێ، بەوەی ڕاستیتان بۆ ڕوون بووەتەوە، کەچی شوێنی نەکەوتوون، لە دەرئەنجامدا ئەوان واداینناوە، کە ئەگەر ئەوزانستەی لایانە بە باوەڕدارانی ڕانەگەیەنن، ئەوا بەمە زانستیان لێ دەپچڕێنن، چونکە بە گومانی ئەوان زانست هەر لای ئەوانە، هۆکاریکە بۆ بەرپابوونی بەڵگە لەسەریان، جا خوای گەورە بەرپەرچی ئەوانی دایەوە بەوەی: ﴿قُلْ إِنَّ الْهُدَى هُدَى اللَّهِ أَنْ يُؤْتَى أَحَدٌ مِثْلَ مَا أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَاجُّوكُمْ عِنْدَ رَبِّكُمْ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – بڵێ:" بەڕاستی ڕێنوێنی هەر ڕێنوێنی خوایە و بەدەست خوایە، ئەویش دەیبەخشێ بە هەر کەسێك کە ڕێنوێنیخواز بێ، "– جولەکەکان بە یەکتر دەڵێن: – دان بەوەدا مەنێن کە یەکێك وەك ئێوە زانستی پێبەخشراوە، تا لای پەروەردگارتان بەڵگە پێنەهێنێتەوە لەسەرتان" جا ڕێنوێنی یان زانستی حەق و ڕاستییە، یان پێشخستنی زانستی حەقە، بێ گومان زانست[1] ئەوەیە کە پەیامبەرانی خوا هێناویانە، تەنها ئەو کەسە سەرکەوتووە کە خوا سەریخستووە، بێ گومان خاوەن کتێبەکان تەنها زانستیکی کەمیان پێدراوە، سەبارەت بە سەرخست و پشتیوانی خوایی، ئەوا بەشی ئەوانی تێدا پچڕاوە، لەبەر نیاز و مەبەستی خراپیان، سەبارەت بەم ئوممەتە – سوپاس بۆ خوای گەورە – ئەوەندە ڕێنوێنی خوایی

(١) مەبەست لێی زانستی شەریعەتە، کە گوزارشت لە پەیامی خوا دەکات، چونکە ناکرێ زانستە مرۆڤایەتیەکانی دیکە ڕەت بکرینەوە (وەرگێر).

پێبەخشراوە، لە زانست و زانیاری و کارکردن پێی، کە باڵادەستبوونە بەسەر هەمووانداا، جا هەر ئەوان بوونە ڕێنیشاندەر لە فەرمانی خوا ڕێنوێنی وەردەگرن، ئەمەش لە ناز و بەخششی مەزنی خوایە بەم ئوممەتەی بەخشیوە، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ﴾ واتە: "- ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) - بڵێ: هەرچی بەخشش و بەهرەیە بەدەستی خوایە" هەر خوای گەورە جۆرەها بەخشش و نیعمەت لەگەڵ بەندەکانیدا دەکات، ﴿يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ﴾ "دەیبەخشێ بە هەر یەکێك خۆی بیەوێ" کە هۆکار و مەرجەکان جێبەجێ بکات، ﴿وَاللَّهُ وَاسِعٌ﴾ "و خوای گەورە خاوەنی نیعمەت و بەخششی زۆر فراوانە" ﴿عَلِيمٌ﴾ "زانایە" بەوەی کێ شایستەی چاکە و بەخشش لەگەڵ کردنە تا پێی ببەخشێ، کامەش شایستە نییە، تا بێ بەشی بکات، ﴿يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ﴾ واتە: "خوای گەورە" ڕەحمەت و میهرەبانی ڕەهای خۆی کە دونیا و دوارِۆژ دەگرێتەوە، "تایبەت دەبەخشێ بە هەر یەکێك کە بیەوێ"، ئەو ڕەحمەتەش بەهرە و نیعمەتی دین و تەواوکارەکانیەتی ﴿وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ﴾ واتە: "و خوای گەورە خاوەنی بەخشش و ناز و نیعمەتی مەزنە"، کە هیچ کەسێك ناتوانێ وەسفی بکات، هەرگیز بەدڵی مرۆڤدا نەهاتووە، تەنانەت بەخشش و چاکەی خوا بە ئەندازەی زانستە "بێ سنوورەکەیەتی"، پەروەردگارمان؛ بەڕاستی میهرەبانی و زانستی تۆ دەوری هەموو شتێکیان داوە.

(٧٥ – ٧٧) ﴿وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِنْ تَأْمَنْهُ بِقِنْطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُمْ مَنْ إِنْ تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَا يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَائِمًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الْأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾ بَلَى مَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ وَاتَّقَى فَإِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾ إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٧﴾

خوای گەورە لێرەدا باس لە بارودۆخی خاوەن کتێبەکان دەکات، لە ڕووی وەفاداری و ناپاکی لە دارایی و ساماندا، ئەمەش دوای ئەوەی باسی ناپاکی ئەوانی کرد لە دیندا و شاردنەوەی حەق و ڕاستی، جا خوا ڕایگەیاندووە کە کەسی ناپاك و دەستپاکیان تێدایە، ﴿وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِنْ تَأْمَنْهُ بِقِنْطَارٍ﴾ واتە: "لە خاوەن کتێبەکان کەسانێکی وا هەن" کە ئەگەر ماڵ و داراییەکی زۆریان وەك سپاردە لەلا دابنێی ﴿يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ﴾ "ئەوا بە تەواوی ڕادەستت دەکاتەوە"، جا بێگومان لە ڕادەستکردنەوەی شتی کەمتر پابەندترە ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ إِنْ تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَا يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ﴾ واتە: "هەشیانە ئەگەر یەك دیناری وەك سپاردە پێبدەیت، ئەوا نایگێڕێتەوە بۆت"، جا ئەگەر پارە و داراییەکە زۆربێ ئەو توندترە لە نەگێڕانەوەی، ﴿إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَائِمًا﴾ واتە: "مەگەر بەسەریەوە ڕاوەستیت و کۆڵی لێنەدەیت"، ئەوەش کە وایکردووە ناپاکتان لەگەڵ بکەن و پەیمان شکێن بن، ئەوەیە کە پێیان وایە ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الْأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ﴾ "و وتویانە" ئێمەی خاوەن کتێب هیچ گوناهێکمان لەئەستۆدا نییە لە بەرامبەر نەگێڕانەوەی سامانی "نەخوێندەواران: کە مەبەستیان موسڵمانان بووە"، جا بە گومانە خراپ و بۆچوونە بێ بناغەکەیان

باوەڕدارانیان زۆر بە سووك و ڕیسوا زانیوە، خۆشیان لەوپەڕی گەورەییدا بینیوە، لەکاتێکدا خۆیان ڕیسوا و سوکن، هیچ سنوور و مافێکیان بۆ نەخوێندەواران دانەنا، بەڵکو خواردنی مافی ئەوانیان بە ڕەوا دانا، بەمەش خواردنی سامانی حەڕام و باوەڕبوون بە حەڵاڵبوونیان بەیەکەوە کۆکردەوە، ئەمەش درۆیەك بوو بە ناوی خواوە کردیان، چونکە زانایەك کە شتە حەڕامەکان حەڵاڵ دەکات، ئەوا لای خەڵك زانراوە کە ئەم زانایە حوکمێك بەناوی خواوە ڕادەگەیەنێ، نەك بە ناوی خۆی، کەواتە ئەم حوکمە درۆیە، بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ واتە: "و درۆ بەناوی خواوە دەکەن، خۆشیان ئەمە چاك دەزانن"، جا ئەمە تاوانەکە مەزنترە، بەوەی قسە بەبێ زانست بەناوی خواوە بکەیت، دواتر خوای گەورە بەرپەرچی گومانی پوچی ئەوانی داوەتەوە، جا فەرموویەتی: ﴿بَلَى﴾ واتە: نا بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێوە، کە پێتان وایە گوناهبار نین بە خواردنی سامانی نەخوێندەواران، بەڵکو گەورەترین گوناهــــ و تاوانتان بەم هۆیە لە ئەستۆدایە.

﴿مَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ وَاتَّقَى﴾ واتە: "هەر کەسێك بەڵێنەکەی بەجێبگەیەنێ و لەخواترس بێ"، پەیمان: ئەو بەڵێنانە دەگرێتەوە کە لە نێوان بەندە و پەروەردگاریدا هەیە، کە هەموو ئەو مافانەی خوا دەگرێتەوە کە لەسەر بەندە پێویستی کردووە، و بەڵێنی نێوان بەندە و بەندەکانی دیکەش دەگرێتەوە، لەخواترسان لێرەدا، دەگەڕێتەوە بۆ خۆپاراستن لە سەرپێچیەکانی نێوان بەندە و پەروەردگار، لە نێوان بەندە و بەدیهێنراوان، جا هەر یەکێك بەم جۆرە بوو، ئەوا یەکێکە لە پارێزکار و لەخواترسەکان، کە خوای پایەبەرز خۆشیدەوێن ﴿فَإِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾ واتە: "بێگومان خوا لەخواترس و پارێزکارانی خۆشدەوێ"، جا ئەو کەسانە لە خوێندەواران یاخود لە کەسانی دیکە بن، جا هەر یەکێك بڵێت هیچ گوناهێکمان لەسەر نییە بەرامبەر بەوەی لەگەڵ نەخوێندەواران دەیکەین، بەمەش

پەیمانەکەی بەجێنەگەیەنێ و لەخوانەترسێ، ئەوا لەو کەسانە نابێ کە خوا خۆشیدەوێن، بەڵکو لەوانە دەبێ کە بەر خەشم و قینی خوا دەکەون، جا ئەگەر نەخوێندەواران بەووە ناسران کە پەیمان بەجێدەگەیەنن و لەخوادەترسن، ماڵی پارێزراو ناخۆن، بێ گومان ئەوان خۆشەویستی خوان، ئەو پارێزکارانەن کە بەهەشتیان بۆ ئامادەکراوە، باشترین و بەڕێزترین کەس دەبن لە نێو بەدیهێنراواندا، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەڵێن: هیچ گوناهێکمان لەسەر نییە بەرامبەر بەووەی لەگەڵ نەخوێندەواران دەیکەین، ئا ئەوانە دەچنە نێو بازنەی ئەم فەرمایشتەی خوا: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ واتە: "بەڕاستی ئەوانەی پەیمان و بەڵێنی خوا و سوێندەکانیان دەفرۆشن و بەڵێنەکانیان دەشکێنن بەرامبەر نرخێکی زۆر کەم"، ئەمە ئەووەش دەگرێتەوە کە کەسێك شتێکی دونیایی وەربگرێ، لەبەرامبەر پێشێلکردنی مافێکی خوا یان مافێکی بەندەکانی، بەهەمان شێوە ئەم ئایەتە ئەووەش دەگرێتەوە کە هەر یەکێك سوێندێك بخوات، بۆ ئەوەی سامانی کەسێکی ماف پارێزراو پێشێل بکات، ئا ﴿أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ﴾ واتە: ئەوانەی هیچ بەشە خێر و چاکەیەکیان نییە لە دوارۆژدا، ﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ لە دوارۆژدا خوای گەورە گفتوگۆیان لەگەڵدا ناکات و "سەیریان ناکات"، بەر خەشم و توڕەیی خۆیان دەخات، چونکە ئارەزووی خۆیان بەسەر ڕەزامەندی پەروەردگاریان پەسەند کردووە، ﴿وَلَا يُزَكِّيهِمْ﴾ واتە: لە گوناهەکانیان پاکیان ناکاتەوە، کەموکورتییەکانیان ناسڕێتەوە ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: "سزایەکی بەئازاریان بۆ هەیە" کە دڵ و جەستەیان دەئێشێنێ، ئەمە سزای توڕەیی و بێ بەشکردنیانە، سزای دۆزخە، تکاکارین لە خوای گەورە بمانپارێزێ.

(٧٨) ﴿وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُمْ بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٨﴾

خوای گەورە باس لەوە دەکات، کە ﴿وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُمْ بِالْكِتَابِ﴾ کۆمەڵێك لە خاوەن کتێبەکان هەن، زمانیان بادەدەن، بەدەم خوێندنەوەی کتێبی خوا، واتە: دەستکاری دەکەن و مەبەستەکەی دەشێوێنن، ئەمەش بادانەوە و شێواندنی وشە و ماناکانی دەگرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی مەبەست لە کتێبی خوا پاراستنی بێژە و دەستکاری نەکردنیەتی، تێگەیشتنە لە مەبەست و تێگەیاندنی خەڵکیە لێی، بەڵام ئەوانە شتەکەیان پێچەوانە کردەوە و مەبەستی کتێبیخوایان گۆڕی، یان بە ڕاستەوخۆ یان بە ناڕاستەوخۆ، نا ڕاستەوخۆ لەم فەرمایشتەدا هاتووە: ﴿يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُمْ بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ﴾ واتە: زمانیان پێ بادەدەن، تا خەیاڵ و گومانی ئەوەتان بۆ دروست بێ، کە ئەوەی ئەوان دەڵێن مەبەستی کتێبی خوایە، لەکاتێکدا وا نییە﴿وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ﴾ قسە و لێکدانەوەی ئەوان گوزارشت لە مەبەستی کتێبی خوا ناکات، دەستکاری ڕاستەوخۆی کتێبی خواش لەم وتەیەیاندایە: ﴿وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ واتە: "دەڵێن ئەمە لەلایەن خواوە هاتووە – و خوا ئەمەی مەبەستە –، لەکاتێکدا هەرگیز خوا شتی وای ڕەوانە نەکردووە، جا ئا ئەوانە درۆ بە ناوی خواوە دەکەن، خۆشیان ئەمە چاك دەزانن"، ئەمە تاوانێکی مەزنترە لە تاوانی ئەو کەسەی قسەیەك بەناوی خواوە دەکات بە نەزانی، ئەوانە درۆ بەناوی خواوە دەکەن، لە یەك کاتدا مانای ڕاست ڕەوا ڕەتدەکەنەوە، مانای پوچەڵ جێگیر دەکەن، ئەو وشە و

بیژەیەی ئاماژە بە حەق دەکات، بۆ مانایەکی خراپ بەکاردەهێنن، هەرچەندە ئەمەش دەزانن.

(٧٩، ٨٠) ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَادًا لِي مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُمْ بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾

ئەم ئایەتە لە بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانە لە خاوەن کتێبەکان دابەزی، دوای ئەوەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بانگی کردن تا باوەڕی پێ بهێنن، ئەوا پێیان وت: ئایا ئەی محەممەد دەتەوێت تۆش لەگەڵ خوا بپەرستین، جا ئەم فەرمایشتەی خوا: ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ﴾ واتە: هەرگیز نابێ و ئەستەمە، کەسێك خوای گەورە بەخششی لەگەڵ کردبێ، بە پێدانی کتێب و فێرکردنی ئەو شتانەی کە نەیزانیوە و ڕەوانەکردنی بە پەیامبەر بۆ بەدیهێنراوان، کەچی ﴿ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَادًا لِي مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ "دواتر بە خەڵکی بڵێت بین بە بەندەی من جگە لە خوای گەورە"، ئەمە ئەستەمترین شتێکە، کە لەلایەن یەکێك لە پێغەمبەرانەوە (چاکترین درود و سڵاویان لێبێ) ئەنجام بدرێ، چونکە ئەمە ناشرینترین فەرمانە بە ڕەهایی، پێغەمبەرانیش کامڵترین بەدیهێنراون بەڕەهایی، جا فەرمانەکانیان لەگەڵ بارودۆخیان کۆك و تەبایە، بۆیە تەنها فەرمان بە شتی بەرز دەکەن، لە هەموو خەڵکیش زیاتر ڕێگری لە شتی ناشرین دەکەن،بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَلَكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ﴾ واتە: "بەڵکو ببنە کەسی خواناس و بۆ خوا بژین" خوا فەرمانیان پێدەکات بەوەی بۆ خوا بژین، واتە: ببنە کەسی دانا و هێمن و فێرکار و پەروەردەکاری خەڵکی،

بەوەی فێری زانستە بچوکەکانیان بکەن بەر لە زانستە گەورەکان، کاریشی پێبکەن، ئەوا فەرمان بە زانست و کارکردن و فێرکردن دەکەن، کە بناغەی بەختەوەرییە، جا بە لەدەستچوونی هەر یەکێك لەمانە، کەموکورتی و کرچ و کاڵی ڕوودەدات، پیتی (ب) لەم فەرمایشتەدا: ﴿وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ﴾ تاد، (بائی هۆکارییە) واتە: بەهۆی ئەوەی خەڵکی دیکە فێر دەکەن، کە زانست و لێکۆڵینەوەی ئێوەش بۆ کتێب و سوننەتی پێغەمبەرەکەی دەگرێتەوە، کە بە لێکۆڵینەوەی زانستەکە جێگر دەبێ و دەمێنێ، بەمەش دەبنە کەسانێکی ملکەچ و بۆ خوا ژیاو ﴿وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا﴾ "هیچ – پێغەمبەرێك – فەرمانتان پێناکات فریشتە و پێغەمبەران بکەنە پەروەردگار"، ئەمە گشتاندنە دوای تایبەتکردن، واتە: هیچ – پێغەمبەرێك – فەرمانتان پێناکات، بەوەی ئەو بپەرستن، یان یەکێکی دیکە لە بەدیهێنراوان بپەرستن، لە فریشتەکان و پێغەمبەران و جگە لەوانیش، ﴿أَيَأْمُرُكُمْ بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ "ئایا ڕاستە و دەچێتە عەقڵەوە، کە فەرمانتان پێ بدات بە بێ باوەڕی، دوای موسڵمان بوون و ملکەچبوونتان"، هەرگیز شتی لەم جۆرەی نابێ، ناچێتە عەقڵەوە ئەمە لە کەسێکەوە دەرچێ کە خوای گەورە بەخششی پێغەمبەرایەتی لەگەڵ کردبێ، جا هەر یەکێکیان تانەیەکیان لێبدات، ئەوا گوناهێکی مەزن و کوفرێکی ماڵوێرانکاری ئەنجامداوە.

(٨١، ٨٢) ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ ﴿٨١﴾ فَمَنْ تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿٨٢﴾

﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي﴾ خوای گەورە ڕایدەگەیەنێ: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – یادی ئەوە بکەوە کاتێك خوای گەورە پەیمانی وەرگرت لە پێغەمبەران" بەڵێنی دووپاتکراوی لێوەرگرتن، کاتێك کتێبی دابەزێنراوی خۆی و حیکمەتی جیاکەرەوەی، لە نێوان ڕەوا و نارەوا و ڕێنوێنی و گومڕایی پێبەخشین، کە ئەگەر "لە ئایندەدا" پەیامبەرێکم بۆ ناردن کە بەڕاستدانەری پەیامەکەتان بێ، ئەوا دەبێ باوەڕی پێبهێنن و دانیپێدا بنێن، ئەم بەڵێنە لە ئومەتەکانیشیان وەربگرن، "ئینجا خوا فەرمووی: ئایا دانتاننا بە وەرگرتنی بڕیارەکەم"، خوای گەورە لەسەر هەموو پێغەمبەرانی (درود و سڵاوی خوایان لێبێ) پێویست کردووە، کە باوەڕ بە یەکتر بهێنن، یەکتر بە ڕاست دابنێن، چونکە هەر چییەك کە هەیانە لەلایەن خواوە بووە بۆیان هاتووە، هەر چییەکیش لەلایەن خواوە بووبێ، ئەوا پێویستە دانی پێدابنرێ و باوەڕی پێبهێنرێ، کەواتە ئەمانە وەك یەك شت وان، بۆیە بەم پێیە ئەوە زانراوە کە محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کۆتا پێغەمبەرە، هەموو پێغەمبەران (درود و سڵاوی خوایان لێبێ)، ئەگەر گەیشتبانە پێغەمبەر محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، ئەوا پێویست دەبوو لەسەریان، کە باوەڕی پێبهێنن و شوێنی بکەون و سەریبخەن، ئەویش دەبووە پێشەوا و ڕابەر و شوێن پێ هەڵگیراوی ئەوان، جا ئەم ئایەتە مەزنە یەکێکە لە گەورەترین بەڵگەکان، لەسەر بەرزی پلە و پیرۆزی و ڕێز و شکۆی پێغەمبەرمان (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، هەر ئەویش چاکترین و پایەدارترین و سەرووەری پێغەمبەران و پەیامبەرانە (درود و سڵاوی خوایان لێبێ)، کاتێك خوای پایەدار داوای دانپێدانانی لێیان کرد، ئەوا ﴿قَالُوا أَقْرَرْنَا﴾ وتیان: فەرمانەکەتمان قبولْ کرد ﴿قَالَ﴾ خوای مەزن پێی فەرموون: ﴿فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾ ئەم شاهیدی و گەواهیە لەسەر خۆتان و

ئوممەتەکانتان بدەن، ﴿وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ﴾ "منیش لەگەڵ ئێوە لە گەواهیدەرانم، ﴿فَمَنْ تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ﴾ جا هەر کەسێك دوای ئەمە پشت بکاتە" ئەم پەیمان و بەڵێنە جەخت لەسەرکراوە، بە گەواهی خوا و پەیامبەرانی (درود و سڵاوی خوایان لێبێ) ﴿فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ واتە: "ئا ئەوانە لاسار و سەرپێچیکارن"، بەم پێیە هەر یەکێك بانگەشەی ئەوە بکات کە شوێنکەوتووی پێغەمبەرانە (درود و سڵاوی خوایان لێبێ)، وەك: جولەکە و گاورەکان و شوێنکەوتووانیان، ئەوا پشتیان لەم بەڵێنە سەنگینە کردووە، بەمەش شایستەی لاساریی بوون، کە ئەگەر باوەڕ بە پێغەمبەر محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نەهێنن، ئەوا بەم هۆیە تا هەتایە لە ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە.

(٨٣) ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾

﴿أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ﴾ ئایا ئەوانە ئاینێکی دیکەیان دەوێ، جگە لە ئاینی خوا؟ ئەمە چاك و گونجاو و شایستە نییە، چونکە هیچ ئاین و دینێك لە ئاینی خوا چاکتر نییە ﴿وَلَهُ أَسْلَمَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ واتە: "لەکاتێکدا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوییدایە" هەموو بوونەوەر ملکەچی خوای گەورەن بە ڕامو و دەستەمۆکردنی، ملکەچن بۆ خوا چ خۆویستانە یان بە ناچاری، ئەوانەی بە خۆویستانە ملکەچن، بریتین لە: باوەڕداران کە ملکەچی بەندایەتی پەروەردگاریانن، تێکڕای بەدیهێنراوانی دیکەش بە ناچاری ملکەچن بۆی، تەنانەت بێ باوەڕانیش ملکەچ و دەستەمۆی قەزا و قەدەری خوان و لێی دەرناچن، ناتوانن دەستەوەسانی بکەن، سەرئەنجام گەڕانەوەی هەموو بوونەوەر هەر بۆ لای خوایە، ئەوسا داوەریان لە نێواندا دەکات، بە

فەرمانڕەوایی خۆی داوەریان لە نێواندا دەکات، کە لە نێوان بەخشش و دادگەریدا دەخولێتەوە.

(٨٤) ﴿قُلْ آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ ﴿٨٤﴾

ئەم ئایەتە پیرۆزە، هەموو ئەو شتانە لەخۆ دەگرێ، کە پێویستە باوەڕداران باوەڕیان پێ هەبێ(١).

چاك بزانە باوەڕ بەڕاستدانانی دڵە بە تەواوی بەم بنچینە و پایانە، ئەم دانپێدانانە کار و کردەوەکانی دڵ و ئەندامەکانی جەستە دەگرێتەوە، – بەم پێیە – ئیسلامیش لەخۆدەگرێ، تەنانەت هەموو کردەوە چاکەکان دەگرێتەوە، ئەمانە بەشێکن لە باوەڕ و شوێنەوارێکن لە شوێنەوارەکانی، جا کە وشەی ئیمان و باوەڕ "بە تەنها" باسکرا، ئەوا ئەو شتانە دەگرێتەوە کە باسمانکردن، بەهەمان شێوە ئیسلامیش کە "بە تەنها" باسکرا، ئەوا باوەڕیش دەگرێتەوە، ئەگەر ئیمان و ئیسلامیش بەیەکەوە باسکران، ئەوا ئەو کاتە ئیمان و باوەڕ گوزارشت دەبێ لە دانپێدانان و بەڕاستدانانی دڵ، ئیسلامیش گوزارشت دەبێ لە کردەوە دیارەکان، بەهەمان جۆر کاتێك باوەڕ و کردەوەی چاکیش بەیەکەوە باس دەکرێن، هەمان لێکدانەوەیان بۆ دەکرێ.

(١) نووسەر لێرەدا ڕاڤەی ئەم ئایەتە و ئایەتی ١٣٦ سورەتی بەقەرەی وەك یەك کردووە، لێرەدا نووسیویەتی بگەڕێوە بۆ سورەتی بەقەرە بۆ ڕاڤەی ئەم ئایەتە، بەڵام من لێرەش دامناوەتەوە بە تۆزێك دەستکاریەوە، چونکە هەر دوو سورەتەکەمان بە جیا لە چاپداوە. (وەرگێڕ).

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿قُلْ﴾ واتە: بە زمانت "بڵێ"، بە جۆرێك كۆك و هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ ئەوەی كە لە دڵتدایە، ئەمەیە گوفتاری كامڵ، كە پاداشت و سزای لێدەپشكوێتەوە، هەروەك چۆن بە زمان دەربڕین بەبێ باوەڕ پێ هەبوون بە دڵ، بە دووڕوویی و بێ باوەڕی دادەنرێ، جا قسەیەك كە كرداری دڵی لەگەڵدا نەبێ، كاریگەری نییە و سودیشی كەمە، گریمان ئەگەر بەندە پاداشتیشی لەسەر وەربگرێتەوە، بەو مەرجەی قسەكە چاك بێ و بناغەی باوەڕی لەگەڵ دابێ، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان قسەی ڕووت، لەگەڵ ئەو قسەیەی كە كردەوەی دڵی لەگەڵدایە.

سەبارەت بەم فەرمایشتە: ﴿قُلْ﴾ ئاماژەیە بۆ ڕاگەیاندنی بیروباوەڕ، و خستنەڕوو و بانگەوازی بۆ كردنی، چونكە بناغە و بنچینەی ئاینە.

دەربارەی ئەم فەرمایشتە: ﴿آمَنَّا﴾ "واتە: باوەڕمان هێناوە"، هاوشێوەی ئەم فەرمایشتە كە ئەنجامدانی كردەوەی لێبەرهەم دێ، دراوەتە پاڵ هەموو ئوممەت، ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێویستە لەسەر ئوممەت، دەستبگرێ بە تێكڕای بەرنامەی خواوە، هاندانە بۆ یەكگرتن تا پاڵنەر و ئامانجیان یەك بێ، كار و كردەوەشیان یەككگرتوو بێ، لەهەمان كاتدا ڕێگری دەكات لە پەرتەوازەیی، ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە كە باوەڕداران وەك یەك جەستەن.

ئەم فەرمایشتە: ﴿قُلْ آمَنَّا بِاللَّهِ﴾ تا كۆتایی ئایەتەكە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە دروستە مرۆڤ باوەڕ بداتە پاڵ خۆی، بەشێوەیەكی كۆت و بەندكراو، بەوپێیەی كە پێویستە، بەپێچەوانەی ئەوەی كە دەوترێت: ((من باوەڕدارم)) و هاوشێوەكانی، چونكە ئەم جۆرە گوزارشتانە تەنها بە بەستنەوە بە ویستی خوای گەورەوە دەوترێ، "بۆ نموونە دەوترێ: ئەگەر خوا بیەوێ باوەڕدارم"، لەبەر ئەوەی "وتنی ئەمە بەبێ بەكارهێنانی ویستی خوا و گوزارشتە هاوشێوەكانی" پاكانەكردنە بۆ خود، و گەواهیدانی لەسەر ئەوەی باوەڕدارە.

جا کە دەفەرمووێ: ﴿آمَنَّا بِاللَّهِ﴾ واتە: "باوەڕدارین بە خوای گەورە"، بەوەی کە بوونی هەیە و تاك و تەنهایە، خاوەنی هەموو سیفەتە کاملّەکانە، پاك و بەرزە لە گشت کەموکورتیەکان، هەر ئەو شایستەی پەرستنە، نابێ لە هیچ پەرستشێکدا هاوبەش و هاوەڵی بەهیچ جۆرێك بۆ دابنرێ.

﴿وَمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا﴾ "واتە: باوەڕیشمان هەیە بەو پەیامەی کە بۆمان دابەزێنراوە"، کە قورئانی بەرز و سوننەتی بەپێز دەگرێتەوە، هەروەك خوای پایەبەرز لەوبارەوە دەفەرمووێ: ﴿وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ﴾ نیساء: ١١٣، واتە: "خوای گەورە کتێب و حیکمەت و دانایی بۆ سەر تۆ دابەزاندووە"، بەمەش باوەڕبوون دەگرێتەوە بە ناوەڕۆکی کتێبی خوا و سوننەتی پەیامبەرەکەی، لە باوەڕ هێنان بە سیفەتەکانی خوای بەدیهێنەر، خاسیەت و سیفەتی پەیامبەرەکانی، دواڕۆژ، جیهانی نادیار (غەیب)ـــی ڕابردوو داهاتوو، هەروەها باوەڕبوون بەو حوکمە شەرعییە فەرمانکەرانەی تێیدان، لەگەڵ حوکمەکانی سزا و جگە لەمانەش.

﴿وَمَا أُنْزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ﴾ "واتە: باوەڕیشمان هەیە بەو پەیامەی کە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و ئەسبات (نەوەکانی یەعقوب) هاتووە، بەو پەیامەش کە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ موسا و عیسا و پێغەمبەران (سڵاوی خوا لە هەموویان بێ) دابەزیوە"، ئەمە باوەڕبوونی تێدایە بە هەموو ئەو کتێبانەی کە بۆ هەموو پێغەمبەران دابەزیون، باوەڕبوونیشی تێدایە بە پێغەمبەران بەگشتی، ئەو پێغەمبەرانەش کە لەم ئایەتەدا ئاماژەیان پێدراوە بەتایبەتی، بەهۆی ئەوەیە کە پێغەمبەرانی ناوبراو ڕێز و پایەیەکی مەزنیان هەیە و خاوەنی شەریعەتی گەورەن، کەواتە لە باوەڕبوون بە پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانیەکان، واجبە و پێویستە باوەڕداران باوەڕیان بە هەمووان هەبێ بەگشتی، دواتر

ئەوەی کە بە تێروتەسەلی بە سروش باسیکراوە ئەوا پێویستە ئێمەش بە تێروتەسەلی باوەڕی پێبهێنین.

سەبارەت بەوەش کە فەرموویەتی: ﴿لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ﴾ واتە: "جیاوازی لە نێو هیچ یەکێکیاندا ناکەین"، بەڵکو باوەڕمان بە هەر هەموویان هەیە، ئەمەیە تایبەتمەندی موسڵمانان، کە بەهۆیەوە جیاوازن لە شوێنکەوتووی هەر ئاینێکی تر.

جولەکە و گاور و صابیئەکان و جگە لەوانیش، – ئەگەر باوەڕیشیان وابێ کە باوەڕیان هەیە، بە پەیامی ئەو پەیامبەر و کتێبە ئاسمانیانەی باوەڕیان پێی هەیە – ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە پەیامبەرانی دیکە نییە، بەمەش جیاوازی لە نێوان پەیامبەر و کتێبە ئاسمانیەکان دەکەن، کە باوەڕیان بە بەشێکیان هەیە، بێ باوەڕیشن بە بەشێکی دیکەیان، بەمەش بەهۆی بەدرۆخستنەوەیان بۆ بەشێك لە پەیامبەر و کتێبە ئاسمانیەکان، باوەڕەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە، جا ئەو پەیامبەرەی کە ئەوان پێیان وایە باوەڕیان پێی هەیە، ئەوا ئەو پەیامبەرە هەموو پەیامبەرەکانی دیکەی و بەتایبەت محەمەدی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەڕاستداناوە، بۆیە ئەگەر خاوەن کتێبەکان پێغەمبەر محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەدرۆ بخەنەوە، ئەوا بەمە ئەو هەواڵە بەدرۆدەخەنەوە، کە پەیامبەرەکەیان پێیانی داوە، بەمەش بێ باوەڕ دەبن بە پەیامبەرەکانیشیان.

لەم فەرمایشتەدا: ﴿وَالنَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ﴾ ئاماژەیەك هەیە بۆ ئەوەی بەخششی ئاین، بەخششی ڕاستەقینەیە، کە بە کامەرانی دونیا و دوارۆژەوە وابەستەیە، فەرمانی پێ نەکردووین، کە باوەڕ بهێنین بە دەسەڵات و سامان و هاوشێوەکانی ئەمانە کە بە پێغەمبەران دراوە، بەڵکو فەرمانمان پێکراوە کە باوەڕدار بین بەو کتێب و شەریعەتانەی کە پێیان دراوە، هەروەها ئەوەشی لەخۆگرتووە کە پەیامبەران تەنها ڕاگەیەنەری پەیامی خوان،

نێوەندگیرن لە نێوان خوا و بەدیهێنراوانی لە ڕاگەیاندنی ئاینی خوا بە بەدیهێنراوان، کەواتە هیچ شتێکیان بەدەست نییە لە ئایندا.

لەم فەرمایشتە: ﴿مِنْ رَبِّهِمْ﴾ ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی، کە خوای گەورە لە کاملێ پەروەردگاریێتی خۆیەوەیە، کە کتێبی بۆ بەندەکانی دابەزاندووە و پەیامبەرانی بۆ ناردوون، پەروەردگاریێتی خوا ئەوە ناخوازێ کە بە هەرەمەکی فەرامۆشیان بکات.

مادەم ئەو پەیامەی بە پێغەمبەران دراوە، لەلایەن پەروەردگارەوە بوو، ئەوا جیاوازی دەردەکەوێ لە نێوان پێغەمبەرانی خوا و ئەوەش کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، جا جیاوازیەکە ڕوودەدات لە نێوانیاندا لەگەڵ زانینی ئەو شتەی بانگەشەی بۆ دەکەن، پەیامبەرانی خوا تەنها بانگەواز بۆ چاکە و ڕێگری لە هەرچی خراپەیە دەکەن، هەر یەکێکیشی لە پەیامبەرانی خوا پەیامبەرەکانی دیکە بەڕاست دادەنێ، گەواهی ڕاستی و ڕەوایی بۆ دەدات، بەبێ ئەوەی دژایەتی و تێکگیرانیان هەبێ، چونکە هەموویان لەلایەن پەروەردگارەوە هاتوون: ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾ نیساء: ٨٢. واتە: "خۆ ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن جگە لە خوای گەورەوە هاتبوایە، ئەوا تێکگیرانێکی زۆر تێیدا بەدیدەکرا".

ئەمەش بەپێچەوانەی بانگەشەی ئەو کەسەیە کە بەدرۆ بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، کە هەواڵ و فەرمان و ڕێگرییەکانیان تێکگیراون، هەروەك ئەمە زانراوە لە بەسەرهاتی هەموو ئەوانەی ئەم بانگەشەیەیان کردووە و زانراویشە بانگەشەیان بۆچی کردووە.

دا کاتێك خوای پایەبڵند، هەموو ئەو شتانەی خستەڕوو، کە دەبێ باوەڕدار بڕوای پێ هەبێ بە گشتی و تایبەتی و، قسە بەبێ کردار سوودی نابێ، دواتر فەرموویەتی: ﴿وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ واتە: ملکەچی گەورەیی خوای گەورەین، بە دەر و دەروونمان (بظاهرنا و

باطننا) پابەندی بەندایەتی ئەوین، پەرستش بە دڵسۆزی هەر بۆ خوا دەکەین، بەرکار (المعمول)ـــی پێشخستووە کە ﴿لَهُ﴾ بەسەر کارادا کە ﴿مُسْلِمُونَ﴾.

ئەم ئایەتە پیرۆزە، – سەرباری کورتی و پوختییەکەی – ئەوا سێ جۆرەکەی یەکخواناسی لەخۆگرتووە: یەکخواناسی لە پەروەردگاریێتیدا، یەکخواناسی لە پەرستراویێتیدا، یەکخواناسی لە ناو و سیفەتەکاندا.

باوەڕبوونیشی لەخۆگرتووە بە هەموو پەیامبەران و کتێبەکانی خوا، لە دوای گشتاندن بەتایبەتی باسی کردووە، کە ئاماژەیە بۆ پایەداری، هەروەها بەڕاستدانانی بە دڵ و زمان و ئەندامەکانی جەستە و دڵسۆزی بۆ خوا لە هەمو ئەمانەدا، جیاوازیشی تێدایە لە نێوان پەیامبەرە ڕاستگۆکان و ئەوانەی کە بەدرۆ بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن. هەروەها خوای بەدیهێنەر بەندە باوەڕدارەکانی فێر دەکات چۆن ئەمە دەربڕن، ئاماژەشی بە ڕەحمەت و بەخششی خوای گەورە کردووە، کە چۆن بەخششە ئاینیەکانی لەگەڵدا کردوون، کە کامەرانی دونیا و دواڕۆژی پێیانەوە پەیوەستن.

پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە کتێبی خۆی کردۆتە ڕوونکەرەوەی هەموو شتێك، هەروەها مایەی ڕەحمەت و میهرەبانی بۆ کۆمەڵانێك کە باوەڕ دەهێنن.

﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾

﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ واتە: هەر کەسێك جگە لە ئاینی ئیسلام ئاینێکی دیکە هەڵبژێرێ و خواپەرستی پێ بکات، لە کاتێکدا خوای گەورە تەنها بە ئیسلام وەك ئاین بۆ بەندەکانی ڕازییە، – ئەوەی هەر ئاینێکی دیکەی جگە لە ئیسلام هەڵبژاردووە ئەوا لە دواڕۆژدا لە زیانمەندانە – ئەوا

کردەوەکانی ڕەتکراوەن، چونکە ئاینی ئیسلام ملکەچبوونی بۆ خوا تیدایە، دڵسۆزی و گوێڕایەڵی بۆ پەیامبەر و پێغەمبەرانی لەخۆدەگری، جا ئەگەر بەندە ئاینی ئیسلام هەڵنەبژێری، ئەوا هۆکاری سەرکەوتن و ڕزگاربوون دەستناخات لە سزای خوا و بەدەستهێنانی پاداشتەکەی، هەرچی دینێکی دیکەیە جگە لە ئیسلام پوچەڵە، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(٨٦ – ٨٩) ﴿كَيفَ يَهْدِي اللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُوا أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُولَئِكَ جَزَاؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَالِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنْظَرُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿٨٩﴾

﴿كَيفَ يَهْدِي اللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ وَشَهِدُوا أَنَّ الرَّسُولَ حَقٌّ وَجَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ﴾ ئەمە دەچێتە چوارچێوەی بەدوورزانین و شتی ئەستەمەوە، واتە: شتێکی زۆر دوورە خوای گەورە ڕێنوێنی گەلێك بکات، کە بێ باوەڕی و گومراییان هەڵبژاردبێ، ئەمەش دوای ئەوەی کە باوەڕیان هێناوە و گەواهیان داوە، کە پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ڕاستە و ئەو بەڵگە و نیشانە ڕوون و سەلمێنراوانەی هێناویەتی ڕەوا و دروستن ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ "بێگومان خوا ڕێنوێنی گەلی ستەمکاران ناکات"، ئەوانە ستەمیان کرد و زانیان لە حەق و ڕاستی هێنا، دوای ئەوەی ناسیان و پێی ئاشنابوون، شوێن نا حەق و پوچەڵی کەوتن، لەگەڵ ئەوەش کە دەیانزانی پوچەڵە، ئەمەش بەهۆی ستەم و دەستدرێژی و شوێنکەوتنی ئارەزوویانەوە، ئا ئەوانە سەرکەوتوو نابن لە گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست، چونکە ئەو کەسەی ئومێدی ئەوەی لێدەکری، کە ڕێگەی ڕاست

بگرێتەبەر، ئەو کەسەیە کە حەقی نەناسیوە، بەڵام سوریشە لەسەر دەستخستنی، ئا ئەو کەسە شایستەی ئەوەیە کە خوا هۆکارەکانی ڕێنوێنی و گرتنەبەری ڕێگەی ڕاستی بۆ ئاسان بکات، بیپارێزێ لە هۆکارەکانی گومڕایی، دواتر خوا هەواڵی داوە لەبارەی سزای ئەو بێ باوەڕانە لە دونیا و دوارِۆژدا، جا فەرموویەتی: ﴿أُولَئِكَ جَزَاؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَالِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ..﴾ واتە: "بەڕاستی سزای ئەوانە، ئەوەیە کە نەفرینی خوا و فریشتەکان و تێکڕای خەڵکیان لەسەرە، تا هەتایە لە ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە"، هەرگیز سزاکەیان لەسەر سوك ناکرێ، بۆ ماوەی تەنها بۆ ساتێکیش، چ بە لابردنی سزاکە یان بە کەمێك سووککردنی، ﴿..وَلَا هُمْ يُنْظَرُونَ﴾ واتە: ماوەشیان پێنادرێ، چونکە کاتی ماوەپێدان بەسەرچووە، خوا ئەوەندە تەمەنی پێدان، کە مایەی پەند لێوەرگرتن بوو بۆ کەسی پەندوەرگر، خۆ ئەگەر خێر و چاکەیەکیان تێدا بووبایە، ئەوا لێیان دەردەکەوت، تەنانەت ئەگەر بگەڕێنرێنەوە بۆ دونیا، ئەوا هەمان ئەو شتانەیان ئەنجام دەدا، کە پێشتر دەیانکرد.

"﴿إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾" واتە: جگە لەو کەسانە نەبن، کە فریای خۆیان کەوتبن، تۆبەیان کربێ دوای ئەم لادانە، چاکسازیان کردبێ، ئەوا بەڕاستی خوای گەورە گوناهپۆش و میهرەبانە"[1].

(١) دانە (نوسخەی) ئەو تەفسیرە کە لەبەردەستمە و وەرگێڕانی بۆ دەکەم، ئایەتی ٨٩ پەڕاندووە، بۆیە من لێرەدا دامناوەتەوە. (وەرگێڕ).

(٩٠، ٩١) ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَنْ تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الضَّالُّونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِمْ مِلْءُ الْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ افْتَدَى بِهِ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ ﴿٩١﴾

﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بَعْدَ إِيمَانِهِمْ ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَنْ تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ﴾ خوای پایەبلٚند ڕایدەگەیەنێ، کە بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕبوون، دوای ئەوەی باوەڕیان هێناوە، دواتر زیاتر لە بێ باوەڕییەکەیاندا ڕۆچوون، بە یاخیبوون و گومڕابوونی زیاتر، بەردەوامبوونیان وازهێنان لە ڕێنوێنی و ڕێگەی ڕاست، ئا ئەوانە تۆبە و پەشیمانیان قبوڵ نییە، واتە: هەرگیز سەرناخرێن بۆ تۆبەکردنێك کە قبوڵ کراو بێ، بەڵکو خوای گەورە ماوەیان پێدەدات تا لە گومڕاییەکەیاندا بگەوزن، خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ ئەنعام: ١١٠. واتە: "ئەو کاتە دڵ و چاوەکانیان هەڵدەگێڕینەوە – لە نێوان جۆرەها لێکدانەوەدا– هەروەك چۆن لەسەرەتاوە باوەڕیان پێ نەهێنابوو"، ﴿فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ﴾ صەف: ٥. واتە: "کاتێك ئەوان لایاندا، ئەوسا خوای گەورە دڵی ئەوانی لادا"، جا گوناهــ و خراپەکان یەکتر بەرهەم دەهێنن، بەتایبەت بۆ ئەو کەسەی کوفری مەزنی ئەنجام دابێ و ڕێگەی ڕاستی فەرامۆشکردبێ، بەڵگەشی لەسەر بەرپابووبێ، خوای گەورە نیشانە و بەڵگەکانی لەسەر بەرپاکردبێ، ئا ئەمە ئەو کەسەیە کە هەوڵێداوە هۆکارەکانی میهرەبانی پەروەردگاری بپچڕێنێ، دەرگای تۆبەی بەڕووی خۆیدا داخستووە، بۆیە خوای گومڕایی لەم چەشنە کەسانەدا کورت هەڵهێناوە، ﴿وَأُولَئِكَ هُمُ الضَّالُّونَ﴾ واتە: "ئا ئەوانەن گومڕا و سەرلێشێواو"، جا چ گوڕاییەك

مەزنترە لەوەی واز لە ڕێگەی ڕاست بهێنی، دوای ئەوەی مرۆڤ ئاشنایەتی و بەرچاوڕۆشنی تەواوی لەوبارەوە بەدەستهێناوە، "﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِمْ مِلْءُ الْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ افْتَدَى بِهِ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ ﴿٩١﴾﴾ واتە: بێگومان ئەوانەی بێباوەڕبوون، بە بێباوەڕیش مردوون"، لەسەر کوفر بەردەوام بوونە تا مردن، ئا ئەوانە تیاچوو و بەدبەختن بۆ هەمیشە، خۆ ئەگەر بە ئەندازەی پێستی زەوی ئاڵتوون و زێڕ ببەخشن، تا ڕزگاریان بێ لە سزای خوا، ئەوا ئەمە هیچ سوودێکی بۆیان نابێ، بەڵکو ئەوانە لە نێو سزایەکی بە ئێش و ئازاردا دەمێننەوە، هیچ تکاکار و پشتیوان و بەهاناوەچوو و پەناپێبراوێکیان نییە، کە لە سزای خوا دەربازیان بکات، بۆیە لە هەموو چاکەیەك بێ هیوابوونە، بەدڵنیایەوە تا هەتایە لە نێو سزا و خەشمی خوادا دەمێننەوە، پەنادەگرین بە خوا لە بارودۆخیان.

(٩٢) ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ ﴿٩٢﴾﴾

خوای گەورە هانی بەندەکانی دەدات، بۆ بەخشین بە هەر ڕێگەیەکی چاك و خێردا، جا فەرموویەتی: ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ﴾ واتە: ناگەن بە پلەی چاکەکاری، ئەو چاکەکاریەی خاوەنەکەی بە بەهەشت دەگەیەنێت ﴿حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ واتە: تا لەو ماڵ و سامانە بەنرخ و دەگمەنەتان نەبەخشن، کە زۆر لاتان خۆشەویستە، جا ئەگەر ئێوە خۆشەویستی خواتان پێش خۆشەویستی ماڵ و سامان بەخشی و لە ڕەزامەندی خوادا بەخشیتان، ئەمە بەڵگەیە لەسەر باوەڕی ڕاست و چاکەکاری دڵ و دامەزراوی لەخواترسانتان، جا بەخشینی ماڵ و سامانە دەگمەن و بەهادارەکان، بەخشین لەو کاتەی بەخشەرەکە پێویستی بە شتە بەخشراوەکەیە، بەخشین لەو کاتەی تەندروستی باشە، هەموو ئەمانە دەچنە نێو ئەم

چوارچێوەیەوە، ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات کە چاکەکاری بەندە بەپێی بەخشینی دەبێ لەو شتانەی لای خۆشەویستن، چاکەکارییەکەشی کەم دەبێ، بەپێی کەمبوونی لەم جۆرەدا، جا لەبەر ئەوەی بەخشین بە هەر جۆرێك بێ مایەی پاداشت وەرگرتنی بەندەیە، چ کەم بێ یان زۆر، شتەکە خۆشەویست بێ یان نا لای ناخ و دەروونی بەخشەر، و لەبەر ئەوەی ئەم فەرمایشتەی خوا: ﴿لَن تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ گومانی ئەوە دەگەیەنێ کە بەخشینی جگە لەوەی باسکرا بێ سوود و کەڵکە، ئەوا خوای گەورە بەم فەرمایشتە ئەم گومانەی نەهێشتووە: ﴿وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ﴾ "هەر چییەکیش ببەخشن، ئەوا خوای گەورە پێی زانایە" —بازنەی بەخشینتان – لەسەر بەرتەسك ناكات، بەڵكو بەپێی نیازی ئێوە و سوودی بەخشراوەکە پاداشتتان دەداتەوە.

(٩٣ – ٩٥) ﴿كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِبَنِي إِسْرَائِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ مِنْ قَبْلِ أَنْ تُنَزَّلَ التَّوْرَاةُ قُلْ فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿٩٣﴾ فَمَنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٩٤﴾ قُلْ صَدَقَ اللَّهُ فَاتَّبِعُوا مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٩٥﴾

﴿كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِبَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ "هەرچی خۆراك هەیە حەڵاڵ بوو بۆ نەوەی ئیسرائیل"، ئەمەش بەرپەرچدانەوەی گومان و بۆچوونی پوچی جولەکەکان بوو، بەوەی پێیان وابوو هەڵوەشاندنەوە (نەسخ) دروست نییە، بەم بیانوویە بێ باوەڕبوون بە عیسا و محەممەد (درود و سڵاوی خوایان لێبێ)، چونکە ناوبراوان هەندێك حوکمیان هێناوە لە حەڵاڵ و حەرام کردن، کە پێچەوانەی حوکمەکانی تەوراتن، جا ئەوپەڕی دادگەری و بەویژدان بوون لەگەڵ جولەکەکان، ئەوەیە پابەند بکرێن بەو شتانەی لە تەوراتدا هاتوون، کە بریتییە لەوەی هەموو جۆرە خۆراکەکان بۆ نەوەی ئیسرائیل حەڵاڵ کرابوون، ﴿إِلَّا مَا

حَرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ﴾ "تەنها ئەو شتانە نەبن" کە یەعقوب لە خۆی حەرام کردبوو، ﴿عَلَى نَفْسِهِ﴾ واتە: خوای پایەبەرز حەرامی نەکردبوو، بەڵکو کاتێك ئەمانەی لەسەر خۆ حەرام کرد، کە تووشی نەخۆشی پشت ئێشان بوو، جا نەزری کرد کە ئەگەر خوای پایەدار شیفای بدات، ئەوا خۆشەویستترین خۆراك لەخۆی حەرام دەکات، بەپێی ئەوەی باسیان کردووە، گۆشت و شیری وشتری لەخۆی حەرام کرد، نەوەکانیشی لەسەر ئەم نەزرەی ئەو ڕۆیشتن، ﴿مِنْ قَبْلِ أَنْ تُنَزَّلَ التَّوْرَاةُ﴾ "ئەمەش پێش دابەزینی تەورات بوو"، "﴿قُلْ فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ واتە: – ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – پێیان بڵێ: دەسا تەورات بهێنن و بیخوێننەوە، ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن". دواتر لە تەوراتدا هەندێك شت حەرام کران، کە جیاواز بوون لەوەی یەعقوب (سڵاوی خوای لێبێ) لەخۆی حەرام کردبوو، ئەو شتانەی حەڵاڵ و چاك و پاك بوون، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ﴾ نیساء: ١٦٠. واتە: "بەهۆی ستەم و زۆرداری ئەوانەی بوونە جولەکە، کۆمەڵە شتێکی چاك و پاکمان لێ حەرام کردن، لەکاتێکدا پێشتر بۆیان حەڵاڵ کرابوو"، خوای مەزن فەرمان بە پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەکات، بەوەی ئەگەر جولەکەکان نکۆڵیان کرد، ئەوا با تەورات بهێنن، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لەسەر ستەم و نکۆڵیکاری، بۆیە خوای پایەبەرز فەرمووی: ﴿فَمَنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ واتە: "هەر یەکێك دوای ئەم هەموو ڕوونکردنەوە و بەڵگانە، درۆ بە ناوی خواوە بکات، ئا ئەوانە ستەمکارن". جا کێ هەیە ستەمکارتر بێ لەو کەسەی، کە بانگ بکرێت بۆ ئەوەی کتێبی خوا بکرێتە دادوەر، کەچی ئەو ئەمە ڕەت بکاتەوە، بەهۆی خۆ زاڵکردن و و خۆبەزلزانی و سەرکەشیەکەیەوە، ئەمە یەکێکە لە گەورەترین بەڵگەکان، لەسەر ڕاست و دروستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان محەمەد (درود

و سڵاوی خوای لێبێ)، چەندین بەڵگەی جۆراوجۆر بەرپابوونە لەسەر ڕاستگۆییەکەی و، ڕاستی ئەو هەواڵانەی داویەتی، لەبارەی ئەو شتانەوە کە کەس نایزانێ مەگەر پەروەردگار پێی ڕابگەیەنێ، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿قُلْ صَدَقَ اللَّهُ﴾ واتە: "- ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) - بڵێ:" خوای گەورە ڕاستی فەرمووە لەوەی هەواڵی لەبارەوە داوە و بڕیاری لێداوە، ئەمەش فەرمانێکە لەلایەن خواوە بۆ پەیامبەرەکە و شوێنکەوتووانی، تا بە زمان بڵێن: خوای مەزن ڕاستی فەرمووە، بە دڵیش باوەڕی دامەزراویان پێ هەبێ، بەهۆی بەڵگەی دڵنیاکەرەوە، ئەم گەواهیە لەسەر ئەوانەش بەرپا بکەن کە نکۆڵی لێدەکەن، جا لێرەوە دەزانرێ کە ئەو کەسەی لە هەموو خەڵك باوەڕی پتەوترە، ئەو کەسە لە هەمووان زانست و دڵنیایی و باوەڕدارترە بە بەڵگە تیروتەسەلە خەبەری و عەقڵییەکان، ﴿فَاتَّبِعُوا مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ واتە: "شوێن ڕێباز و بەرنامەی ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) بکەون، کە یەکخواناس و یەکتاپەرست بووە، هەرگیز لە هاوبەشدانەران نەبووە"، دواتر پەروەردگار فەرمانیان پێ دەکات بە شوێنکەوتنی ڕێباز و ئاینی ئیبراهیمی (سڵاوی خوای لێبێ) باپیرەیان، بە یەکخواناسی و یەکتاپەرستی و وازهێنان لە هاوبەشدانان، کە بناغەی بەختەوەرییە، جا بە وازهێنان لە ڕێبازی ناوبراو بەندە تووشی بەدبەختی دەبێ، لەمەشدا گەورەترین بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی جولەکەکان و جگە لەوانیش، لەوانەی لەسەر ڕێباز و ئاینی ئیبراهیم نین، ئەوا یەکخواناس و یەکتاپەرست نین، کاتێك خوای گەورە فەرمانی پێکردن بەوەی شوێن ڕێبازی ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) بکەون، لە یەکخواناسی و وازهێنان لە هاوبەشدانان بۆ خوا، ئەوا فەرمانی پێکردن وەك ئیبراهیم (سلاوی خوای لێبێ) ماڵی خوا، کە کەعبەی پیرۆزە بە گەورە بگرن، بە ئەنجامدانی حەج و ڕێوڕەسمەکانی تر، جا فەرموویەتی:

(٩٦، ٩٧) ﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ ﴿٩٦﴾ فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَنْ دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ ﴿٩٧﴾

خوای گەورە باس لە پلەوپایە و ڕێز و گەورەیی کەعبەی پیرۆز دەکات، ﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا﴾ واتە: بەڕاستی کە یەکەم ماڵ و مەنزڵگەیەك، کە بۆ خواپەرستی دانرا، کەعبەی پیرۆزە کە لە شاری مەککەیە"، یەکەم ماڵ کە خوای گەورە بۆ خواپەرستی داینا کەعبەی پیرۆز بوو، کە تیایدا پەوەردگاریان دەپەرست و ئەویش لە گوناهەکانیان خۆشدەبوو، چاوپۆشی لە هەڵەکانیان دەکرد، ئەوەندە خواپەرستی و کاری چاکەیان دەکرد، کە بەهۆیەوە ڕەزامەندی پەروەدگار و پاداشت و ڕزگاربوونیان لە سزاکەی دەستدەخست، بۆیە فەرموویەتی: ﴿مُبَارَكًا﴾ واتە: "پیرۆز و بەرکەتدارە"، بەرەکەتی زۆری تێدایە، کە مایەی سوودی دین و دونیاییە، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ﴾ حەج: ٢٨. واتە: "بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن، یادی خواش بکەنەوە و ناوی پیرۆزی خوا بەردەوام بەسەر دەمیانەوە بێ، لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا، هەروەها ناوی خوا بێنن لەکاتی سەربڕینی ئەو ماڵاتانەی پێمان بەخشیون"، ﴿وَهُدًى لِلْعَالَمِينَ﴾ "ڕێنوێنی بەخشە بۆ هەموو جیهانیان"، ڕێنوێنی دوو جۆرە: ڕێنوێنی لە زانین و بوونناسیدا، دووەمیان ڕێنوێنی لە کاردا، ڕێنوێنی لە کاردا ئاشکرایە، کە خوای گەورە جۆرەها خواپەرستی تێدا داناوە، کە تایبەتە پێی، سەبارەت بە ڕێنوێنی زانست، ئەوەیە کە بەدەستی دەخەن لە ناسینی ڕاستی، بەهۆی بەڵگە و ئایەتە ڕۆشنەکان، کە خوای

گەورە باسی دەكات لەم فەرمایشتەیدا: ﴿فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ﴾ واتە: چەندین بەڵگەی ڕوون و ئاشكرای "تێدایە"، بەڵگەی سەلمێنراوی تێدایە لەسەر جۆرەها زانستی خوایی و داخوازی بەرز و بڵند، وەك بەڵگە لەسەر تاك و تەنهایی خوا، میهرەبانی و دانایی و مەزنی و شكۆ و كامڵی زانست و بێ سنووری بەخشینەكەی، و ئەو بەخششانەی لەگەڵ خۆشەویستان و پێغەمبەرانی كردووە، یەكێك لەو بەڵگە و نیشانانە: ﴿مَقَامُ إِبْرَاهِيمَ﴾ واتە: "شوێنی تایبەتی ئیبراهیمە (سڵاوی خوای لێبێ)" لەوانەیە ئەو شوێنە بێ كە ناسراوە، ئەویش ئەو بەردەیە، كە ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) لەسەری دەوەستا، بۆ بنیاتنانی بنیاتی كەعبە، ئەمەش كاتێك دیوارەكەی بەرز بووەوە، ئەم بەردە بە دیواری كەعبەوە لكابوو، كاتێك عومەر (خوا لێی ڕازیبێ) بووە بڕیار بەدەست، ئەوا لەو شوێنەی دانا كە ئێستا لێیەتی، بەڵگە و نیشانە كە لەوێدا هەیە، وتراوە: شوێنەواری قاچی ئیبراهیمە (سڵاوی خوای لێبێ)، كە لەسەر بەردەكە هەیە و ماوەتەوە، ئەم شوێنەوارە تا نەوەی سەرەتای ئەم ئوممەتە هەر مایەوە، ئەمەش شتێكی دەرئاسایە، هەروەها وتراوە: بەڵگە و نیشانە لەمە شوێنەدا ئەوەیە، كە خوای گەورە لە دڵەكاندا دایناوە، لە بە گەورزانان و ڕێز لێگرتن و بەپیرۆز گرتن و حورمەت بۆ دانانی. دەكرێت مەبەست لە (مەقامی) ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) (مفرد مضاف) بێ، واتە: مەبەست پێی شوێن پێیەكانی ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) بێ لە هەموو ئەو شوێنانەی ڕێوڕەسمەكانی حەجی تێدا كردووە، بەم پێیە هەموو ڕێوڕەسمەكانی حەج دەبنە بەڵگە و نیشانەی ڕۆشن، وەك: تەواف و هاتوچوون لە نێوان سەفا و مەروە و شوێنەكەیان، وەستان لە عەرەفە و موزدەلیفە، بەردباران كردن (الرمي)، هەموو دروشمەكانی دیكەی حەج، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە كە خوای گەورە لە دڵی باوەڕداراندا دایناوە، لە بە گەورەدانان و ڕێزلێگرتن و خەرج كردنی شتە بە نرخەكان لای دەروون و سامانە سەنگینەكان، بۆ گەیشتن بە كەعبەی پیرۆز، بەرگەگرتنی هەموو

سەختییەکان لەم پێناوەدا، ئەوەی لەم چوارچێوەیەدایە، لە نهێنی سەرنجڕاکێش و مانا و مەبەستی بەرز و بڵند، ئەو دانایی و بەرژەوەندیانەی، کە لە کار و کردەوەکانیدان، کە بەدیهێنراوان دەستەوەسانن لە هەژمارکردنی بەشێکیان، یەکێکی تر لە بەڵگە ڕۆشنەکان کە تێیدایە، ئەوەیە ﴿وَمَنْ دَخَلَهُ كَانَ آَمِنًا﴾ واتە: "هەر کەسێك بچێتە ناویەوە ئەوا پارێزراوە" پارێزراوە لە ڕووی شەرع و قەدەرەوە، لە ڕووی شەرعەوە، خوا و پەیامبەری خوا ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) و دواتر پەیامبەری خوا محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، فەرمانیان کردووە ڕێزی لێبگرن و ئەوەی بچێتە ناویەوە بیپارێزن، و نابێ قسەشی پێ بوترێ، تەنانەت حەرامبوونەکە نێچیر و درەخت و ڕووەکەکانیشی گرتووەتەوە، هەندێك لە زانایان بۆچوونیان وایە، هەر یەکێك تاوانێك بکات لە دەرەوەی سنووری کەعبەی پیرۆز، دواتر پەنای بۆ ببات، ئەوا پارێزراو دەبێ و سزای لێدەرناکرێت تا لەوێ دێتە دەرەوە، سەبارەت بە پارێزراوبوونی ئەو کەسەی کە پەنای بۆ بردووە لە ڕووی قەدەرەوە، ئەوا لەبەر ئەوەی خوای پایەبەرز بە قەزا و قەدەری خۆی ڕێزی بۆ داناوە لە ناخ و دەروونەکاندا، تەنانەت لە ناخ و دەروونی ئەو هاوبەشدانەرانەش کە بێ باوەڕن بە پەروەردگاریان، ئەوا ڕێزی لە ناخیاندا داناوە بۆ کەعبەی پیرۆز، تەنانەت هەر یەکێکیان، سەرباری ئەوەی دەمارگیر و نەژادپەرست و پەرگیر و تۆڵەستێنن، کەچی بکوژی باوکیان لە ناو سنووری کەعبەی پیرۆز دەبینن و هێرش ناکەنە سەری، ئەوەش کە کەعبەی پیرۆزی بە پارێزراو داناوە، ئەوا هەر کەسێك کە بیەوێ خراپەیەکی بەرامبەر بکات، ئەوا سزایەکی بە پەلەی دەدات، هەروەك ئەمەی بەسەر یارانی فیل و جگە لەوانیش هێنا(١).

---

(١) قسەیەکی زۆر جوانی ئیبن قەییمم بینی، کە بۆ لێرەدا کردوویەتی، جا لەبەر ئەوەی زۆر پێوستە، ئەوا دەیخەمەڕوو، وتویەتی: سوود و وەدەستهاتوویێك: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ واتە: "خوای گەورە لەسەر خەڵکی پێویست کردووە، سەردانی کەعبەی پیرۆزی ماڵی خوا

بكەن، بە تەنها ئەوانەی توانای – دارایی و تەندروستیان – هەیە"، ﴿حِجُّ الْبَيْتِ﴾ نیهاد (مبتدأ)ـــە، گوزارە (خبر)ـــەكەی لە یەكێك لەو مەجرووڕانەی پێش خۆیدایە، بەگوێرەی ئەوەی كە ماناكە دەخوازێ، ئەوا دەبێ گوزارە (خبر)ـــەكە لەو فەرمایشتەدا بێ: ﴿عَلَى النَّاسِ﴾ چونكە ئەمە واجب و پێویستبوون دەخوازێ، واجبوونیش ((﴿عَلَى﴾: لەسەر)) دەخوازێ، دەشكرێ گوزارە (خبر)ـــەكە لەم فەرمایشتەدا بێ ﴿وَلِلَّهِ﴾ چونكە واجبوون و شایستەبوونی تێدایە، جا ئەو لێكدانەوەیە پەسەند دەكرێت كە شوێنی گوزارە (خبر) لێرەدا مایەی سوودە، پێشخستنی لەم چوارچێوەیەدا لە نیازی دواخستنیدایە، بۆیە هەر واچاكترە كە بەم شێوەیە بووبایە ((ولله على الناس))، لێكدانەوەی یەكەمیش پەسەند دەكرێت بەوەی بوترێ ئەم گوزارشتە: ((حج البيت على الناس)) لە چوارچێوەی واجبووندا زۆرتر بەكاردێ، لەوەی بوترێ: ((حج البيت لله)) واتە: مافێكی پێویستی خوایە، جا لەمە ڕابمێنە.

بەم پێیە پێشخستنی (ڕاكێشراو: المجرور)ی یەكەم، كە گوزارە (خبر) نییە، دوو سوودی هەن: سوودی یەكەمیان: ناوێكە بۆ ئەو شتەی كە حەجی واجب كردووە، بۆیە شایستەتر بوو بۆ پێشخستن بەسەر باسی واجبەكەدا، بەم شێوەیە ئەم ئایەتە سێ شتی ڕێكخراوی لەخۆگرتووە، بەپێی ڕووداوەكان: یەكەم: سەرەتا بەباسی ئەو شتەی ئەم واجبەی پێویست كردووە، دەستی پێكردووە، دووەم: دواتر باسی بەجێگەیەنەری واجبەكەی كردووە، كە لەسەریان پێویست كراوە، ئەویش خەڵكین، سێیەم: شتە پەیوەندیدارەكە، ئەو مافەی پێیەوە پەیوەستە لە واجبوون، ئەوەش كە بە خەڵكەكەوە پەیوەستە لە واجبوون و بەجێگەیاندن، كە حەجە.

سوودی دووەمیان: ناوی ڕاكێشراو (مجرور) لەو ڕووەی كە ناوێكە بۆ خوای پاك و بەرز، پێویستە بایەخ بە پێشخستنی بدرێ، وەك بە گەورەگرتنی ڕێز و پایەی ئەو واجبەی، كە خوای گەورە واجبی كردووە، ترساندنی بەندەكان لە بەفیڕۆدانی، چونكە شتێك كە خوای گەورە بە ئەرك و واجب دایبنێ، وەك ئەوە نییە كە جگە لە خوا بە پێویستی دادەنێ.

سەبارەت بەم فەرمایشتە: ﴿مَنِ﴾ جێگرەوە (بدل)ـــە، هەندێك لە خەڵكی بەلای ئەو بۆچوونەدا ڕۆیشتن، كە ئەمە چاوگی بكەر (فاعل بالمصدر)، وەك ئەوەی بوترێ: ئەو كەسەی توانای دارایی و جەستەیی هەیە، با حەجی ماڵی خوا بكات، ئەم بۆچوونە لە چەندین لاوە لاوازە، لەوانە: حەج فەرزی عەینە، چونكە ئەگەر مانای ئایەتەكە بەو جۆرە بوایە كە باسكرا، ئەوا وا لێی دەخوێنرایەوە كە حەج

فەرزی کیفیایەیە، لەو کاتەشدا ئەگرە ئەوانەی توانایان هەیە حەج بکەن، ئەوا ئەستۆی خەڵکانی دیکەش لەم واجبە پاك دەبێتەوە، ئەوسا مانای ئایەتەکە بەم شێوەیەی لێدەهات: خوای گەورە حەجی لەسەر ئەوانە پێویست کردووە کە توانای ئەنجامدانیان هەیە، ئینجا ئەگەر ئەوانەی توانادارن واجبەکەیان ئەنجامدا، ئەوا بێ تواناکان واجبەکەیان لەسەر نامێنێ، بەڵام ماناکە بەم جۆرە نییە، بەڵکو حەج فەرزی عەینە لەسەر هەموو کەسێك، جا کەسی توانادار حەج بکات یان نەیکات و پاڵ بداتەوە، بەڵام خوای گەورە بیانووی بۆ ئەو کەسانە هێناوەتەوە، کە ناتوانن واجبەکە جێبەجێ بکەن، خوای مەزن سزای نادات لەسەر نەکردنی و داواشی لێناکات ئەم ئەرکە بەجێبگەیەنێ، جا کاتێك حەج دەکات، ئەوا واجبەکەی لەسەر لادەچێ، بەڵام حەجکردنی کەسە توانادارەکان، واجبی سەر کەسە بێ تواناکان لانادات، ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتریشت دەوێ، جا بڵێی: لەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە پێویستە، کە ئەو دەستە و کۆمەڵەیەی توانای تێکۆشان (جیهاد)ـــیان هەیە تێبکۆشن، جا ئەگەر ئەم دەستە و کۆمەڵەیە هەڵسان بە تێکۆشان، ئەوا واجبەکە لەسەر ئەوانی دیکەش هەڵدەستێ، بەڵام ئەگەر بڵێی لەسەر هەموو خەڵك پێویستە تێبکۆشن، لەوانیش ئەوانەی کە توانایان هەیە، ئەوا واجبەکە پەیوەست دەبوو بە هەموویانەوە، کەسی دەستەوەسان بە هۆی بێ تواناییەکەوە بیانوو و پاساوی دەبوو، جا لە ڕێکخستنی ئایەتەکە بەوشێوەیەی کە هەیە و بێ ئەوەی بەم جۆرە بێ: خوای گەورە حەجی لەسەر توانادارەکان پێویست کردووە، خاڵێکی سەرنجڕاکێش هەیە، کەواتە سەرنجی بدە.

ڕووی دووەم: چاوگ دانە پاڵ بکەر، ئەگەر هەبوو، لەپێشترە لەوەی بدرێتە پاڵ بەرکار، جا لەم بنەمایە لانادرێ، تەنها بە جێگرەوەی گوازراوە نەبێ، خۆ ئەگەر ((مَنْ)) بکەر بێ، ئەوا چاوگەکە دەدرایە پاڵی، ئەوسا وەك ئەوەی یلدەهات کە بوترێ: ((ولله علی الناس حج من استطاع)) بەپێی ئەم دەروازەیە دەبوو: ((یعجبني ضربُ زیدٍ عمراً: بەو لێدانەی زەید لە عەمریدا سەرسام بووم))، چاوگ و بکەر کە بەرکاری خراوەتەپاڵ جیاکاریان لە نێواندا کراوە، دۆخەکە بەپێی نووسراو و پێویستکراو (المکتوب)ی لاسەنگ کراوە، ئەمەش شێوەی خوێندنەوەی کوڕی عامرە (قتل أولادهم شرکائهم)، کە بۆی ناگەڕێتەوە. ئەگەر سەلمێنرا کە ((مَنْ)) جێگرەوەی بەش (بعض)یکە لە جیاتی هەموو (کل)، ئەوسا پێویست دەبێ کە لە قسەکەدا جێناوێك هەبێ، کە بۆ ((خەڵك: الناس)) بگەڕێتەوە، وەك ئەوەی بوترێ: ئەوەی لە خەڵکی توانای هەبێ، سڕینەوەی جێناو لە زۆربەی قساندا چاك نییە، جوانی و چاکیەکەی

لێرەدا لە چەند شتێکدایە، لەوانە: ((مَنْ)) بۆ بێ عەقڵ بەکارهاتووە، وەك ناوی گۆڕاو، جا پێیەوە پەیوەستە، یەکێکی تر ئەوەیە، بە ناوێکی تایبەتتر لە پێش خۆی لکێنراوە، خۆ ئەگەر پەیوەندیەکە گشتگیرتر بووبایە، ئەوا جێناوی گەڕاوە ناشرین دەبوو نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە بڵێیت: براکانتم بینی هەندێکیان دەچوون بۆ بازاڕ، ئەمەیان ناشرینە، چونکە ئەوانەی دەچنە بازاڕ گشتگیرترن لە براکان، هەروەها ئەگەر بڵێیت: ئەوەی جوان و چاکە لە پۆشاك بیپۆشە، کە جێی مەبەست بێ، باسی جیناوی نەکردووە کە دوورترە لەوەی دروست بێ، چونکە گوزارشتی ئەوەی جوانە گشتگیرترە لە پۆشاك.

سەبارەت بە دەروازەی بەشێك لە هەندێك، بەوەی تایبەتتر بێ لە گۆڕاو (المبدل)، جا ئەگەر گشتگیرتر بوو و درایەپاڵ جێناوێك یان کۆت و بەندتکرد بە جێناوێك کە ئەوەی یەکەم "کە بەشێکە" بگەڕێتەوە، ئەوا گشتاندنەکە هەڵدەستێ و تایبەتتکردنەکە دەمێنێتەوە، ئەوەی کە چاکە سڕینەوەی لکێندراو (مضاف)ـــە لێرەدا، سەرباری ئەوەی قسەی دوور و درێژ لەبارەی پەیوەندی و گەیەندراو (الصلة و الموصول) کرا.

سەبارەت بە ڕاکێشراو (المجرور) لەم فەرمایشتەدا: ((لله))، ئەوا دوو لایەنی هەن: یەکەمیان: وەك ئەوەی لە شوێنی (من سبیل: لە گەیەنەر)ـــدا بێ، وەك ئەوەی وەسفێکی نەناسراوی بێ، کە پیشی خرابێ، چونکە ئەگەر دواخراو بوایە، ئەوا دەچووە شوێنی وەسفی (لسبیل: بۆ گەیەنەر)، دووەمیان: پەیوەست بێ بە ڕێباز (سبیل)ـــەوە، جا ئەگەر وتت ئەمە چۆن پێیەوە پەیوەست دەبێ، لەکاتێکدا مانای کاری نییە؟ دەوترێ: ڕێباز (السبیل) لێرەدا گوزارشتە لەوەی باوەڕدار دەگەیەنێتە کەعبەی ماڵی خوا، لە خۆراك و تێشوو و هاوشێوەکانی، ئەمەش بۆنی کار و فرمانی لێدێ، مەبەستی لە (السبیل) ڕێگای ئاسایی نییە، بۆیە دروستە ڕاکێشراو (المجرور) پێیەوە پەیوەست بێ، جوانی و چاکی داڕشتن و ئیعجازی بێژە و گوزارشتەکە وایخواست، کە ڕاکێشراو (المجرور) پێش بکەوێ، ئەگەرچی شوێنی ئەو دەبێ دواخراوبێ، چونکە جێناوێکە بۆ کەعبەی پیرۆز دەگەڕێتەوە، کەعبەی پیرۆز (البیت)ـــیش مەبەست لێی بایەخ پێدانە، ئەوانیش لە قسەکانیاندا ئەوە پێشدەخەن کە پێیان گرنگترە، بە ڕوونکردنەوەکەی ئەو واتە: ڕوونکردنەوەی (سەهیلی)، زۆر دوورە لەوەی دروست بێ، بەڵکو ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە ڕاکێشەر و ڕاکێشراو (الجار والمجرور) لە پەیوەستبوونەوەی ڕوویێکی دیکەیان هەیە، کە لەو دوو ڕووە چاکترن کە خرانەبەرباس، جگە لەمەش هیچی تر شایستەی ئایەتەکە نییە، ئەویش واجبوونی کە لەم فەرمایشتەی خوادا: ((علی الناس)) وەردەگیری، واتە: لەسەر خەڵك پێویستە حەجی ماڵی خوا بکەن، ئەمە مافێکی

واجبی خوایە، سەبارەت بە پەیوەستبوونی بە ((السبیل: گەیەنەرە))ـــەوە و کردنی بە دۆخێکی ئەو گەیەنەرە، جا ڕابمێنە ئەمەش هەر زۆر دوورە لە دروستیەوە، تەنانەت خەریکە شتی ئاوا لەبارەی ئایەتەکەوە بە خەیاڵیشدا نەیەت، و ئەمەش وەك ئەوەیە بڵێیت: خوا مافی ئەوەی بەسەر تۆوە هەیە، کە نوێژ بکەی و زەکات بدەی، ڕۆژوو بگری.

یەکێك لە سوود و وەدەستهاتوو و ڕازەکانی ئەم ئایەتە، ئەوەیە خوای پاك و بەرز هەر کە باسی شتێك بکات، کە واجب یان حەرامی بکات، ئەوا بە گوزارشتی فەرمان یان ڕێگری (الأمر والنهي) باسی دەکات، ئەمە شێوازی زۆرینەیە و، هەندێك جاریش بە گوزارشت و دەبڕینی (پێویستبوون: الإيجاب) و نووسین (الكتابة) و حەرامبوون (التحريم) باسیان دەکات، بۆ نموونە: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾ بەقەرە: ١٨٣، واتە: "ڕۆژوو – ـــی مانگی ڕەمەزانتان – لەسەر نووسراوە و پێویستکراوە"، ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ..﴾ مائیدە: ٣. واتە: "ئاژەڵی مرداربووتان لەسەر حەرامکراوە"، ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ ئەنعام: ١٥١. واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پێیان – بڵێ: وەرن با ئەو شتانەتان بەسەردا بخوێنمەوە کە پەروەردگارتان لەسەر ئێوەی حەرام کردووە"، سەبارەت بە حەج ئەوا ئەم بێژەیەی بەکارهێناوە، کە جەخت لەسەر واجبوون دەکاتەوە، لە دە لایەنەوە: یەکەم: ناوی خوای پایەبەرز پێشخراوە و پیتی (ل) شایستەبوون و تایبەتبوونی خراوەتەسەر، دواتر باسی ئەوانەی کردووە، کە حەجی ئەوانی پێویستکردووە بە شێوازی گشتاندن، کە پیتی (لەسەر: على)ی چووەتەسەر، جێگۆڕکێی پێکردووە بە توانادارەکان، دواتر (سبيل)ـــی بە نەناسراو هێناوە لە ناوکۆ (سیاق)ـــی ڕستەی مەرجیدا، وەك ڕاگەیاندنی ئەوەی دەبێ حەج هەر ئەنجام بدری، جا بە هەر ڕێگەیەکی گونجاو و فەراهەمبووبێ، لە بەرهەڤبوونی زەخیرە و دارایی، جا واجببوونی بەستووەتەوە بە دەستەبەربوونی ئەوەی پێی دەوتری (سبيلا: گەیەنەر)، پاشان گەورەترین هەڕەشەی باسکردووە بە کوفر و بێ باوەڕی، جا فەرموویەتی: ﴿وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ واتە: "هەر کەسێك بێ باوەڕ بێ" بەهۆی پابەند نەبوونی بەم واجبە و فەرامۆشکردنی، دواتر پرسەکەی مەزنتر کردووە و هەڕەشەکەی دووپات کردۆتەوە، بەوەی خوای گەورە بێ نیازە لێی وپێویستی پێ نییە، ﴿فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ﴾ واتە: "بەڕاستی خوای گەورە دەوڵەمەند و بێ نیازە لە هەموو جیهانیان" تەنها خوای پایەبەرز دەوڵەمەندی بێ نیاز و سوپاسکراوە و شایستەی سوپاسگوزارییە، هیچ پێویستیەکی بە حەجی هیچ کەسێك نییە، کە

لێرەشدا باسی ئەوەی کردووە کە لێی بێ نیازە، ئەوە دەگەیەنێ کە خەشم و ڕقی خۆی لەو کەسە دەگرێ و فەرامۆشی دەکات، ئەمەش گەورەترین و توندترین هەڕەشەیە، دواتر جەختی لەمە کردۆتەوە بە هێنانی ناوی ((العالمين)) بەگشتگیری، نەیفەرمووە: خوای گەورە لەو کەسە بێ نیازە و پێویستی پی نییە، چونکە ئەگەر پێویستی بە هەموو جیهانیان نەبێ، ئەوا دەوڵەمەندی و بێ نیازی تەواو لە هەموو ڕوویێکەوە و بەهەموو پێودانگێکەوە بۆ ئەوە، ئەمەش چاکتر ئاماژە دەکات بە گەورەیی خەشمی خوا لەو کەسەی مافی خوا فەرامۆش دەکات، کە خوا خۆی لەسەری پێویست کردووە، پاشان ئەم مانایەی دووپات کردۆتەوە بە ئامرازی ((إنَّ)) کە جەخت لەسەر دووپاتکردنەوە ((التأكيد)) دەکاتەوە، ئەمەش ئەو دە لایەنەن، کە جەخت لەسەر ئەم واجبە مەزنە دەکەنەوە.

وردبەوە لە ڕازی جێگرەوە (البدل)ــەکە، کە وادەخوازێ دوو جار دانەپاڵەکە باسبکرێ، جارێکیان بە دانەپاڵ گشت خەڵکی، جارێکی دیکە بە دانە پاڵ ئەوانەی تواناداران، ئەمەش یەکێکە لە سوودەکانی جێگرەوە (البدل)، کە مانا بەهێز دەکات و جەختیشی لەسەر دەکاتەوە، بە دووبارەکردنەوەی دانەپاڵەکە، بۆیە ئەمە لە نیازی دووبارەکردنەوەی (العامل: بکەر)دایە.

پاشان وردبەوە لەو ڕوونکردنەوەیەی لەم ئایەتەدا هاتووە، بەوەی لە نارِوونی ڕوونکردنەوەی داوە، لە پاش کورتبڕی وردەکاریەکەی باسکردووە، ئەمەش خستنەڕووی فەرمایشتەکەیە، بەوەی لە یەك کاتدا دوو وێنەی لەخۆگرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخ پێدان و دووپاتکردنەوە، دواتر بڕوانە چۆن دەستپێکی ئەم واجب کردنەی دەست پێکردووە، بە باسکردنی پلەوپایە و گەورەیی کەعبەی پیرۆزی ماڵی خوا، ئەمەش هانی ناخ و دەروونی تاکەکان دەدات، سەردانی بکەن و ببێتە جێی مەبەستیان، ئەگەرچی داوای ئەمەشیان لێنەکرێ، جا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ..﴾ تاد، جا خوای گەورە بە پێنج خەسڵەت وەسفی کەعبەی پیرۆزی کردووە، یەکەمیان: کۆنترین ماڵێکە لە جیهاندا، کە بۆ خواپەرستی لەسەر زەویدا دانرابێ، دووەمیان: پیرۆز و بە فەڕ و بەرەکەتە، فەڕ و بەرەکەتیش ئەوەیە کە خێری زۆر و بەردەوامبێ، هیچ ماڵێك لەسەر زەوی لەو پیرۆزتر نییە، چاکە و خێری لەو زۆرتر و بەردەوامتر نییە، سوود و کەڵکی بۆ بەدیهێنراوان زۆرتر نییە، سێیەمیان: ڕێنوێنییە، بە خودی چاوگی ڕێنوێنی وەسفی کردووە، بۆ (مبالغة: زیادەڕۆیی تێداکردن)، ئەمەش وەك ئەوەی کەعبەی پیرۆز خودی ڕێنوێنی بێ، چوارەمیان: ئەو بەڵگە و نیشانە ڕۆشنانەی تێیدایە، کە لە چل بەڵگە و نیشانە زیاتر دەبن، پێنجەمیان:

(٩٨ – ١٠١) ﴿قُلْ يا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٨﴾ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنْتُمْ شُهَدَاءُ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٩٩﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا فَرِيقًا مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ يَرُدُّوكُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ ﴿١٠٠﴾ وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنْتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَنْ يَعْتَصِمْ بِاللَّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴿١٠١﴾

﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا تَعْمَلُونَ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پێیان – بڵێ: ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی بێ

---

ئاسایش و پاراستنی فەراهەم لە ناو کەعبەی پیرۆزدا، جا بە وەسفکردنی کەعبەی پیرۆز بەم وەسفانە، بێ ئەوەی واجبکردنی سەردانکردنی، هاندەری تاکەکانە کە سەردانی بکەن، ئەگەرچی بەندە بەهۆیەوە لە وڵات دوور بکەوێتەوە، چەندین هەرێم و ناوچە و وڵات ببڕن بۆ گەیشتن پێی، دواتر بە ڕاشکاوانە باسی واجبوونی حەجی کردووە، بەم چەندین دووپاتکردنەوانە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بایەخدانی خوای پایەبەرز بەم ماڵە گەورەیە، ئاماژەدانە بە ناوبانگەکەی، بە گەورەگرتنی پلەوپایەکەی، بەرز ڕاگرتنی حورمەت و ڕێزەکەی، خۆ ئەگەر هیچ ڕێز و پایەیەکی نەبێ جگە لەوەی کە خوا داویەتە پاڵ خۆی ئەوا بەس دەبوو، هەروەك فەرموویەتی: ﴿وَطَهِّرْ بَيْتِيَ﴾ حەج: ٢٦، واتە: "ماڵەکەم پاك بکەوە"، ئەم دانەپاڵە بەسە تا ببێتە پلەوپایە و گەورەیی و ڕێز بۆ کەعبەی پیرۆز، ئەم دانەپاڵە وایکردووە دڵی جیهانیان بەرەو ئەوی ڕاکێشبکری، ناخ و دەروونەکان تامەزرۆی دیدار و بینینی بن، ئەمە دیداری عاشقانە کە سەردانی دەکەن، هەرگیز لێی بێزار نابن، هەرچەندە زیاتر سەردانی بکەن، ئەوا زۆرتر حەز و خولیایان بۆ دەچێ، نە دیدار و پێگەشتن تینوێتیان دەشکێنێ و نە دووریش دڵنەوایی دەبێ بۆیان.

لێرەدا وتەی ئیبن قەییم (ڕەحمەتی خوای لێبێ) تەواو بوو.

باوەڕ دەبن بە بەڵگە و ئایەتەکانی خوا، و خوا خۆی شاهێد و گەواهیدەرە لەسەر ئەو کار و کردەوانەی دەیکەن"، خوای پایەبەرز سەرکۆنەی خاوەن کتێبەکان دەکات، لە جولەکە و گاورەکان، لەسەر بێ باوەڕبوونیان بە ئایەت و بەڵگەکانی خوا، کە دایبەزاندۆتە سەر پەیامبەرانی، لەکاتێکدا خوای مەزن کردوویەتی بە مایەی ڕەحمەت بۆ بەندەکانی و بەهۆیەوە ڕێنوێنی و ڕێگای بەرەوخواچوون دەگرنەبەر، بەهۆیەوە ئاشنا دەبن بە داخوازیە گرنگ و زانستە بە سوودەکان، ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنْتُمْ شُهَدَاءُ﴾ واتە: "- ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پێیان - بڵێ: ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچی ڕێگری دەکەن لە بڵاوبوونەوەی ئاینی خوا، دەتانەوێ ئەوەی باوەڕی هێناوە، ڕێبازی ئاینی خوا بە نارێك و خوارخوێچ بگرێت، لەکاتێکدا خۆتان گەواهیدەرن و چاك دەزانن ئەمە چەوتە"، ئەو بێ باوەڕانە لە یەك کاتدا هەم بێ باوەڕن بە بەڵگە و ئایەتەکانی خوا، هەمیش ڕێگری لەوانە دەکەن باوەڕیان پێ هێناوە، دەیشێوێنن و لایدەدەن لەوەی بۆی دانراوە، لەکاتێکدا خۆیان گەواهی لەسەر ئەمە دەدەن، دەزانن ئەوەی دەیکەن گەورەترین کوفرە کە مایەی گەورەترین سزایە، ﴿الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يُفْسِدُونَ﴾ نەحل: ٨٨. واتە: "ئەوانەی بێ باوەڕبوون، ڕێگریان کرد لە ڕێباز و پەیامی خوا، بێ گومان سزای زیادەمان لەسەر یەك بۆ کۆکردوونەتەوە، بەهۆی گەندەڵکاری و خراپەکاریان لە نێو خەڵکدا"، ﴿وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ واتە: "کە خوای گەورە بێ ئاگا نییە لەو کار و کردەوانەی کە دەیکەن"، بەڵکو خوای مەزن دەوری کار و کردەوە و نیاز و پیلانگێڕییە خراپەکانی ئێوەی داوە، بەمەش خراپترین سزاتان دەداتەوە لەسەر ئەمە، جا دوای ئەوەی خوای گەورە هەڕەشە و سەرکۆنەی ئەوانی کرد، ئەوا دواتر باسی میهرەبانی و بەخشش و چاکەکانی خۆی کردووە، هۆشداریشی داوەتە بەندە باوەڕدارەکانی، تا بە فێڵ و پیلانی بێ

باوەڕان هەڵنەخەڵەتێن، لە کاتێکدا کە هەستی پێناکەن، جا فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا فَرِيقًا مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ يَرُدُّوكُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ﴾ واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر گوێڕایەڵی کۆمەڵ و دەستەیەك بن لە خاوەن کتێبەکان، ئەوا هەڵتان دەگێڕنەوە بۆ باوەشی کوفر، دوای ئەوەی کە باوەڕتان هێناوە"، ئەمەش لەبەر ئیرەیی و حەسوودی و دەستدرێژیان بۆ سەرتان، پێداگریان لەسەر پاشگەزکردنەوەتان لە ئاینەکەتان، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ﴾ بەقەرە: ١٠٩. واتە: "زۆرێك لە خاوەن کتێبەکان، ئاواتەخوازن هەڵتانگێڕنەوە لە ئاینەکەتان بۆ ڕیزی بێ باوەڕان، ئەمەش لەبەر حەسوودی و ئیرەیی خۆیان، دوای ئەوەی حەق و ڕاستیان بۆ دەرکەوتووە، بەڵام ئێوە لێبوردە و چاوپۆشبن، تا خوای گەورە ویست و فەرمانی خۆی بەرپا دەکات، بەڕاستی خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە". پاشان خوای مەزن باسی هۆکاری هەرە مەزنی کردووە، کە وادەکات باوەڕداران لەسەر باوەڕەکەیان دامەزراو بن، ئیمانەکەیان تووشی لاوازی نەبێ، و ئەمەشی بە دوورترین شت زانیوە لە باوەڕداران، جا فەرموویەتی: ﴿وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنْتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللَّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ﴾ واتە: "جا ئایا ئێوە چۆن کافر دەبن" لەکاتێکدا پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لە نێوتاندایە، هەموو کاتێك ئایەتەکانی پەروەردگارتان بەسەردا دەخوێنێتەوە، کە ئایەت و بەڵگەی ئاشکرا و ڕوونن، کە وادەخوازی بە تەواوی دان بە ناوەڕۆك و لێکەوتەکانیدا بنرێ، بە هیچ شێوەیەك گومان لە ئاماژەکانیدا نەبێ، بەتایبەت کە ئەوەی ئایەتەکان ڕوون دەکاتەوە، چاکترین و پایەدارترین کەسە لە نێو بەدیهێنراوان، زاناترین و ڕەوانبێژترین و دڵسۆزترین و میهرەبانترینە بەرامبەر بە باوەڕداران، پێداگرە لەسەر ڕێنوێنی کردنی بەدیهێنراوان و خەڵك و ئاڕاستەکردنیان بە

هەموو ڕێگەیەك، كە توانای بەسەردا بشكێ، درود و سڵاوی خوای لێبێ، بێ گومان ئامۆژگاری دڵسۆزانەی كرد و پەیامی خوای ڕاگەیاند بە شێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا، بەمەش هیچ گۆتە و قسەیەكی لە ناخی كەسدا نەهێشتەوە، هیچ بواریێكی بۆ ئەو كەسە نەهێشتۆتەوە كە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێ، دواتر ڕایگەیاندووە كە ﴿وَمَنْ يَعْتَصِمْ بِاللَّهِ﴾ هەر كەسێك خۆی بە خوا بپارێزێ و پشتی پێببەستێ، خۆی بەهێزی و ڕەحمەتی خوا پەنا بدات لە هەرچی خراپەیە، بۆ ئەنجامدانی هەر كارێك پشت هەر بەو ببەستێ ﴿فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ واتە: "ڕێگەی ڕاستی دۆزیوەتەوە و پێی ئاشنابووە"، كە دەیگەیەنێ بەو ئامانجەی دەیخوازێ، چونكە شوێنكەوتنی گوفتار و ڕەفتار و بارودۆخی پێغەمبەری (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، لەگەڵ خۆپاراستن بە خوای گەورەی كۆكردۆتەوە.

(١٠٢، ١٠٣) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ فَأَنْقَذَكُمْ مِنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠٣﴾

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لەخوابترسن بەو شێوەیەی كە شایستەیەتی، پابەند بن بە ئیسلامەوە، بۆ ئەوەی هەر كاتێك مردن بە موسڵمانیێتیەوە نەبێ نەمرن"، ئەمە فەرمانی خوای گەورەیە بۆ بەندە باوەڕدارەكانی، تا بەو جۆرە پارێزكار و لەخواترس بن، كە شایستەی خوای گەورەیە، و تا بەردەوام و دامەزراو بن لەسەر ئیسلام تا مردن، جا هەر

کەسێك لەسەر شتێك بژیت، ئەوا لەسەر ئەو شتەش دەمریت، هەر کەسێك لەو کاتەی کە تەندروستی باشە، توانا و هێزی بە بەردا ماوە، بەردەوام بوو لەسەر لەخواترسان و گوێڕایەڵی پەروەردگاری، هەمیشە تۆبە بکات، ئەوا خوای مەزن لە سەرەمەرگدا دامەزراوی دەکات، کۆتاییەکی چاکی پێدەبەخشێ، هەروەك ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازیبێ) وتویەتی: لەخواترسان بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی، ئەوەیە گوێڕایەڵی خوا بکرێت و سەرپێچی لێنەکرێ، یادی بکرێت و لەبیر نەکرێ، سوپاسگوزاری دەربڕێ و سپڵەیی نەنوێنرێ لە بەرامبەریدا. ئەم ئایەتە ئەو لەخواترسان و پارێزکارییە ڕوون دەکاتەوە، کە شایستەی خوای پایەبەرزە، بەڵام ئەو لەخواترسانەی کە پێویستە بەندە هەیبێ، ئەوا بەم شێوەیە کە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ﴾ تەغابن: ١٦، واتە: "هەتا دەتوانن لەخواترس و پارێزکار بن". وردەکارییەکانی لەخواترسان، کە پەیوەستن بە دڵ و ئەندامەکانی دیکەی جەستەوە گەڵێك زۆرن، کە کۆدەبنەوە لە ئەنجامدانی ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووە، و وازهێنان لەوەی ڕێگری لێکردووە، دواتر خوای پایەبەرز فەرمانی بە باوەڕداران کردووە بە شتێك، کە یارمەتیدەریانە بۆ لەخواترسان، ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا﴾ واتە: "هەر هەمووتان بە تووندی دەستبگرن بە ئاینی خواوە و پەرتەوازە مەبن"، ئەویش کۆبوونەوە دەستگرتنە بە ئاینی خواوە، جا لەبەر ئەوەی بانگەواز و بەرنامەی باوەڕداران یەکە، هەماهەنگە و پەرتەواز نییە، ئەوا دەستگرتن و کۆبوونەوەی باوەڕداران لەسەر ئاینەکەیان، یەکبوونی دڵەکانیان، دەبێتە هۆی چاکبوونی دین و دونیاکەیان، بە یەکگرتن دەتوانن هەموو کارێك ئەنجام بدەن، ئەو بەرژەوەندیانەشیان بۆ دەستەبەر دەبێ بە یەکگرتن، کە لە ژماردن نایەن، لە هاریکاری یەکترکردن لەسەر چاکە و پارێزکاری، هەروەك بە پەرتەوازەیی و دژایەتی یەکتر کردن، سیستەم و پەیوەندی و بەستەرەکانیان تێکدەچێ، وایلێدێ هەر یەکێك لە

پێناو تێرکردنی ئایەرەزووەکانی تێدەکۆشی، ئەگەرچی ئەمە سەر بۆ زیانی گشتیش بکێشی، دواتر خوای پایەبەرز ناز و نیعمەتی خۆی بە بیر باوەڕداران هێناوەتەوە، فەرمانی پێکردوون بە یادکردنەوەی ناز و نیعمەتەکانی، جا فەرموویەتی: ﴿وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً﴾ واتە: "یادی ناز و نیعمەتی خوا بکەن لەسەرتان، چونکە پێشتر دوژمنی یەکتر بوون"، هەندێکتان هەندێکی دیکەتان دەکوشت، هەندێك ماڵی هەندێکی دیکەتان دەبرد، تەنانەت ئەندامانی یەك تیرە دژایەتی یەکتریان دەکرد، خەڵکی یەك شار دوژمنایەتی و شەڕیان لە نێودا ڕوودەدا و، لە نێو خراپەیەکی مەزندا بوون، ئەمە دۆخی عەرەبەکان بوو، پێش ئەوەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ڕەوانە بکرێ، بەڵام دوای ئەوەی خوای گەورە پێغەمبەری (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نارد، ئەوانیش باوەڕیان پێ هێنا و لەسەر ئیسلام کۆبوونەوە، دڵیان بەهۆی ئیمانەوە بەیەکەوە پەیوەست بوو، ئەوا وەك یەك کەسیان لێهات، بەهۆی یەکگرتنی دڵەکانیان و پشتیوانی کردنی یەکتر، بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ﴾ واتە: "دواتر بە بەخشش و نیعمەتی ئیسلام دڵەکانی ئێوەی پەیوەست کرد بەیەکەوە و بوونە برای یەکتر، و ئێوە لەسەر لێواری چاڵێکی ئاگر وەستابوون – خەریك بوو بکەونە ناویەوە –"، شایستەی چونە نێو ئاگر بوون، هیچ شتێك لە نێوان ئێوە و ئاگری دۆزەخدا نەمابوو جگە لە مردن نەبێ ﴿فَأَنْقَذَكُمْ مِنْهَا﴾ واتە: "بەڵام خوای گەورە ئێوەی لێ ڕزگار کرد"، بەهۆی ئەو بەخشش و نیعمەتەی لەگەڵ ئێوەی کرد، بە باوەڕ هێنان بە محەمەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ﴿كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ﴾ واتە: "ئا بەم شێوەیە خوای گەورە بەڵگە و ئایەتەکانی" بۆتان ڕوون دەکاتەوە و شرۆڤە دەکات، ڕەوا و ناڕەوا، حەق و پوچەڵ، ڕێنوێنی و گومڕاییتان بۆ لە یەکتر جیا دەکاتەوە، ﴿لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ واتە: "بەڵکو ڕێنوێنی و ڕێگەی ڕاست بگرنەبەر"، بەهۆی ناسینی حەق و ڕاستی و کارپێکردنی.

لەم ئایەتەدا ئاماژەی ئەوەی هەیە کە خوای گەورە حەز دەکات بەندەکانی بە دڵ و بە زمان، یادی ناز و نیعمەتەکانی خوا بکەنەوە، تا زیاتر سوپاسگوزاری خوا بن و زۆرتر خۆشیان بوێت، لە بەرامبەردا خوای گەورەش زۆرتر بەخشش و چاکەیان لەگەڵدا بکات، بێگومان یەکێك لە گەورەترین ناز و نیعمەتەکانی خوا، کە پێویستە یادی بکرێتەوە، بریتییە لە ڕێنوێنی کردنی بۆ ئیسلام و شوێنکەوتنی پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، یەکگرتنی بڕیار و قسەی باوەڕداران و پەرتەوازە نەبوونیەتی.

(١٠٤، ١٠٥) ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾

ئەی ئەو باوەڕدارانەی خوای گەورە نیعمەتی ئیمان و دەستگرتن بە بەرنامەکەی لەگەڵ کردوون، ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ﴾ پێویستە لە ئێوە کۆمەڵێك هەبێ ﴿يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ﴾ بانگەواز بکەن بۆ خێر و چاکە، خێر ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی بەندە لە خوا نزیك دەخەنەوە، و دووریشی دەخەنەوە لە خەشم و تووڕەییەکەی ﴿وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ﴾ "فەرمان بکەن بە هەموو کار و گوفتارێکی ڕەوا و دروست"، ئەمەش ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەپێی عەقڵ و شەرع بە باش زانرابێ، ﴿وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ "ڕێگریش بکەن لە کار و گوفتاری ناڕەوا و نادروست"، ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەپێی عەقڵ و شەرع بە دزێو و ناڕێك زانرابێ، ئەمە ڕێنیشاندانێکە لەلایەن خواوە بۆ باوەڕداران، تا کۆمەڵێکیان خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ بانگەواز کردن بۆ بەرنامەی خوا، و ڕێنوێنی کردنی خەڵکی بۆ وەرگتنی ئاینەکەی، جا ئەو زانایانەش دەچنە ناو ئەم بازنەیەوە کە ئاین فێری خەڵك دەکەن، و ئەو ئامۆژگاریکارانەش دەگرێتەوە، کە بانگی پەیڕەوکارانی

ئاینەکانی دیکە دەکەن، بۆ هاتنە نێو ئاینی ئیسلام، بانگی لادەرەکان دەکەن بۆ دامەزراوبوون لەسەر بەرنامەی خوا، تێکۆشەران (موجاهیدەکان)یش دەگرێتەخۆ، ئەوانەی کە لە پێناوی خوادا تێدەکۆشن، ئەوانەش دەگرێتەوە کە خۆیان یەکلاکردۆتەوە بۆ بەدواداچوون کردن بۆ کاروبار و دۆخی خەڵك، و پابەندکردنیان بە شەرع، وەك: پێنج نوێژەکە و زەکات، ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان و حەج و جگە لەمانەش لە یاساکانی ئیسلام، هەروەها وەك بەدواداچوون بۆ کێشان و پێوانە و تەرازووەکان و دوکاندارەکان، ڕێگەگرتن لەوەی گزی و مامەڵەی پوچەڵ بکەن، جا هەموو ئەم کاروبارانە لە فەرزە کیفایەکانن، هەروەك ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی پێدەدات لەم فەرمایشتەدا: ﴿وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ﴾ تاد، واتە: با کۆمەڵێك لە ئێوە هەبن، کە ئەم کارە ناوبراوانە ڕایی بکەن، شتێکی سەلمێنراوە کە فەرمان کردن بە شتێك، بە واتای فەرمان کردن بەو شتەش دێت کە جێبەجێکردنی فەرمانەکە پەکی لەسەر دەکەوێ، جا جێبەجێکردنی هەر واجبێك پەکی لەسەر هەر چییەك بکەوێ، ئەوا ئەو شتەش واجبە، وەك ئامادەکاری بۆ تێکۆشان (جیهاد) بە دابینکردنی جۆرەها زەخیرە، کە دەبێتە هۆی تێکشاندنی دوژمنان و سەربەرزی ئیسلام، فێربوونی ئەو زانستەی کە بەهۆیەوەی بانگەواز بۆ چاکە دەکرێ، دابینکردنی ئامراز و مەبەستەکانی، بنیاتنانی قوتابخانەکان بۆ ڕینیشاندان و زانست، و یارمەتی دانی نوێنەرانی ئوممەت و هاوکاری کردنیان بۆ جێبەجێکردنی شەرع لە نێو خەڵکدا، بە گوفتار و کردار و ماڵ و سامان، چەندین شتی دیکەش کە ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە پەکیان لەسەر دەکەوێ، ئەم کۆمەڵەیە ئامادەیە بۆ بانگەواز کۆدن بۆ چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، ئا ئەم کۆمەڵەیە باوەڕدارە تایبەتەکانن، بۆیە خوای پایەبەرز لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ "ئا ئەوانە سەرکەوتوون" مەبەست و ئامانجەکەیان دەستخستووە، لە ترس و تۆقین ڕزگاریان بووە، دواتر خوای گەورە ڕێگری لە باوەڕداران کردووە لە خۆچوواندن

به خاوەن کتێبەکان، له پەرتەوازەیی و ڕاجیاییاندا، جا فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا﴾ واته: "نەکەن وەك ئەو کەسانەبن کە پەرتەوازەبوون و دابڕان و ڕاجیایی کەوتە نێوانیان"، جا ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە ڕاجیاییەکەیان دوای ئەوە بووە کە ﴿مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ﴾ واته: "دوای ئەوەی بەڵگە و نیشانەی ڕوونیان بۆ هاتبوو"، کە بەم هۆیە پێویست بوو لەسەریان پەرتەوازە و ڕاجیا نەبن، چونکە لە هەموو خەڵك لەپێشتر بوون بۆ دەستگرتن بە ئاینی خواوە، بەڵام پرسەکەیان پێچەوانە کردەوە، هەرچەندە زانیشیان ئەم کارەیان سەرپێچیکردنە لە فەرمانی خوا، بەمەش شایستەی سزایەکی بە ئێش و توند بوون، بۆیە خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ واته: "ئا ئەوانە سزایەکی مەزنیان بۆ هەیە".

(١٠٦ – ١٠٨)﴿يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿١٠٦﴾ وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿١٠٧﴾ تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِلْعَالَمِينَ ﴿١٠٨﴾

خوای پایەبەرز هەواڵ دەدات، سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژی دوایی و، شوێنەواری سزا و پاداشتدانەوەی دادگەرانە و زیادە بەخششی خوا، ئەمەش هاندان و ترساندن لەخۆدەگرێ، کە مایەی ترسان و ئومێد پێبوونە، جا فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ﴾ واته: "ڕۆژێك دێت – کە ڕۆژی دواییە – ڕووخسارانێك سپی دەبن"، کە ڕووخساری بەختەوەران و چاکەکارانە، ئەوانەی پەیڕەوی یەکێتی و دەستگرتن بوونە بە بەرنامەی خواوە ﴿وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ﴾ واته: "ڕووخسارانێکیش ڕەش هەڵدەگەڕێن"، کە ڕووخساری بەدبەخت و خراپەکارانە، ئەوانەی پەرتەوازە و ڕاجیایی بەرنامەیانە، ئا ئەوانە

ڕووخساریان ڕەشبووە، بەهۆی ڕیسوایی و سەرشۆڕی و ئابڕوچوون و سوك و چروكی ناخ و دڵیانەوە، ئەوانەش کە ڕووخساریان سپی بووە، بەهۆی ئەو شادومانی و خۆشحاڵی و درەوشانەوەیە، کە شوێنەوارەکەی لەسەر ڕووخساریان ڕەنگی داوەتەوە، هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا﴾ ئینسان: ١١. واتە: ڕووگەشی و دڵخۆشی پێبەخشین، خوای پایدار فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ كَسَبُوا السَّيِّئَاتِ جَزَاءُ سَيِّئَةٍ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ مَا لَهُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ كَأَنَّمَا أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِنَ اللَّيْلِ مُظْلِمًا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ یونس: ٢٧. واتە: "و ئەوانەش کە گوناهــ و تاوانیان ئەنجامداوە، ئەوا سزای هەر گوناهێك بە ئەندازەی خۆیەتی، ڕیسوایی و سەرشۆڕی شەکەتی کردوون، هیچ کەسێك نییە بیانپارێزێ لە – سزا و خەشمی – خوا، ئەوەندە ڕووڕەشن هەر دەڵێی پارچەیەك لە شەوی تاریك ڕووخساری داپۆشیون، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن، تا هەتایە تیایدا دەمێننەوە"، ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ﴾ واتە: "ئەوانەی کە ڕووخساریان ڕەش هەڵگەڕاوە" بە سەرکۆنە و سەرزەنشتەوە پێیان دەوترێ: ﴿أَكَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾ واتە: چۆن کوفر و گومڕاییتان بەسەر ئیمان و ڕێنوێنیدا هەڵبژارد؟ چۆن وازتان لە ڕێگەی ڕاست هێنا و ڕێگەی خوار و خێچ و سەرلێشێوانتان گرتەبەر؟ ﴿فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ واتە: "کەواتە دە بچێژن سزای بە ئێش و ئازار، بەهۆی ئەوەی کوفر و بێ باوەڕیتان هەڵبژارد"، بێ گومان تەنها ئاگری دۆزەخ شایستەی ئێوەیە، جگە لە ڕیسوایی و ئابڕوچوون و سەرشۆڕی هیچی دیکە شیاوی ئێوە نییە، ﴿وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ﴾ واتە: "ئەوانەش کە ڕووخساریان سپی هەڵگەڕاوە و درەوشاوەیە" تەواوترین پیرۆزباییان لێدەکرێ، گەورەترین مزگێنیان پێدەدرێ، بەوەی مژدەی چوونە بەهەشت و دەستخستنی ڕەزامەندی و میهرەبانی پەروەردگاریان پێ دەدرێ، ﴿فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ واتە: "لە سایەی

ڕەحمەتی خوادا – لە بەهەشتدا – بۆ تا هەتایە ژیان بەسەر دەبەن"، جا مادەم لە سایەی میهرەبانی و ڕەحمەتی خوادا دەمێننەوە، ئەوا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بەهەشت شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی ڕەحمەتی خوای پایەدار، ئەوان بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، لەگەڵ ئەو خۆشیە نەبڕاوە و ژیانە سەلامەتەی تیایەتی، لە پاڵ خوای میهرەبان کە لە هەموو میهرەبانێك میهرەبانترە، جا کاتێك خوای گەورە حوکمە فەرمانییەکان و حوکمە پاداشت و سزاییەکانی بۆ پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ڕوونکردەوە، فەرموی: ﴿تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ﴾ واتە: "ئەمانە بەڵگە و نیشانە و ئایەتەکانی خوای گەورەن" کە بەسەر تۆدا "ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)" دەیخوێنینەوە، ﴿بِالْحَقِّ﴾ واتە: "بە ڕاست و ڕەوا"، چونکە فەرمان و ڕێگرییەکانی خوا، حیکمەت و ڕەحمەت و پاداشت و سزای خواییان تێدایە، بەهەمان شێوە دانایی و میهرەبانی و دادگەری دوور لە ستەمیان لەخۆگرتووە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِلْعَالَمِينَ﴾ واتە: "هەرگیز خوای گەورە ستەمی بۆ جیهانیان ناوێ"، ئەوەی ڕەتکردۆتەوە کە خوای گەورە ویستی ستەمکردنی هەبێ، چ جای ئەوەی بە کردار ستەم بکات، جا هیچ کەسێك هیچ شتێك لە چاکەکانی کەم نابێتەوە، لە ستەمی ستەمکارانیش زیاد نابێ، بەڵکو تەنها بەپێی کردەوەکانیان سزا و پاداشتیان دەداتەوە، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(١٠٩) ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ ﴿١٠٩﴾﴾

﴿وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ ﴿١٠٩﴾﴾ واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەر خوای گەورە خاوەنیانە، هەر ئەویش بەدیهێناون و ڕزق و ڕۆزیان پێدەدات، بەپێی قەدەر و قەزای خۆی، و بەگوێرەی شەرع و فەرمانی

خۆی، سەرئەنجامی هەموو کاروبار و شتەکان گەڕانەوەیە بۆ لای پەروەردگار لە دواڕۆژدا، ئەوسا پاداشتی کردەوە چاك و سزای کردەوە خراپەکانیان دەداتەوە.

(١١٠- ١١٢) ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿١١٠﴾ لَنْ يَضُرُّوكُمْ إِلَّا أَذًى وَإِنْ يُقَاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنْصَرُونَ ﴿١١١﴾ ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُوا إِلَّا بِحَبْلٍ مِنَ اللَّهِ وَحَبْلٍ مِنَ النَّاسِ وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِنَ اللَّهِ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الْمَسْكَنَةُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ ﴿١١٢﴾

﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ واتە: "ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە بۆ – بەرژەوەندی – خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگری دەکەن لە خراپە و باوەڕی دامەزراویشتیان بە خوا هەیە"، خوای پایەبەرز ستایشی ئەم ئوممەتە دەکات و لەوبارەوە ڕایدەگەیەنێ، کە ئەم ئوممەتە چاکترین ئوممەتە کە خوای مەزن بۆ خەڵکی ئەوانی هێناوەتە مەیدانەوە، ئەمەش بە کاملٚ کردنی خودی خۆیان، لە میانەی باوەڕ هێنان بە خوا، کە وادەخوازێ هەرچی خوا فەرمانی پێکردووە پیادەوە بکەن، کاملٚ کردنی ئەوانی دیکەش، بەهۆی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە، ئەمەش بانگ کردنی خەڵکی بۆ لای خوا و تێکۆشان لەگەڵیان لەسەر ئەمە دەگرێتەخۆ، لەگەڵ خەرجکردنی ئەوەی لە تواناداییە بۆ هەڵگێڕانەوەیان لە گومڕایی و سەرلێشێواو و سەرپێچیکردنیان، بەم هۆیە ئەمە چاکترین ئوممەتێك بوونە کە

بۆ خەڵکی هێنرابێتنە مەیدانەوە، لەبەر ئەوەی ئایەتەکەی پێشوو، کە ئەم ئایەتەیە: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا﴾ فەرمانێك بوو لەلایەن خواوە بۆ ئەم ئوممەتە، فەرمانیش لەوانەیە لەلایەن کەسی فەرمانپێکراو جێبەجێ بکرێ، یان فەرامۆش بکرێ، ئەوا خوای گەورە لەم ئایەتەی دواییدا ڕایگەیاندووە کە بەڕاستی ئەم ئوممەتە ئەو فەرمانەی خوای گەورەی جێبەجێ کردووە کە پێیکردووە، ملکەچی فەرمانی پەروەردگاری بووە، بەمەش شایستەی ئەوەیە پایەدار بێ بەسەر تێکڕای ئوممەتانی دیکەدا، ﴿وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا﴾ واتە: "ئەگەر خاوەن کتێبەکان باوەڕیان بهێنایە، ئەوا چاکتربوو بۆیان" ئەمەش بانگەوازکردنیەتی بە گوتارێکی نەرم و نیان، کە هۆکارێکە بۆ باوەڕ هێنان، ﴿لَهُمْ مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ واتە: "هەیانە باوەڕی هێناوە، بەڵام زۆربەشیان گوناهبار و لاسارن"، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان نەهێنا تەنها کەمێکیان نەبێ، و زۆربەشیان گوناهکار و دەرچوون لە گوێڕایەڵی خوا، دژایەتی خۆشەویستانی خوا دەکەن بە جۆرەها شێوە، بەڵام لە سایەی لوتف و بەخششی خواوە کە لەگەڵ بەندە باوەڕدارەکانی کردووە، پیلانگێڕی خاوەن کتێبەکانی بەسەر خۆیاندا گێڕاوەتەوە، ناتوانن هیچ زیانێك بە دین و جەستەی باوەڕداران بگەیەنن، ﴿لَنْ يَضُرُّوكُمْ إِلَّا أَذًى﴾ واتە: "ناتوانن زیانتان پێ بگەیەنن، جگە لە هەراسانکردنتان نەبێ بە قسەی نابەجێ"، بەڵکو ئەوپەڕی ئەنجامی پیلانگێڕییەکەیان کە پێی بگەن، بریتییە لە ئازاردان بە قسە، کە هیچ کەسێك کە دژایەتی بکرێت لێی سەلامەت نابێ، ﴿وَإِنْ يُقَاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنْصَرُونَ﴾ واتە: "ئەگەر بەڕاستی لەگەڵ ئێوەی" باوەڕداراندا بجەنگن، ئەو پشتتان لێ هەڵدەکەن و ڕادەکەن، دواتر شکست و ڕیسواییەکەیان بەردەوام دەبێ، لە هیچ کاتێکدا سەرکەوتن دەستناخەن، خوای پایەبڵند ڕایگەیاندووە کە ﴿ضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ أَيْنَ مَا ثُقِفُوا﴾ واتە: "ڕیسوایی و سەرشۆڕیان

بەسەردا بڕیار دراوە لە هەر کوێیەك نیشتەجێ بن" لە ناخیاندا ڕیسوان، لە ڕووکەشیشیاندا زەبوونی بەسەریاندا چەسپێنرا، بۆیە هەرگیز جێگیر و ئارام و دڵنیایی بەشیان نابێ، ﴿إِلَّا بِحَبْلٍ﴾ واتە: "مەگەر لە سایەی" بەڵێن و پەیمانێك نەبێ، ﴿مِنَ اللَّهِ وَحَبْلٍ مِنَ النَّاسِ﴾ واتە: "لەلایەن خوا و بەڵێن و پەیمانێك لەلایەن خەڵکەوە"، بۆیە جولەکەکان دەبێ لە ژێر حوکم و بەڵێنی موسڵماناندا بن، سەرانەیان لێوەربگیرێ و ملشۆڕ بکرێن، یان لە ژێر سایەی حوکمی گاورەکاندا بن، ﴿وَبَاءُوا﴾ لەگەڵ ئەمەشدا "بە بەر" ﴿بِغَضَبٍ مِنَ اللَّهِ﴾ "خەشم و قینی خوا کەوتن"، ئەمەیان گەورەترین سزایە، " ﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الْمَسْكَنَةُ﴾ واتە: زەبوونی و ڕیسواییان بەسەردا سەپێنرا"، ئەو هۆکارەی ئەوانی گەیاندە ئەم بارودۆخە، ئەوەیە کە خوای گەورە باسی فەرمووە: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ واتە: "ئەمە لەبەر ئەوەی بێ باوەڕبوون بە بەڵگە و ئایەتەکانی خوا"، کە دایبەزاندبووە سەر پەیامبەری خۆی محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، کە مایەی دروستکردنی دڵنیایی و باوەڕی سەلمێنەرن، کەچی بەهۆی سەرکەشی و سەرسەختی نواندنیانەوە بێ باوەڕبوون پێی، ﴿وَيَقْتُلُونَ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ واتە: "پێغەمبەران (درود و سڵاوی خوایان لێبێ) بە ناڕەوا دەکوژن"، بە خراپترین شت کە کوشتنە بەرەنگاری پێغەمبەران دەبنەوە کە گەورەترین چاکەیان لەگەڵ دەکەن، ئایا لە دوای ئەم بوێری نواندن و تاوانە گوناهێکی گەورەتر هەیە، ﴿ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ﴾ ئەمە هەمووی بەهۆی سەرپێچی و دەستدرێژی ئەوانەوە بوو، کە بوێری بەواندا، بۆ بێ باوەڕبوون بە خوا و کوشتنی پێغەمبەرانی خوا، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(١١٣ – ١١٥) ﴿لَيْسُوا سَوَاءً مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴿١١٣﴾ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿١١٤﴾ وَمَا يَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَلَنْ يُكْفَرُوهُ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ ﴿١١٥﴾

پاش ئەوەی خوای پایەدار ڕوونکردنەوەی دا لەبارەی دەستە و کۆمەڵی گوناهبار و لاسار لە خاوەن کتێبەکان، کردەوە و سزاکانیانی خستەڕوو، لێرەدا کۆمەڵ و ئوممەتی چەسپاو و خۆڕاگری ڕوونکردۆتەوە، ئاماژەی بە کردەوە و پاداشتەکانی کردووە، جا ڕایگەیاندووە کە هەرگیز لای ئەو ئەم دوو کۆمەڵەیە وەك یەك نین، ﴿لَيْسُوا سَوَاءً﴾ واتە: "هەرگیز خاوەن کتێبەکان هەموویان وەك یەك نین"، بەڵکو جیاوازی وایان لە نێواندا هەیە کە وەسف ناکرێ، سەبارەت بە کۆمەڵەی لاسار و لادەر، ئەوا پێشتر وەسفیان کرا، هەرچی باوەڕدارەکانن، ئەوا خوای پایەبەرز لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ﴾ واتە: "لە نێو خاوەن کتێبەکاندا" ﴿أُمَّةٌ قَائِمَةٌ﴾ واتە: "دەستە و کۆمەڵێك هەن" بەردەوامن لەسەر ئاینی خوا، ئەو شتانە جێبەجێ دەکەن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردوون، لە نێویاندا ئەنجامدانی شەونوێژ ﴿يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ﴾ واتە: "لەکاتەکانی شەودا ئایەتەکانی خوای گەورە دەخوێننەوە – و نوێژ دەکەن – کڕنووش دەبەن"، ئەمەش ڕوونکردنەوەی نوێژکردنەکەیانە لە کاتەکانی شەودا، و درێژی شەونوێژ و خوێندنەوەی ئایەتەکانی کتێبی پەروەردگاریان و پێشخستنی ملکەچی و ڕکوع و کڕنووشبردن بۆ خوا بەسەر شتەکانی دیکەدا، ﴿يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ واتە: "ئەوانە باوەڕیان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە"، هاوشێوەی باوەڕداران باوەڕێکی وایان هەیە، کە لەسەریان پێویست دەکات بڕوایان بە هەموو ئەو پێغەمبەرانە هەبێ، کە خوای مەزن

ناردوونیەتی، بڕوایان بە هەموو ئەو پەیام و کتێبانە هەبێ کە خوا دایبەزاندوویەتی، بەتایبەت باسی باوەڕبوون بە دوارۆژی کردووە، چونکە باوەڕبوون بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بە دوارۆژ، هانی باوەڕدار دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە نزیکی دەکەنەوە لە خوای گەورە، و لەو ڕۆژەدا پاداشتی لەسەر وەردەگرێتەوە، و وازهێنان لەو شتانەی کە لەسەری سزا دەدرێ لەم ڕۆژەدا، ﴿وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ واتە: "و فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە دەکەن"، بەمەش خۆیا کامڵ دەکەن، بەهۆی باوەڕ و داخوازییەکانی، کەسانی دیکەش کامڵ دەکەن، بەهۆی فەرمان پێکردنیان بە هەرچی چاکەیە و ڕێگری لێکردنیان لە هەرچی خراپەیە، لە نێویاندا هانی هاودین و کەسانی دیکەش دەدەن، بۆ باوەڕ هێنان بە محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، دواتر خوای گەورە وەسفی ئەوانی کردووە بە ورە و هیمەتبەرزی ﴿وَ﴾ ئەوان ﴿يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ﴾ واتە: پەلە دەکەن لە ئەنجامدانی هەرچی چاکە و خێرە، هەلی خێرکردن دەقۆزنەوە، لە هەر کاتێکدا کە بتوانن چاکە دەکەن، ئەمەش بەهۆی تۆخ بوونەوەی هەستی چاکەخوازی تێیاندا و، ئاشنان بەوەی چ سوود و خێرێکیان هەیە، ﴿وَأُولَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ ئا ئەو کەسانەی کە خوای گەورە وەسفی کردوون، بەم سیفەتە جوان و کردار شکۆمەندانە ﴿مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ واتە: "ئا ئەوانە لە پیاوچاکانن"، کە خوای گەورە دەیانخاتە ژێر سایەی میهرەبانی خۆی، بە لێخۆشبوونی خۆی دایاندەگرێ، لە بەخشش و چاکەی خۆی پێیان دەبەخشێ، بێگومان ئەوان ﴿وَمَا يَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ﴾ واتە: "هەر چاکەیەك بکەن" کەم بێ یان زۆر، ﴿فَلَنْ يُكْفَرُوهُ﴾ واتە: لە پاداشتەکەی بێبەش نابن، بەڵکو خوای گەورە کامڵترین پاداشتیان لەسەر دەداتەوە، بەڵام پاداشتی کردەوەکان وابەستەی ئەو باوەڕ و لەخواترسانەیە، کە لە دڵی خاوەنەکەیدایە، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ

عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ﴾ واته: "و خوای گەورە زانایە بە لەخواترس و پارێزكاران"، ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾ مائیدە: ٢٧، واتە: "بەڕاستی خوای مەزن تەنها لە پارێزكاران، قوربانی و چاكە وەردەگرێ".

(١١٦، ١١٧) ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَنْ تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿١١٦﴾ مَثَلُ مَا يُنْفِقُونَ فِي هَذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللَّهُ وَلَكِنْ أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿١١٧﴾

خوای پایەبەرز هەواڵ دەدات سەبارەت بەوەی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَنْ تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا﴾ واته: "بێ گومان ئەوانەی كافر و بێ باوەڕن، ئەوا هەرگیز ماڵ و سامان و منداڵ و نەوەكانیان سوودی بۆیان نابێ"، و ڕزگاریان ناكات لە سزای خوا، هیچ پاداشتێكی خواشیان بۆ مسۆگەر ناكات، هەروەك خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِنْدَنَا زُلْفَى إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا﴾ سەبەء: ٣٧. واتە: "نە ماڵ و سامان و نە نەوە منداڵتان، نابنە هۆی ئەوەی كە بە تەواوی نزیكتان بخەنەوە لە ئێمە، مەگەر كەسێك باوەڕی دامەزراوی هێنابێ و كار و كردەوەی چاك ئەنجام بدات"، بەڵكو سامان و ڕۆڵەكانیان دەبێتە تێشووی ئەوان بۆ ئاگری دۆزەخ، و دەبێتە بەڵگەیەك لەسەریان لەبارەی زیادە نیعمەتی خوای مەزن كە لەگەڵی كردوون، ئەمەش وایان لێدەخوازێ كە سوپاسگوزاری خوا بن، لە بەرامبەردا سزا دەدرێن لەسەر سوپاسگوزار نەبوون و بێ باوەڕبوون پێی، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَأُولَئِكَ

﴿أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ واته: "ئا ئەوانە هاوڕێ و نیشتەجێی ئاگری دۆزەخن، بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە".

دواتر خوای گەورە نموونەیەکی هێناوەتەوە، لەبارەی ئەو ماڵ و سامانەی بێ باوەڕان خەرجی دەکەن بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی پەیام و بەرنامەی خوا، دەیانەوێ بەم هۆیە نوور و ڕۆشنایی خوا بکوژێننەوە، کەچی ئەم هەوڵانەیان پوچ و بێ ئاکام دەبێ، ﴿مَثَلُ مَا يُنْفِقُونَ فِي هَذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ واته: "نموونەی ئەو ماڵ و سامانەی کە دەیبەخشن لەم ژیانی دونیایەدا" وەك ئەوەیە کەسێك کشتوکاڵێکی چاند بێت، بە ئومێدی چنینەوەی بەرهەمەکەی بێ، چاوەڕوانی تەواو پێگەیشتنی بەروبومەکەی بێ، ئا لەو کاتەدا ﴿كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ﴾ ڕەشەبایەکی بە تەزرەی توندی سووتێنەر بدات، "﴿أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ﴾ واته: لە کشتوکاڵی ئەو کەسانە بدات کە ستەمیان لە خۆیان کرد"، بەمەش ﴿فَأَهْلَكَتْهُ﴾ واته: "کشتوکاڵ و شینایەتییەکە لەناوببات"، جگە لە ماندوێتی و شەکەتی و ئاخ و داخی زۆرتر چیتریان بۆ نەمێنێ، جا ئەم بێ باوەڕانە بەم جۆرەن کە خوای مەزن لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنْفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ وَالَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ﴾ ئەنفال: ٣٦. واته: " بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕن، ماڵ و سامانی خۆیان خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لە بەردەم ئاینی خوادا، جا ماڵ و سامانیان لە ئایندەدا بۆ ئەو مەبەستە بەگەڕ دەخەن! پاشان دەبێتە پەشیمانی و داخ لەسەریان، لە کۆتاییدا شکست دەهێنن"، ﴿وَمَا ظَلَمَهُمُ اللَّهُ﴾ "خوای گەورە هەرگیز ستەمی لێنەکردوون" بە پوچەڵکردنەوەی کردەوەکانیان، ﴿وَلَكِنْ أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ "بەڵکو" ئەوان "بە خۆیان ستەم لە خۆیان دەکەن"، بەوەی بێ باوەڕن بە ئایەتەکانی خوای گەورە، پەیامبەری خوا بەدرۆدەخەنەوە،

ئەوپەڕی هەوڵیاندا بۆ کوژاندنەوەی نوور و ڕۆشنایی پەیامی خوا، ئا ئەم شتانە کردەوەکانی ئەوانی پوچ کردەوە و سامانی ئەوانی بەفیڕۆدا، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(١١٨ – ١٢٠) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١١٨﴾ هَا أَنْتُمْ أُولَاءِ تُحِبُّونَهُمْ وَلَا يُحِبُّونَكُمْ وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَابِ كُلِّهِ وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا عَضُّوا عَلَيْكُمُ الْأَنَامِلَ مِنَ الْغَيْظِ قُلْ مُوتُوا بِغَيْظِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿١١٩﴾ إِنْ تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِنْ تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُوا بِهَا وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ ﴿١٢٠﴾

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ﴾ واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەکەن متمانە بە کەسانی دیکە بکەن جگە لە خۆتان، و پشتیان پێببەستن، و نهێنی خۆتان لایان مەدرکێنن، چونکە ئەوان کۆڵنادەن لە نانەوەی ناخۆشی و تەنگ پێهەڵچنینتان، هیوایان ئەوەیە تووشی کێشە بن، بە ئاشکرا ڕق و کینە لە دەم و قسەکانیاندا دیارە"، خوای پایەبەرز ڕێگری دەکات لە باوەڕداران، لەوەی دووڕووەکان لە خاوەن کتێبەکان و کەسانی دیکەش نەکەن بە متمانەدار و پشتیوانی خۆتان، و ئاگاداریان بکەنەوە لە ڕازەکانتان، یاخود بەرپرسیارێتی چەند کاروبارێکی ئیسلامیان پێ بسپێرن، چونکە ئەوان ئەو دوژمنەن، کە دڵیان پڕبووە لە ڕق و کینەی ئاشکرا کە بە قسە و دەمیانەوە دیارە، ﴿وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ﴾ واتە: "ئەوەش کە لە دڵیاندا شاردراوەتەوە گەورەترە"، لەوەی لێیانەوە دەیبیستیت، بۆیە ﴿لَا

﴿يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا﴾ واتە: كۆڵنادەن و كەمتەرخەمی نانوێنن لە زیان پێگەیاندن و سەختی دروستكردن بۆتان، ئەو هۆكارانە دەگرنەبەر كە زیانی بۆتان تێدایە، یارمەتی دوژمنەكانیشتان دەدات، خوای گەورە بە باوەڕدارانی فەرمووە: ﴿قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ﴾ واتە: "بەدڵنیاییەوە ئەو بەڵگە و ئایەتانەمان بۆتان ڕوونكردەوە" كە بەرژەوەندییەكانی دین و دونیای ئێوەی تێدایە ﴿إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ﴾ واتە: "ئەگەر بەڕاستی ئێوە ژیریتان بەگەڕبخەن" و ئەوە بزانن و دۆست و دوژمن لە یەكتر جیا بكەنەوە، جا هەموو كەسێك گونجاو نییە بكرێتە پشتیوان و هاوكار، بەڵكو كەسی ژیر ئەوەیە كە ئەگەر دووچاری تێكەڵبوون لەگەڵ دوژمن بووەوە، ئەوا تێكەڵبوونەكەی تەنها لە ڕووكەشدا دەبێ، ئەوەی لە ناخیدایە بۆی هەڵناڕێژێ، هەرچەندە دوژمنەكە دەمخۆشی بۆی بكات و سوێندی ئەوەی بۆ بخوات كە یەكێكە لە دڵسۆز و پیشتوانەكانی، خوای گەورە لە میانەی هاندانی باوەڕداران بۆ وشیاربوون لە بەرامبەر دووڕووەكان لە خاوەن كتێبەكان، ڕوونكردنەوەی دوژمنایەتی سەرسەختی ئەوان، فەرموویەتی: ﴿هَا أَنْتُمْ أُولَاءِ تُحِبُّونَهُمْ وَلَا يُحِبُّونَكُمْ وَتُؤْمِنُونَ بِالْكِتَابِ كُلِّهِ﴾ واتە: "ئەوەتا ئێوە ئەوانتان خۆشدەوێ، كەچی ئەوان ئێوەیان خۆشناوێ" و باوەڕتان بە هەموو ئەو كتێبانە هەیە، كە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی ڕەوانە كردووە، كەچی ئەوان باوەڕیان بە كتێبەكەتان "كە قورئانی پیرۆزە" نییە، جا كاتێكیش پێتان دەگەن وا پیشانتان دەدەن، كە باوەڕیان هێناوە ﴿وَإِذَا لَقُوكُمْ قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا عَضُّوا عَلَيْكُمُ الْأَنَامِلَ﴾ واتە: "و كاتێك پێتان دەگەن، دەڵێن: باوەڕمان هێناوە، كاتێكیش بە تەنها دەبن" ئەوا سەری پەنجەكانیان دەگەزن، "﴿مِنَ الْغَيْظِ﴾ " واتە: بەهۆی ڕق ئەستووریان بەرامبەرتان ﴿قُلْ مُوتُوا بِغَيْظِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ واتە: "پێیان بڵێ: دەك بمرن لە داخ و ڕقی ئەستووریتان، بەڕاستی خوای گەورە زانا و ئاگادارە بەوەی لە سینەكاندایە"، ئەمەش مژدەی بۆ باوەڕداران تێدایە، بەوەی كە ئەوانەی مەبەستیانە زیانتان

پێبگەیەنن، ئەوا ناتوانن زیانتان پێبگەیەنن، بەڵکو تەنها زیان بەخۆیان دەگەیەنن، تەنانەت ناشتوانن ڕق و کینەی خۆیان بەرامبەرتان جێبەجێ بکەن، بەڵکو بە داخی ئەم ڕقەیان سزا وەردەگرن تا دەمرن، بەمەش لە سزای دونیاوە بەرەو سزای دوارِۆژ هەنگاو دەنێن.

﴿إِنْ تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ﴾ واتە: "ئەگەر چاکەیەکتان تووشبوو"، وەك سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی جەنگ ﴿تَسُؤْهُمْ﴾ واتە: ئەمە دەبێتە هۆی خەمباری و پێیان ناخۆشە، ﴿وَإِنْ تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُوا بِهَا وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ واتە: "ئەگەر بەڵا و ناخۆشییەکتان تووشبوو، ئەوا پێی دڵخۆش دەبن، ئەگەر بەڕاستی ئێوە خۆگر و لەخواترس بن، ئەوا پیلانگێڕی ئەوان هیچ زیانێکی بۆتان نابێ، بەڕاستی خوای گەورە دەوری کار و کردەوەکانی ئەوانی داوە"، ئەگەر ئێوە ئەو ڕێوشوێنانەتان گرتەبەر کە خوای گەورە بەڵێنی سەرکەوتنی لەسەرداوە – کە بریتین لە ئارامگرتن و لەخواترسان –، ئەوا پیلانگێڕی و فێڵی ئەوان کارتان تێناکات، بەڵکو خوای گەورە پیلانگێڕی ئەوان بەسەریاندا دەشکێنێتەوە، چونکە زانست و توانا و دەسەڵاتی خوا دەوری ئەوانی داوە، هیچ دەرچەیەکیان نییە تا خۆیانی پێ لێبدزنەوە، هیچ شتێکیشیان لە خوای باڵادەست ون نابێ.

(١٢١، ١٢٢) ﴿وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٢١﴾ إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنْكُمْ أَنْ تَفْشَلَا وَاللَّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١٢٢﴾

ئەم ئایەتانە لەبارەی جەنگی ئوحد دابەزین، بەسەرهاتی ئەم جەنگە زۆر بە ناوبانگە، لە کتێبەکانی بەسەرهات و ژیاننامە و مێژوودا، لەوانەیە حیکمەتی باسکردنی لێرەدا، و لەهەمان کاتدا جەنگی بەدریشی هێناوەتەوە ناو، ئەوەبێ کە خوای پایەبەرز بەڵێنی بە

باوەڕداران داوە، کە ئەگەر ئارام بگرن و لەخواترس بن، ئەوا خوای گەورە سەریان دەخات و دەیانپارێزێ لە پیلانگێڕی دوژمنان، ئەمەش بڕیاێکی گشتی و بەڵێنێکی ڕاست بوو، کە هەرگیز پاشناکەوێ ئەگەر مەرجەکانی جێبەجێ بکرێن، جا باسی نموونەیەکی کردووە لەم دوو بەسەرهاتەدا، و ڕایگەیاندووە کە خوای گەورە باوەڕدارانی لە جەنگی بەدردا سەرخست، بەهۆی ئەوەی ئارامیان گرت و لەخواترسان، و دواتر دوژمنی بەسەریاندا زاڵ کرد، کاتێك لەلایەن هەندێکیانەوە کرچ و کاڵی پەیدابوو لە لەخواترسان و پارێزکاریان، جا لە حیکمەتی بەیەکەوە کۆکردنەوەی ئەم دوو بەسەرهاتە، ئەوەیە کاتێك بەندەکان دووچاری بەڵا و ناخۆشییەك بوونەوە، ئەوا خوای گەورە حەز دەکات یادی ئەو شتە بکەنەوە کە خۆشیان دەوێ، بەمەش بەڵا و ناخۆشییەکەیان لەسەر سووك بێ، و سوپاسگوزاری خوابن لەسەر ئەو نیعمەتە مەزنەی، کە ئەگەر لێیان وەربگیرێ بەهۆی ئەو ناخۆشیەی تووشیبوونە، کە لە ڕاستیدا خێری بۆ ئەوان تێدایە، ئەوا ناخۆشییەکە لە چاو "ناز و نیعمەتەکانی خوا کەم دەبێ" و لەلای خۆشەویستتراو شتێکی زۆر کەم دەبێ، خوای گەورە ئاماژەی بەم حیکمەتە کردووە، لەم فەرمایشتەدا: ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا﴾ ئالی عیمران: ١٦٥. واتە: "ئایا کاتێك بەڵا و ناخۆشییەکتان تووشهات – لە جەنگی ئوحد ــــدا، لە کاتێکدا ئێوە لە جەنگی بەدردا دوو ئەوەندەتان بەوان کرد".

پوختەی بەسەرهاتی جەنگی ئوحد ئەوەبوو، کە هاوبەشدانەرە شکستخواردووەکان لە جەنگی ((بەدر)) گەڕانەوە شاری مەککە، ئەمەش لە ساڵی دووی کۆچی بوو، ئەوا بەوپەڕی توانا خۆیان ئامادەکرد، لە ڕووی ژمارەی جەنگاوەر و پیاوان و زەخیرە و تێشوو، تا ئەو ئاستە شتیان کۆکردەوە کە دڵنیابوون دەتوانن مەبەستەکەیان بپێکن و ڕق و کینەی خۆیان پێ هەڵڕێژن، دواتر بە سێ هەزار جەنگاوەرەوە، لە شاری مەککەوە ڕوویانکردە شاری مەدینە، تا لە نزیك شاری مەدینە دابەزین و بارگەیان دانا، پێغەمبەر

(درود و سڵاوی خوای لێبێ) دوای پرس و ڕاوێژکردن، بۆیان چووە دەرەوە، ئەمەش دوای ئەوەی بۆچوونەکە لەسەر چوونە دەرەوە بۆ دوژمن جێگیر بوو، جا پێغەمبەریش (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بە هەزار جەنگاوەرەوە بۆیان دەرچوو، کاتێك کەمێك ڕۆیشتن، ئەوا عەبدوڵای کوڕی ئوبەی دووڕوو پاشەکشەی کرد بە سێیەکی لەشکرەکە، ئەم سێیەکە لەسەر هەمان ڕێبازی ئەو بوون، دوو کۆمەڵ لە باوەڕدارانیش دڵیان بۆ ئەوە چوو کە پاشەکشە بکەن، کە بریتی بوون لە تیرەی سەلەمە و تیرەی حارس، بەڵام خوای گەورە ئەوانی دامەزراو کرد، کاتێك گەیشتنە (ئوحد) پێغەمبەری (درود و سڵاوی خوای لێبێ) خوا ئەوانی ڕێکخست و هەر یەکێکی لە شوێنی خۆی دانا، پشتیان دایە کێوی (ئوحد)، پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پەنجا کەسی لە هاوەڵەکانی، لەسەر تەپوڵکەیەك لە کێوی ((ئوحد)) دانا، فەرمانی پێیان کرد لە شوێنەکەیان نەجوڵێن و ئەم شوێنە بەجێمەهێڵن، تا دڵنیابن لەوەی دوژمن لە پشتەوە بۆیان نایەت، کاتێك موسڵمانان و هاوبەشدانەران بەیەکگەیشتن و جەنگ هەڵگیرسا، ئەوا هاوبەشدانەران تووشی شکستێکی زۆر خراپ بوون، سەربازگەکەیان جێهێشت و هەڵاتن، موسڵمانان کەوتنە دوایان و لەوانیان دەکوشت و جەنگاوەریان لێ بەدیل دەگرتن، کاتێك تیرهاوێژەکان کە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئەوانی لە سەر تەپەڵکەیەکی کێوی ((ئوحد)) جێگیر کردبوو، هاوبەشدانەرانیان بەشکستخواردووی بینی، هەندێکیان بە هەندێکی تریان وت: دەستکەوتی جەنگ، دەستکەوتی جەنگ، چ شتێك وا دەکات لێرە دابنیشین لەکاتێکدا هاوبەشدانەران تێکشکاون، ئەمیرەکەیان کە عەبدوڵای کوڕی جوبەیر بوو ئامۆژگاری کردن بەوەی سەرپێچی نەکەن، بەڵام گوێیان پێنەدا، جا کاتێك شوێنەکەیان بەجێهێشت ئەوا تەنها چەند کەسێکی کەم لەوێ بەجێمان، لەوانە ئەمیرەکەیان عەبدوڵای کوڕی جوبەیر، ئەسپسوارەکانی هاوبەشدانەران لەو شوێنەوە هاتن و پشتی موسڵمانانیان

گرت، لەگەڵ ئەوانەیان جەنگان کە مابوونەوە، بەمەش موسڵمانان دووچاری خولێك بوون کە خوای گەورە ئەوانی پێ تاقیکردەوە و گوناهەکانیانی پێ سڕیەوە، سزای سەرپێچیکردنی پێیان چەشت، بەمەش ئەوە ڕوویدا کە هەندێکیان کوژران، دواتر هەڵکشان بۆ سەر لوتکەی کێوی ((ئوحد))، خوای گەورە ئەوانی پاراست لە دەستی هاوبەشدانەران و گەڕانەوە وڵاتەکەیان، پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و هاوەڵانی هاتنە ناو شاری مەدینەی پیرۆز، خوای پایەبەرز فەرمووی: ﴿وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) یادی باوەڕدارن بخەرەوە – کاتێك دەرچوویت – بۆ جەنگی ئوحد –"، (الغدو) لێرەدا دەرچوون دەگرێتەوە بە ڕەهایی، مەبەست لێی دەرچوون نییە لە بەیانی زوودا، چونکە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و هاوەڵان دەرنەچوون تا نوێژی هەینیان نەکرد ﴿تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ﴾ واتە: "باوەڕداران" ڕێك دەخەیەت لە شوێنی گونجاویاندا بۆ جەنگ، ئەمە گەورەترین ستایشی تێدایە بۆ پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، چونکە بەخۆی ڕاستەوخۆ بەڕێوەیان دەبات و شوێنی شەڕکردنیان بۆ دیاری دەکات، ئەمەش تەنها لەبەر کامڵی زانست و دروستی بۆچوون، و ڕاستیپێکی تێڕوانینەکان و هیمەتبەرزیەکەی بوو، بەوەی بە خودی خۆی سەرپەرشتی کاروبارەکان دەکات و بوێری کامڵی هەبوو (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، ﴿وَاللَّهُ سَمِيعٌ﴾ واتە: "بەڕاستی خوا بیسەری" هەموو دەنگ و بیستراوێکە، لەوانەش بیسەری ئەو قسانەیەکە باوەڕداران و دووڕووان دەیکەن، هەر یەکێك بەپێی ئەوە لە دڵێدایە قسە دەکات، ﴿عَلِيمٌ﴾ واتە: "زانا و ئاگادارە" بە نیاز و مەبەستی بەندەکان، تەواوترین پاداشتیان لەسەر دەداتەوە، بەهەمان شێوە خوای گەورە بیسەر و زانا و ئاگاداری ئێوەیە، دەتانپارێزێ و کاروبارەکانتان بەڕێوە دەبات، بە پشتگیری خۆی سەرتان دەخات، هەروەك چۆن خوای پایەدار بە موسا و هاروونی (درود

و سڵاوی خوایان لێبێ) فەرموو: ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى﴾ تاها: ٤٦، واتە: "بەڕاستی من لەگەڵتاندام، دەبیستم و دەبینم". لە چاکە و بەخششی خوا کە لەگەڵ باوەڕدارانی کرد، ئەوە بوو ﴿إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنكُمْ أَنْ تَفْشَلَا﴾ کاتێك "دوو دەستە و کۆمەڵ لە ئێوە"ـــی باوەڕداران هەستیان بە شکست کرد "ویستیان بگەڕێنەوە"، کە بریتی بوون لە تیرەی سەلەمە و تیرەی حاریسە، هەروەك پێشتر خرایەڕوو، خوای گەورە بە لوتف و بەخششی خۆی، کە لەگەڵ ئەوان و باوەڕدارانی کرد، ئەوانی دامەزراو کرد، بۆیە فەرمووی: ﴿وَاللَّهُ وَلِيُّهُمَا﴾ واتە: "خوای گەورە پارێزەر و یاوەریان بوو" بە پشتیوانی تایبەتی خۆی، کە بریتییە لەو بەخششەی کە لەگەڵ خۆشەویستانی دەکات، و سەریان دەخات بۆ ئەوەی چاکەی ئەوانی تێدایە، دەشیانپارێزێ لەوەی زیانی ئەوانی تێدایە، جا لە پشتیوانی خوا بۆیان ئەوەبوو، کاتێك ویستان بۆ ئەم سەرپێچییە مەزنە ڕۆیشت، کە شکست و گەڕانەوە و جیهێشتنی پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بوو، ئەوا خوا ئەوانی پاراست، بەهۆی ئەو باوەڕەی هەیانبوو، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ﴾ بەقەرە: ٢٥٧، واتە: "خوای گەورە پشت و پەنای ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە، لە تاریکییەکانەوە دەریاندەهێنێ و دەیانخاتە ناو ڕووناکی و نوورەوە"، ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ واتە: "دەبا باوەڕداران تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستن"، ئەم ئایەتە فەرمانکردنی تێدایە بە پشتبەستن بە خوای گەورە، کە بریتییە لە پشتبەستنی دڵ بە خوای گەورە لە بەدەسهێنانی سوود و دوورخستنەوەی زیان، متمانەبوون بە خوا، پشتبەخوابەستنی هەر بەندەیەك بەپێی باوەڕەکەی دەبێ، باوەڕداران لە کەسانی دیکە لە پێشترن بۆ پشتبەستن بە خوا، بەتایبەت لە کاتی سەختی و جەنگدا، ئەوان ناچارن پشتبەخوا ببەستن و داوای یارمەتی و سەرکەوتنی لێبکەن، خۆیان بەری بکەن لە هێز و توانای خۆیان، و تەنها پشت بە هێز و دەسەڵاتی

خوابوبەستن، ئا بەم شێوەیە خوای گەورە سەریان دەخات و ناخۆشی و دژواریان لەسەر لادەبات، دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

(١٢٣ – ١٢٦) ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُنْزَلِينَ ﴿١٢٤﴾ بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ ﴿١٢٥﴾ وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ ﴿١٢٦﴾

﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ﴾ واتە: "بەدڵنیایەوە خوای گەورە ئێوەی لە جەنگی بەدردا سەرپخستن ، لەکاتێکدا ئێوە – لە ژمارەدا – لاواز و کەمبوون"، ئەمە ناز و منەتکردنی خوایە بەسەر بەندە باوەڕدارەکانی، و یادیان دەخاتەوە بەو سەرکەوتنەی پێی بەخشین لە ڕۆژی جەنگی بەدردا، لەکاتێکدا ژمارەی باوەڕداران و زەخیرەیان کەمبوو، لەبەرامبەردا ژمارە و زەخیرەی دوژمنەکانیان گەلێك زۆر بوو، جەنگی ((بەدر)) لە ساڵی دووەمی کۆچیدا ڕوویدا، پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەگەڵ سێ سەد و شتێك لە هاوەڵانی لە مەدینە دەرچوون، تەنها حەفتا وشتر و دوو ئەسپیان پێ بوو، بەمەبەستی گرتنی کاروانی قورەیش کە لە شامەوە هاتبوو، جا هۆزی قورەیش ئەم هەواڵەیان بیست، بۆیە لە مەککەوە خۆیان ئامادەکرد بۆ ڕزگارکردنی کاروانەکەیان، لە مەککەوە دەرچوون و ژمارەی جەنگاوەرەکانیان نزیکەی هەزار کەس دەبوو، لەگەڵ زەخیرەی تەواو و چەکی گشتی و ئەسپی زۆر، جا ئەوان باوەڕداران لای بیرێك بەیەکگەیشتن، کە پێی دەوترێ:

((بەدر))، دەکەوێتە نێوان شاری مەککە و مەدینە، لەوێ جەنگ لە نێوانیاندا ڕوویدا، خوای گەورە سەرکەوتنێکی مەزنی بە موسڵمانان بەخشی، حەفتا کەسیان لە کوشت لە پیاوماقوڵ و سەران و بوێرەکانی قوڕەیش، حەفتا کەسیشیان لێ بەدیل گرتن، بە تەواوی دەستیانگرت بەسەر سەربازگەکەیاندا، – بەویستی خوا – ئەم بەسەرهاتە لە سورەتی ئەنفالدا دەخەینەڕوو، ئەوێ شوێنی باسکردنی ئەم ڕووداوەیە، بەڵام خوای پایەبەرز بۆیە لێرەدا باسیکردووە، تا ببێتە یادەوەری بۆ باوەڕداران، بەمەش لە پەروەردگاریان بترسن و سوپاسگوزاری بن، بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ واتە: "لە خوابترسن بەڵکو سوپاسگوزاربن"، چونکە ئەوەی لە پەروەردگاری ترسا، ئەوا سوپاسگوزاری بووە، ئەو کەسەش واز لە پارێکاری بهێنێ، ئەوا سوپاسگوزاری خوا نەبووە، ﴿إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: "ئەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)" یادی ئەوە بکەوە کاتێك لە جەنگی بەدردا مزیگنیت بە باوەڕداراندا بە سەرکەوتن و وتت: ﴿أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُنْزَلِينَ ﴿١٢٤﴾ بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا﴾ واتە: "ئایا ئەوەندە بەس نییە، کە پەروەردگارتان بە سێ هەزار فریشتە پشتیوانیتان بکات و دایانبەزێنێت؟! بەڵێ بەپێچەوانەوە ئەگەر ئارامگربن و لەخواترس بن، دەستبەجێ دێن بۆ لاتان" لەم جێیە کە مەبەستتانە، ئەویش جەنگی بەدرە ﴿يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ﴾ واتە: "پەروەردگارتان پێنج هەزار فریشتەی نیشانەدارتان بۆ دەنێرێ" کە نیشانەی بوێریان پێوەیە، جا مەرجی کۆمەکی خوا بۆ باوەڕداران سێ شتە: ئارامگرتن، لەخواترسان، دەستبەجێ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هاوبەشدانەرانە، ئەمە بەڵێنە بە دابەزاندنی فریشتەکان و کۆمەکی کردنی باوەڕداران بەم فریشتانە، سەبارەت بە بەڵێنی سەرکەوتن و سەرکوتکردنی دوژمنان، ئەوا ئەو دوو مەرجەی سەرەتای بۆ داناون، هەروەك پێشتر لەم

فەرمایشتەدا باسکراان: ﴿وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا﴾ ئالی عیمڕان: ١٢٠، واتە: "ئەگەر ئارام بگرن و لەخوابترسن، ئەوا پیلانگێڕی دوژمن و دووڕووان زیانتان پێناگەیەنێ"، ﴿وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ﴾ واتە: ئەم کۆمەکیەی خوا کە بە فریشتەکاندا بۆ ئێوەی نارد، ﴿إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ﴾ واتە: تەنها کردییە مژدەیەك بۆتان، تا پێی دڵخۆشبن و مژدە بەیەکتر بدەن، ﴿وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾ واتە: "و بۆ ئەوەی دڵەکانتان پێ ئاسوودە و دامەزراوتر بێ، بەڕاستی سەرکەوتن تەنها لەلایەن خواوەیە"، بۆیە بە دڵ پشت مەبەستن بەو ئامرازانەی لەبەردەستتان دایە، بەڵکو هۆکارەکان تەنها ئاسودەیی دڵی ئێوەی تێدایە، ئەگەرنا سەرکەوتنی ڕاستەقینە کە بەربەست و ڕەتکەرەوەی بۆ نییە، بریتییە لە ویستی خوای گەورە بۆ سەرخستنی هەر یەکێك کە بیەو لە بەندەکانی، جا ئەگەر خوای مەزن ویستی ئەوا ئەو کەسە سەردەخات کە هۆکارەکانی گرتۆتەبەر، هەروەك ئەمە یاسای خوایە لە بەدیهێنراوانیدا، ئەگەر ویستیشی ئەوا لاوازکراو و ژێردەستکراوەکان سەردەخات، هەرچی کاروبار و فەرمانە هەر بەدەست خوایە، سەرئەنجامی شتەکان هەر گەڕانەوەیە بۆلای پەروەردگار، بۆیە فەرموویەتی: ﴿الْعَزِيزِ﴾ "خوای باڵادەست"، کە هیچ بەدیهێنراوێك دەستەوەسانی ناکات، بەڵکو هەموو بەدیهێنراوان ملکەچ و لە ژێر بەڕێوەبردن و باڵادەستی ئەودان، ﴿الْحَكِيمِ﴾ "دانا و کارزانە" شتەکان دەخاتە شوێنی شایستەی خۆیان، هەروەها دانایی و حیکمەتی هەیە لە زاڵکردنی بێ باوەڕان لە هەندێك کاتدا بەسەر باوەڕداراندا، زاڵکردنێکی کاتی نەوەك بەردەوام، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانْتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ﴾ محەممەد: ٤، واتە: "بڕیارەکە ئاوایە ئەگەر خوا بیویستایە تۆڵەی لێدەسەندن، بەڵام دەیەوێت تاقیتان بکاتەوە بە یەکتری".

(١٢٧) ﴿لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنْقَلِبُوا خَائِبِينَ ﴿١٢٧﴾

﴿لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنْقَلِبُوا خَائِبِينَ﴾ واته: "ئەم سەرکەوتنە بۆ ئەوەبوو کە لایەك لە بێ باوەڕان دابڕێ، یان سەرکوتیان بکات و بە خەجاڵەتیەوە بگەڕێنەوە"، خوای پایەبەرز ڕایدەگەیەنێ کە ئەو سەرکەوتنەی بە باوەڕدارانی دەبەخشێ، بۆ دوو مەبەستە، یان بۆ دابڕینی لایەکە لە بێ باوەڕان، واتە: ڕووخاندنی لایەك و کۆڵەگەیەکیان، جا چ بە کوشتن یان بەدیلگرتن، یاخود زاڵبوون بەسەر وڵاتێك، یان دەستخستنی دەستکەوتی دارایی و سامان، بەمەش باوەڕداران بەهێز دەبن و بێ باوەڕانیش لاواز دەبن، چونکە بەرەنگاربوونەوە و داژیەتی بێ باوەڕان بۆ ئیسلام، پێکدێت لە کەس و چەك و سامان و خاکیان، جا بەم شتانە بەرەنگاربوونەوە دەکرێ، بۆیە دابڕینی هەر بەشێك لەمانە بریتییە لە لەناوبردنی بەشێك لە هێز و دسەڵاتەکەیان، مەبەستی دووەم: بێ باوەڕان بە هێز و زۆری ژمارەکەیان، چاوبڕنە موسڵمانان، ئاوات لەسەر ئەمە هەڵبچنن و ئەویەڕی پێداگری لەسەر ئەمە بکەن، هێز و سامانیان لەو پێناوەدا ببەخشن، جا خوای گەورە باوەڕداران سەربخات بەسەریاندا، بە بێ ئومێدی و بێ بەدەستهێنانی ئامانجەکەیان بیانگێڕێتەوە، تەنانەت بە شکست و خەم و خەفەتەوە دەگەڕێنەوە، خۆ ئەگەر لە واقیع ڕابمێنی، ئەوا دەبینی سەرکەوتنی خوای گەورە کە بە بەندە باوەڕدارەکانی دەبەخشێ، لە نێوان ئەم دوو مەبەستەدا دێت و دەچێ و لە یەکێك لەمانە بەدەر نییە، یان باوەڕداران بەسەر بێ باوەڕاندا سەردەخات، یان ئەوەتا بێ باوەڕان ڕیسوا دەکات.

(١٢٨، ١٢٩) ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ ﴿١٢٨﴾ وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿١٢٩﴾

دوای ئەو ڕووداوانەی لە جەنگی ((ئوحد))ــدا ڕوویاندا، پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) تووشی چەندین بەڵا و ناخۆشی هات، خوای گەورە بەم هۆیە پلەی بەرزکردەوە، لەم جەنگەدا سەری بریندار بوو و ددانە چوارینەکەی شکا، پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: ((كيف يفلح قوم شجوا نبيهم)) واتە: چۆن هۆز و گەلێك سەرکەوتوو دەبێ، کە پێغەمبەرەکەیان بریندار کردبێ، جا بۆیە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەستیکرد بە نزاکردن لە سەرانی قورەیش، وەك: ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب، صەفوانی کوڕی ئومەیە، سوهەیلی کوڕی عەمر، حارسی کوڕی هیشام، جا خوای گەورە ڕێگری لەم نزاکردنەی پەیامبەرەکەی کرد، کە نزای دەکرد بە نەفرین کردن و بەدوورگرتنی ناوبراوان لە میهرەبانی خوا، ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ﴾ واتە: "- ئەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) - بەڕاستی تۆ هیچ شتێکت لە کاروباری بەندەکانت بەدەست نییە - بەڵکو بەدەست خوای مەزنە -، ئەگەر تۆبە و پەشیمانیان لێوەربگرێ، یان سزا و ئازاریان بدات - خوای گەورە خاوەن ویستی ڕەهایە -، چونکە ئەوان ستەمکارن"، بەڵکو تەنها ئەوە لەسەر تۆیە کە پەیامی خوا ڕابگەیەنی و سووربی لەسەر بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، بەڵکو کاروبار و فەرمان تەنها بەدەست خوایە، هەر ئەویش کار و فرمانەکان ڕاییدەکات، و ڕێنوێنی هەر کەسێك دەکات کە بیەوێ، هەر کەسێکیش گومڕا دەکات کە بیەوێ، کەواتە نزا لەوان مەکە، بەڵکو کاروباری ئەوان بەدەست پەروەردگارە، خۆ ئەگەر دانایی خوا وابخوازێ تۆبەیان

لێوەربگرێ و بەخششی ئیسلامیان لەگەڵدا بکات، ئەوا بەویستی خۆی دەیکات، ئەگەر حیکمەتەکەی وابخوازێ لەسەر بێ باوەڕی و گومڕاییەکەیان بیانهێڵێتەوە، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە ستەمیان لە خۆیان کرد و زیانیان بەخۆیان گەیاندووە، واتە خۆیان هۆکاری ئەمە بوونە، جا خوای گەورە سەربەستە لەم بڕیار و کارەدا، جا دواتر خوای گەورە تۆبەی لە ناوبراوان و جگە لەوانیش وەرگرت، و ڕێنوێنی کردن بۆ ئیسلام (خوایان لێ ڕازیبێ)، لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی ئەوەی خوا هەڵیدەبژێرێ و ویستی لەسەرە زاڵە بەسەر هەڵبژاردەی بەندەکاندا و، بەندە هەرچەند پلەی بەرز و پایەی بڵند بێت، ئەوا لەوانەیە شتێك هەڵبژێرێ کە چاکە لە شتێکی دیکەدا بێ، جا مادەم پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) هیچ کاروبار و بڕیارێکی بەدەست نەبێ، ئەوا کەسانی دیکە لەپێشترن کە هیچی بەدەست نەبێ، ئەوە گەورەترین بەڵگەی تێدایە، لەسەر بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی خۆیان وابەستەکردووە، بە پێغەمبەران یان پیاوچاکان و جگە لەوانیش(١)، ئەم وابەستەبوونە هاوبەشدانانە لە پەرستندا، کەموکورتییە لە عەقڵ و ژیریدا، واز لەو خوایە دەهێنن کە هەموو کاروبارێکی بەدەستە، دەپاڕێنەوە لەوانەی کە بە ئەندازەی گەردیلەیەك شتیان بەدەست نییە، بەڕاستی ئەمە گومڕاییەکی دوورە، سەیرکە چۆن کاتێك خوای پایەبەرز باسی وەرگرتنی تۆبەی ئەوانی کردووە لەلایەن خۆیەوە، ئەوا کردارەکەی داوەتە پاڵ خۆی، باسی هیچ هۆکارێکی سەپێنەری نەکردووە، تا ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی ناز و نیعمەت تەنها بەخششی خوایە بۆ بەندەی، بێ ئەوەی پێشتر بەندەکە هۆکار و ڕێوشوێنێکی

---

(١) سەبارەت بە وابەستەبوون و تەوەسول بە پێغەمبەران و پیاوچاکانەوە، ئەوەی ڕاجیایی لە نێوان زیایاندا هەیە لەو بارەوە، هەر لایەکیش بەڵگەی خۆی هەیە، ناکرێك پرسێك کە ڕاجیایی لەسەر بێ هیچ کەسێکی لەسەر کافر بکرێ، چونکە ئەوانەی ئەو کارە دەکەن پێیان وایە ڕووی نزا و پاڕانەوەیان لە خوایە نەوەك لە پێغەمبەران و پیاوچاکان (وەرگێڕ).

گرتبیتەبەر، جا كاتێك باسی سزای كردووە، ئەوا باسی ستەمی ئەوانیشی لەگەڵدا كردووە، سزاكەی بە پیتی (ف) ڕێكخستووە كە بە مانای هۆكاربوون دێت، جا فەرموویەتی: ﴿أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ﴾ تا بەڵگە بێ لەسەر كامڵی دادگەری و دانایی خوا، بەوەی سزای لە شوێنی شایستەی خۆیدا داناوە، ستەمی لە بەندەكەی نەكردووە، بەڵكو ئەوە بەندەیە ستەم لە خۆی دەكات، جا كاتێك خوای مەزن ئەوەی ڕەتكردەوە كە پەیامبەرەكەی هیچ كاروبارێكی بەدەستبێ، ئەوا ئەوەی خستەڕوو كە كاروبارەكان تەنها بەدەست ئەوە، جا فەرمووی: ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ واتە: "و هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدایە هەر خوای گەورە خاوەنیانە"، لە تێكڕای فریشتە و ئادەمیزاد و جنۆكە و ژیاندار و جانەوەر و گیاندار و خولگە و بێگیانەكان، و هەرچییەك لە ئاسمانەكان و زەویدایە، ئەو هەمووی موڵكی خوان و بەدیهێنراو و مشورلێخوراوی ئەون، خوای مەزن وەك موڵكی خۆی هەڵسوكەوتیان تێدا دەكات، ئەو بەدیهێنراوانە بە ئەندازەی گەردیلەیەك دەسەڵاتیان نییە، جا مادەم وایە بەدیهێنراوان لە نێوان لێخۆشبوون و سزادانی خوای گەورەدان، جا ﴿يَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ﴾ لە هەر یەكێك خۆش دەبێ كە خۆی بیەوێ، بەوەی ڕێنوێنی دەكات بۆ ئیسلام، و لە هاوبەشدانانەكەی دەبورێ، و بەخششی لەگەڵ دەكات بە وازهێنان لە سەرپێچیكردن، بەمەش لە گوناهەكانی خۆشدەبێ، ﴿وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ﴾ واتە: "سزای هەر یەكێك دەدات كە خۆی بیەوێ"، بەوەی بە ئەو كەسە دەسپێرێ بە دەروون و ناخە نەزان و ستەمكارەكەی، كە هەردەم كاری خراپە دەخوازێ، بەمەش كاری خراپە دەكات و لەسەر ئەمەش سزای دەدات، دواتر خوای مەزن ئەم ئایەتەی بە دوو ناوی زۆر پیرۆز كۆتایی پێهێناوە، كە ئاماژە و بەڵگەن لەسەر فراوانی میهرەبانی و گشتگیری لێخۆشبوون و هەمەلایەنی بەخشش و گشتگیری چاكەكانی، جا فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ واتە: "و خوای گەورە گوناهپۆش و میهرەبانە"، ئەمە گەورەترین مژدەی تێدایە بەوەی

میهرەبانیەکەی بەسەر تورەییەکەیدا زاڵە، لێخۆشبوونەکەی بەسەر سزادانیدا زاڵە، ئەم ئایەتە باس بارووٚدخی بەدیهێنراوانی تێدایە، بەوەی هەیانە خوای گەورە لێی خۆشدەبێ، هەشیانە سزای دەدات، جا خوا ئەم ئایەتەی کۆتا نەهێناوە بە دوو ناو کە یەکێکیان ئاماژە بێ بۆ ڕەحمەتی خوا، دووەمیشان بۆ سزای خوا، بەڵکو ئایەتەکەی کۆتا پێهێناوە بە دوو ناو، کە هەر دووکیان ئاماژەن بۆ میهرەبانی و بەزەیی، خوای گەورە ئەوەندە میهرەبان و چاکەکارە، کە بەجۆرێك لە ڕەحمی پێ بە بەندەکانی دەکات کە بە خەیاڵی مرۆڤدا نەیەت، و بەهیچ شێوەیەك وەسف ناکرێ، جا تکا و داوامان وایە خوای گەورە بە ڕەحمەتی خۆی دامان بگرێ و بمانخەتە ڕیزی بەندە چاکەکانیەوە.

بەرگی یەکەم لەم تەفسیرە بە پشتیوانی و کارئاسانی خوای گەورە تەواو بوو، سوپاس و ستایش هەر بۆ خوای مەزنە، لە خوای گەورە داواکارم بەخشش و ناز و چاکەی زیاترم لەگەڵ بکات، بەرگی دووەم بە دوای ئەمەوە دێت، کە دەستپێکەکەی ئەم فەرمایشتەی خوای بەدیهێنەر و خاوەن شکۆیە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾، ئەمەش لە بیست و نۆی مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٣٤٣ هەزار و سێ سەد و چل و سێی کۆچی پێغەمبەر، جا درود و سڵاوی بێ ئەندازەی خوای گەورە لەسەر پەیامبەرمان محمەد. بەپێنووسی عەبدولڕەحمان ناصر عەبدوڵا سەعدی کۆمکاری ئەم تەفسیرە، خوا لە نووسەر و دایك و باوك و برا موسڵمانەکانی خۆش بێ، و سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان[1].

---

[1] ئەمە بەرگی دووەمە، لە تەفسیری (تیسیر الكريم الرحمن فی تفسير كلام المنان)، کە هەژاری بەر دەرگای خوا: عەبدولڕەحمان ناصر عەبدوڵا سەعدی کۆیکردووەتەوە، (خوای گەورە لە خۆی و دایك و باوك و تێکڕای موسڵمانان خۆشبێ، ئامین).

(١٣٠ – ١٣٦) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٣٠﴾ وَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ ﴿١٣١﴾ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٣٢﴾ وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٣﴾ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾ وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٣٥﴾ أُولَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ ﴿١٣٦﴾

لە پێشەکی ئەم تەفسیرەدا، ئاماژە بەوە کرا کە پێویستە بەندە، ڕەچاوی فەرمان و ڕێگرییەکان بکات لە خۆی و کەسانی دیکەدا، جا خوای پایەبەرز کاتێك فەرمان بە شتێك دەکات، ئەوا – سەرەتا – پێویستە سنوورەکەی بزانێ، بەو شتەش ئاشنابێ کە خوا فەرمانی پێکردووە، تا بەمە بتوانێ جێبەجێی بکات، جا کە ئاشنابوون ئەوا کۆشش دەکات، پشت بە خوای گەورە دەبەستێ، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم فەرمانە لە خۆی و کەسانی تردا، ئەمەش

---

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، داوای پشتیوانی و لێخۆشبوون هەر لەو دەکەین، پەنا دەگرین بە خوای گەورە لە خراپەی ناخ و کردەوەکانمان، خوای گەورە ڕێنوێنی هەر کەسێك بکات، ئەوا هەرگیز هیچ یەکێك ناتوانێ گومڕای بکات، ئەوەش کە خوا گومڕای بکات، ئەوا هیچ کەسێك نابێ ڕێنوێنی بکات، و گەواهی دەدەین کە هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق شایەنی خوایەتی و پەرستن بێ جگە لە خوای گەورە نەبێ، کە تاك و تەنها و بێ هاوەڵە، و گەواهی دەدەین کە محەممەد بەندە و پەیامبەری خوایە (درود و سڵاوی بێ ژماری خوای مەزنی لەسەر بێ)، خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

بەپێی توانا و دەسەڵاتی خۆی دەکات، بەهەمان شێوە خوا کە ڕێگری لە شتێك کرد، بەندەش ئاشنابوو بە سنوورەکەی و ئەو شتەی دەگریتەوە و ئەوەش کە نایگریتەوە، ئەوا دواتر کۆششی کرد و پشتی بەست بە پەروەردگار لە وازهێنان و خۆدوورگرتن لە قەدەغەکراوەکە.

بەڕاستی پێویستە ڕەچاوی ئەمە بکرێ، لەگشت فەرمان و ڕێگرییە خواییەکاندا.

جا ئەم ئایەتە پیرۆزانە، چەندین خەسڵەت و فەرمانیان لەخۆگرتووە، لە خەسڵەتی چاك، کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە و هانی داوە لەسەر ئەنجامدانی، هەواڵی داوە لەبارەی پاداشتی جێبەجێکارانی، هەروەها چەندین ڕێگریش لەم ئایەتانەدا هەن، کە خوای گەورە هانی بەندەکانی دەدات لەسەر واز لێهێنانی.

لەوانەیە – هەر چەندە خوا زاناترە – حیکمەتی دانانی ئەم ئایەتانە لە میانەی بەسەرهاتی جەنگی ((ئوحد))، ئەوەبێ کە خوای پایەبەرز پێشتر بەڵێنی بە باوەڕداران دابوو، کە ئەگەر – بەڕاستی ئارامبگرن و لەخوابترسن – ئەوا بەسەریان دەخات بەسەر دوژمنانیاندا، دوژمنەکانیان ڕیسوا و سەرشۆڕ دەکات، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا﴾ ئالی عیمران: ١٢٠، دواتر فەرموویەتی: ﴿بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ﴾ ئالی عیمران: ١٢٥، ئایەتەکانی تر.

وەك ئەوەی ناخ و دەروونەکان تامەزرۆبن، بۆ ناسینی خەسڵەتەکانی لەخواترسان، کە بەهۆیەوە سەرکەوتن و سەرفرازی و بەختەوەری بەدەستدەهێنرێ، جا خوای گەورە لەم چەند ئایەتەدا باسی گرنگترین خەسڵەتەکانی لەخواترسانی کردووە، کە ئەگەر بەندە جێبەجێیان بکات، ئەوا جێبەجێکردنی شتەکانی دیکە لەپێشتر دەبێ بۆی.

بەڵگەش لەسەر قسەکەمان ئەوەیە، کە خوای گەورە بێژەی (التقوى: لەخواترسان)ـــی سێ جار لەم ئایەتانەدا باسکردووە، جارێکیان بە ڕەهایی هاتووە، کە ئەم فەرمایشتەیە: ﴿أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾، دوو جاریش بە کۆت و بەندکراوی هاتووە، جا فەرموویەتی: ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾، ﴿واتَّقُوا النَّارَ﴾.

کە خوای مەزن دەفەرمووێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە"، جا هەر فەرمایشتێکی خوای مەزن کە لە قورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە هاتبێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ و بفەرمووێ: ئاوا و ئاوا بکەن، یان واز لە فڵان و فیسار شتە بهێنن، ئەوا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە باوەڕ و ئیمان، هۆکار و پاڵنەری سەرەکییە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە، و خۆدوورگرتن لەو قەدەغەکراوە، چونکە باوەڕ بەڕاستدانانی کاملە بەو شتانەی پێویستە بەندە بەڕاستیان دابنێ، کە جێبەجێکردن بە ئەندامەکانی جەستەش دەگرێتەوە.

﴿لَا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً﴾ واتە: "سوو بە چەند بەرامبەر مەخۆن"، خوای گەورە ڕێگری کردووە لە باوەڕداران، لە خواردنی چەند قاتی سوو، ئەمە ئەو شتەبوو کە خەڵکی سەردەمی نەفامی لەسەری ڕاهات بوون، و ئەوانەش ئەمە دەکەن کە گوێ بە فەرمانە شەرعییەکان نادەن، لەوەی ئەگەر کاتی داناوەی قەرزی ئەو قەرزدارە هات کە نەبوونی تەنگی پێ هەڵچنیوە، هیچ شتێکی نەبوو بیداتەوە، ئەوا قەرزدەرەکان پێی دەڵێن: یان ئەوەتا قەرزەکەت دەدەیتەوە، یاخود ماوەکەت بۆ درێژ دەکەینەوە، و ئەو قەرزەش کە لە ئەستۆتدایە بۆت زیاد دەکەین، جا هەژارەکە ناچار دەبێ، بۆ ڕازیکردنی قەرزدەرەکەی، پابەند بێ، بۆ ئەوەی ئێستا ئاسوودەبێ، ئەوا چەند بەرامبەر ئەو قەرزەی لە ئەستۆیدایە زیاد دەکات، بێ ئەوەی هیچ سوود و قازانجێکی بۆی هەبێ.

لەم فەرمایشتەدا: ﴿أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً﴾ ئاگادار کردنەوەیە لەسەر دزێوی ئەم کارە، بەوەی چەند بەرامبەریان وەردەگرتەوە، سەرنج خستنەسەر حیکمەتی حەرامکردنی سوو (ڕیبا)ـــیە، بێگومان حیکمەت لە حەرامکردنی سوو، ئەوەیە خوای گەورە قەدەغەی کردووە لەبەر ئەو ستەمەی تێیدایە، جا خوای گەورە واجبی کردووە کە ماوە بدرێتە ئەو قەرزدارەی کە نەبوونی ڕێگرە لەوەی قەرزەکەی بداتەوە، ئەو قەرزەش نابێ زیادە بخاتە ئەستۆی قەرزدەرەکە، جا پابەندکردنی قەرزدارەکە بەشتێکی زیاد لەمە، ئەوا ستەمێکی چەند قاتە، بۆیە پێویستە لەسەر باوەڕداری لەخواترس واز لەو کارە بهێنێ و نزیکی نەکەوێتەوە، چونکە وازهێنان لەو کارە هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی لەخواترسان.

سەرکەوتن و سەفرازی وەستاوەتە سەر لەخواترسان، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٣٠﴾ وَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ﴾ واتە: "و لەخوابترسن بەڵکو سەرفراز بن، خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی کە بۆ بێ باوەڕان سازکراوە" بە وازهێنان لەو شتانەی دەبنە هۆکار بۆ چوونە ناو ئاگری دۆزەخ، لە خۆدوورگرتن لە بێ باوەڕی و گوناهـــ و تاوان، بە جیاوازی پلەکانیان، جا هەموو گوناهـــ و سەرپێچییەك – و بەتایبەت گوناهی مەزن – بۆ بێ باوەڕی سەردەکێشن، بەڵکو گوناهـــ یەکێکە لە خەسڵەتەکانی بێ باوەڕی و کوفر، کە خوای گەورە ئاگری دۆزەخی بۆ پەیڕەوکارانی ئامادەکردووە، جا وازهێنان لە گوناهـــ مایەی ڕزگاربوونە لە ئاگر، هۆی پارێزراوبوونە لە خەشم و تووڕەیی خوای باڵادەست و بەهێز، و کردەوە چاکەکان و گوێڕایەڵی، دەبنە مایەی ڕەزامەندی خوای میهرەبان، و چوونە بەهەشت و بەدەستهێنانی میهرەبانی.

لەبەر ئەمە فەرموویەتی: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ﴾ واتە: "گوێڕایەڵی خوا و پەیامبەرەکەی بن" بە جێبەجێکردنی فەرمانەکان، خۆدوورگرتن لە قەدەغەکراوەکان ﴿لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ واتە: "بۆ ئەوەی بەر میهرەبانی خوا بکەون"، گوێڕایەڵبوون بۆ خوا و

گوێڕایەڵبوون بۆ پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، یەکێکن لە هۆکارەکانی دەستخستنی میهرەبانی، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ﴾ ئەعراف: ١٥٦. واتە: "میهرەبانیەکەم دەوری هەموو شتێکی داوە، لەمەودوا ئەو میهرەبانیەم بڕیار دەدەم بۆ ئەوانەی لەخواترسن و زەکات دەدەن"، ئایەتەکانی دواتریشی.

دواتر خوای پایەبلند فەرمانی پێکردوون بە پەلەکردن: ﴿وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾ واتە: پەلە بکەن بۆ گەیشتن بە لێخۆشبوونی پەروەردگارتان و گەیشتن بە بەهەشتەکەی، کە پایەنتاییەکەی بە ئەندازەی پانتایی ئاسمانەکان و زەوییە، جا دەبێ درێژییەکەی چەند بێ، خوای گەورە بۆ لەخواترسان ئامادەی کردووە، جا پارێزکاران بەهەشتین و کردەوە پارێزکارییەکان گەیەنەری "باوەڕدارن" بە بەهەشت.

دواتر وەسفی لەخواترسان و کردەوەکانیانی کردووە، جا فەرموویەتی: ﴿الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ﴾ واتە: "ئەوانەی سامان و دارایی دەبەخشن" لە کاتی خۆشی و ناخۆشی و هەبوون و نەبووندا، ئەگەر هەیانبوو ئەوا زۆر دەبەخشن، ئەگەر نەشیانبوو، ئەوا هیچ چاکەیەك بەکەم نازانن ئەگەر کەمیش بێ.

﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ﴾ واتە: "ئەوانەی ڕق و کینەیان دەخۆنەوە" کاتێك لەلایەن کەسانێکەوە ئازار دەدرێن، کە مایەی هەڵسانی ڕق و کینەیان بێ، –کە بریتییە لە پڕبوونی دڵیان لە ڕق و کینە، کە دەبنە هۆی تۆڵەکردنەوە بە کردار و گوفتار –، ئا ئەوانەی بەپێی سروشتی مرۆڤایەتی کار ناکەن، بەڵکو ڕق و کینەی ناو دڵیان دەخۆنەوە، و ئارام دەگرن لەسەر ئەوەی کاردانەوە نەنوێنن بەرامبەر بەوەی خراپەیان لەگەڵدا دەکات.

﴿وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ﴾ واتە: "ئەوانەی لە خەڵك دەبوورن"، لێبوردن لە خەڵکی ئەمانە دەگرێتەوە، لێبوردەبوون بەرامبەر بە هەر کەسێك، کە بە گوفتار یان کردار خراپەی بەرامبەر کردبێ. لێبوردن بەهێزترە لە ڕق خواردنەوە، چونکە لێبوردن وازهێنانە لە سزادان، لەگەڵ لێخۆشبوون لە خراپەکارەکە، جا تەنها کەسێك ئەم کارە دەکات کە خۆی بە ڕەوشتە بەرز و جوانەکان ڕازاندبێتەوە، خۆی داڕنی بێ لە ڕەوشتە خراپەکان، و ئەمە کاری ئەو کەسەیە کە بازرگانی لەگەڵ خوا بکات، بەمەبەستی بەزەیی نواندنی خوا بەرامبەر بەندەکان، و چاکەکردن لەگەڵیان، ئەوا لێیان خۆشدەبێ، و چونکە حەز ناکات خراپەیان بەسەردا بێ، و ئومێدیشی بەوەیە کە خوای گەورە لێی خۆشبێ، چاوەڕێی پاداشتیش تەنها لە پەروەردگاری بەخشندە دەکات، نەوەك لە بەندەی هەژار و نەدار، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ﴾ شوڕا: ٤٠. واتە: "جا هەر کەسێك لێخۆشبوونی هەبێ، و پەیوەندییەکانی چاك بکاتەوە، ئەوا پاداشتی لەسەر خوایە".

پاشان باسی بارودۆخێکی گشتگیرتر و چاکتر و بەرزتر و شکۆدارتری کردووە لەوانی دیکە، ئەویش پلەی چاکەکاری (إحسان)ـــە، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ واتە: "و خوای گەورە چاکەکارانی خۆشدەوێ"، چاکەکاری (ئیحسان) دوو جۆرە: چاکەکاری لە بەندایەتی کردن بۆ خوای بەدیهێنەر، [و چاکەکاری بەرامبەر بەدیهێنراوان، جا سەبارەت بە چاکەکاری لە بەندایەتی کردن بۆ خوای بەدیهێنەردا]، ئەوا خوای بەدیهێنەر بەم فەرمایشتەی ڕاڤەی کردووە: ((أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك)) واتە: بە جۆرێك خوا بپەرستی وەك ئەوەی ببینی، خۆ ئەگەر تۆش ئەو نەبینی، ئەوا ئەو تۆ دەبینێ.

سەبارەت بە چاکەکاری لەگەڵ بەدیهێنراواندا، ئەوا بریتییە لە گەیاندنی سوودی دینی و دونیایی پێیان، و لادانی خراپەی دینی و دونیایی لەسەریان، جا ئەمە ئەو شتانە

دەگرێتەوە: فەرمان پێکردنیان بە چاکە، و ڕێگری لێکردنیان لە خراپە، فێرکردنی نەزانەکانیان، بێدارکردنەوەی بێ ئاگاکانیان، دڵسۆزبوون و ئامۆژگاری کردنی خەڵك بە گشتی، هەوڵدان بۆ یەکخستنیان، و گەیاندنی بەخشین و خەرجییە واجب و سوننەتەکان پێیان، سەرباری جیاوازی بارودۆخ و وەسف و خەسڵەتەکانیان.

هەروەها ئەمانەش دەگرێتەوە، بەخشین و دەستکراوەبوون، دەستگرتنەوە لە ئازاردانی خەڵکی، بەرگەگرتن لەسەر ئازارەکان، هەروەك خوای گەورە لەم ئایەتانەدا بەم خەسڵەتانە وەسفی لەخواترسەکانی کردووە، جا هەر یەکێك ئەم شتانە جێبەجێ بکات، ئەوا مافی خوا و مافی بەندەکانی خوای داوە.

دواتر باسی پاساو هێنانەوەی ئەوانی کردووە بۆ پەروەردگاریان، لەسەر تاوان و گوناهەکانیان، فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ﴾ واتە: "ئەوانەش کە" خراپەیەکی مەزن یان بچوك دەکەن، "یان ستەم لەخۆیان دەکەن، ئەوا دەستپێشخەری دەکەن بۆ تۆبەکردن و داوا لێخۆشبوون کردن، یادی پەروەردگاریان دەکەن لەگەڵ ئەو هەڕەشەی لە سەرپێچیکارانی کردووە، ئەو بەڵێنەش کە بە لەخواترسانی داوە، جا داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن بۆ گوناهـــ و خراپەکانیان، تکای لێدەکەن کە کەموکورتیەکانیان بپۆشێ، واشیان لێبکات وازی لێبهێنن، لەگەڵ ئەمەشدا پەشیمانن لەو خراپانەی کردوویانە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ واتە: "لەسەر خراپە و گوناهەکانیان بەردەوام نابن، لەکاتێکدا دەزانن –کە ئەمە تاوانە –".

﴿أُولَئِكَ﴾ ئا ئەوانەی بەو سیفەتانە وەسفکران ﴿جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ﴾ "ئا ئەوانە پاداشتیان لێخۆشبوونە لەلایەن پەروەردگاریانەوە"، هەرچی قەدەغەکراوە لەسەریان لادەدرێ، ﴿وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ "لەگەڵ بەهەشتانێك کە چەندین ڕووباری

بەژێردا دەڕۆن" خۆشی نەبڕاوە و کامەرانی و خێر و ئاسودەیی، کۆشك و تەلار و خانووی بەرز و قەشەنگ، درەختی بەرداری زۆر جوان، هەروەها ڕووباری لەبەر ڕۆیشتوو لە نێو ئەو کۆشك و تەلارە خۆشانەدایە.

﴿خَالِدِينَ فِيهَا﴾ "بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە"، هەرگیز لێی دەرناچن، بەهەشتیەکانیش ئومێد بە جێگرەوەیەکی تر ناخوازن، بەهیچ شێوەیەك ئەو خۆشییەی تێیدان گۆڕانی بەسەردا نایەت، ﴿وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ﴾ واتە: "بەڕاستی ئەمە چاکترین پاداشتە بۆ کۆششکارانە" کار و کردەوەی کەمیان کردووە، کەچی پاداشتێکی زۆریان پێدەدرێتەوە، جا ((لە بەیانیدا خەڵك سوپاسی ئەو کەسانە دەکەن، کە بەدەم خواپەرستیەوە شەونخونیان کردووە))(١)، جا لەکاتی پاداشتدا، کۆششکار پاداشتەکەی بە تەواوی وەردەگرێتەوە.

ئەم چەند ئایەتە، یەکێکن لەو بەڵگانەی ئەهلی سوننە و جەماعە دەیهێننەوە، لەسەر ئەوەی کردەوەکان بەشێکن لە باوەڕ و ئیمان، بەپێچەوانەی بۆچوونی مورجیئەکان "کە پێیان وایە کردەوەکان بەشێك نین لە ئیمان".

ڕووی بە بەڵگە هێنانەوە، بە خستنەڕووی ئەو ئایەتەی سورەتی حەدید دەبێ، کە هاوشێوەی ئەم ئایەتانەیە، ئەویش ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزە: ﴿سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ﴾ حەدید: ٢١. واتە: "پێشبڕکێ بکەن بۆ گەیشتن بە لێخۆشبوونی پەروەردگارتان و گەیشتن بە بەهەشتێك، کە پایەنتاییەکەی وەك پانتایی ئاسمانەکان و زەوییە، خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی باوەڕی دامەزراویان بە خوا و پەیامبەرەکانی هەیە". لەمەدا تەنها

(١) ئەمە پەندێکی عەرەبیە (وەرگێڕ).

گوزارشتی باوەڕبوون بە خوا و پەیامبەرەکەی خستۆتەڕوو، کەچی لێرەدا فەرموویەتی: ﴿أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾ واتە: "بۆ لەخواترسان ئامادەی کردووە".

دواتر وەسفی لەخواترسانی کردووە بەم کارە دارایی و جەستەییانە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو لەخواترسانەی، کە بەم خەسڵەتانە وەسفکران، بریتین لە باوەڕداران.

(١٣٧، ١٣٨) ﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ ﴿١٣٧﴾ هَذَا بَيَانٌ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٣٨﴾

ئەم چەند ئایەتە پیرۆزە و ئایەتەکانی دواتریشی، کە لەبارەی بەسەرهاتی جەنگی ((ئوحد))ــــن، خوای گەورە دڵی بەندە باوەڕدارەکانی دەداتەوە، پێیان ڕادەگەنێ: ﴿قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ سُنَنٌ﴾ واتە: چەندین نەوە و گەلانی زۆر تێپەڕیون، کە تووشی تاقیکردنەوە بوون، باوەڕدارانیان تاقیکرانەوە بە جەنگ لەگەڵ بێ باوەڕان، ئەوان بەردەوام لە هەڵبەزین و دابەزین دابوون، تا سەرئەنجام خوای گەورە لە ئاکامدا لەخواترسەکانی سەرخست، سەرکەوتنی کردە بەشی بەندە باوەڕدارەکانی، لە کۆتاییدا شکستی کردە بەشی بێ باوەڕ و درۆزنان، خوای گەورە ئەوانی ڕیسواکرد بە سەرخستنی پەیامبەران و شوێنکەوتووانیان.

﴿فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ﴾ واتە: بە جەستە و دڵەکانتان "بگەڕێن و گەشت بکەن بە زەویدا"، ﴿فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ واتە: "سەرنج بدەن کە ئایا ئاکام و سەرئەنجامی بێ باوەڕان و بەدرۆخەرەوانی پەیامی خوا چۆن بووە"، بێ گومان ئێوە تەنها بە شێوەیەك دەیانبینن کە بە جۆرەها سزای دونیایی ئەشکەنجە دراون، شوێنەوار و وڵاتیان خاپورکراوە، بۆ هەر یەکێکتان ڕوون دەبێتەوە کە چەندە دۆڕاوبوونە، چۆن لوتبەرز و دەسەڵاتیان تەفروتونابووە، شانازی بەخۆکردن و خۆهەڵکێشانیان لەناوچووە، ئایا ئا

لەمەدا گەورەترین بەڵگە نییە، هەروەها مەزنترین گەواهی نییە لەسەر ڕاستی ئەو پەیامەی پەیامبەران هێناویانە؟!

حیکمەتی خوا لە تاقیکردنەوەی بەندەکانی، بۆ ئەوەیە هەڵیانسەنگێنێ و کەسە ڕاستگۆ و درۆزنەکان لە یەکتر جیا بنەوە، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿هَذَا بَيَانٌ لِلنَّاسِ﴾ واتە: "ئەوەی کە باسکرا" ڕاگەیەنراو و ئاماژەیەکی ڕوون و ڕۆشنە، کە ڕەوا و ناڕەوا، بەختەوەر و بەدبەختەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە، هەروەها ئاماژەشە بۆ ئەو بەڵا و سزایانەی خوای گەورە بەسەر بێ باوەڕاندا هێناوە.

﴿وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِلْمُتَّقِينَ﴾ واتە: "و ڕێنوێنی و ئامۆژگارییە بۆ لەخواترسان"، چونکە ئەوان سوودمەندن لەو ئایەتانە، کە ڕێنوێنیان دەکات بۆ ڕێگەی ڕاست، دەشیانگێڕێتەوە لە گرتنەبەری ڕێگەی گومڕایی، سەبارەت بە خەڵکی دیکە، ئەوا ئەمەی باسکرا ڕوونکردنەوەیەکە بۆیان، کە بەڵگەیان لەسەر بەرپا دەبێ لەلایەن خواوە، تا ئەوەش کە لەناودەچێ لەسەر بەرچاوڕۆشنی و بەڵگە لەناوبچێ.

دەکرێت ئاماژەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿هَذَا بَيَانٌ لِلنَّاسِ﴾ ئاماژەبێ بۆ قورئانی پیرۆز و بەپێز، هەروەها ڕوونکردنەوەشە بۆ خەڵك بەگشتی، ڕێنوێنی و ئامۆژگارییە بۆ لەخواترسان بەتایبەتی، جا هەر دوو ماناکە هەر ڕاستن.

(١٣٩ – ١٤٣) ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ ﴿١٤١﴾ أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللَّهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنْكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ ﴿١٤٢﴾ وَلَقَدْ كُنْتُمْ تَمَنَّوْنَ الْمَوْتَ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ ﴿١٤٣﴾

خوای پایەدار هانی بەندە باوەڕدارەکانی دەدات، ورەیان بەهێز دەکات، هیمەتبەرزیان پێ دەبەخشێ، بەوەی پێیان دەفەرمووێ: ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا﴾ واتە: سست و لاواز مەبن لە جەستەتاندا، خەم و خەفەت لە دڵتاندا هەڵمەگرن، کاتێك ئێوە دووچاری کارەسات بوون و، بەم تاقیکردنەوەیە تاقیکرانەوە، چونکە خەم هەڵگرتن لە دڵاندا و سستبوونی جەستە، دەبێتە هۆی گرانتربوونی ئەو کارەساتەی بەسەرتاندا هاتووە، یارمەتیدەری دوژمنەکانتانیش دەبێ لە دژتان.

بەڵکو هانی دڵەکانتان بدەن و لەسەر ئارامگرتن ڕایبهێنن، خەم و خەفەتی لەسەر لابدەن، ڕایبهێنن لەسەر شەڕکردن و جەنگان لەگەڵ دوژمنەکەتان، خوای پایەبەرز باسی ئەوەی کردووە، کە سستبوون و خەم و خەفەت بۆ ئەوان گونجاو نییە، لەکاتێکدا ئەوان بەرزترن لە باوەڕدا، و ئومێدی ئەوەشیان هەیە کە خوای گەورە سەرکەوتن و پاداشتیان پێ ببەخشێ، جا ئەم سستی و خەفەتبارییە شایەنی کەسی باوەڕدارێك نین، کە دڵنیایە لە بەدەستهێنانی ئەو پاداشتە دونیایی و دوارۆژییەی کە خوای گەورە بەڵێنی پێداوە.

بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ واتە: "هەر ئێوە سەرفراز و باڵادەستن، ئەگەر بەڕاستی ئێوە باوەڕدارن".

پاشان دڵی باوەڕدارانی داوەتەوە لەسەر ئەو شکستەی تووشیان بووە، ڕوونیکردۆتەوە کە چەندین حیکمەتی مەزن لەمەدا هەبوونە، جا فەرموویەتی: ﴿إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ﴾ واتە: "ئەگەر زام و برین و ناخۆشییەك – لە جەنگی ئوحد –دا تووشی ئێوە هاتووە، ئەوا ئەو خەڵکەش – لە جەنگی بەدر –دا تووشی هەمان زام و ناخۆشی هاتن"، کەواتە ئێوە لە زام و ناخۆشیدا هاوتا و یەکسانن، بەڵام ئەوەی ئێوە بە تەمان لەلایەن خواوە دەستتان بکەوێت، ئەوا هەرگیز ئەوان بە تەمای نین، هەروەك خوای پایەبڵند فەرموویەتی: ﴿إِنْ تَكُونُوا تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ﴾ نیساء: ١٠٤. واتە: "ئەگەر ئێوە ئێش و ئازارتان تووش بێ، ئەوانیش هەر تووش دەبن، بەڵام ئەوەی ئێوە بە ئومێدن لەلایەن خواوە دەستتان بکەوێت، ئەوا ئەوان بە تەما نین".

یەکێك لە حیکمەتەکانی ئەوەیە، کە خوای گەورە لە دونیادا بە باوەڕدار و بێ باوەڕ، چاکەکار و خراپەکار دەبەخشێ، ﴿وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾ واتە: "ئەم ڕۆژگارانە لە نێوان خەڵکیدا دەستاودەست دەکەین"، خوای پایەدار ئەم ڕۆژگارانە دەستاودەست دەکات لە نێوان خەڵکیدا، ڕۆژێك بۆ ئەم کۆمەڵەیە، ڕۆژێکی تر بۆ کۆمەڵ و دەستەیەکی دیکەیە، چونکە ئەم دونیایە کاتیە و لەناودەچێ، ئەمەش بە پێچەوانەی دوارۆژ، کە "سەرفرازی" تیایدا تەنها بەشی باوەڕدارانە.

﴿وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ واتە: "تا ئەوانەی باوەڕدارن خوای گەورە بیانناسێ و دەریانبخات[1]" ئەمە یەکێکە لە حیکمەتەکانێ، کە خوای گەورە بەندەکانی بە شکست تاقی دەکاتەوە، تا باوەڕدار و دووڕووەکان لە یەکتر جیا ببنەوە، چونکە ئەگەر سەرکەوتن لە گشت بارودۆخ و پێشهاتێکدا هەر بەشی موسڵمانان بوو، ئەوا ئەوسا کەسانێك دێنە نێو ئیسلام کە "بە دڵ" نایانەوێ، جا ئەگەر لە هەندێك ڕووداودا چەند جۆرە تاقیکردنەوەیەك ڕوویاندا، ئەوا ئەو باوەڕدارە ڕاستەقینەیە دەردەکەوێ، کە ئیسلامی مەبەستە، لە خۆشی و ناخۆشی، هەبوونی و نەبوونیدا، جیاش دەبێتەوە لەو کەسەی کە وا نییە.

﴿وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاءَ﴾ واتە: "و بۆ ئەوەی هەندێکتان بە پلەی شەهیدی پایەدار بکات"، ئەمەش یەکێکی دیکە لە حیکمەتەکان، چونکە شەهیدی یەکێکە لە بەرزترین پلەکان، بە هیچ ڕێگەیەك بەدەستناخرێ، تەنها بە گرتنەبەری ئامرازەکانی نەبێ، جا ئەمە لە سایەی میهرەبانی خواوەیە بە بەندە باوەڕدارەکانی، بەوەی ئامراز و ڕێوشوێنی وای بۆ فەراهەم کردوون، کە ناخ و دەروونەکان پێی سەغڵەت دەبن، لە پێناو ئەوەی ئەم بەندانە بگەیەنێ بە پلە و پێگەی بەرز و خۆشییە نەبڕاوەکان.

﴿وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ واتە: "و خوای گەورە ستەمکارانی خۆشناوێ"، ئەوانەی کە ستەمیان لەخۆیان کردووە، پاڵیان داوەتەوە و نەجەنگاون و تێنەکۆشاون لە پێناوی پەیامی خوادا، وەك ئەوەی لەمەدا بە ناڕاستەوخۆ سەرزەنشتی دووڕووەکان هەبێ، بەوەی لەلایەن خواوە خشم و قین لێگیراون، بۆیە خوای گەورە ئەوانی پاڵخستووە لە ئاست جەنگان و تێکۆشان لە پێناوی پەیامی خوادا، ﴿وَلَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً وَلَكِنْ

---

(١) واتە: خوای گەورە دەیەوێ ئەوەی لە زانستی بێ سەرەتای خۆی کە زانیویەتی کامە باوەڕداری ڕاستگۆیە و کامەش درۆزنە، لە زەمینەی واقیعدا دەریبخات (وەرگێڕ).

كَرِهَ اللَّهُ انْبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ﴾ تەوبە: ٤٦. واتە: "ئەگەر ئەو دووڕووانە بیانویستبا دەربچن – بۆ جەنگ لە پێناوی خوادا –، ئەوە خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، بەڵام خوای گەورە دەرچوونی ئەوانی نەویست، بۆیە سستیکردن و پێیان وترا: دانیشن لەگەڵ ئەوانەی نەهاتوون بۆ جەنگ – لە پیر و منداڵ و نەخۆش و پەککەوتەکان –".

﴿وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ واتە: "– ئەم تاقیکردنەوانە بۆ ئەوەیە – تا باوەڕداران پاك و پوختە بکات" ئەمە یەکێکی دیکەیە لەو حیکمەتانە، خوای گەورە بەم تاقیکردنەوانە، باوەڕداران لە گوناهــ و کەموکورتییەکانیان پاك دەکاتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەهیدی و جەنگ لە پێناوی خوادا، دەبنە هۆی سڕانەوەی گوناهەکان، کەموکورتیەکان ناهێڵێ، و باوەڕداران لە دووڕووان جیا دەکاتەوە، بەمەش باوەڕداران لە دووڕووان جیادەبنەوە، دەزانرێ کێ باوەڕدارە و کێ دووڕووە.

یەکێکی تر لە حیکمەتەکان ئەوەیە کە خوای گەورە تاقیکردنەوەکان پێشدێنێ، تا ﴿وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ﴾ واتە: بێ باوەڕان پێ ڕیسوا بکات، و بە سزادانیان ڕیشەکێش بکات، چونکە ئەگەر بێ باوەڕان سەرکەوتن، ئەوا دەستدرێژی و خراپەکاری دەکەن، زۆرتر سنوور دەبەزێنن، بەمەش شایستەی سزای بە پەلە دەبن، ئەم سزادانەشیان بەهۆی ڕەحمەت و میهرەبانی خوایە بە بەندە باوەڕدارەکانی.

پاشان خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللَّهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنْكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ﴾ ئەمە دەربڕینی سەرسوڕمانیە بە مەبەستی نکۆڵی کردن، واتە: هەرگیز وا گومان مەبەن، و بە خەیاڵیشتاندا نەیەت کە بچنە بەهەشتەوە بەبێ تەنگوچەڵەمە و سەختی، و بەرگەگرتنی ناخۆشیەکان لە پێناوی خوا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا، بێ گومان بەهەشت بەرزترین ئامانجە، چاکترین شتە کە کێبڕکێکاران

پێشبڕکێی لەسەر بکەن، جا هەر کاتێك ئامانج گەورە بوو، ئەوا ئامرازەکەشی گەورە دەبێ، کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش گەورە دەبێ، جا مرۆڤ بە حەسانەوە ناگات تەنها بە وازهێنان نەبێ لە حەسانەوە، و بە خۆشی و کامەرانی ناگات تەنها بە وازهێنان نەبێ لە خۆشی و کامەرانی.

بەڵام ئەو ناخۆشیانەی دونیا کە تووشی بەندە دەبن، لە پێناوی خوای گەورەدا کاتێك ناخ و دەروونی خۆی لەسەر ڕادەهێنێ، و ئاشنابوون بەو ئاکامەی بەندە پێی دەگات، – ئەوا لەلای ڕۆشندڵەکان – دەگۆڕێ بۆ چەندین بەخشش کە پێی دڵخۆش دەبن، تەنانەت گوێش بەم ناخۆشیانە نادەن، بێ گومان ئەمە بەخششی خوایە کە دەیبەخشێ بە هەر یەکێك کە بیەوێت.

دواتر خوای پایەبەرز سەرزەنشتیان دەکات، لەسەر ئارام نەگرتنیان لەسەر کارێك کە پێشتر ئومێدیان پێ دەخواست، و دەیانویست بەدەستی بهێنن، جا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ الْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَنْ تَلْقَوْهُ﴾ واتە: "و بەڕاستی ئێوە ئومێدی مردنتان دەخواست، پێش ئەوەی پێی بگەن"، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆرێك لە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازیبێ) لەوانەی کە ئامادەی جەنگی ((بەدر)) نەبوون، ئومێدیان دەخواست بە دیمەن و پێشهاتێك، کە تیایدا تێبکۆشن.

خوای گەورە پێی فەرموون: ﴿فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ﴾ واتە: "بەدڵنیاییەوە ئەوەشتان بینی" بە چاوی خۆتان کە ئومێدتان پێ دەخواست ﴿وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ﴾ واتە: "ئێوەش سەیرتان دەکرد"، کەواتە ئەوە بۆچی ئارامگریتان لەدەستداوە؟ ئەمە کارێکی شایستە و جوان نییە، بەتایبەت بۆ کەسێك کە ئومێدی بە شتێکەوە خواستبێ، جا ئەو شتەشی بۆ پێشهاتبێ، بەڵکو پێویستە لەسەری کۆشش بکات و ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدات بۆ گەیشتن بەو ئومێدەی.

لەم ئایەتەدا بەڵگەی ئەوە هەیە، کە ئاوات خواستن بە "شەهیدی و" مەرگ و مردن کارێکی ناپەسەند نییە(١)، ڕووی بە بەڵگە هێنانەوە ئەوەیە کە خوای گەورە پەسەندی ئاواتخواستنەکەی ئەوانی کردووە، نکۆڵی لێنەکردووە، بەڵکو سەرزەنشتی ئەوانی کردووە بەوەی بە کردار تێنەکۆشاون و، خوای گەورەش زاناترە.

(١٤٤، ١٤٥) ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلًا وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الْآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنْهَا وَسَنَجْزِي الشَّاكِرِينَ ﴿١٤٥﴾

خوای پایەبڵند دەفەرمووێ: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ﴾ واتە: "محەممەد – درود و سڵاوی خوای لێبێ –" تەنها پەیامبەرێکە لە پەیامبەرانی خوا، کەسێکی بەدەر نییە لە پێغەمبەران، بەڵکو لە ڕەگەزی ئەو پەیامبەرانەیە کە لە پێش ئەودا نێردراون، "وەك چۆن ئەوان مردن، ئەوا ئەویش دەمرێت"، کە ئەرکیان بریتییە لە ڕاگەیاندنی پەیامی پەروەردگاریان، و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا، هەرگیز نەمر نین، زیندوو مانەوەیان

---

(١) ئەم ڕایەی نووسەر پێچەوانەی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کە فەرموویەتی: (لا يتمنينّ أحدكم الموت لضرٍّ أصابه، فإن كان لا بدّ فاعلاً فليقل: اللهم أحيني ما كانت الحياة خيراً لي ، وتوفني إذا كانت الوفاة خيراً لي) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.
واتە: با هیچ یەکێکتان ئاواتی مردن نەخوازێ بەهۆی ناخۆشی و دەردێك کە تووشی بووە، ئەگەر نزاشی کرد ئەوە با بڵێت: خوایەگیان؛ بمژیێنە ئەگەر ژیان خێر تێدابێ بۆم و، بمرێنە ئەگەر مردن چاکتر بێ بۆم (وەرگێڕ).

مەرجێك نییە بۆ جێبەجێكردنی فەرمانەكانی خوا، بەڵكو لەسەر ئوممەتان پێویستە بەندایەتی پەروەردگاریان بكەن لە گشت كات و بارودۆخێكدا، بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ﴾ واتە: "ئایا ئەگەر مرد یان كوژرا، ئەوا ئێوە پاشگەز دەبنەوە" بە وازهێنان لەو باوەڕ یان تێكۆشان یاخود شتەكانی دیكە كە بۆ ئێوەی هێناوە.

خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا﴾ واتە: "خۆ ئەگەر هەر یەكێك پاشگەز ببێتەوە، ئەوا هیچ زیانێك بە خوا ناگەیەنێ"، بەڵكو زیان بە خۆیان دەگەیەنن، ئەگەرنا خوای گەورە دەوڵەمەندە و پێویستی پێ نییە، بە دڵنیاییەوە خوای مەزن لە ئایندەدا ئاینەكەی بەرپا دەكات و بەندە باوەڕدارەكانی سەربەرز دەكات، جا كاتێك خوای پایەبەرز سەركۆنەی ئەو كەسەی كرد كە لە باوەڕ پاشگەزبووەتەوە، ئەوا ستایشی ئەو كەسەی كردووە كە لەگەڵ پەیامبەری خوادا خۆڕاگرە و فەرمانی پەروەردگاری جێبەجێ كردووە، جا فەرموویەتی: ﴿وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ﴾ واتە: "بە دڵنیاییەوە لە ئایندەیەكی نزیكدا خوای گەورە پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە"، سوپاسگوزاربوون تەنها بە بەندایەتی كردن دەبێ بۆ خوای گەورە لە گشت بارودۆخێكدا.

لەم ئایەتە پیرۆزدا، خوای گەورە ڕێنوێنی بەندەكانی دەكات، بەوەی لە دۆخێكدا بن كە هیچ شتێك لەسەر باوەڕەكەیان هەڵیان نەتەكێنێ، یان لە بەشێك لە پێویستییەكانی باوەڕ پاشگەز نەبنەوە، بەهۆی لەدەستدانی سەرۆكێك، جا هەر چەندە مەزن بێ، ئەمەش تەنها بە ئامادەسازی دەبێ لە گشت كاروبارێكی ئایندا، بە ئامادەكردنی خەڵكانێكی لێهاتوو لەو بوارانەدا، بەوەی ئەگەر یەكێك لەدەستچوو، ئەوا كەسێكی دیكەی لێهاتوو شوێنی بگرێتەوە، و گشت باوەڕداران ئامانجیان پێویستە جێبەجێكردنی ئاینی خوا بێ، و تێكۆشان بێ بەپێی توانا لە پێناویدا، نابێ بە هەبوونی سەرۆكێك پەیڕەوی ئاین بكەن و بە هەبوونی

یەکێکی دیکە پەیڕەوی لێنەکەن، جا ئەگەر بەم شێوەیە بوون "کە خوا فەرموویەتی" ئەوا کاروباریان ڕێك و ڕەوان دەبێ.

هەروەها لەم ئایەتەدا، گەورەترین بەڵگە هەیە، لەسەر پلەوپایەی ڕاستگۆی گەورە (ئەبو بەکر)، و هاوەڵانی پەیامبەری خوای (درود و سڵاوی خوایان لێبێ)، کە شەڕیان لەگەڵ هەڵگەڕاوان کرد، کە دوای کۆچی پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوایان لێبێ) هەڵگەڕانەوە، چونکە ئەوان سەروەری بەندە سوپاسگوزارەکانن.

پاشان خوای پایەبەرز ڕایگەیاندووە و فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلًا﴾ واتە: "هیچ کەسێك نامرێ، مەگەر بە مۆڵەتی خوا نەبێ، کە خوای گەورە ئەندازەگیری بۆ کاتەکەی کردووە"، کە هەموو ناخ و دەروونەکان پەیوەستن بەو کاتە دیاریکراوەی بۆیان دانراوە، و وابەستەی قەدەر و قەزای خوای مەزنن، جا ئەوەی بە قەدەری خوا مردنی لەسەر دانرابێ، ئەوا دەمرێ ئەگەر بەبێ هۆکاریش بێ، ئەوەش کە خوای گەورە ویستی لەسەر بێ هێشتا زیندوو بێ، ئەوا نامرێ ئەگەر هەوڵی خۆکوشتنیش بدات و هۆکارەکانی مردن بگرێتەبەر، ئەم هۆکارە هیچ زیانێکی وای پێناگەیەنێ کە بمرێ تا ئەگاتە ئەو کاتەی بۆی دیاریکراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی خوای گەورە بڕیاری لێداوە و ئەندازەگیری بۆ کردووە، کاتێکی دیاریکراوی بۆ بڕیار داوە: ﴿إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ ئەعراف: ٣٤. واتە: "کاتێك ماوەی کۆتایی هاتنی تەمەنیان هات، ئەوا بۆ یەك ساتیش نە دوادەکەون و نە پێشدەکەون".

دواتر خوای پایەبەرز ڕایگەیاندووە، کە پاداشتی خەڵکی دەداتەوە لە دونیا و دوارۆژدا، ئەمەش بەپێی وابەستەبوونی ویستی خەڵکی بە جۆری پاداشتەکەوە، جا فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الْآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنْهَا﴾ واتە: "جا ئەو کەسەی پاداشتی دونیای دەوێت، ئەوا هەندێکی پێدەبەخشین، ئەوەش کە پاداشتی

دواڕۆژی مەبەستە، ئەوا هەندێکی پێدەبەخشین"، خوای پایەبڵند فەرموویەتی: ﴿كُلًّا نُمِدُّ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا، انْظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَلَلْآخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَاتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا﴾ ئیسراء: ٢٠، ٢١. واتە: "هەر یەکێك لە خواپەرستان و دونیاپەرستان لە بەخششی پەروەردگارت بەهرەوەر دەکەین، بێگومان بەخششی پەروەردگارت قەدەغەکراو نییە – لە دونیادا –، ئینجا سەرنج بدە کە چۆن ڕێز و پایەی هەندێکمان بە سەر هەندێکی تریاندا داوە، بێگومان پلە و پایەی دواڕۆژ زۆر گەورەتر و زیاترن".

﴿وَسَنَجْزِي الشَّاكِرِينَ﴾ واتە: "لە ئایندەیەکی نزیکدا پاداشتی سوپاسگوزارەکان دەدەینەوە"، باسی "قەبارە و چەندێتی" پاداشتەکەی نەکردووە، تا ئاماژەیەك بێ بۆ گەورەیی و زۆری پاداشتەکەی، و تا بشزانرێ پاداشتەکە بەپێی زۆری و کەمی و چاکی سوپاسگوزاربوونەکە دەبێ.

(١٤٦ – ١٤٨) ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ نَبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا وَمَا اسْتَكَانُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ ﴿١٤٦﴾ وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّا أَنْ قَالُوا رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ ﴿١٤٧﴾ فَآتَاهُمُ اللَّهُ ثَوَابَ الدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ الْآخِرَةِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ﴿١٤٨﴾

ئەمە دڵدانەوەیە بۆ باوەڕداران، هاندانیشە بۆ شوێن پێ هەڵگرتنیان، ئەنجامدانی کار و کردەوەی هاوشێوەی ئەوان، و ئەم بەسەرهات و ڕووداوانە یاسای خوای مەزنن کە زۆر پێشتریش هەبوونە، یاسای بەرکاری خوای گەورەن کە بەردەوامن، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ نَبِيٍّ﴾ واتە: چەندەها پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوایان لێبێ) هەبوون،

﴿قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ﴾ واته: چەندین کۆمەڵیان لەگەڵ دابوونە لە شوێنکەوتووانیان "لە پاڵیاندا جەنگاون"، لەوانەی کە پێغەمبەران (درود و سڵاوی خوایان لێبێ) لەسەر باوەڕ کار و کردەوە چاکەکان پەروەردەیان کردوون، لەگەڵ ئەوەشدا تووشی کوژران و زام و برین و شتی دیکە هاتن.

﴿فَمَا وَهَنُوا لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا وَمَا اسْتَكَانُوا﴾ واته: دڵیان سست و لاواز نەبوو، لاشەیان گران و تەمبەڵ نەبوو، ملشۆڕیش نەبوون بۆ دوژمنەکانیان، بەڵکو خۆڕاگربوون و ورەیان بەرنەدا، هانی دەروونی خۆیاندا، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ﴾ واته: "خوای گەورە ئارامگرانی خۆشدەوێ".

پاشان باسی قسە و داواکەی ئەوانی کردووە کە لە پەروەردگاریان داوایانکردووە سەریان بخات، فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ﴾ واته: لەم شوێنە سەختانەدا "قسەیان تەنها" ﴿إِلَّا أَنْ قَالُوا رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا﴾ واته: "ئەوە بوو دەیانوت: پەروەردگارمان گوناهــ و تاوانەکانمان بپۆشە و لێمان خۆشببە، و لە زیادەڕەوی لە کاروبارەکانیشماندا ببورە"، زیادەڕەوی (الاسراف): سنووربەزاندنە بەرەو شتی حەرام، جا زانیویانە کە گوناهــ و زیادەڕەوی یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی ڕیسوایی و سەرشۆڕی، و وازهێنان لێی یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن، بۆیە داوای لێخۆشبوونیان لە پەروەردگار کرد لەسەر زیادەڕەوییەکەیان.

دواتر تەنها بە ئارامگرتن نەوەستان، ﴿وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ واته: "قاچەکانمان جێگیر بکە و بەسەر گەلی بێ باوەڕاندا سەرمان بخە". بەڵکو پشتیان بە خوای گەورە بەست و داوایان لێکرد کە قاچەکانیان جێگیر بکات لەکاتی بەرەنگاربوونەوە و بەیەکگەیشتن لەگەڵ دوژمن، و لە خوای گەورە پاڕانەوە کە بەسەر دوژمناندا سەریان بخات، جا دوو شتیان بەیەکەوە کۆکردەوە، ئەویش ئارامگرتن و

وازهێنان لە دژەکەی، و تۆبە و داوای لێخۆشبوون کردن، هەروەها داوای سەرکەوتن لە پەروەردگاریان، جا گومان لەمەدا نییە کە خوای گەورە ئەوان سەردەخات و سەریشی خستن، ئاکام و سەرئەنجام لە دونیا و دوارۆژا بۆ ئەوانە، بۆیە فەرمووی: ﴿فَآتَاهُمُ اللَّهُ ثَوَابَ الدُّنْيَا﴾ واتە: "خوای گەورە لە پاداشتی دونیا پێبەخشین" لە سەرکەوتن و سەرفرازی و دەستکەوت ﴿وَحُسْنَ ثَوَابِ الْآخِرَةِ﴾ واتە: "پاداشتی دوارۆژیش چاکتر و باشترە" کە دەستخستنی ڕەزامەندی پەروەردگاریان و خۆشی هەمیشەییە، کە سەلامەت و دوورە لە هەموو ناخۆشییەك.

ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە بووە کە ئەوان کاروکردەوەکانیان بە چاکی بۆ خوا کردووە، ئەویش چاکترین پاداشتی داونەتەوە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ واتە: "خوای گەورە چاکەکارانی خۆشدەوێ" لە بەندایەتی کردن بۆ بەدیهێنەر و مامەڵەکردن لەگەڵ بەدیهێنراواندا. شتێکی چاکە هەمان ئەم کار و کردەوانەی باسکران ئەنجام بدرێن، لە کاتی تێکۆشان لەگەڵ دوژمنان.

(١٤٩ - ١٥١) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا الَّذِينَ كَفَرُوا يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ ﴿١٤٩﴾ بَلِ اللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ خَيْرُ النَّاصِرِينَ ﴿١٥٠﴾ سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ ﴿١٥١﴾

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا الَّذِينَ كَفَرُوا يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ﴾ واتە: "ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر گوێڕایەڵی ئەوانەبن کە بێ باوەڕن، ئەوا هەڵتاندەگێڕنەوە لە ئاینەکەتان، بەمەش بە زیانباری و دۆڕاوی دەگەڕێنەوە"، ئەمە ڕێگرییەکە خوای گەورە لە باوەڕدارانی دەکات، لەوەی نەکەن گوێڕایەڵی بێ باوەڕان بن،

لە دووڕوو و هاوبەشدانەران، چونکە ئەگەر گوێڕایەڵیان بن، ئەوا تەنها خراپەی باوەڕدارانیان دەوێ، مەبەستیانە هەڵیانگێڕنەوە بۆ سەر بێ باوەڕی و کوفر، کە ئاکامەکەی زیان و دۆڕانە، دواتر خوای گەورە ڕایگەیاندووە کە ﴿بَلِ اللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ خَيْرُ النَّاصِرِينَ﴾ واتە: "بەڵکو خوای گەورە پشتیوانتانە، هەر ئەویش چاکترین سەرخەرە"، هەر خۆی پشتیوان و سەرخەری باوەڕدارانە، ئەمەش هەواڵ و مزگێنی بۆیان تێدایە، بەوەی خوا بە لوتفی خۆی کاروبارەکانیان دەگرێتەدەست و لە هەموو خراپەیەك دەیانپارێزێ.

لەم میانەیەدا هانیان دەدات، لەسەر ئەوەی تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستری، هەر ئەویش بە یارمەتیدەر و سەرخەر بزانرێ بەدەر لە هەر یەکێکی دیکە، ﴿سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ﴾ واتە: "لەمەودوا ترس و تۆقین دەخەینە دڵی ئەوانەی کە بێ باوەڕن"، جا لە سەرخستن و پشتیوانی خوا بۆ باوەڕداران ئەوەیە، کە ترس و تۆقین دەخاتە دڵی دوژمنانیان لە بێ باوەڕان، ئەمەش بریتییە لە ترسێکی مەزن، کە ڕێگریان لێدەکات لە ئەنجامدانی زۆرێك لە مەبەستەکانیان، جا خوای پایەبەرز ئەم کارەی کرد، ئەمەش کاتێك هاوبەشدانەران – لە جەنگی ((ئوحد)) گەڕانەوە – پرس و ڕاوێژیان لە نێو خۆیاندا کرد، و وتیان: چۆن ئاوا بگەڕێینەوە دوای ئەوەندە کەسەی لێیانمان کوشت، و ئەو شکستەی بەسەرماندا هێنان، لەکاتێکدا هێشتا ڕیشەکێشمان نەکردوون؟ جا ویستیان هەوڵ بۆ ڕیشەکێشکردنی باوەڕداران بدەن، بەڵام خوای گەورە ترس و بیمی خەستە دڵیان، بەمەش بە دەستبەتاڵی و نائومێدی گەڕانەوە.

گومان لەوەدا نییە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین سەرکەوتنەکان، چونکە پێشتر ئەوە خرایەڕوو کە پشتیوانی خوا بۆ بەندە باوەڕدارەکانی لە دوو شت دەرناچێ، یەکەمیان: یان بۆ ئەوەیە لایەك لە بێ باوەڕان دابڕێ، دووەمیان: یان بۆ ئەوەیە کە بە سەرکوتکراوی و نائومێدییەوە بیانگێڕێتەوە.

دواتر باسی ئەو هۆکارەی کردووە، کە وادەکات ترس و بیم بخاتە دڵی بێ باوەڕانەوە، جا فەرموویەتی: ﴿بِمَا أَشْرَكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا﴾ واتە: "ئەمەش بەهۆی ئەوەی هاوبەش و هاوەڵیان بۆ خوا داناوە"، لە پەرستنی بت و پەیکەرەکان، کە بە حەز و ئارەزوو و ویستە چەپەڵەکانی خۆیان دایاناوە، بێ بوونی هیچ بەڵگە و نیشانەیەك لەسەر ڕەوایەتیان، بەمەش لە دۆستایەتی خوای تاك و میهرەبان دابڕاون.

جا کەسی هاوبەشدانەر لە باوەڕداران تۆقیوە، چونکە بناغەکەی پتەو و دامەزراو نییە، و هیچ پەناگەیەکی نییە لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا پەنای بۆ ببات، ئەمە دۆخی هاوبەشدانەرە لە دونیادا، سەبارەت بە دوارۆژ، ئەوا دۆخەکەی دژوار و سەختترە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ﴾ واتە: پەناگە و داڵدەیان " ئاگری دۆزەخە" کە هەرگیز دەرچوونیان بۆ نییە ﴿وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ﴾ واتە: "ستەمکاران خراپترین سەرئەنجامیان هەیە" بەهۆی ستەم و دەستدرێژیانەوە، کە سەرئەنجامیان ئاگری دۆزەخە.

(١٥٢) ﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الْآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنْكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾

﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ﴾ واتە: "سوێند بێت، بەڕاستی خوای گەورە بەڵێنی خۆی بۆتان بردەسەر" بە بەخشینی سەرکەوتن پێتان، جا ئێوەی سەرخست بەسەریاندا، ﴿إِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِإِذْنِهِ﴾ واتە: کاتێك "بە مۆڵەتی خوای گەورە تێکتانشکاندن" و پشتیان لە ئێوە کرد و زۆریکتان لێ کوشتن، تا وای لێهات بوونە هۆکارێك بۆ خۆتان، یارمەتیدەرێك بۆ دوژمنانتان لە دژی خۆتان، ﴿حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ﴾ هەتا کاتێك شکست و لاوازی و ساردی

لێتان دەرکەوت ﴿وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ واتە: "و ناکۆکیتان تێکەوت" کە وازهێنانی دەگرتەخۆ لە فەرمانی خوای گەورە، لەوەی یەکگربن نەوەك پەرتەوازە، کەچی ئێوە پەرتەوازە بوون، هەتانبوو دەیوت: لەو شوێنە دەمێنینەوە کە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بۆی داناوین، هەشتان بوو دەتانوت: بۆچی لێرە بمێنینەوە، لەکاتێکدا دوژمن تێکشکاوە و هیچ شتێك نەماوە کە جێی مەترسی و قەدەغە بێ، جا بەم کارەتان ﴿وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ﴾ سەرپێچی فەرمانی پەیامەری خواتان کرد، فەرمانی ئەوتان پشتگوێخست، دوای ئەوەی هەندێك شتی پیشاندان کە حەزتان پێدەکرد، ئەویش ڕیسواکردن و تێکشکاندنی دوژمنەکانتانە، چونکە ئەرك و واجب لەسەر ئەو کەسەی کە خوای گەورە ناز و نیعمەتێکی پێداوە کە ئاواتی پێ خواستووە و حەزی پێکردووە، مەزنترە لە کەسانی دیکە، ئا لەو دۆخەدا واجبە بۆ ئەو کەسەی ئاواتەکەی بەدیهاتووە تایبەت و، بۆ کەسانی دیکە بەگشتی بریتییە لە ملکەچ بن بۆ فەرمانی خوا و پەیامبەرەکەی.

﴿مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا﴾ واتە: "هەتانە دونیای دەوێ"، ئەوانەبوون کە فەرمان و ئەرکەکەیان فەرامۆشکرد، شوێنەکەیان بەردا.

﴿وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الْآخِرَةَ﴾ واتە: "هەشتانە دوارۆژی دەوێ"، ئەوانەن کە پابەندی فەرمانی پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بوون، لەو شوێنە مانەوە کە بۆیان دیاریکرابوو.

﴿ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ﴾ واتە: دوای ئەوەی خوای گەورە ئەم ڕەفتارانەی لێبینین، ئەوا ڕووی ئێوەی لەوان وەرگێڕا، بەمەش ڕووی دوژمن کەوتە ئێوە، ﴿لِيَبْتَلِيَكُمْ﴾ واتە: "تا تاقیتان بکاتەوە"، ئەمە تاقیکردەوەیەك بوو لەلایەن خواوە بۆ ئێوە، تا باوەڕدار و بێ باوەڕ، گوێڕایەڵ و سەرپێچیکار لە یەکتر جیاببنەوە و، تا بەم تاقیکردنەوەیە لەو کارانەتان خۆشبێ کە کردتان ﴿وَلَقَدْ عَفَا عَنْكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: "سوێند بێت بەڕاستی

خوای گەورە گوناهــــ و سەرپێچیەکانتانی پۆشی و لێتان خۆشبوو" و خوای گەورە خاوەنی بەخششی گەلێك مەزنە بەسەر "باوەڕداران"ــــدا "ڕووی فەرمایشتەکە لە هاوەڵانە – خوا لێیان ڕازیبێ –[1]"، بەوەی نیعمەتی ئیسلامی لەگەڵ کردن، ڕێنوێنی کردن بۆ بەرنامە و شەریعەتەکەی، و لە گوناهەکانیان خۆشبوو، و لەسەر کارەسەتەکەیان پاداشتی دانەوە.

جا لە بەخششی خوای گەورە کە لەگەڵ باوەڕداران، ئەوەیە هەر بەڵا و کارەساتێك کە بەسەریاندا دێنێ، ئەوا چاکەی بۆیان تێدایە، جا ئەگەر خۆشیەکیان بۆ هات سوپاسگوزارن، بەمەش خوای گەورە لە میانەی پاداشتی سوپاسگوزاران پاداشتیان دەداتەوە، ئەگەر تووشی ناخۆشیەکیش بوون، ئەوا ئارام دەگرن، بەمەش خوای گەورە لە میانەی پاداشتی ئارامگران پاداشتیان دەداتەوە،

(١٥٣، ١٥٤) ﴿إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُونَ عَلَى أَحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غَمًّا بِغَمٍّ لِكَيْلَا تَحْزَنُوا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَا أَصَابَكُمْ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٥٣﴾ ثُمَّ أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِ الْغَمِّ أَمَنَةً نُعَاسًا يَغْشَى طَائِفَةً مِنْكُمْ وَطَائِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنْفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَلْ لَنَا مِنَ الْأَمْرِ مِنْ شَيْءٍ قُلْ إِنَّ الْأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ يُخْفُونَ فِي أَنْفُسِهِمْ مَا لَا يُبْدُونَ لَكَ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ مَا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُلْ لَوْ كُنْتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿١٥٤﴾

(١) بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر ئەوەی نێوان ئەم دوو کۆتانەم زیاد کردووە. (وەرگێڕ).

خوای پایەبەرز باسی دۆخی ئەوان دەکات، لەکاتی شەڕدا پاشەکشەیان کرد و ڕووخان، لەسەر ئەمەش سەرکۆنەیان دەکات، جا فەرموویەتی: ﴿إِذْ تُصْعِدُونَ﴾ واتە: "ئەی هاوەڵانی پەیامبەر یادی ئەوە بکەنەوە کاتێك بە دەوروبەری کێوی ئوحددا هەڵدەکشان و ڕاتان دەکرد ﴿وَلَا تَلْوُونَ عَلَى أَحَدٍ﴾ واتە: هیچ یەکێکتان ئاوڕی لەوەی دیکە نەدەدایەوە و سەیری نەدەکرد، بەڵکو تەنها هەڵاتن و خۆدەربازکردنتان مەبەست بوو.

لەکاتێکدا مەترسییەکی مەزنتان لەسەر نەبوو، چونکە ئێوە کۆتا کەس نین کە بەرەنگاری دوژمن و شەڕ ببنەوە، بەڵکو ﴿وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ﴾ واتە: "پەیامبەری خوا" لە لاکەی دیکەتانەوە "بانگی دەکردن" و دەیوت: ((بەندەکانی خوا بگەڕێنەوە و وەرنە لام))، بەڵام ئێوە ئاوڕتان لێ نەدایەوە و نەچوون بۆ لای، جا خودی هەڵاتن جێی سەرزەنیشتە، و بانگەوازی پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کە پێویستە بەندە پێش خود و دەروونی خۆشی بخات، مایەی گەورەترین سەرزەنشتە بەهۆی ئەوەی ئەو فەرمانەتان پێشێلکرد.

﴿فَأَثَابَكُمْ﴾ واتە: پاداشتی دانەوە لەسەر ئەم کارە ﴿غَمًّا بِغَمٍّ﴾ واتە: بە خەم و پەژارە لە دوای خەم و پەژارە، خەمخواردن بە لەدەستدانی سەرکەوتن و لەکیسچوونی دەستکەوت، خەمخواردن بە شکستخواردنتان، و خەمخواردنێك کە هەموو خەمەکانی بیر ئێوە بردەوە، ئەویش گوێبیستبوونی ئەوە بوو کە محەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کوژراوە.

بەڵام – لوتف و بەخشندەیی و چاك چاودێری کردنی خوا بۆ بەندەکانی – وایکرد، کۆبوونەوەی ئەم خەم و ڕووداوانە بەیەکەوە ببێتە مایەی خێر و چاکە بۆ بەندەکانی، جا

فەرموویەتی: ﴿لِكَيْلَا تَحْزَنُوا عَلَى مَا فَاتَكُمْ﴾ واتە: "تا خەفەت نەخۆن لەسەر" ئەو سەرکەوتنەی لەدەستتان داوە.

﴿وَلَا مَا أَصَابَكُمْ﴾ واتە: هەروەها خەفەتیش نەخۆن لەسەر ئەوەی تووشی هاتوون، لە شکست و کوژران و زام و برینداربوون، جا ئەگەر دڵنیابوون کە پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نەکوژراوە، ئەوا بەڵاکانتان لەسەر سوك دەبێ، دڵتان خۆشدەبێ بە بوونی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، کە مایەی دڵدانەوەیە لەسەر هەموو بەڵا و ناخۆشییەك، هەر خوای گەورە زانایە بەو ڕاز حیکمەتانەی لە بەڵا و ناخۆشییەکاندان.

جا هەموو ئەمانەش سەرچاوەی گرتووە، لە زانست و شارەزایی کاملّی خوای مەزن بە کار و کردەوە، و دەر و دەروونەکانتان، بۆیەش فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ واتە: "و خوای گەورە شارەزا و ئاگایە بەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن".

دەکرێت مانای ئەم فەرمایشتە: ﴿لِكَيْلَا تَحْزَنُوا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَا أَصَابَكُمْ﴾ ئەوە بێ: خوای گەورە ئەم بەڵا و ناخۆشیەی لەسەر داناون، تا دەروونتان ڕابهێنێ، مەشقتان پێبکات لەسەر ئارامگرتن لەسەر کارەساتکان، و بەرگەگرتنی سەختییەکانتان لەسەر سوك بکات، ﴿ثُمَّ أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِ الْغَمِّ﴾ واتە: "دوای ئەو خەم و خەفەتەی" تووشی ئێوە بوو ﴿أَمَنَةً نُعَاسًا يَغْشَى طَائِفَةً مِنْكُمْ﴾ "ئارامیەکی بەسەردا دابەزاندن کە وەنەوزەیەك بوو دەستەیەکتانی داگرت".

گومان لەوەدا نییە ئەمە لە میهرەبانی خواوە بوو بۆیان، و لە چاکەی خوا و بۆ دامەزراندنی دڵ و دەروون و زیاتربوونی دڵنیاییان بوو، چونکە کەسی ترسنۆك هەرگیز وەنەوز نایگرێ، لەبەر ئەو ترس و بیمەی لە دڵیدایە، هەر کاتێك ترس لە دڵدا نەما، ئەوا دەکرێت وەنەوز دایگرێ.

ئەو کۆمەڵەیەی کە خوای گەورە، بەخششی وەنەوزی لەگەڵ کردن، بریتی بوون لەو باوەڕدارانەی کە هیچ خەم و مەبەستیکیان نەبوو، جگە لە جێبەجێکردنی ئاینی خوا، و ڕەزامەندی خوا و پەیامبەرەکەی، و بەرژەوەندی برا موسڵمانەکانیان نەبێ.

﴿وَطَائِفَةٌ﴾ هەرچی کۆمەڵەکەی دیکەیە، ﴿قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنْفُسُهُمْ﴾ واتە: "تەنها خەمی خۆیان بوو" هیچ خەمێکی دیکەیان نەبوو، لەبەر دووڕوویەکەیان، یان لەبەر لاوازی باوەڕەکەیان، بۆیە ئەو وەنەوزە ئەوانی دانەگرت، کە دەستە باوەڕدارەکەی دیکەی داگرتبوو، " ﴿يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ﴾ واتە: گومانی ناڕەوایان بە خوای گەورە دەبرد، گومانی نەفامانە"، ﴿يَقُولُونَ هَلْ لَنَا مِنَ الْأَمْرِ مِنْ شَيْءٍ﴾ ئەمە دەربڕینی سەرسوڕمانە، بەڵام بە مەبەستی نکۆڵیکردن، واتە: "دەیانوت:" هەرگیز سەرکەوتن و زاڵبوون بەشی ئێمە نابێ، بەمەش گومانی خراپیان بە پەروەردگار و ئاین و پەیامبەرەکەیان برد، و گومانیان وابوو کە سەرکەوتنی پەیامبەرەکەی بەدینایەت، و ئەم شکستە یەکلاکەرەوەیە، و ئاینی خوا بە تەواوی لەناودەبات.

خوای گەورە لەوەڵامی ئەواندا فەرموویی: ﴿قُلْ إِنَّ الْأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ﴾ واتە: "ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بڵێ: هەموو فەرمان و کار و شتێك بەدەست خوایە"، لێرەدا (الأمر)، هەر دوو جۆری فەرمان و کاری قەدەری و شەرعی دەگرێتەوە، جا هەموو شتەکان بەپێی قەزا و قەدەری خوان، ئاکامی سەرکەوتن و زاڵبوون بۆ دۆستان و گوێرایەڵەکانی خوایە، هەرچەند جار جار تووشی شکستی کاتی و بەڵا و ناخۆشی ببنەوە.

﴿يُخْفُونَ﴾ واتە: دووڕووەکان "شتێك دەشارنەوە"، ﴿فِي أَنْفُسِهِمْ مَا لَا يُبْدُونَ لَكَ﴾ واتە: "لە ناخیاندا کە بۆ تۆ دەریناخەن"، دواتر ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە دووڕووەکان دەیشارنەوە و فەرموویەتی: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ﴾ واتە: دەڵێن: ئەگەر لەم جەنگەدا پرس و ڕاوێژمان پێ بکرایە ﴿مَا قُتِلْنَا هَا هُنَا﴾ واتە: "ئەوا لێرەدا نەدەکوژراین".

ئەمەش نکۆڵی کردن و بەدرۆزانینی قەردەی خوا، بە هیچ و کەمزانین و گاڵتەجاری کردنە بە بۆچوونی پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و هاوەڵانی، و پاکانەکردنیشە بۆ خۆیان، جا خوای گەورە بەرپەرچی ئەوانی داوەتەوە بەم فەرمایشتە: ﴿قُلْ لَوْ كُنْتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ﴾ واتە: "ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بڵێ: ئەگەر لە ماڵی خۆشتاندا بوونایە"، کە دوورترین شوێنە لەوەی گومانی کوژرانی مرۆڤی لێبکرێ"، ﴿لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ﴾ واتە: "ئەوا ئەوانەی کە بڕیارە بکوژرانایە، ئەوا دەبوایە هەر دەرچوونایە بۆ ئەوەی لە شوێنی کوژرانیاندا ڕاکشانایە"، هۆکارەکان – هەرچەندە گەورە بن – کاتێك سوودیان دەبێ کە بەرەنگارنەبنەوە لەگەڵ قەدەر و قەزا، هەر کاتێك بەرەنگاری قەدەر بوونەوە، ئەوا هیچ سوودێکیان نابێ، بەڵکو دەبێ ئەوە جێبەجێ بێ کە خوای گەورە لە تۆماری پارێزراو (اللوح المحفوظ)ـدا نووسیویەتی، لە مردن و ژیان.

﴿وَلِيَبْتَلِيَ اللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ﴾ واتە: بۆ ئەوەی "خوا" ئەو دووڕوویی و ئیمان لاوازییەی لە دڵتاندایە "تاقی بکاتەوە"، ﴿وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ﴾ واتە: "چی لە دڵەکانتاندایە پاکی بکاتەوە" لە وەسوەسەی شەیتان، ئەو سیفەتە خراپانەی لێیکەوتوونەتەوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ واتە: "و خوای گەورە زانایە" بەوەی لە سینەکاندا هەیە و شاردراوەتەوە، جا زانست و حیکمەتی خوای گەورە، ئەندازەگیری بۆ هۆکارانەش کردووە، کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی شتە شاراوەکانی نێو سینەکان و نهێنی کاروبارەکان.

(١٥٥) ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٥٥﴾

﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ﴾ واتە: "بێگومان ئەوانەی – لە جەنگی ئوحددا – پشتیان هەڵکرد، لە ڕۆژی بەیەکگەیشتنی هەردوو کۆمەڵ –ــی باوەڕداران و بێ باوەڕان –، ئەوا ئەوانە شەیتان لە خشتەی بردن"، خوای پایەبڵند باسی دۆخی ئەوانە دەکات، کە لە ڕۆژی جەنگی ((ئوحد))ــدا شکان، ئاماژەی بە هۆکاری هەڵاتنەکەیان دەکات، کە بریتی بووە لە خوت خوتە و ڕازاندنەوەی شەیتان بۆیان، بەوەی شەیتان بەهۆی هەندێك لە گوناهەکانیانەوە بەسەریاندا زاڵبوو، جا ئەوان بوون شەیتانیان زاڵکرد بەسەر خۆیاندا، بەهۆی ئەو سەرپێچیانەی کردیان، چونکە گوناهــ و سەرپێچی دەروازە و دەرچەی شەیتانن، خۆ ئەگەر بە گوێڕایەڵی پەروەردگاریان خۆیان پاراستبایە، ئەوا هەرگیز شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نەدەبوو.

خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ﴾ حیجڕ: ٤٢. واتە: "بەڕاستی – ئەی ئیبلیس – تۆ هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر بەندەکانمدا نییە"، دواتر خوای گەورە ڕایگەیاندووە کە لێیانخۆشبووە، دوای ئەوەی کار و کردەوەیەکیان ئەنجامداوە کە پێویست بوو سزا بدرێن لەسەری، ئەگەرنا خوای گەورە ئەگەر سزای ئەوانی بدایە ئەوا ڕیشەکێشی دەکردن.

﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ﴾ واتە: "بەڕاستی خوای گەورە گوناهپۆش و لێخۆشبووە" بۆ ئەو گوناهکارانەی بە هەڵە گوناهــ دەکەن، بەوەی خوای گەورە سەریاندەخات بۆ تۆبە و داوای لێخۆشبوون کردن، ئەو بەڵا و ناخۆشیانەیان بەسەردا دێنێ، کە مایەی سڕینەوەی

تاوانەکانن ﴿حَلِيمٌ﴾ واتە: "خوای گەورە لەسەرخۆ و ئارامگرە" و سزا بۆ ئەوانە پێش ناخات کە سەرپێچیان کردووە، بەڵکو ماوەی پێدەدات و داوای لێدەکات بۆ پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوە و ڕووکردنە خوای گەورە.

دواتر بەڕاستی ئەوەی تۆبە بکات، پەشیمان ببێتەوە، ئەوا تۆبەکەی لێ وەردەگیرێ، خوای گەورە وەك ئەوەی لێدەکات کە گوناهێکی نەکردبێ، هیچ کرچ و کاڵییەکی پێشتر ئەنجام نەدابێ، کەواتە سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە لەسەر چاکە و بەخششەکانی.

(١٥٦ - ١٥٨) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ كَفَرُوا وَقَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا فِي الْأَرْضِ أَوْ كَانُوا غُزًّى لَوْ كَانُوا عِنْدَنَا مَا مَاتُوا وَمَا قُتِلُوا لِيَجْعَلَ اللَّهُ ذَلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١٥٦﴾ وَلَئِنْ قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ ﴿١٥٧﴾ وَلَئِنْ مُتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى اللَّهِ تُحْشَرُونَ ﴿١٥٨﴾

خوای پایەدار ڕێگری لە بەندە باوەڕدارەکانی دەکات، لە خۆچوواندن بە بێ باوەڕان، لە دووڕووان و ئەوانی دیکەش، کە بڕوایان بە پەروەردگار، و قەزا و قەدەری خوا نییە.

" ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ كَفَرُوا﴾ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، وەکو ئەوانە مەبن کە بێ باوەڕبوون"، خوای پایەبڵند ڕێگری دەکات لە خۆچوواندن پێیان لە هەموو شتێکدا، بەتایبەت لەم شتەدا، ئەویش ئەوەیە کە بە ﴿وَقَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ﴾ واتە: بە برای ئاینی "هاوبیرانیان" یان خوێنی "هاوڕەچەڵەکیان" دەڵێن، ﴿إِذَا ضَرَبُوا فِي الْأَرْضِ﴾ واتە: لەکاتی سەفەر و گەشتدا بوون لە زەویدا بۆ بازرگانی کردن، ﴿أَوْ كَانُوا غُزًّى﴾ واتە: "یان" لە جەنگدا بوون، دواتر بەرەو ڕووی کوشتن یان مردن

بوونەوە، جا ئەو بێ باوەڕانە بەم گوفتارەیان بەرەنگاری قەدەر دەبنەوە و دەڵێن: ﴿لَوْ كَانُوا عِنْدَنَا مَا مَاتُوا وَمَا قُتِلُوا﴾ واتە: "ئەگەر لەلامان بوونایە، ئەوا نەدەمردن و نەدەکوژران!!" ئەمەش درۆیەکە دەیکەن، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ لَوْ كُنْتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ﴾ واتە: "ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بڵێ: ئەگەر لە ماڵی خۆشتاندا بوونایە، کە دوورترین شوێنە لەوەی گومانی کوژرانی مرۆڤی لێبکرێ، ئەوا ئەوانەی کە بڕیارە بکوژرانایە، ئەوا دەبوایە هەر دەرچوونایە بۆ ئەوەی لە شوێنی کوژرانیاندا ڕاکشانایە".

بەڵام ئەم بەدرۆخستنەوەی ئەوان سوودی بۆیان نەبوو، بەڵام خوای گەورە ئەم قسە و بیروباوەڕەیان " ﴿لِيَجْعَلَ اللَّهُ ذَلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ﴾ واتە: دەکاتە خەم و خەفەت لە دڵیاندا"، بەمەش بەڵا و کارەساتەکەیان زیاتر دەبێ لەسەریان، هەرچی ئەوانەش کە باوەڕیان بە خوای گەورە هەیە، ئەوا دەزانن ئەوەی بووە بە قەدەری خوای گەورە بووە، بۆیە باوەڕیان پێی هەیە و ملکەچی دەبن، جا خوای گەورە دڵیان ڕێنوێنی و دامەزراو دەکات، بەمەش کارەساتەکەیان لەسەر سووك دەکات.

خوای گەورە بەرپەرچیان دەداتەوە و دەفەرمووێ: ﴿وَاللَّهُ يُحْيِي وَيُمِيتُ﴾ واتە: تەنها خوای گەورە ژیان و مردنی بەدەستە، وریابوون نابێتە هۆی دەربازبوون لە دەستی قەدەر ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ واتە: "و خوای گەورە بینەر و ئاگاداری ئەو کار و کردەوانەتانە کە دەیکەن"، جا سزای ئێوە دەدات لەسەر کردەوە و بەدرۆخستنەوەکەتان.

دواتر خوای پایەدار ڕاگەیاندووە ﴿وَلَئِنْ قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ﴾ ئەگەر کوژران یان مردن لە پێناوی خوادا، ئەوا هیچ کەموکورتییەکی تێدا نییە، "بەڵکو لێخۆشبوون و ڕەحمەتی خوا گەورە چاکترە لەوەی ئێوە کۆی دەکەنەوە لە دونیادا"، ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێ کێبڕکێکاران پێشبڕکێی لەسەر بکەن،

چونکه هۆکارێکه سەردەکێشێ بۆ لێخۆشبوون و میهرەبانی خوا، و ئەمه چاکتره لەو شتەی دونیاگەراکان لە دونیا دەستی دەخەن، بەهەمان شێوە ﴿وَلَئِنْ مُتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى اللَّهِ تُحْشَرُونَ﴾ واته: "ئەگەر مردن یان کوژران، ئەوا هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە"، بەدیهێنراوان کاتێك دەمرن یان دەکوژرێن بە هەر شێوەیەك، ئەوا هەر دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا و ئاکامیان گەڕانەوەیە بۆ لای ئەو، ئەوسا پاداشت و سزای تەواوی هەر یەکێك دەداتەوە.

جا هیچ پەناگەیەك هەیە جگە لە پەنابردن نەبێ بۆ لای خوا، بەدڵنیایەوە هیچ چارەیەك نییە جگە لە دەستگرتن نەبێ بە بەرنامەی خواوە؟!!

(١٥٩) ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾﴾

﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ﴾ واته: بەهۆی میهرەبانی و ڕەحمەتی خواوە بۆ تۆ و هاوەڵانت، بەخششی ئەوەی لەگەڵ کردی کە نەرم و نیان بیت لەگەڵیان و باڵی هێمنیت بۆ ڕاخستن، بەزەییت بە سۆز و میهرەبان و چاك ڕەفتار بوویت لەگەڵیاندا، بۆیە لە دەورت کۆبوونەوە و خۆشیانویستی، و ملکەچی فەرمانەکانت بوون.

﴿وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا﴾ واته: "ئەگەر ڕوو گرژ" و ڕەفتار نارێك بوبای ﴿غَلِيظَ الْقَلْبِ﴾ واته: دڵ ڕەق بووبای، ﴿لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ﴾ واته: "ئەوا هەموویان لە دەورت بڵاوەیان دەکرد"، چونکه ئەم کارە دووریان دەخاتەوە، ڕقیان لەو کەسە دەبێتەوە کە ئەم ڕەفتارە نارێکە بکات.

جا ڕەوشتی چاك و جوان بنەڕەت و بناغەیە لە ئایندا، خەڵكی ڕادەكێشێ بۆ دینی خوا، هانیان دەدات لەسەر دەستگرتن بە بەرنامەی خوا، لەگەڵ ئەوەشدا كەسی ڕەوشتبەرز دەبێتە جێی ستایش و پاداشتی تایبەتی، بەهەمان شێوە ڕەوشتی خراپیش شتێكی بناغەییە لە دیندا، بەوەی خەڵك لە دین دەتۆرێنێ، وایان لێدەكات لە ئایین دوور بكەونەوە، لەگەڵ ئەوەی كەسی ڕەوشت نزم سەرزەنشت و سزای تایبەتی بۆ هەیە، جا ئەوەتا خوای گەورە ئەم قسەیە بە پەیامبەری پارێزراو دەفەرمووێ،ئەی چی سەبارەت بە كەسانی تر؟!

ئایا لە سەرەكیترین واجب و گرنگترین ئەرك، بریتی نییە لە پابەندبوون بە ڕەوشتی بەرزی پەیامبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، و پێویست نییە هەڵسوكەوت بەو جۆرە لەگەڵ خەڵك بكرێ، كە پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) كردوویەتی، لە نەرم و نیانی و چاك ڕەفتاری و ئاشتكردنەوە، ئەمەش لە میانەی ملكەچبوون بۆ فەرمانی خوا، و بۆ ڕاكێشانی بەندەكانی خوا بۆ ئاینی خوا؟

دواتر خوای پایەدار فەرمانی بە پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) كردووە: ﴿فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ﴾ واتە: لەو كەموكورتیانە ببورە كە هەیانە بەرامبەر تۆ ئەی پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، و داوای لێخۆشبوونیشیان بۆ بكە، لەو كەموكورتیانەی هەیانە بەرامبەر بە جێگەیاندنی مافەكانی خوا، تاكو لێبوردن و چاكەكاری بەیەكەوە كۆ بكاتەوە.

﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ واتە: پرس و ڕاوێژیان پێ بكە لەو كاروبارانەی پێویستیان بە ڕاوێژ و سەرنج و بیركردنەوە هەیە، چونكە پرس و ڕاوێژكردن ئەوەندە سود و وەدەستهاتووی دینی و دونیایی تێدایە، كە لە هەژمار نایەن.

لەوانە: پرس و ڕاوێژکردن لەو خواپەرستیانەیە، کە بەندە پێی لە خوای گەورە نزیك دەبێتەوە.

و لەوانە: ئاسودەکردنی دەروونی ڕاوێژکارانی تێدایە، دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو خرتە و خەیاڵانەی بە دڵ و دەروونیاندا دێت لەکاتی ڕووداوەکاندا، جا ئەوەی حوکمڕانی خەڵکی بەدەستە – ئەگرە خاوەن بۆچوون و پایەکان کۆبوونەوە، حوکمڕان پرس و ڕاویژی پێکردن لەبارەی هەر ڕووداوێك – ئەوا دڵیان ئاسوودە دەبێ و خۆشیدەوێن، دەزانن کە ئەم حوکمڕانە خۆی ناسەپێنێ بەسەریاندا، بەڵکو ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی هەمەلایەنی هەمووان دەکات، بەمەش ڕاوێژکاران و پایەداران ئەوەی لە توانایاندایە خەرجی دەکەن، لە گوێڕایەڵی حوکمڕانەکەدا، چونکە دەزانن هەوڵ بۆ فەراهەمکردنی بەرژەوەندی گشتی دەدات. بەپێچەوانەوە ئەو حوکمڕانەی کە پرس و ڕاوێژ ناکات، ئەوا کاربەدەست و خاوەن پایەکان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە خۆشیاناناوێ، و گوێڕایەڵیشی نابن، ئەگەر گوێڕایەڵیشی بن ئەوا بە کەموکورتی و ناتەواویەوە ملکەچی دەبن.

یەکێکی تر لە سوود و وەدەستهاتووەکانی: لە پرس و ڕاوێژکردندا ڕۆشنبوونەوە و گەشانەوەی بیر و هزر هەیە، بەهۆی بەکارهێنانی بیر لەو شتەی بۆی دانراوە، بەمەش ژیری زیاد دەبێ.

سوودێکی تر ئەوەیە: بۆچوونی دروست و ڕاست، کە بەهۆی پرس و ڕاوێژەوە بەدەستدەهێنرێ، ئەوەندە ئەگەرێکی بەهێزە، کە نزیکە ئەو کەسەی پرس و ڕاوێژ دەکات هەڵە نەکات لە کارەکانیدا، خۆ ئەگەر هەڵەش بکات، یان مەبەست و ئامانجەکە نەپێکێت، ئەوا سەرزەنشت ناکرێت.

ئەگەر خوای گەورە بە پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بڵێ: – کە کامڵترین عەقڵ، زۆرترین زانست، چاکترین ڕا و بۆچوونی هەیە لە خەڵکی –:

﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ واتە: "ڕاوێژیان پێ بکە لە کاروبارەکاندا"، جا چی سەبارەت بە کەسانی دیکە؟!

دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا عَزَمْتَ﴾ واتە: "ئەگەر بڕیارتدا لەسەر" ئەنجامدانی کارێك دوای ئەوەی پرس و ڕاوێژت لەبارەوە کردووە، بەو مەرجەی کارەکە پێویستی بە ڕاوێژکردن بێ، ﴿فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾ واتە: "پشتبەخوابەستە" پشت بە هێز و توانای خوای گەورە ببەستە، خۆت بەری بکە لە هێز و توانای خۆت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾ واتە: "بەڕاستی خوای گەورە" ئەوانەی خۆشدەوێ کە هەردەم پشتی پێدەبەستن.

(١٦٠) ﴿إِن يَنصُرْكُمُ اللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمْ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا الَّذِي يَنصُرُكُم مِّن بَعْدِهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١٦٠﴾﴾

﴿إِن يَنصُرْكُمُ اللَّهُ﴾ واتە: ئەگەر خوای گەورە پشتیوانیتان لێبکات و سەرتان بخات، ﴿فَلَا غَالِبَ لَكُمْ﴾ واتە: "هیچ کەسێك ناتوانێ بەسەرتاندا سەرکەوێت"، تەنانەت ئەگەر تەواوی خەڵکی وڵاتانی دەوروبەرتان لە دژتان کۆببنەوە، هەرچی کەس و زەخیرەیەکیان هەیە کۆی بکەنەوە، چونکە هیچ کەس و شتێك نییە بەسەر خوای گەورەدا سەربکەوێ، لەکاتێکدا خوای گەورە زاڵە بەسەر بەندەکاندا، جڵەوی ئەوانی بەدەستە، جا هیچ بوونەوەرێك ناتوانێ جوڵە بکات یان بوەستێت بەبێ مۆڵەتی خوای گەورە.

﴿وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا الَّذِي يَنصُرُكُم مِّن بَعْدِهِ﴾ واتە: "و ئەگەر پشتتان بەربدات" و ڕادەستی دەروونی خۆتان بکات، "ئەوە کێ هەیە دوای خوا پشتتان بگرێ و سەرتان بخات"، ئەوسا هەر تێکدەشکێ ئەگەر هەموو بوونەوەریش پشتتان بگرێ.

لەم چوارچێوەیەدا خوای گەورە فەرمان دەکات، بەوەی داوای سەرکەوتن لە خوای گەورە بکەن، و پشت هەر بەو ببەستن، خۆ بەری بکەن لە هەرچی هێز و توانایە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ پێشخستنی بەرکار (المعمول) ڕێگەدانە بە کورتهەڵهێنان، واتە ماناکەی بەو جۆرە دەبێ: تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستن نەوەك بە کەسی دیکە "ئەی باوەڕداران"، چونکە زانراوە کە تەنها خوا سەرخەرە، جا پشتبەخوابەستن خوابەیکگرتنیکە کە مەبەستەکە دەستەبەر دەکات و، پشت بەستن بە جگە لە خوای گەورەش هیچ سوودێکی نییە بۆ کەسەکە جگە لە زیان نەبێ.

لەم ئایەتەدا خوای گەورە فەرمان دەکات، بە پشتبەستن تەنها بە خوای گەورە، پشتبەستنیش بە خوا بەپێی باوەڕی بەندە دەگۆڕێ.

(١٦١) ﴿وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَغُلَّ وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦١﴾﴾

(الغلول) واتە: شاردنەوەی بەشێك لە دەستکەوتەکانی جەنگ، [و ناپاکی کردنە لە هەر بەرپرسیارێتیەك کە مرۆڤ لە ئەستۆی بگرێ]، بە یەکدەنگی زانایان حەرامە، بەڵکو یەکێکە لە گوناهە گەورەکان، هەروەك ئەم ئایەتە بەڕێزە و دەقەکانی دیکەش ئاماژەی پێدەکەن، خوای پایەدار ڕایگەیاندووە، کە ناکرێت و دروست و شیاو نەبووە و بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبووە ناپاکی و خیانەت بکات، چونکە هەروەك – پێشتر زانیت – کە ناپاکی یەکێکە لە گەورەترین گوناهـــ و خراپترین کەموکورتییەکان.

خوای پایەبڵند پێغەمبەرانی پاراستووە لە هەر شتێك، کە ببێتە مایەی تانە و توانج و کەموکورتیان، ئەوانی گێڕاوە بە ڕەوشتبەرزترین کەس لە نێو جیهانیان، خاوەنی پاکترین و بێگەردترین دەروون، ئەوانی بە پاکڕاگرت لە هەرچی کەموکورتییە، و کردنی بە هەڵگری

پەیامی خوا، و کانگای حیکمەتەکەی، ﴿اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ﴾ ئەنعام: ١٢٤. واتە: "خوای گەورە زانایە بەو شوێن و دڵەی شایستەیە، کە پەیامی خۆی تێدا دابنێ".

تەنها بە شارەزابوونی بەندە لە یەکێك لە پێغەمبەران، ئەوا داندەنێ بە سەلامەتبوونیان لە هەر شتێك کە مایەی تانە و توانج بێ لێیان، و پێویستی بەوە نییە بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە، بۆ بەرپەرچدانەوەی گومان و قسەڵۆکی دوژمنانیان لەسەر پێغەمبەران دەیکەن، چونکە ئاشنابوون و شارەزایی بەندە بە پێغەمبەرایەتیەکەیان، وادەخوازێت کە ئەم گومانانە پوچەڵ بکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە بەشێوە دەربڕینێك فەرمایشتەکە هاتووە، کە ئاماژە دەکات بەوەی هەرگیز پێغەمبەران ئەم کارە کە ناپاکییە ناکەن، جا فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَغُلَّ﴾ واتە: هەرگیز هیچ پێغەمبەرێك ئەم کارەی نەکردووە، "و بۆی نییە بیکات"، ئەم کارە ئەستەمە ئەو کەسانە بیکەن کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون بۆ ئەوەی ببن بە پێغەمبەری خوا.

دواتر هەڕەشەی کردووە لەوانەی ناپاکی دەکەن، فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ واتە: ئەوەی ناپاکی بکات، ئەوە لە دوارۆژدا ناپاکیەکەی بەسەر شانیەوە دەبێ، جا ئەو شتەی دزیویەتی ئاژەڵ یان شتومەك یان جگە لەوە بێ، تا بەم هۆیە لە دوارۆژدا پێی سزا بدرێ.

﴿ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ واتە: "دواتر" ئەوانەی ناپاکیان کردووە و کەسانی دیکە پاداشت و سزای کار و کردەوەکانیان وەردەگرنەوە بە تەواوی، هەر کەسێك بەپێی کردەوەکانی پاداشتی چاکە و سزای گوناهەکانی وەردەگرێتەوە، "ستەمیشیان لێناکرێ"، گوناهەکانیان لەسەر زیاد ناکرێ، هیچ چاکەیەکیشیان لێ نافەوتێ.

سەرنجی ئەم خۆپارێزی و دووربینیە بکە، کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا هەیە، ئەمەش دوای ئەوەی باسی سزای کەسێ ناپاکی کردووە، و ڕایگەیاندووە کەسی ناپاك بە هەڵگرتنی

ناپاکییەکەی دێتە گۆڕەپانی دوارۆژ، کاتێك ویستوویەتی باسی ئەوە بکات کە سزای تەواوی دەدرێتەوە، ئەوا بە تەنها باسکردنی سزای ناپاك – بە ناڕاستەوخۆ – ئەوەی دەگەیاند کە ئەوانەی کردەوەکانی دیکە دەکەن، پاداشت و سزا وەرناگرنەوە، لەبەر ئەمە لێرەدەر دەربڕینەکەی بە گشتی هێناوە، تا هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە کار و کردەوە ئەنجام دەدەن.

(١٦٢، ١٦٣) ﴿أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللَّهِ كَمَنْ بَاءَ بِسَخَطٍ مِنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿١٦٢﴾ هُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٣﴾

﴿أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللَّهِ كَمَنْ بَاءَ بِسَخَطٍ مِنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾

واتە: "ئایا ئەو کەسەی شوێنی ڕەزامەندی خوا کەوتبێت، وەك ئەو کەسە وایە کە – بەهۆی گوناهـ و سەرپێچییەوە – شایستەی خەشم و قینی خوا بێت؟ بێ گومان شوێنی ئەو جۆرە کەسانە دۆزەخە، کە سەرئەنجامێکی زۆر ناخۆشە"، خوای پایەبەرز ڕایدەگەیەنی کە کەسێك کە مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگار و کارکردن بێ بەپێی ڕەزامەندیەکەی، وەك ئەو کەسە نییە کە نقومبووە لە گوناهکاری و بەهۆی سەرپێچییەوە، خۆی تووشی خەشمی خوا کردبێ، بەدڵنیاییەوە ئەم دوو کەسە لە حوکم و حیکمەتی خوادا سروشتەکەیان وەك یەك نین، کە بەندەکانی لەسەر بەدیهێناوە: ﴿أَفَمَنْ كَانَ مُؤْمِنًا كَمَنْ كَانَ فَاسِقًا لَا يَسْتَوُونَ﴾ سەجدە: ١٨. واتە: "ئایا ئەو کەسەی باوەڕدار بووبێ، وەك ئەو کەسەیە کە تاوانبار بووبێ؟ نا هەرگیز وەك یەك نین".

هەر بۆیە خوای پایەدار لێرەدا فەرموویەتی: ﴿هُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ اللَّهِ﴾ واتە: هەر یەکێك لەوانە پلەی جیاوازیان هەیە، پێگەیان جیایە، ئەمەش بەپێی جیاوازیان لە کار و کردەوەکانیاندا.

ئەوانەی شوێن ڕەزامەندی خوا کەوتوون، هەوڵ دەدەن بۆ دەستخستنی پلە باڵاکان، و شوێن و تەلارە بەرزەکان، جا خوای گەورە بەپێی کردەوەکانیان بەخششیان لەگەڵدا دەکات، ئەوانەش کە شوێن توڕەیی خوا کەوتوون، لە نزمبوونەوەی بەردەوام دان بۆ دەستخستنی پلە هەرە نزمەکان، جا هەر یەکێکیان بەپێی کردەوەکانی پلەی پێدەدرێ، ﴿وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ واتە: خوای پایەبەرز بینەری ئەو کار و کردەوانەیە کە دەیکەن، هیچ شتێکی لێ ون نابێ، بەڵکو زانایە بە هەموو کردەوەیەکی بەندەکان، و لە تۆماری پارێزراو (لوح المحفوظ)ـــدا تۆماری کردووە، فریشتە ئەمیندارە بەڕێزەکانیشی ڕاسپاردووە، تا کار و کردەوەی بەندەکان بنووسن و تۆماری بکەن.

(١٦٤) ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾١٦٤﴿

ئەمە گەورەترین ناز و منەتە، کە خوای گەورە بە سەر بەندەکانیدا دەیکات، بەڵکو بناغەی هەموو ناز نیعمەتەکانە، ئەویش منەتکردنە بەسەریاندا بە ڕەوانەکردنی ئەم پەیامبەرە ڕێزدارە، کە خوای گەورە بەهۆیەوە بەندەکانی لە گومڕایی ڕزگارکرد، و ئەوانی پاراستووە لە تیاچوون، جا فەرموویەتی: ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ﴾ واتە: "سوێند بێ، بەڕاستی خوای گەورە ناز و بەخششی کردووە لەگەڵ باوەڕدارانێدا، بەوەی پەیامبەرێکی بۆ ڕەوانەکردوون لە خۆیان"، شارەزا و ئاگادارن بە ڕەچەڵەك و دۆخ و زمانی، لە نێو هۆز و تیرەکەیان، ئەو پەیامبەرە ئامۆژگاریکار و بە بەزەییە لەگەڵیان، ﴿يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ﴾ ئایەتەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە و، فێری

وشه و ماناكانی ئایەتەكانی خوایان دەكات، ﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾ واته: "پاك و پوختیان دەكاتەوە" له هاوبەشدانان و گوناهــ و تاوان و شتی پەست و ڕەوشته خراپەكان.

﴿وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ﴾ واته: "هەروەها فێری كتێبیان دەكات" یان ڕەگەزی كتێبە كه قورئانی بەرز و بەڕێزە، بەمەش مانای ئەم فەرمایشته: ﴿يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ﴾ بەم شێوەیە دەبێ: "فێری" بەڵگە گەردوونیەكانیان دەكات، یان مەبەست له كتێب – لێرەدا – نووسینه، جا ماناكه بەم جۆره لێدێ كه خوای گەوره ناز و منەت بەسەر باوەڕداراندا دەكات بەوەی فێری كتێب و نووسینی كردوون، كه به هۆیەوه مرۆڤ دەتوانێ له زانستەكان تێبگات و لەبەریان بكات.

﴿وَالْحِكْمَةَ﴾ واته: "و فێری" سوننەت "ــیان دەكات"، كه دەستەخوشكی قورئانی بەرز و بڵندە، یان مەبەست له حیكمەت لێرەدا: دانانی شتەكانه له شوێنی شیاوی خۆیاندا، و زانینی ڕازەكانی شەریعەته، جا فێركردنی حوكمەكان و ڕێوشوێنی جێبەجێكردنیان، و ئامرازی دەستخستنی سوود و بەرهەمەكانی بەیەكەوه كۆكردۆتەوه، بەم شته مەزنانه باوەڕداران باڵادەست بوون بەسەر هەموو بەدیهێنراواندا، و بوونه زانای خواناس و بۆ خوا لێبڕاو.

﴿وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾ واته: "ئەگەرچی ئەوان" بەر له هاتنی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، "له گومڕاییەكی ئاشكرادا بوون" و ڕێگەی بەرەو خواچوونیان نەدەناسی، و ئەو شتانەی پاكسازی بۆ دەروون دەكەن، بەڵكو ئەو شتانەیان دەكرد، كه بەهۆی نەزانیەكەیانەوه بۆیان ڕازێنرابووەوە، ئەگەر ئەم شتانه پێچەوانەی ژیری هەموو جیهانیانیش بوایه.

(١٦٥ – ١٦٨) ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٦٥﴾ وَمَا أَصَابَكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيَعْلَمَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٦٦﴾ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ نَافَقُوا وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا قَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوِ ادْفَعُوا قَالُوا لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا لَاتَّبَعْنَاكُمْ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلْإِيمَانِ يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ ﴿١٦٧﴾ الَّذِينَ قَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُوا لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا قُلْ فَادْرَءُوا عَنْ أَنْفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿١٦٨﴾

ئەمە دڵدانەوەیەکە لەلایەن خوای پایەدارەوە بۆ بەندە باوەڕدارەکانی، ئەمەش دوای ئەو ڕووداوە ناخۆشەی لە جەنگی ((ئوحد)) بەسەریاندا هات، و نزیکەی حەفتا کەسیان لێ شەهید کرا، جا خوای گەورە فەرموویەتی: "﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ﴾ واتە: ئایا کاتێك بەڵا و ناخۆشییەکتان تووشبوو – لە جەنگی ئوحددا –" ﴿قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا﴾ واتە: "بە دڵنیایەوە" هاوبەشدانەرانتان "بە دوو بەرامبەری ئەوە تووشی ناخۆشی کرد" لە جەنگی بەدردا، بەوەی حەفتا کەستان کوشت، لە سەرکردەکانی قورەیش، و حەفتا کەسی دیکەتان لێ بەدیل گرتن، ئەمەش مایەی ئەوەیە کە بەڵا و ناخۆشیەکەتان لەسەر سووك بێ، لەگەڵ ئەوەی ئێوە و ئەوان وەك یەك نین، چونکە کوژراوەکانی ئێوە لە بەهەشت و کوژراوەکانی ئەوانیش لە ئاگری دۆزەخدان.

﴿قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا﴾ واتە: "دەڵێن" ئەم ناخۆشیەمان لە کوێ تووشبوو و شکستمان خوارد؟ ﴿قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – بڵێ: ئەمە لەلایەن خودی خۆتانەوە بوو" کاتێك کێشمەکێش کەوتە نێوانتان، و

سەرپێچی فەرمانی پەیامبەرتان کرد (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، دوای ئەوەی ئەو شتەی پیشانی ئێوەدا کە حەزتان پێدەکرد، کەواتە تەنها لۆمەی خۆتان بکەن و وریابن و خۆتان لە ئامرازە لەناوبەرەکان بەدووربگرن.

﴿إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ واتە: "بەڕاستی خوای گەورە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە"، نەکەن گومانی خراپ بە خوای گەورە ببەن، بێ گومان خوا توانای سەرخستنی ئێوەی هەیە، بەڵام حیکمەتی تەواوی هەیە لە تاقیکردنەوەتان و ئەو ناخۆشیەی بەسەریهێناون ﴿ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانْتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ﴾ محمد: ٤. واتە: "بڕیاری خوا ئاوایە، ئەگەر خوا بیویستایە، ئەوا تۆڵەی لێدەسەندن، بەڵام دەیەوێ تاقیتان بکاتەوە بەیەکتری".

دواتر ڕایگەیاندووە: ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ فَبِإِذْنِ اللَّهِ﴾ واتە: "ئەوەی کە تووشتان هات" واتە تووشی باوەڕداران هات، لە ڕۆژی بەیەکگەیشتنی هەر دوو کۆمەڵ، کۆمەڵی موسڵمانان و کۆمەڵی باوەڕداران لە ئوحد، لە کوژران و تێکشکان، ئەوە بە "مۆڵەت و" قەزا و قەدەری خوا بووە، کە هەرگیز هیچ شتێك ناتوانێ بیگێڕێتەوە و دەبێ هەر ڕووی بدایە.

فەرمانی قەدەری –کاتێك جێبەجێ بوو ئەوا تەنها ملکەچبوون بۆی دەمێنێتەوە، خوای گەورە ئەمەی داناوە بۆ چەندین حیکمەتی مەزن و سوود و وەدەستهاتووی گەورە، ئەمەش: ﴿وَلِيَعْلَمَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ بۆ ئەوەی باوەڕداران بناسرێنەوە و لە دووڕووان جیا بکرێنەوە، کاتێك فەرمانیان پێکرا کە بجەنگن ﴿وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا قَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ واتە: "و پێیان وترا: وەرن بجەنگن لە پێناو" بەرگری کردن لە ئاینی خوا، و پارێزگاری کردن لێی، و بۆ دەستخستنی ڕەزامەندی خوا، ﴿أَوِ ادْفَعُوا﴾ "یان هەر نەبێ" بەرگری بکەن لە ماڵ و منداڵ و شار و شوێنەوارتان، ئەگەر نیازێکی دروست و چاکیشتان نییە.

بەڵام ئەوان ئەمەیان ڕەتکردەوە و پاساویان هێنایەوە بەوەی ﴿قَالُوا لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا لَاتَّبَعْنَاكُمْ﴾ واتە: "وتیان:" ئەگەر بمانزانیایە جەنگ لە نێوان ئێوە و ئەوان ڕوودەدات، ئەوا شوێنتان دەکەوتین، لەم قسەیەیاندا درۆ دەکەن، ئەوان زانیویانە و وڵنیایی تەواویان هەبووە کە ئەم هاوبەشدانەرانە دڵیان پڕبووە لە ڕق و کینە بەرامبەر باوەڕداران، بەهۆی ئەوەی بەدەستی موسڵمانان بەسەریاندا هات، هاوبەشدانەران هەرچی سامانیانە خەرجیان کردووە و ئەوەی لە توانایان بووە پیاو و زەخیرەیان کۆکردووەوە، جا بە لەشکرێکی مەزن ڕوویان کردۆتە باوەڕداران لە شاری باوەڕداران کە مەدینەیە، دەسوتێن بۆ جەنگ کردن لەگەڵ باوەڕداران.

جا هەر یەکێك ئەمە بارودۆخی بێ، چۆن وێنا دەکرێت جەنگ لە نێوانی ئەو و باوەڕداراندا ڕوونەدات؟ بەتایبەت کە باوەڕداران لە شاری مەدینە چوونە دەرەوە و بەرەنگاریان بوونەوە، ڕوونەدانی جەنگ شتێکی ئەستەم بوو، بەڵام دووڕووەکان وا گومانیان برد، کە ئەم پاساوە قەناعەت بە باوەڕداران دەهێنێ.

خوای پایەدار فەرموویەتی: ﴿هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلْإِيمَانِ﴾ واتە: "ئەوان لەو ڕۆژەدا" و لەو دۆخەی کە تێیدا دەرنەچوون لەگەڵ باوەڕداران بۆ جەنگ و تێکۆشان "لە کوفرەوە نزیکترن لەوەی باوەڕەوە" ﴿يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ﴾ "بە زمان شتێك دەڵێن، کەچی شتێکی تریان لە دڵدایە".

ئەمە خاسیەتی دووڕووەکانە، کە قسە و گوفتارەکانیان، پێچەوانەی ئەو مەبەست و نیازەیە کە لە ناخیاندایە.

یەکێك لە وتەکانی دووڕووەکان ئەمە بوو: ﴿قَالُوا لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا لَاتَّبَعْنَاكُمْ﴾ چونکە بەدڵنیایەوە ئەوەیان زانیوە کە جەنگ ڕوودەدات.

ئەم ئایەتە بە بەڵگە دەهێنرێتەوە لەسەر ئەم بنەما و یاسایە: ((ارتكاب أخف المفسدتين لدفع أعلاهما، و فعل أدنى المصلحتين، للعجز عن أعلاهما)) واتە: ئەنجامدانی خراپەی سوك (بچوك) لە پێناو وەلانانی خراپەی گەورەتر (خراپتر)، کارکردن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی بچوکتر، ئەگەر توانای بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گەورەتر نەبوو. [جا لەبەر ئەوەی فەرمان بە دووڕووەکان کراوە بجەنگن بۆ بەرگری کردن لە ئایین، ئەگەر بۆ ئەمەش نەبێ، ئەوا هەر نەبێ با بۆ بەرگری کردن لە خێزان و وڵاتیان ئەم کارە بکەن].

﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ﴾ واتە: "خوای گەورە زاناترە بەوەی دووڕووەکان لە ناخیان دەیشارنەوە" جا بۆ بەندە باوەڕدارەکانی دەردەخات، و لەسەر ئەمەش سزای دووڕووان دەدات.

دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿الَّذِينَ قَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُوا لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا﴾ واتە: "ئەوانەی دانیشتن و نەچوون بۆ تێکۆشان – جیهاد – و بە براکانیان وت: ئەگەر ئەوانە – واتە: شەهیدەکان – بە قسەی ئێمەیان بکردایە، ئەوا نەدەکوژران"، ئەو دووڕووانە دوو شتیان بەیەکەوە کۆکردبووەوە، ئەویش نەچوون بۆ تێکۆشان و ناڕەزایی و بەدرۆخستنەوەی قەزا و قەدەری خوا، جا خوای گەورە لە بەرپەرچیاندا فەرمووی: ﴿قُلْ فَادْرَءُوا عَنْ أَنْفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پێیان – بڵێ: دە کەواتە: "مەرگ و مردن لە خۆتان دوور بخەنەوە، ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن؟!" ئەگەر شەهیدەکان بە گوێی ئێوەیان بکردبا ئەوا نەدەکوژران، بەڵام ئێوە ناتوانن مردن لە خۆتان دوورخەنەوە و تواناتان بەسەردا نییە.

لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی، کە دەکرێت بەندە خەسڵەتێکی لە خەسڵەتەکانی کوفر و بێ باوەڕی تێدابێ، و خەسڵەتێکی لە خەسڵەتەکانی باوەڕ و ئیمانی تێدابێ، لەوانەشە لە یەکێك لەم دوو خەسڵەتانە زیاتر لەو نزیك بێ.

(١٦٩ – ١٧١) ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِمْ مِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٧٠﴾ يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٧١﴾

ئەم ئایەتە پیرۆزانە پلە و پایە و ڕێزی شەهیدانی تێدایە، و ئاماژە بەو ناز نیعمەت و بەخششانە دەکات کە خوای گەورە لەگەڵی کردوون، لەو چوارچێوەیەشدا دڵی زیندووان و کەسوکاری شەهیدان دەداتەوە، لەهەمان کاتیشدا هانیان دەدات بۆ تێکۆشان و جەنگان لە پێناوی خوادا و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پلەی شەهیدی، جا فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ واتە: "هەرگیز وامەزانن ئەوانەی" لە کاتی تێکۆشان لەگەڵ دوژمنانی ئاینی خوا "شەهیدبوون" و مەبەستیان بەرزڕاگرتنی بەرنامەی خوا بوو ﴿أَمْوَاتًا﴾ واتە: "مردوون" با بە خەیاڵ و عەقڵتدا نەیەت کە ئەوان مردوون و لەناوچوون، و خۆشی و چێژی ژیانی دونیایان لەدەستچووە، کەچی ترسنۆکەکان کە تێنەکۆشاون و شەهیدبوونیان بەکەم زانیوە لەو خۆشی و ڕابواردنە بەهرەوەر نەبوون، ﴿بَلْ﴾ واتە: "نا بەپێچەوانەوە" چاکترین دەستکەوتیان بەدەستهێناوە، کە کێبڕکێکاران پێشبڕکێی لەسەر دەکەن، ئا ئەو شەهیدانە ﴿أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ﴾ لە ماڵ و خانەی ڕێز و پایەداریدا "لای پەروەردگاریان"، و بێژەی: ﴿عِنْدَ رَبِّهِمْ﴾ بەرزی پلە و نزیکیان لە پەروەردگاریان دەخوازێ.

﴿يُرْزَقُونَ﴾ لە جۆرەها خۆشی و ناز و نیعمەت پێیان دەبەخشرێ، کە هیچ کەسێك نازانێ چۆنە جگە لە خوای گەورە نەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ﴿فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ﴾ واتە: دڵشاد و کامەرانن بەو ناز و بەخششەی خوای گەورە لەگەڵی کردوون، دڵ و دەروونیان پێی ئاسوودەیە، ئەمەش لەبەر چاکی و زۆری و مەزنی بەخششەکان، و کامڵی ئەو چێژ و خۆشیەی پێی دەگەن، دوور لە ناخۆشی و تاڵایەتی.

جا خوای گەورە خۆشی جەستە بە پێدانی ڕزق و ڕۆزی، لەگەڵ تام و چێژی دڵ و ڕۆحی بە ئاسوودەکردنیان بەوەی بەخششەی پێیداون، بەیەکەوە کۆکردۆتەوە و بەوانی داوە، بەمەش ناز و نیعمەت و خۆشی و کامەرانیان بەیەکەوە بەدەستهێناوە ﴿وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ﴾ واتە: مزگێنی بە یەکتر دەدەن، بە گەیشتنی ئەو برایانەیان کە هێشتا بەوان نەگەیشتوون، مژدەی ئەوە دەدەن کە براکانیان لە هەمان ئەو خۆشیەی ئەوان بەهرەوەر دەبن.

﴿أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ واتە: مزگێنی دەدەن بەوەی "نەترسیان لەسەر و نە خەفەتیش دەخۆن" ئەو ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەیەی لێی دەترسان، لەسەر خۆیان و براکانیان نەماوە، ئەمەش ئەوپەڕی دڵخۆشی دەخوازێ.

﴿يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ﴾ واتە: بە گەورەترین شت مزگێنی بە یەکتر دەدەن، ئەویش بەهرەوەربوونە لە ناز و نیعمەت و بەخششی پەروەردگاریان، ﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٧١﴾﴾ واتە: "و خوای گەورە پاداشتی باوەڕداران ون ناکات"، بەڵکو گەشەی پێدەدات و سوپاسگوزاریان دەبێ، و زیادە بەخششی وایان لەگەڵدا دەکات، کە هەرگیز بە هەوڵی خۆیان پێی ناگەن، لەم ئایەتانەدا خۆشییەکانی ژیانی ناو گۆڕ سەلمێنراوە، و شەهیدان لە بەرزترین شوێندان لای پەروەردگاریان، و ئەوەشی تێدا سەلمێنراوە کە گیانی کەسە چاکخوازەکان بەیەکدەگەن و سەردانی یەکتر دەکەن و مزگێنی بە یەکتر دەدەن.

(١٧٢ – ١٧٥) ﴿الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِلَّهِ وَالرَّسُولِ مِن بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا مِنْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾ الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُوا رِضْوَانَ اللَّهِ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ﴿١٧٤﴾ إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾

"﴿الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِلَّهِ وَالرَّسُولِ مِنْ بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا مِنْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ واتە: ئەوانەی بەدەم بانگەوازی خوا و پەیامبەرەوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) چوون، دوای ئەوەی تووشی برین و زام بوون، بۆ ئەوانەیان کە چاکەیان کرد و لەخواترسبوون پاداشتی زۆر گەورە هەیە".

کاتێك پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لە جەنگی ((ئوحد)) گەڕایەوە بۆ شاری مەدینە، گوێبیستی ئەوە بوو کە ئەبو سوفیان و ئەو هاوبەشدانەرانەی لەگەڵیدابوون ویستوویانە بگەڕێنەوە بۆ سەر مەدینە، بۆیە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمانی بە هاوەڵانی کرد بۆ دەرچوون بۆ بەرەنگاربوونەوەیان، جا – سەرباری ئەو زام و برینەی هەیانبوو – دەرچوون، بۆ گوێرایەڵی نواندن بۆ خوا و پەیامبەری خوا، وبەدەمەوەچوون بۆ بانگەوازی خوا و پێغەمبەر، جا موسڵمانان گەیشتنە ناوچەی (حەمرائی ئەسەد)، ﴿الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ﴾ واتە: "ئەوانەی خەڵکی پێیان وتن"، لەو ساتەدا هەندێك کەس هاتن بۆ لای موسڵمانان و پێیان وتن: ﴿إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا﴾ واتە: "بەڕاستی هاوبەشدانەران خۆیان بۆ ئێوە کۆکردۆتەوە"، دەیانەوێ

ڕیشەکێشتان بکەن، "لێیان بترسن، کەچی باوەڕداران باوەڕیان زیاتر دامەزرا" مەبەست لەم هەواڵدانەش ترساندن و تۆقاندنی موسڵمانان بوو، بەڵام ئەمە تەنها بووە هۆی زیاتر باوەڕ بوون و پشتبەستن بە خوا.

﴿وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ واتە: "و وتیان:" خوای گەورە بەسمانە کە یارمەتیدەرمان بێ بەرامبەریان، "و چاکترین بریکاریشە"، کە ڕاییکردنی کاری بەندەکانی بەدەستە و بەرژەوەندییەکانیان فەراهەم دەکات.

﴿فَانْقَلَبُوا﴾ واتە: ئەوسا موسڵمانان گەڕانەوە ﴿فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ﴾ واتە: "هاودەم لەگەڵ ناز و نیعمەت و بەخششی خوادا، و هیچ ناخۆشییەکیان تووش نەهات".

هەواڵ گەیشتە هاوبەشدانەران، سەبارەت بەوەی پێغەمبەر و هاوەڵانی دەرچوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان و، ئەوانەش کە دواکەوتبوون پەشیمان بوونەوە، بەمە خوای گەورە ترس و بیمی خستە دڵی هاوبەشدانەرانەوە، و بەردەوامبوون لە گەڕانەوە بۆ شاری مەککە، باوەڕدارانیش گەڕانەوە بەدەم بەخشش و نیعمەتی خواوە، بەوەی خوا بەخششی لەگەڵ کردن بە سەرخستنیان بۆ دەرچوون لەم بارودۆخە و پشتبەستن بە پەروەردگار، دواتر خوای گەورە پاداشتێکی مەزنی بۆ ئامادەکردوون، بەهۆی چاکەکردنیان بە گوێڕایەڵبوون بۆ پەروەردگاریان، و خۆپاراستنیان لە گوناهـــ و سەرپێچی خوا، ئا ئەوانە پاداشتێکی مەزنیان بۆ هەیە، بێ گومان ئەمەش لە بەخششی مەزنی خواوەیە کە لەگەڵ ئەوانی کردووە. "﴿وَاتَّبَعُوا رِضْوَانَ اللَّهِ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ﴾ واتە: و شوێن ڕەزامەندی خوا کەوتبوون، خوای گەورەش خاوەن بەخششێکی گەورەیە".

دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ﴾ واتە: "ئەوە شەیتانە هاوڕێ و دۆستەکانی دەترسێنێ" لە هاوبەشدانەران، یەکێك لە

بانگخوازەکانی شەیتان بە هاوبەشدانەرانی وت: باوەڕداران خۆیان بۆ ئێوە کۆکردۆتەوە، بەم هەواڵی هاوڕێیە بێ باوەڕ و ئیمان لاوازەکان دەترسێنێ.

﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾﴾ واتە: نەکەن لە هاوبەشدانەران بترسن کە دۆستی شەیتانن، چونکە جڵەوی ئەوان بەدەست خوایە، تەنها بە قەدەری خوا هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵکو لەو خوایە بترسن کە بەندە خۆشەویست و هاوڕێیە پارێزکار و گوێڕایەڵەکانی بۆ بەرنامەی خۆی سەردەخات "ئەگەر بەڕاستی ئێوە باوەڕدارن".

لەم ئایەتەدا بەڵگەی ئەوە هەیە، کە پێویستە بەندە تەنها لە خوای گەورە بترسێ، و ترسان لە خوا یەکێکە لە پێویستییەکانی باوەڕ و ئیمان، جا ترسانی بەندە لە خوا بەپێی باوەڕی بەندە دەبێ، ترسانی ستایشکراو: ئەو ترسەیە کە بەندە دەگێڕێتەوە لە قەدەغەکراوەکانی خوا.

(١٧٦ ، ١٧٧) ﴿وَلَا يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّوا اللَّهَ شَيْئًا يُرِيدُ اللَّهُ أَلَّا يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِي الْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٦﴾ إِنَّ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الْكُفْرَ بِالْإِيمَانِ لَن يَضُرُّوا اللَّهَ شَيْئًا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٧﴾﴾

پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) سوربوو لەسەر بانگ کردنی خەڵکی بۆ سەر ئاینی خوا، و کۆششی دەکرد بۆ ڕێنوێنی کردنیان، جا کاتێك خەڵکی نەدەهاتنە سەر ڕێگەی ڕاست ئەوا خەمبار دەبوو، بۆیە خوای گەورە فەرمووی: ﴿وَلَا يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ﴾ واتە: "ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) با ئەوانەی پێشبڕکێ لە بێ باوەڕیدا دەکەن خەفەتبارت نەکەن"، بەهۆی زۆر حەزکردنیان لە بێ باوەڕی و پێداگیری و سوربوونیان لەسەری ﴿إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّوا اللَّهَ شَيْئًا﴾ واتە: "بێگومان ئەوانە هەرگیز هیچ زیانێك بە خوا ناگەیەنن"، بەدڵنیاییەوە خوای گەورە ئاینی خۆی

سەردەخات، و پشتگیری پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەکات، فرمان و بڕیاری خۆی جێبەجێ دەکات، بۆیە گوێیان پێ مەدە، ئەگەر ئەوانیش باوەڕ نەهێنن، بەڵکو ئەوانە تەنها لە زیانگەیاندن بە خۆیان تێدەکۆشن، بە لەدەستدانی باوەڕ لە دونیادا، و بەدەستهێنانی سزایەکی پڕ ئێش لە دواڕۆژدا، ئەمەش بەهۆی سوك و ڕیسوابوونیان لەلایەن خواوە، ﴿يُرِيدُ اللَّهُ أَلَّا يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِي الْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ واتە: خوای گەورە دەیەوێ بێ بەشیان بکات لە پاداشتی خۆی لە دواڕۆژدا، "و سزایەکی مەزنیان بۆ ئامادەیە"، خوای گەورە ئەوانی ڕیسواکرد و سەرینەخستن بۆ ئەو شتەی، کە خوای گەورە خۆشەویستانی بۆ سەرخست، و بەو کەسانەی بەخشی کە خوای گەورە چاکەی ئەوانی ویستووە، ئەمەش لە سایەی دادگەری و حیکمەتی خواوەیە، چونکە "بە زانستی بێ سەرەتای خۆی" زانیویەتی ئەوانە نایانەوێ پاکسازبن و ڕێگەی ڕاست بگرنەبەر، و بەرچاوڕۆشنی وەرناگرن، بەهۆی بەدڕەوشتی و ناپاکی نیازیانەوە.

دواتر خوای پایەبەرز ڕایگەیاندووە ﴿إِنَّ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الْكُفْرَ بِالْإِيمَانِ﴾ واتە: بەڕاستی ئەوانەی کوفریان بەسەر ئیماندا هەڵبژارد، بەجۆرێك حەزیان بە کوفر بوو، وەك ئەو کەسەی پارە دەبەخشێ لە پێناو بەدەستهێنانی شتێك، ﴿لَنْ يَضُرُّوا اللَّهَ شَيْئًا﴾ واتە: "هەرگیز ناتوانن هیچ زیانێك بە خوای گەورە بگەیەنن"، بەڵکو زیانی ئەم کارەیان بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە، بۆیە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: "ئا ئەوانە سزایەکی بە ئێش و ئازاریان بۆ هەیە"، جا چۆن دەتوانن زیان بە خوا بگەیەنن، لەکاتێکدا ئەوان زۆر باوەڕنەویست بوون، ئەوپەڕی حەزیان لە بێ باوەڕ بوون بووە بە خوای میهرەبان؟! بەدڵنیایەوە خوای گەورە دەوڵەمەند و بێ نیازە لەوان.

خوای گەورە چەندین بەندەی چاکەکار و پاکسازی بۆ ئاینی خۆی هێنایە مەیدان، جگە لەم کەسە کوفرویستانە، - و ئەو کەسەی خوای گەورە پێی ڕازیە تا ئەرکی

سەرخستنی ئاینەکەی پێ بسپێری – ئەوا چەندین کەسی بیرتیژ و ژیرمەند و زانا و بلیمەتی جوامێری بۆ تەرخان دەکات، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لَا تُؤْمِنُوا إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا﴾ ئیسراء: ١٠٧. واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) – باوەڕ بەم قورئانە بهێنن یان باوەڕی پێنەهێنن، ئەوانەی پێشتر زانست و زانیاریان پێدراوە، کاتێك ئایەتەکانی قورئانیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە، ئەوا خێرا کڕنووش دەبەن"، و ئایەتەکانی دواتری.

(١٧٨) ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِأَنْفُسِهِمْ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا وَلَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ ﴿١٧٨﴾﴾

﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِأَنْفُسِهِمْ﴾ واتە: ئەوانەی بێ باوەڕبوون بە پەروەردگاریان، پشتیان لە ئاینی خوا کردووە، دژایەتی پەیامبەرەکەیان (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کردووە، با وا گومان نەبەن لەم دونیایەدا ماوە و مۆڵەتمان پێداون و ڕیشەکێشیان ناکەین، هەرگیز ئەو ماوەیەی بەوانمان داوە خێری بۆیان تێدا نییە و مانای ئەوە نییە ئەوانمان خۆشدەوێ، نا بەپێچەوانەوە شتەکە بەو جۆرە نییە کە ئەوان گومانیان برد، بەڵکو ئەم ماوە پێدانە خراپەی بۆیان تێدایە و خواش ئەوەی بۆ ئەوان ویستووە، و ئەمە سزای زیادەیە بۆیان لە پاڵ سزاکەیان، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا وَلَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾ واتە: "بێ گومان ئێمە ماوەیان پێدەدەین تا گوناهی زیاتر بکەن، بە دڵنیاییەوە بۆ ستەمکاران سزایەکی ڕیسواکەر هەیە"، جا خوای گەورە مۆڵەت بە ستەمکار دەدات، تا زۆرتر یاخی بێ و کوفر و سپڵەییەکەی زۆر بێ، تا کاتێك خوای گەورە بە دەستی توانستی خۆی دەیگرێ، کە زاڵە بەسەر هەموو

شتێکدا. جا با ستەمکاران وریابن لە ئاست ماوە پێدان و واگومان نەبەن دەرباز دەبن لە دەسەڵات و توانای خوای مەزن و پایەدار.

(١٧٨) ﴿مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ حَتَّى يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشَاءُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴿١٧٩﴾

﴿مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ حَتَّى يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ﴾ واتە: هەرگیز حیکمەتی خوا واناخوازێ باوەڕداران فەرامۆش بکات و وازیان لێبهێنێ، بەو تێکەڵاوی و لەیەکتر جیانەبوونەوەی تێیدان، تا پیس و پاك، و باوەڕدار و دووڕوو، ڕاستگۆ و درۆزن لە یەکتر جیا نەکاتەوە.

﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ﴾ واتە: بەهەمان شێوە لە حیکمەتی خوا نەبووە "ئێوەی" بەندەکانی خوا ئاگادار بکاتەوە لە زانستی شاراوەی خۆی کە هەر خۆی پێی دەزانێ سەبارەت بە بەندەکانی، حیکمەتی بێ سنووری خوای وایخواستووە بەندەکانی تاقی بکاتەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، بە جۆرەها تاقیکردنەوە و ئەزموون، تا پیس و پاك لەیەکتر جیا ببنەوە، "﴿وَلَكِنَّ اللَّهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشَاءُ﴾ واتە: بەڵکو خوای گەورە هەر یەکێك لە پەیامبەرانی هەڵدەبژێرێت کە بیەوێت – تا لە هەندێك هێنێ ئاگادار بن بە ئەندازەی پێویست –"، جا خوای گەورە پەیامبەرانی ڕەوانەکردووە، و فەرمانیشی کردووە بە گوێڕایەڵی و ملکەچبوون بۆیان، باوەڕ هێنان پێیان، بەڵێنیشی بە باوەڕداران داوە لەسەر باوەڕ و لەخواترسان پاداشتێکی مەزنیان پێ ببەخشێ، "﴿فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ واتە: جا باوەڕ بە خوا و پەیامبەرانی هێنن، خۆ ئەگەر باوەڕ هێنن و لەخواترس بن، ئەوا پاداشتێکی مەزن و بێ ئەندازەتان بۆ هەیە". ئینجا خەڵکی –

بەپێی شوێنکەوتنی پێغەمبەر و پەیامبەرانەوە – بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان گوێڕایەڵ و بەشەکەی دیکەیان سەرپێچیکار، باوەڕدار و دووڕوو، موسڵمان و کافر، جا لەسەر ئەمەش پاداشت و سزا دادەنرێ، و دادگەری و بەخشش و حیکمەتی خوای گەورە بۆ بەدیهێنراوانی دەردەکەوێ.

(١٨٠) ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١٨٠﴾﴾

﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ﴾ واتە: وا گومان نەبەن ئەوانەی چرووکی و ڕەزیلی دەکەن، و لەو ناز و نیعمەتانەی خوا پێی بەخشیون، لە سامان و ماڵ و زانست و لە شتی دیکەش کە خوا پێیداون نابەخشن، لەکاتێکدا خوای گەورە بەو ناز و نیعمەتانە چاکەی لەگەڵیان کردووە، و فەرمانیشی پێکردوون بە بەخشینی ئەو شتانە بە بەندەکانی کە هیچ زیانی بۆیان نییە، کەچی چرنووکیان نواندووە و لێی نابەخشن، خۆیان پێ لەسەر بەندەکانی خوا هەڵدەکێشن، و پێشیان وابوو ئەم نەبەخشینە سوودی بۆ ئەوان تێدایە، نا بەپێچەوانەوە مایەی خراپە و شەڕە بۆ دین و دونیا و ئێستا و ئایندەی ئەوان.

﴿سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ واتە: ئەوەی چرنووکی و ڕەزیلیان پێکردووە، لە دوارۆژدا دەکرێتە کۆت و بەندێك بە ملیانەوە، پێی سزا دەدرێن، هەروەك لە فەرموودەی ڕاست و دروستدا هاتووە: ((إِنَّ البَخِيلَ يُمَثَّلُ لَهُ مَالُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ شُجَاعًا

أَقْرَعَ لَهُ زَبِيبَتَانِ، ثُمَّ يَأْخُذُ بِلِهْزِمَتَيْهِ ثُمَّ يَقُولُ: أَنَا مَالُكَ، أَنَا كَنْزُكَ))[1] واتە: كەسی چرووك لە دوارۆژدا سامان و ماڵەكەی - كە پێویستبووە زەكاتی لێبدات و لێیبەخشێ كەچی نەیكردووە - بۆی دەكرێتە مارێكی شاخداری كەچەڵ كە زمانێكی دوو سەری هەیە، ئینجا شەویلگەی چرووكەكە دەگرێ و دەڵێ: من سامانكەی تۆم، من گەنجینەكەتم. و پەیامبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە كە دووپاتكەرەوەی ئەم ڕاستیەیە، ئا ئەو كەسانە پێیان وابوو چرووكیەكەیان سوودی بۆیان دەبێ، دەبێتە مایەی خێر و بەرەكەت بۆیان، كەچی بەسەریاندا شكایەوە و بووە یەكێك لە گەورەترین زیان و مایەی سزا بۆیان.

﴿وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ واتە: "میراتی ئاسمانەكان و زەوی هەر بۆ خوایە"، خوای پایەبەرز خاوەنی موڵك و دەسەڵاتە، بێ گومان هەرچی موڵكە بۆ خاوەنەكەی دەگەڕێتەوە، بەندەكانیش دونیا بەجێدەهێڵن بێ ئەوەی دینار یان دیرهەم یاخود سامانێكیان پێبێ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ الْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ﴾ مەریەم: ٤٠. واتە: "بێ گومان سەرئەنجام هەر ئێمە دەبینە میراتگری زەوی، و هەموو ئەوانەی لەسەریەتی و هەر بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە". بڕوانە چۆن هۆی سەرەتایی و هۆی ئامانجداری باسكردووە، كە هەر یەكێك لەم هۆیانە وا پێویست دەكەن بەندە چرووكی نەكات لە ئاست بەخشینی ئەو ناز و نیعمەتانەی خوا پێیداون.

سەرەتا ڕایگەیاندووە: ئەو سامان و شتانەی بەندە هەیەتی، ئەوە بەخشش و نیعمەتی خوایە، موڵكی بەندە نییە، خۆ ئەگەر بەخشش و چاكەی پەروەردگار نەبووبایە بەسەریەوە، ئەوا هەرگیز دەستی بە هیچ شتێك لەم نیعمەتانە نەدەگەیشت، جا بۆیە ڕێگری

(١) پێشەوا بوخار بە ژمارە ٤٥٦٥ و،موسلیم بە ژمارە ٩٨٨ و، ئەحمەد بە ژمارە ٥٧٢٩ و، مالیك بە ژمارە ٨٨٧ و، بەیهەقی بە ژمارە ٥٧ ٥ و، نەسائی بە ژماو ٢٢١ ٢ گێڕاویانەتەوە (وەرگێڕ).

كردن و نەبەخشین، ڕێگری كردنە لە بەخشش و چاكەی خوا، چونكە بەخشش و چاكەی خوا هۆیەكە كە وا پێویست دەكات چاكە لەگەڵ بەندەكانیدا بكرێ، هەروەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ﴾ قەصەص: ٧٧. واتە: "چاكە لەگەڵ بەندەكانی خوا بكە، هەروەك خوای گەورە چاكە و بەخششی لەگەڵ كردووی". جا هەر كەسێك دڵنیابووەوە لەوەی ئەوەی هەیەتی ناز و بەخششی خوایە، ئەوا ڕێگر نابێ لەو بەخشینە، چونكە هەرگیز زیانی بۆ نابێ، بەڵكو سوودی بۆ دڵ و ماڵ و سامانی دەبێ، و دەبێتە هۆی زیادبوونی ئیمان و باوەڕ و پاراستنی لە بەڵا و ناخۆشی.

دواتر باسی ئەوەی كردووە، كە ئەوەی بەندەكان هەیانە و بەدەستیانە، ئەوا هەمووی بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە، تەنها خوای گەورە میراتگر و خاوەنیانە، هەر ئەویش چاكترین میراتگر و خاوەنە، كەواتە شتێكی زۆر بێ مانایە تۆ چرنووكی لە شتێكدا بكەیت، لە كاتێكدا دڵنیای كە لەدەستت دەردەچێ و دەچێتە دەست یەكێكی ترەوە.

سێیەمیان باسی هۆی پاداشت و سزای كردووە، فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ واتە: "و خوای گەورە شارەزا و ئاگاداری ئەو كار و كردەوانەتانە كە دەیكەن"، جا مادەم شارەزایە بە هەموو كردەوەكانتان – كە وادەخوازێ پاداشت لەسەر چاكە و سزا لەسەر خراپەكان بداتەوە –، ئەوا ئەو كەسەی بە ئەندازەی گەردیلەیەك باوەڕی لە دڵدایە دواناكەوێ لەو بەخشینەی كە مایەی پاداشتە، و ڕازی نابێ بە چرنووكی كە مایەی سزا وەرگرتنە لەسەری.

(١٨١، ١٨٢) ﴿لَقَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا وَقَتْلَهُمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ ﴿١٨٢﴾

﴿لَقَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا وَقَتْلَهُمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ واتە: "سوێند بەخوا، بێگومان خوای گەورە وتەی – نابەجێی – ئەو – جولەکانەی – بیست، کە وتیان: خوا هەژارە و ئێمە دەوڵەمەندین، بەدڵنیایەوە ئەم گوفتارانە تۆمار دەکەین، و کوشتنی پێغەمبەران بە ناڕەوا"، لێرەدا خوای گەورە باسی قسەی ئەم یاخیبووانە دەکات، کە ناشیاوترین و دزێوترین و خراپترین قسەیان وتووە، خوای گەورە ڕایگەیاندووە کە گوێبیستی گوفتاری ئەوان بووە، و لەسەریان تۆمار دەکات لەگەڵ کردەوە قێزەونەکانیان، کە بریتییە لە: کوشتنی پێغەمبەرە دڵسۆز و ئامۆژگاریکارەکانیان، خوای مەزن باسی ئەوەشی کردووە کە توندترین سزایان دەدات لەسەر ئەمە، جا لە جیاتی ئەو وتەیەیان کە وتیان: بەڕاستی خوا هەژارە و ئێمەش دەوڵەمەندین، ﴿وَنَقُولُ ذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ﴾ "خوای گەورە دەفەرمووێ: پێیان دەڵێین: دە بچێژن ئەو سزا" سووتێنەرەی کە جەستە و دڵ دەسووتێنێ، بێگومان ئەم سزادانەیان لەلایەن خواوە ستەم و زۆرداری نییە بەرامبەر بەوان، چونکە: ﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ﴾ ئالی عیمران: ١٨٢. واتە: "هەرگیز خوای گەورە هیچ جۆرە ستەمێك لە بەندەکانی ناکات"، پەروەردگار پاك و بەرزە لە ستەم.

ئەم سزایە بەهۆی ئەو کارە ڕیسوا و دزێوانە بووە، کە پێشتر ئەنجامیان داوە، بەم هۆیەش شایستەی ئەم سزایە و بێبەشبوون بوون لە پاداشت.

ڕاڤەکارانی قورئانی نازدار، باسی ئەوەیان کردووە کە ئەم یایەتە سەبارەت بە دەستەیەك لە جولەکەکان دابەزیوە، کە ئەو وتەیەیان کردووە، باسی کەسێکیان کردووە لەو دەستەیە بەناوی (فەناحاصی کوڕی عازوڕاء)، کە یەکێك بوو لە سەرانی جولەکە لە شاری مەدینە، جا کاتێك ناوبراو گوێبیستی ئەم فەرمایشتانەی خوای پایەبەرز بوو: ﴿مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا﴾ بەقەرە: ٢٤٥. واتە: "کێیە ئەو کەسەی قەرزێکی چاك دەدات بە خوا"، ﴿وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا﴾ حەدید: ١٨. واتە: "ئەوانەی قەزریکی چاك بە خوای گەورە دەدەن". ئەوا (فەناحاصی کوڕی عازوڕاء) – بە لوتبەرزی و ناز و فیزەوە – ئەو قسەیەی کرد کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، خوای گەورە ڕیسوای بکات، جا خوای گەورە وەك قسەی ئەم دەستە جولەکەیەی هێناوە، و ڕاشیگەیاندووە کە ئەم قسەیە بەدەر نییە لە کارە ناشرینەکانی دیکەیان، بەڵکو پێشتر هاوشێوەی ئەم کارە نابەجێیانەیان کردووە، کە بریتییە لە: کوشتنی پێغەمبەران بە ناڕەوا، ئەم کۆت و بەندە "کە بریتییە لە: بە ناڕەوا کوشتنی پێغەمبەران" مەبەست لێی ئەوەیە کە ئەوان بوێریان نواندن لە ئاست کوشتنی پێغەمبەرانی خوا، سەرباری ئەوەی کە دەشیانزانی کارێکی زۆر خراپ و نابەجێیە و، ئەم کارەیان بەهۆی نەزانی و بێ ئاگاییان نەبوو، بەڵکو بەهۆی یاخیبوون و سەرسەختیانەوە بوو.

(١٨٣، ١٨٤) ﴿الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّى يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ قُلْ قَدْ جَاءَكُمْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿١٨٣﴾ فَإِنْ كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ جَاءُوا بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ ﴿١٨٤﴾

خوای پایەبەرز هەواڵ دەدات لەبارەی ئەوانە کە درۆ هەڵدەبەستن ﴿الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّى يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ﴾ واتە: ئەوانەی وتیان: "خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووین"، و ئیمەی ڕاسپاردووە، کە "باوەڕ بە هیچ پێغەمبەرێك نەهێنین، تا قوربانیەکمان بۆ نەهێنێت – و نەیبینین – ئاگر دەیخوات و دەیسوتێنێت"، جا درۆکردنیان بە ناوی خواوە کۆکردەوە لەگەڵ کورتهەڵهێنانی نیشانە و بەڵگەی پێغەمبەرایەتی لەو درۆیە مەزنەی هەڵیانبەست، بەوەی پێیان وابوو ئەگەر باوەڕ بە پێغەمبەرێك نەهێنن، کە ئەو پێغەمبەرە قوربانیەکی نەهێنابێ کە ئاگر بیخوات، ئەوا – لەم کارەیاندا – گوێڕایەڵی پەروەردگاریان کردووە، و پابەندن بە بەڵێنی خوا، و شتێکی زانراویشتە خوای گەورە هەر پێغەمبەرێك ڕەوانە بکات، ئەوەندە بەڵگە و نیشانەی پێدەدات، کە بەو ئەندازەیەی مرۆڤەکان باوەڕی پێدەهێنن، بەڵگە و موعیجزەی پێغەمبەرانی تەنها لەوە کورت نەکردۆتەوە کە ئەوانە وتویانە، لەگەڵ ئەمەشدا درۆیەکیان هەڵبەست کە خۆیان پێیەوە پابەند نەبوون و شتێکی واپوچیان وت کە کاریان پێنەکرد.

هەر بۆیە خوای گەورە فەرمانی بە پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کرد پێیان بڵێت: ﴿قُلْ قَدْ جَاءَكُمْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پێیان – بڵێ: پێش من چەندین پێغەمبەر و پەیامبەر بۆ ئێوە هاتوون، بە چەندەها بەڵگە و نیشانەی ئاشکرا" کە بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆییان و "ئەو داخوازیەشیان هێنا کە داواتان کرد"، بەوەی قوربانیەکیان کردووە و ئاگر خواردی، ﴿فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ واتە: "ئەی بۆچی ئەو پێغەمبەرانەتان کوشتن، ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن" لەوەی ئەگەر پێغەمبەرێك قوربانیەك بهێنێ، کە ئاگر بیخوات، ئەوا بڕوای پێدەهێنن، بەڵام وا دەرنەچوو، ئەمەش درۆزنی و سەرسەختی و دژیەکی بۆچوونەکیان دەردەخات.

دواتر خوای گەورە دڵی پەیامبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێ) داوەتەوە، فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ﴾ واتە: "ئەگەر بەدرۆیانزانی و باوەڕیان پێنەهێنای، ئەوە زۆرێك لە پێغەمبەرانی پێش تۆ باوەڕیان پێنەکراوە"، ئەمە نەریتی ستەمکارانە، کە پیشەیان کوفر کردنە بە خوا، و بەدرۆخستنەوە و باوەڕ نەهێنانە بە پێغەمبەرانی خوا، جا باوەڕ نەهێنانیان بە پەیامبەرانی خوا لەوەوە نییە، کە پێغەمبەران کەمتەرخەمیان نواندووە لە گەیاندنی پەیامەکەیان، یان بەڵگەکانیان بە تەواوی ڕوون نەکردۆتەوە، بەڵکو ﴿جَاءُوا بِالْبَيِّنَاتِ﴾ واتە: بەڵگە و نیشانەی عەقڵی و نەقڵیان هێنا.

﴿وَالزُّبُرِ﴾ واتە: کتێبە ستایشکراوەکان، کە لە ئاسمانەوە دابەزێنراون، کە هەرگیز کەسی دیکە جگە لە پەیامبەران ناتوانن بهێنن.

﴿وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ﴾ واتە: "و کتێبێکیان هێنا بوو کە ڕووناککەرەوە بوو" بۆ حوکمە شەرعییەکان، و ڕوونکەرەوە بوو بۆ ئەو شتە جوانە عەقڵیانەی کە لەخۆی گرتبوون، بەهەمان شێوە ڕوونکەرەوە بوو بۆ هەواڵە ڕاستەکان، جا مادەم ئەمە نەریتیان بێ لە باوەڕ نەهێنانیان بە پێغەمبەرانێك کە ئەمە سیفەتیان بێ، ئەوا با بارودۆخیان خەمبارت نەکات و گوێیان پێ مەدە.

(٨١٥) ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَنْ زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾ ﴿١٨٥﴾

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ واتە: "هەموو کەسێك دەبێ بمرێت، بێگومان لە دوارۆژدا پاداشت و سزاتان بە تەواوی پێدەدرێتەوە"، ئەم ئایەتە پیرۆزە هاندانی تێدایە بۆ دونیابەکەمزانی، چونکە دونیا کاتییە و مانەوەی تا سەر نییە، بەڵکو خۆشییەکی خەڵەتێنەرە، کە کەسەکان هەڵدەخەڵەتێن بە ڕازاوەیی و جوانی و

قەشەنگییەکەی، دواتر ئەم کەسە دونیا بەجێدەهێڵێ، و دەچێ بەرەو ماڵی هەمیشەیی، کە لەوێ هەر یەکێك بەپێی ئەو کار و کردەوە چاك و خراپانەی لە دونیادا ئەنجامی داوە، ئەوا پاداشت و سزا وەردەگرێتەوە.

﴿فَمَنْ زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ﴾ واتە: "دواتر ئەوەی دووربکەوێتەوە و دەربچێ لە ئاگری دۆزەخ و بخرێتە بەهەشتەوە، ئەوا بەڕاستی براوە و سەرکەوتووە"، واتە: سەرکەوتنی مەزنی بەدەستهێناوە بە ڕزگاربوونی لە سزای بە ئێش و ئازار، و گەیشتنی بە بەهەشتی پڕ لە خۆشی و شادی، کە هیچ چاوێك نەیبینیوە، و هیچ گوێیەك ئەو وەسفەی نەبیستووە، هەرگیز بە خەیاڵ و دەروونی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە، مانای ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوەی لە ئاگر دەربازی نەبێ و نەچێتە بەهەشتەوە، ئەوا سەرکەوتوو و براوە نییە، بەڵکو بۆ هەمیشە بەدبەختە و تووشی سزای نەبڕاوە بووە.

"﴿وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾ واتە: ژیانی دونیا جگە لە خۆشی و ڕابواردنێکی فریودەر هیچی تر نییە".

لەم ئایەتەدا ئاماژەیەکی جوان هەیە بۆ خۆشی و شادی و سزای ژیانی ناو گۆڕ، هەر کەسێك پاداشت و سزای بەشێك لە کردەوەکانی لەوێدا وەردەگرێتەوە، لە پاداشتی ئەو کار و کردەوانەی پێش خۆیان بەرێیان کردووە بۆ ڕۆژی دوایی، ئەوە پێشکەشیان دەکرێتەوە، ئەمەش لەم فەرمایشتەی دەخوێنرێتەوە: ﴿وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ واتە: پاداشت و سزای تەواو لەسەر کار و کردەوەکان لە دوارۆژدا دەبێ، بەڵام سزا و پاداشتی لاوەکی لە ژیانی ناو گۆڕدا دەبێ. بەڵکو لەوانەیە سزا و پاداشت پێش ژیانی ناو گۆڕ بێ لە دونیادا، هەروەك لەم فەرمایشتەی خوای مەزندا هاتووە: ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُمْ مِنَ الْعَذَابِ الْأَدْنَى دُونَ الْعَذَابِ﴾ سەجدە: ٢١. واتە: "سوێند بە خوا، ئێمە لە دونیادا سزایان پێدەچێژین، بێجگە لە سزای گەورە".

(١٨٦) ﴿لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا أَذًى كَثِيرًا وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ ﴿١٨٦﴾

خوای گەورە ڕووی فەرمایشتی لە باوەڕداران کردووە و پێی ڕاگەیاندوون: ﴿لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ﴾ واتە: "سوێند بێت" بەڕاستی ئەی باوەڕداران ئێوە تووشی تاقیکردنەوە دەبن، "لە ماڵ و دارایی و خودی خۆشتان"، لە بەجێگەیاندنی خەرجی واجب و سوننەت و، دووچاری لەناوچوون و خەرجکردنی سامان دەبنەوە لە پێناوی خوا، لە خودی خۆشیاندا تووشی تاقیکردنەوە دەبن، بە بەرگەگرتن و هەڵگرتنی ئەرکی زۆر قورس کە لەسەر زۆرێك لە خەڵکینە، وەك تێکۆشان (جیهاد) لە پێناوی خوا و، شەکەت و ماندووبوون لەو تێکۆشانەدا، و تووشی کوشتن و دیلبوون و زام و برین هاتن، هەروەها تووشبوون بە نەخۆشییەکان چ مرۆڤ بە خودی خۆی یان کەسە خۆشەویستەکانی.

﴿وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا أَذًى كَثِيرًا﴾ واتە: "و سوێند بێ، لەوانەی پێش ئێوە کتێبیان پێدراوە و لە هاوبەشدانەرانیشەوە، ئازارێکی زۆر دەبیستن"، لە تانە و توانجدان لە خۆتان و ئایین و کتێب و پەیامبەرەکەتان.

جا لە ڕاگەیاندنی ئەمە بە باوەڕداران، چەند سوود و وەدەستهاتووێك هەن:

لەوانە: دانایی و حیکمەتی خوای گەورە ئەمە دەخوازێ، تا باوەڕداری ڕاستگۆ لەوانی دیکە جیا ببێتەوە.

و یەکێکی دیکە ئەوەیە کە: خوای پایەبەرز ئەندازەگیری بۆ ئەم شتانە کردووە، تا بەسەر باوەڕداران بێ، چونکە چاکە و خێری ئەوانی دەوێ بۆ ئەوەی پلەیان پێ بەرز ببێتەوە، و لە گوناهــ و تاوانەکانیان خۆشبێ، هەروەها تا بەمە باوەڕیان زیاد بێ و دڵنیایی و باوەڕیان دامەزراوتر بێ، جا کە خوای گەورە ئەم هەواڵەیان پێڕادەگەیەنێ و وەك خۆشی دیتەجێ، ﴿قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا﴾ ئەحزاب: ٢٢. واتە: "باوەڕداران دەڵێن: ئەمە ئەو بەڵێنەیە کە خوا و پەیامبەرەکەی پێیداوین، و خوا و پەیامبەرەکەی ڕاستیان فەرموو لە پێشهاتنی ئەم شتانەدا، بەدڵنیایەوە ئەمە باوەڕ و ملکەچی نەبێ هیچی تری بۆ باوەڕداران زیاد نەکرد".

یەکێکی تر لەو سوودانە ئەوەیە: خوای گەورە ئەمەی بە باوەڕداران ڕاگەیاندووە، تا دەروونیان ڕابێت لەسەر پێشهاتنی ئەم جۆرە ڕووداوانە، تا ئارامبگرن لەسەری کاتێك پێشدێن، چونکە بەمە ئامادەکاری دەکەن بۆی، پێش ئەوەی ڕووداوەکان ڕووبدەن، بەمەش بەرگەگرتنی ئاسان دەبێ، و لێکەوتەکانی ئەم پێشهات و ئەکانە سووك دەبێ لەسەریان، و پەنا بۆ ئارامگرتن و لەخواترسان دەبەن، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا﴾ واتە: ئەگەر ئارامبگرن لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیەی بەسەر ماڵ و دارایی و خودی خۆتاندا دێ، و بەرگری ئازاردانی ستەمکاران بگرن و لەخواترس و پارێزکاربن لەو ئارامگرتنەدا، مەبەستیشتان تەنها ڕەزامەندی خوای گەورە و نزیکبوونەوە بێ لەو، لە ئارامگریشتاندا سنووری شەرعی نەبەزێنن، چونکە لە هەندێك دۆخ و شوێندا بەرگەگرتن دروست نییە، بەڵکو ئەرکتان لەو دۆخ و شوێنەدا تۆڵەسەندنەوەیە لە دوژمنانی خوا.

﴿فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ واتە: "بەڕاستی ئەم هەڵوێستە لە" کارە پایەدار و پێشبڕکێ لەسەرکراوەکانە، تەنها کەسانی ورە بڵند و هیمەتبەرز پێی دەگەن، هەرووەك خوای

پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾ فوصیلەت: ۳۵. واتە: "کەسیش ناتوانێ‌ ئەم ڕەفتار و هەڵوێستە ئەنجام بدات، جگە لەوانەی ئارامیانگرتووە، کەسیش ناتوانێ‌ پێی بگات جگە لەو کەسە نەبێ‌ کە خاوەن بەهرە و و بەختێکی مەزنە".

(۱۸۷، ۱۸۸) ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ ﴿۱۸۷﴾ لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَوْا وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا فَلَا تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِنَ الْعَذَابِ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿۱۸۸﴾

﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ واتە: "– ئەی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ‌) – یادی ئەوە بکەوە کاتێك خوای گەورە بەڵێنی وەرگرت لەوانەی کتێبیان پێدراوە، لەسەر ئەوەی بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە، کەچی پشتگوێیان خست و بە نرخێکی کەم فرۆشتیان"، جا (المیثاق) بەڵێنێکی توندوتۆڵ‌ و جەخت لەسەرکراوە، خوای گەورە بەڵێنی وەرگرت لە هەموو ئەوانەی کتێب و زانستیان پێدراوە، سەبارەت بەوەی ئەو شتە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە کە پێویستیان پێ‌ هەیە و خوای گەورە فێری کردوون و نەیشارنەوە و ڕەزیلی پێنەکەن، بەتایبەت ئەگەر خەڵکی داوایان کرد، یان پێشهاتێك ڕوویدا کە ئەم ڕوونکردنەوەیە پێویست بکات، ئەوا لەو ساتەدا هەر یەکێك هەر زانستێکی پێبێ‌ ئەوا پێویستە لەسەری ڕوونی بکاتەوە و ڕەوا و ناڕەوا لەیەکتر جیا بکاتەوە.

باوەڕداره سەرڕاستەکان بە چاکترین شێوە بەم ئەرکە هەڵسان، لەو زانستەیان فێری خەڵکی کرد، کە خوای گەورە فێری کردبوون لە پێناو ڕەزامەندی خوا، و بەزەیی هاتنەوە بە بەدیهێنراوان، و ترسان لە گوناهی شاردنەوەی زانست.

سەبارەت بەوانەی کتێبیان پێدراوە لە جولەکە و گاورەکان و هاوشێوەکانیان، ئەوا پشتیان لەو بەڵێن و پەیامانە کرد، هیچ گوێیان پێنەدا، حەق و ڕاستیان شاردەوە و پوچەڵ و ناحەقیان دەرخست، سنووری قەدەغەکراوی خوایان پێشێل کرد، و کەمتەرخەمیان نواند بەرامبەر بە مافی خوا و مافی بەدیهێنراوان، جا ئەم حەق شاردنەوەیە بەرامبەر بە نرخێکی کەم بوو، کە دەستخستنی کەمێك لە بەرپرسیارێتی و سەرۆکایەتی و سامانی بێ نرخ بووە، ئەویش ئەگەر دەستی بخەن، لە کەسە بێ نرخە پێشڕەوەکانیان کە شوێن ئارەزووەکانیان کەوتوون، کە ئارەزووەکانیان پێش حەق دەخەن.

﴿فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ﴾ واتە: "ئای کە شتێکی چەندە بێ نرخیان کڕیوە"، چونکە ئاڵوگۆڕێکی زۆر نابەرامبەر و نا هاوتایە، جا ئەو شتەی کە پشتیان تێکردووە – کە ڕوونکردنەوەی حەق و ڕاستییە کە بەختەوەری هەمیشەیی، و بەرژەوەندی دین و دونیای پێوە بەندە – ئەو شتە گەورەترین و شکۆدارترین پرسە، کەواتە بۆچی شتی نزم و کەم بایەخ هەڵدەبژێرن، و واز لە شتی بەرز و بەهادار دەهێنن، ئەمە تەنها بەهۆی بەدبەختی و پەستی و خراپیانەوەیە، و ئەوانە تەنها شایستەی ئەوەن کە بۆی بەدیهێنراون.

دواتر خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَوْا﴾ واتە: "وا گومان مەبە ئەوانەی دڵخۆشن" بەو کارە ناشرین و گوفتار و کردارە پوچانەی ئەنجامیان داوە.

﴿وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا﴾ واتە: "حەز دەکەن سوپاس بکرێن لەسەر ئەو" کارە چاك و خێرانەی کە نەیانکردووە، و لەسەر ئەو ڕاستیەی کە نەیانوتووە، بەمەش کار

و گوفتاری خراپیان بەیەکەوە کۆکردەوە، سەرباری ئەمەش پێی دڵخۆشبوون، و حەزیشیان دەکرد سوپاس بکرێن لەسەر ئەو کارە چاکانەی کە خۆیان نەیانکردووە.

﴿فَلَا تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِنَ الْعَذَابِ﴾ واتە: "هەرگیز وا گومان مەبە" کە پارێزراو و سەلامەت بن لە "ئاگری دۆزەخ"، بەڵکو شایستەی ئەو سزایەن و پێشی دەگەن، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە: "و بەدڵنیایەوە سزایەکی بە ئێشیان بۆ هەیە".

ئەم ئایەتە پیرۆزە، خاوەن کتێبەکانیش دەگرێتەوە، ئەوانەی کە دڵخۆشبوون بەو زانستەی لەلایانبوو، کەچی ملکەچ نەبوون بۆ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، و پێشیان وابوو ئەوان لە کردار و گوفتاریاندا ڕاستگۆن، بەهەمان شێوە هەر کەسێکی دیکە دەگرێتەوە کە بیدعەیەکی گوفتاری یان کرداری بکات، و پێی دڵخۆشبێ و بانگەشەی بۆ بکات، و بڕواشی وابێ خۆی ڕاستە و ئەوانی دیکە هەڵەن، هەروەك ئەمە لە واقیعی بیدعەچیەکانەوە دەردەکەوێ.

ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات، کە هەر کەسێك حەز بکات سوپاس و ستایشی بکرێ، لەسەر ئەو چاکانەی دەیکات، و شوێنکەوتنی بۆ حەق و ڕاستی، ئەگەر مەبەستی ناوبانگ و خۆهەڵکێشان نەبوو، ئەوا ئەمە شتێکی سەرزەنشتکراو نییە، بەڵکو یەکێکە لە کارە پێویست و پەسەندەکان، هەروەك خوای گەورە هەواڵی داوە سەبارەت بەوەی، کە پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە گوفتار و ڕەفتاری چاك لە پێناوی خوادا دەکەن، و بەم جۆرەش پاداشتی بەندە تایبەتەکانی داوەتەوە و، ئەو بەندانە داوای ئەم شتەشیان لە خوای گەورە کردووە، هەروەك ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: ﴿وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ﴾ شوعەراء: ٨٤. واتە: "پەروەردگارم؛ یاد و باسی خێرم با لەسەر زمانی نەوەکانی ئایندە بمێنێ".

﴿سَلَامٌ عَلَى نُوحٍ فِي الْعَالَمِينَ، إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ﴾ صافات: ٧٩، ٨٠. واتە: "سڵاو و ستایش بۆ نووح (سڵاوی خوای لێبێ) لە نێو گشت نەوەکاندا، بێگومان ئێمە بەم شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە". هەروەك بەندەکانی خوای میهرەبان وتویانە: ﴿وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ فورقان: ٧٤. وتە: "و بمانکە بە پێشەوا و ڕابەر بۆ لەخواترسان". ئەمەش یەکێکە لە ناز و نیعمەتەکانی خوای بەخشندە بۆ بەندەکانی، کە پێویستە بەندە سوپاسگوزاری خوایی لەسەری.

(١٨٩) ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ﴿١٨٩﴾

﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ واتە: هەر خوای گەورە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەو شتانەیە کە تیایدایە، بە هەموو جۆری بەدیهێنراوانەوە، و هەر خوای گەورەش بە توانای کاملی خۆی و بەدیهێنانی سەرنجڕاکێشی خۆی مشوریان لێدەخوات، بێگومان هیچ یەکێك لە بەدیهێنراوان دەستەوەسانی ناکات، و خوای گەورە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

(١٩٠ - ١٩٤) ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ ﴿١٩٠﴾ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٩١﴾ رَبَّنَا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ﴿١٩٢﴾ رَبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ ﴿١٩٤﴾

خوای پایەبەرز ڕایدەگەیەنێ: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ واتە: "بەڕاستی لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی و ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژدا، چەندین بەڵگە و نیشانە هەن بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند"، لەم چوارچێوەیەدا هانی بەندەکانی داوە تا بیری لێبکەنەوە و بەرچاوڕۆشنی وەربگرن لە بەڵگە و نیشانەکانی گەردوون، و سەرنج بدەن و ڕابمێنن لە بەدیهێنراوانیدا.

ئەم فەرمایشتەی بە نەناسراوی هێناوە (آیات: چەندین بەڵگە و نیشانە)، نەیفەرمووە (چەندین بەڵگە هەن لەسەر فڵان مەبەستە)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زۆری و گشتگیری ئەو بەڵگە و نیشانانە، لەبەر ئەوەی چەندین بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەری تێدایە، کە جێی سەرنجی بینەران و قەناعەت بەو کەسانە بکات کە بیر دەکەنەوە، و دڵی کەسە ڕاستگۆکان ڕابکێشێ، عەقڵ و هۆشە ڕۆشنەکان ئاشنا بکات بە مەبەستە خواییەکان.

سەبارەت بە وردەکاری ئەو بەڵگە و نیشانانەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن، ئەوا هیچ بەدیهێنراوێك ناتوانێ بە تەواوی دەوری بدات و زاڵ بێ بەسەر بەشێکیدا، بە پوختی ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە لە گەورەیی و فراوانی، ڕێك و پێکی جوڵە و بزاوت، بەڵگەن لەسەر گەورەیی بەدیهێنەرەکەیان، و گەورەیی دەسەڵات و گشتگیر هێز و توانای ئەو بەدیهێنەرە، هەرچی تووندوتۆڵی و ڕێکوپێکی و وردەکاری و جوان بەدیهێنان و کاری سەرنجڕاکێشە کە لە گەردووندایە، هەمووی بەڵگەیە لەسەر دانایی و حیکمەتی خوای گەورە و دانانی شتەکان لە شوێنی شیاودا، و فراوانی و بێ سنووری زانستی خوا، هەروەها هەرچی سوودێك کە بۆ بەدیهێنراوانی تێدایە بەڵگەیە لەسەر فراوانی ڕەحمەتی خوا، و گشتگیری نیعمەت و بەخششەکانی، و هەمەلایەنی چاکە و ناز و نیعمەتەکانی، ئەمەش سوپاسگوزاربوون بۆ خوا پێویست دەکات.

ئەمە هەمووی بەڵگەیە لەسەر وابەستەبوونی دڵ بە خوای بەدیهێنەر و دروستکاریەوە، و هەوڵ و کۆششکردن لە پێناو ڕەزامەندی خوا، و هاوبەشدانەنان بۆ خوا، لەو شتانەی کە هیچ شتێك بۆ خۆیان و بۆ ئەوانی دیکەش، بە ئەندازەی گەردیلەیەك لە ئاسمانەکان و زەوی بەدەست نییە، خوای گەورە تایبەت باسی خاوەن عەقڵ و هۆشمەندەکانی کردووە، ئەمانیش ئەوانەن کە ژیرن، چونکە هەر ئەوان سوود لەم بەڵگە و نیشانانە وەردەگرن، بە عەقڵ و هۆش نەوەك تەنها بە چاو سەیری شتەکان دەکەن.

دواتر خوای گەورە وەسفی خاوەن عەقڵ و هۆشمەندەکانی کردووە، بەوەی ﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ﴾ واتە: ئەوانەی لە گشت دۆخێکیاندا یادی خوای گەورە دەکەن: ﴿قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ﴾ واتە: "کە بە پێوەن یان دانیشتوون یان کە پاڵکەوتوون"، ئەمەش هەموو جۆرە زیکر و یادێك بە زمان و دڵ دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە ئەمە نوێژکردنیش

دەگرێتەوە بە پێوە، ئەگەر بۆی نەکرا بە دانیشتوویی، ئەگەر هەر بۆی نەکرا ئەوا بە پاڵکەوتوویی دەتوانێ بیکات.

﴿وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ واتە: ئەو هۆشمەندانە بیر لە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی دەکەنەوە، تا بە بەڵگەی هێننەوە لەسەر مەبەست لە بەدیهێنانیان، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بیرکردنەوە خواپەرستییە، ئەم جۆر خواپەرستیەش سیفەتێکە لە سیفەتەکانی بەندە خۆشەویست و خواناسەکانی خوا، جا بەندە هەر کە بیری لە بەدیهێنانیان کردەوە، ئەوسا دەزانێ کە خوای گەورە بە هەرِەمەکی و بێ مەبەست بەدینەهێناون، جا بۆیە دەڵێن: ﴿رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ﴾ واتە: "پەروەردگارمان؛ تۆ ئەم بوونەوەرە و بەدیهێنراوانەت بەبێ مەبەست و ئامانج بەدینەهێناوە" سا پاك و بێگەردی و بەرزی بۆ تۆ لە هەرچییەك کە شایستەی شکۆی تۆ نییە، بەڵکو ئەم گەردوونەت بەدیهێناوە بە حەق و ڕەوا بۆ ئاشنابوون بە ڕاستی و خواناسی، چونکە هەرچی حەق و ڕاستییە تێیدایە.

﴿سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ واتە: "لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە"، بەوەی لە گوناهـــ و تاوان بەدوورمان بگرە و سەرمان بخە بۆ کار و کردەوە چاکەکان، تا بەو هۆیە ڕزگارمان بێ لە ئاگری دۆزەخ، ئەمەش داواکردنی بەهەشت لەخۆدەگرێ؛ چونکە – ئەگەر خوای گەورە بیانپارێزێ لە سزای ئاگری دۆزەخ – ئەوا بەهەشت بەدەستدەخەن، بەڵام کاتێك کە ترس و بیم لە دڵیاندا پەیدادەبێ، ئەوا داوای شتێك لە خوای گەورە دەکەن، کە لای ئەوان گرنگترین شتە.

﴿رَبَّنَا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ﴾ واتە: "پەروەردگارمان؛ بێ گومان تۆ هەر کەسێك بخەیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوا ڕیسوا و سەرشۆڕت کردووە"، بەهۆی ئەوەی

بەر خەشم و قینی خوا و فریشتەکان و خۆشەویستانی خوا کەوتوون، بە کەوتنە ناو دۆزەخ ئابڕووی بێ باوەڕان دەچێ و، ڕزگاربوون لێ نییە.

لەبەر ئەمە فەرموویەتی: ﴿وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ﴾ واتە: "ستەمکاران هیچ پشتیوانێکیان بۆ نییە" تا یارمەتیان بدات بۆ ڕزگاربوون لە سزای خوا، ئەمە ئاماژە و بەڵگەی تێدایە لەسەر ئەوەی بە ستەمکاری خۆی چوونەتە نێو ئاگری دۆزەخەوە.

﴿رَبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ ﴿١٩٤﴾﴾ واتە: "پەروەردگارمان؛ بەڕاستی ئێمە گوێبیستی بانگخوازێك بووین، کە بانگی خەڵکی دەکرد کە باوەڕ بە پەروەردگارتان بهێنن"، ئەو بانگخوازەش محەممەدە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، بانگی خەڵکی دەکرد و هانی دەدان بۆ پابەندبوون بە بنەما و لقەکانی ئایینی ئیسلامەوە، ﴿فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا﴾ واتە: جا ئێمەش دەستپێشخەریمان کرد لە باوەڕ هێنان پێی، ئا ئەمە هەواڵدانی باوەڕدارانە سەبارەت بە ناز و بەخششی پەروەردگاریان بەسەریاندا، دڵخۆشبوونیان بە نیعمەتەکانی خوا، و بەمەش تکا لە خوای گەورە دەکەن تا لە گوناهەکانیان خۆشبێ و تاوانەکانیان پەردەپۆش بکات، چونکە چاکەکان دەبنە هۆی سڕینەوەی خراپەکان، ئەوەی بەخششی ئیمانی لەگەڵ کردوون، هەر ئەویش بەخششی پارێزراوی سەلامەتی تەواویان لەگەڵدا دەکات.

﴿وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ﴾ واتە: "لەگەڵ چاکەکاران بمانمرێنە"، ئەمەش نزاکردن دەگرێتەوە بەوەی خوا سەرکەوتوویان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری چاك و وازهێنان لە خراپە، بەمەش بەندە یەکێك دەبێ لە چاکەکاران، و بەردەوام دەبێ لەسەری تا مردن.

﴿رَبَّنا وَآتِنا ما وَعَدْتَنا عَلى رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنا يَوْمَ الْقِيامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعادَ﴾ واتە: "پەروەردگارمان؛ ئەو بەڵێنەمان بۆ بهێنەدی، کە بە ئیمەت داوە لەسەر زمانی پەیامبەرەکانت، و لە ڕۆژی دواییدا ڕیسوامان مەکە، بێ گومان تۆ بەڵێنەکەت هەر دەبەیتەسەر و نایشکێنی".

کاتێك داوای یارمەتی و پشتیوانیان کرد لە خوای گەورە، تا سەریان بخات بۆ ئیمان هێنان، تکایان لێکرد نیعمەتی خۆی لەسەریان تەواو بکات، ئینجا داوای پاداشتیان کرد لەسەر ئەم کردەوانەیان، داوایانکرد خوای گەورە ئەو سەرکەوتنەیان بۆ بەجێبهێنی، کە لەسەر زاری پێغەمبەرانی بەڵێنیان پێدراوە، لە پایەداربوون لە دونیادا و دەستخستنی ڕەزامەندی خوا و بەهەشت لە دوارۆژدا، چونکە بێ گومان خوای گەورە بەڵێنی خۆی هەر دەباتەسەر.

(١٩٥) ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾﴾

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى﴾ واتە: پەروەردگاریان نزا و پاڕانەوەکانیان لێوەرگرت (و لێشیان وەردەگرێت)، من هەرگیز کار و کۆششی هیچ یەکێك لە ئێوە لە نێر و مێ بەفیڕۆ نادەم، بەڵکو هەر هەمووتان بە تەواوی پاداشتی کار و کۆششەکانتان وەردەگرنەوە، ﴿بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ﴾ واتە: چونکە هەمووتان یەکسانن لە پاداشت و سزادا.

﴿فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا﴾ واته: "جا ئەوانەی کۆچیان کرد و له شوێنەوار و وڵاتیان دەربەدەر کران، و ئازار و ئەشکەنجه دران له پێناوی مندا، جەنگان و شەهیدکران"، باوەڕ و کۆچ کردنی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، لەگەڵ جێهێشتنی خۆشەویستان له شوێنەوار و ماڵ و سامان، ئەمەش له پێناو دەستخستنی ڕەزامەندی پەروەردگاریان، و تێکۆشاو له پێناوی خوادا.

﴿لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ﴾ واته: "چاوپۆشی له گوناهەکانیان دەکەم، و دەیانخەمە بەهەشتانێکەوە که چەندین ڕووبار بەژێریدا دەڕۆن، ئەمەش پاداشتێکه لەلایەن خواوە"، که پاداشتی زۆر گەورە دەداته بەنده لەسەر کارێکی کەم و بچوك.

﴿وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ﴾ واته: "و خوای گەورە پاداشتی چاکی لایه"، که هیچ چاوێك نەیبینیوە، هیچ گوێیەك وەسفی نەبیستووە، هەرگیز بە خەیاڵی هیچ کەسێکیشدا نەهاتووە، جا هەر کەسێك ئەم پاداشتەی مەبەستە، ئەوا با هەوڵی بەدەستهێنانی بدات، به گوێڕایەڵبوون بۆ خوا و خۆ نزیککردنەوە لێی بەپێی ئەو توانایەی که بەنده هەیەتی.

(١٩٦ – ١٩٨) ﴿لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي الْبِلَادِ ﴿١٩٦﴾ مَتَاعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿١٩٧﴾ لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نُزُلًا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ لِلْأَبْرَارِ ﴿١٩٨﴾

﴿لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي الْبِلَادِ﴾ واته: "هەرگیز دەسەڵاتی ئەوانەی بێ باوەڕن، له وڵاتاندا تۆ له خشته نەبات"، ئەم ئایەته دڵدانەوەی تێدایه له هەمبەر ئەوەی بۆ

بێ باوەڕان فەراهەم دەبێ، لە خۆشی و ڕابواردن و گەڕان و سوڕانیان بە وڵاتاندا و ئەنجامدانی جۆرەها بازرگانی و دەستکەوت و چێژ و ڕابواردن، و چەندین باڵادەستی و زاڵبوون لە هەندێك كاتدا، جا ئەمە هەمووی ﴿مَتَاعٌ قَلِيلٌ﴾ واتە: "خۆشی و ڕابواردنێكی كەمە"، مانەوەی بۆ نییە، بەڵكو كەمێك خۆشی لێدەكەن، سزایەكی ماوە درێژی لەسەر وەردەگرن، ئەمە بەرزترین دۆخە كە كەسی بێ باوەڕ بیتەدی، خۆ بینیت سەرئەنجام ئەم دخوۆە چی بوو. "﴿ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ واتە: دواتر جێگای مانەوەی ئەم بێ باوەڕانە دۆزەخە، ئای كە شوێن و جێگایەكی چەندە نالەبار و خراپە".

﴿لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ﴾ واتە: سەبارەت بەوانەی پارێزكارن و لە پەروەردگاریان دەترسن، باوەڕی دامەزراویان بە خوا هەیە – لەگەڵ ئەو سەبەرزی و خۆشیەی لە دونیادا هەیانە – ﴿لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا﴾ واتە: "بەهەشتانێكیان بۆ ئامادەیە كە چەندین ڕووبار بەژێریدا دەڕۆن و تا هەتایە تیایدا دەمیننەوە".

"﴿نُزُلًا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ﴾ واتە: ئەمە میوانداریيەكە لەلایەن خواوە"، خۆ ئەگەر قەدەری خوا وابوایە، كە لە دونیادا هەرچی ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەیە تووشی باوەڕداران بوایە، ئەوا ئەمە شتێكی زۆر كەم دەبوو، بە بەراورد لەگەڵ خۆشی نەبڕاوە و ژیانی سەلامەت و كامەران و تەندروست، ئەمە بەخششێك دەبوو لە وێنەی ناخۆشیدا، بۆیە خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ لِلْأَبْرَارِ﴾ واتە: "بێ گومان ئەوەی لای خوایە و بۆ چاكەكاران ئامادەی كردووە زۆر چاكتر و باشترە"، چاكەكاران ئەوانەن كە دڵ و گوفتار و ڕەفتاریان چاك و دروستە، بۆیە خوای چاكەكار و میهرەبان لە بەخششی خۆی، پاداشتێكی مەزن و بێ سنوور و سەركەوتنێكی هەمیشەیی پێیان داوە.

(١٩٩، ٢٠٠) ﴿وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَنْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ لِلَّهِ لَا يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿١٩٩﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٢٠٠﴾

﴿وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَنْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ لِلَّهِ﴾
واتە: بەڕاستی لە خاوەن کتێبەکان کەسانێك هەن هەرچی کاری چاکە دەکەن، باوەڕیشیان بە خوا هەیە، باوەڕیان بەو کتێبانەش هەیە کە بۆ ئێوە و بۆ ئەوانیش دابەزیوە، "ملکەچ و لەخواترسن"، بێگومان ئەمە ئەو باوەڕەیە کە سوودی هەیە، نەك وەك ئەوانەی باوەڕیان بە هەندێك لە پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانیەکان هەیە و بێباوەڕیشن بە هەندێکی دیکەیان.

لەبەر ئەوەی – باوەڕەکەیان گشتگیر و ڕاستەقینە بوو – ئەوا سوودی هەبوو، و بووە مایەی لەخواترسان و ملکەچبوون بۆ شکۆ و باڵادەستی خوا، بێگومان لەخواترسان لەسەر بەندە پێویست دەکات، کە ملکەچی فەرمان و ڕێگرییەکانی خوا و وەستان لە ئاست سنوورەکانی بێ.

ئا ئەوانە خاوەن کتێب و زانستی ڕاستەقینەن، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ فاتر: ٢٨. واتە: "بەڕاستی هەر زاناکان لە نێو بەندەکانی خوادا لەخوادەترسن". جا لە خواترسانی تەواویان ئەوەیە کە ئەوان ﴿لَا يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ واتە: "ئایەتەکانی خوای گەورە بە نرخێکی کەم ناگۆڕنەوە"، دونیا بە پێش دین ناخەن، هەروەك ئەوانەی ئاینیان شێواندووە ئەم کارە دەکەن، ئەوانەی ئەو پەیامەی خوا دایبەزاندووە دەیشارنەوە و بە نرخێکی کەم دەیگۆڕنەوە.

﴿أُولَئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ واته: "ئا ئەوانه پاداشتیان لای پەروەردگاریانه، بێ گومان خوای گەوره لێپرسینەوەی خێرایه"، ئەو کەسانه له خاوەن کتێبەکان ڕاستیان ناسیوه، و زانیویانه که گەورەترین دۆڕان، ڕازیبوونه به گۆڕینەوەی ئایین به شتی بێ بەها، و وەستانه له ئاست تێرکردنی حەزه نزمەکانی دەروون، وازهێنانه له ڕاستی و حەق، که گەورەترین بەش و سەرکەوتنه له دونیا و دوارۆژدا، بۆیه ئەوان حەقیان هەڵبژارد و ڕوونیان کردەوه و بانگەوازیشیان بۆ کرد، و هۆشداریان دا لەبارەی پوچەڵ و ناحەقی، جا خوای گەوره پاداشتی دانەوه لەسەر ئەمه، بەوەی بەڵێنی پاداشتی مەزن و قەشەنگ و نزیکی له خوای گەورەی پێداون، و بەڕاستی خوای گەوره لێپرسینەوەی خێرایه، بۆیه جێبەجێبوونی بەڵێنی خوا به نزیك دەبینن، چونکه هەر شتێك پێشبێت و بەدڵنیایەوه ڕوودات، ئەوا ئەو شته نزیکه.

دواتر خوای گەوره هانی باوەڕدارانی داوه، لەسەر پابەندبوون بەوەی دەیانگەیەنێ به سەرکەوتن – که: سەرکەوتن و بەختەوەری و سەرفرازییه، ڕایگەیاندووه که ڕێگەی گەیشتن بەمه ئارامگرتنه، که ڕاهێنانی دەروونه لەسەر ئەو شتانەی حەزی پێناکات، له وازهێنان له گوناهــ و تاوان، و ئارامگرتن لەسەر کارەساتەکان، و لەسەر بەجێگەیاندنی فەرمانه قورسەکان بەسەر دەروونا، خوای مەزن فەرمانی پێکردوون به ئارامگرتن لەسەر هەموو ئەم شتانه.

"﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ واته: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوه، ئارامگربن و خۆڕاگری و ئارامگرتن بەسەر خۆتاندا بهێنن، مەبەزن له سەنگەردا، لەخوابترسن بۆ ئەوەی سەرفراز بن".

(المصابرة) بریتییه له: بەردەوام بوون و خۆگرتن و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان له هەموو بارودۆخێکدا.

(المرابطة) بریتییە لە: پایەبدبوون بەو سەنگەرەی کە ترس هەیە دوژمن لەوێوە بگاتە ناو موسڵمانان، و چاودێری دوژمنانیان بکەن و ڕێگریان لێبکەن، لە گەیشتن بە مەبەستەکەیان، ئەمەش بۆ ئەوەیە بەڵکو سەرکەوتووبن: ئەوەی حەزی پێدەکەن لە ڕووی دینی و دونیایی بەدەستی بخەن و لە ناخۆشی ڕزگاریان بێ.

لەمەوە دەزانرێ کە هیچ ڕێگەیەك بۆ سەرکەوتن نییە، جگە لە ئارامگرتن و بەرەنگاربوونەوە و سەنگەر گرتن نەبێ کە باسکران، هیچ یەکێك بەبێ ئەمانە سەرکەوتن دەستناخات، هیچ کەسێکیش نەدۆڕاوە تەنها بە کەمتەرخەمی و کەموکورتی دروستکردن نەبێ لە تێکڕای ئەو شتانەدا یان بەشێکیدا نەبێ. بەڕاستی خوای گەورە پشتیوان و سەرخەرە، و هیچ هێز و توانایەك نییە بە ئاکام بگات تەنها بە هێز و توانای خوای گەورە نەبێ.

تەفسیری ((سورەتی ئالی عیمڕان)) تەواو بوو، سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە لەسەر نیعمەت و بەخششەکانی، داواکارم لە خوای گەورە نیعمەتی تەواومان لەگەڵدا بکات.

کاروان
KARWAN
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن